تسلسل(٦٤)




## د. رەئوف عوسمان

# ئاسۆیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی


بغداد
٢٠١١

خوێنەری ئازیز ئەو بابەتانەی کە لەدوتوێی ئەم کتێبەدا بەرچاو دەکەون , زادەی بیرو بۆ چوونی چەند سەردەم و کاتێکی جیاوازن و خودی بابەتەکانیش یەك رەگەز نین , بەڵکو  بریتین لە توێژینەوە لە شیعری هەمە جۆرو فەرهەنگ و بابەتی جیاجیا , بەڵام ئەوەی کەئەم بابەتانە لێك نزیك دەکاتەوە و لە تاڵێکدا دەیان هۆنێتەوە , ئەو دیدو بۆ چوونە تایبەتەی بەندەیە , کە لەوێوە رەخنەکان  سەرچاوە دەگرن و بابەتەکانیش شرۆڤەدەکەن و ئەگەر پێویستیش بکات  دەیان نرخێنین , خۆ هەندێك جارانیش لەترسی چاوی بزی سانسۆری ئەو سەردەمە , پەنام بردۆتە بەر جۆرێك لە رەمزو تەم و مژ, وەك لەسەرەتای بابەتی ( شاعیرێتی مەولەوی) دا دەردەکەوێت کە باسی دێهات کاولکردن و خاکی سوتماکم کردوە

جۆرو بوارەکانی رەخنەی ئەدەبی فرەن و هەر رەخنەگرەش میتۆدو رێبازی خۆی هەیە و لەو روانگەیەوە بابەتە رەخنە لێگیراوەکە شیدەکاتەوە و ئاشناتری دەکات بەزەینی خوێنەرو دواجار ئەگەر بگونجێت دەشینرخێنێ , ئەز لەم بوارە گرنگە دا ویستومە لە مەداری رەخنەی دەق ئامێزدا (النقد النصی) هەنگاو بنێم و بابەتەکان شیکەمەوە و بەهای تایبەتی خۆیان بدەمێ, دیارە ئەم مەنهەجە خاڵی پۆزەتیفی زۆری هەیە و هەر ئەمەش لە سەرەتاوە هانی داوم , ئەم ڕێڕەوە لەبواری ڕەخنەدا پەیرەو بکەم , چونکە لەم هەل و

مەرجەی ئێستادا گەلێك هەوڵی رەخنەی تەجریبی هەیە , كە هێندەی بەدەورو خولی دەقدا گوزەر دەكەن, زۆر لەوە كەمتر دەچنە نێو خودی دەقەكەوە , بۆ دەرخستنی گەوهەری بەها شاراوەكانی , یان زۆر كەرەت بەناوی دەوڵەمەندكردنی ناوەڕۆكەوە شێوازو جوانیەكانی فۆرم دەبوێرێت و رەخنەكە دەچێتە نێو دنیای ئایدۆلۆژیاو بیرو فەلسەفەو بابەتە ئەدەبیەكەش لەم میانەیەدا كاڵ دەبێتەوە.

باشتر وایە خوێنەری ئازیزی ئەم كتێبە , ئەو دەقە رەخنەییانە بەچاوێكی بابەتی و لەفەزای ئەو كاتانەدا بنرخێنرێ كەتیایدا هاتونەتە بەرهەم , واتە بەچاوی ئێستای جیهانگیری و زانستە فرەلایەن و مەوداكان شرۆڤەی بابەتەكانی نەكات و ئەوەی لەبەر چاوبێت كە رەخنەی دەق , بەر لەهەرشت پاپەندە بەخودی دەقەوەو , لەكونج و شوێنەشاراوەكان و هێماكانی تێكستەوە , بەها رەخنەیی و لایەنە نادیارەكان بەدەردەخاو گەوهەری جوانی و نەمرێكانی دەق , ئاوێتەی چێژی هونەری خودی خۆی دەكات , با ئەوەش نەبوێرم كە جارو بار لە هەندێك وێستگەی پێویستدا, بۆ دەوڵەمەند كردنی دەق وپتر چونە نێو قوڵایی بیرو مەبەستی خاوەن تێكست , پەنام بردۆتە بەر دەورو بەر و لقە جیاجیاكانی تری دنیای ئەدەب ومەعریفەدا , یان هەندێك

بەراوردکاری لەگەڵ بابەتی هاوشێوەی دەقدا , دیارە لەم حاڵەتەدا بابەتە رەخنەییەکە نزیك کەوتۆتەوە لە ڕەخنەی ئەکادیمی و زانستی فرەلایەن ,کە ( گوستاف لانسۆنی) فەرەنسی گرنکی پێداوەو تێوریزەی کردوە , حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە خودی رەخنەش وەك هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تر, جۆرێکە لە داهێنان , بەلاّم تان وپۆی داهێنانی ڕەخنە , بیری وردو دارشتنی هاوکێشەی هونەری و ڕەنگ ڕشتنی میعماری تێکستی عەقلانی ئەو تۆیە , کەپاڵفتەی سەرجەم توخمە ئەدەبێکانی ترەو لە دنیای لۆژیك و بیرو هونەردا چاو هەڵدێنێ , دەشێت خوێنەری کورد ئاگای لەوەش بێت , کەبەر لە نەوی ئێمە رەخنەی کوردی ئێجگار لاوازو پەژمردە بوەو لە چەند هەوڵێکی بۆچونی ( انگباعی) بەدەر نەبوە , بەلاّم میتۆدو چوارچێوەو ئاراستەکانی رەخنەی نەوەی ئێمە پتر رەنگدانەوەی دنیای ئەدەبی بیانییە , بەلاّم بەدارو بارو کەرەسەو ئازوقەی کوردییەوە, واتەلایەنە تیورە بیانێکە نەزم و فەزای تێکستە کوردیەکەی رێکخستوە و بەهایەکی خۆماڵی پێ بەخشیوە , ڕەخنەی ئەدەبی گەلێ نەتەوەی ئەم جیهانە , بەهەمان مەرج و قۆناغدا رۆیشتون وداهێنانی گەورەشیان بەرهەم هێناوە , چونکە میتۆدی ڕەخنەی دەق ئامێز مۆرکێکی زانستانەی هەیە و تایبەت نییە بەیەك نەتەوەو بەرەو بە جیهانی بوون هەنگاوی گورج و خێرای هەڵهێناوە و لایەنی جوانناسی کە لە زانستی

بەلاغەو هونەرو ئیستاتیکا خۆی دەنوێنێ ئامێرێکی بالآی ئەم جۆرە رەخنەیە, بەواتایەکی تر ئەگەر ئالیەتی هەمان (ڕەخنەی دەق) بەکاربرێت بۆ بابەتێکی ئەدەبی عەرەبی یان فارسی کارێکی ئاساییە, بەمەرجێك جۆری تەتبیق کردنەکە لەگەڵ مۆرك وخەسڵەتی ئەو زمانانەدا بساچێ و تایبەت مەندی رەخنەگرەکە لەم بوارەدا بدرەوشێتەوە , هیوادارم بەم ١٣ سیانزە تێکستە رەخنەییە خزمەتێکی بچکۆلانەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیم کردبێت و هەرکەم وکوریەکیش لەم کتێبەدا بەدی بکرێت , ئەوە وەك باو باپیرانمان ووتویانە (ماڵی قەڵب سەرەولای خاوەنەکەیەتی)

بابەتی یەکەم

# وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆکەی مامۆستا خاڵ و چەند وردکردنەوە یەك

وەك روونە لای هەموو رۆشنبیرێکی کورد کە مامۆستا خاڵ یەکێکە لە شۆرەسوارانی مەیدانی وشەی کوردی، کە نەوەی ئێستاو لەمەودوا مل کەچن لە ئاستی ئەو هەوڵ و تەقەللایەی کە تائێستاش هەر لە رەودایە بۆ گەیاندنی رۆشنبیری کوردی بە جێگای شایستەی خۆی.
هەربۆیە دەمەوێت چاوێك بە نوو-سینەکەی مامۆستادا بخشێنم کە لە ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری بەیان دا بلاّوی- کردۆتەوەو باری سەرنجم بخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی ئازیزو لەو دەلاقە- یەوە کە رەخنەو لێکۆڵینەوە هەمیشە وەك پوورەی هەنگ هەلاّڵەو شیلەی گوڵ و گوڵزارەکانی دەروونی نووسەران لە شێوەی شانی هەنگوین دا وەدەردەخەن و پاڵفتەی دەکەن. لام وا بێت لێك چواندنی وێژە بە بەندۆڵی سەعات (وێژە وەك پانتۆڵی سەعات وایە، دەمێ بە لای راستا ڕوو ئەکات و دەمێ بە لای چەپا.... تاد بەیانی ژمارە -٢٢- لاپەرە-١) لە جێ ی خۆیدا نی یەو دەبێتە هۆی ون کردنی رووی گەشی وێژە، بە تایبەتی ئەو وێژە بەر پرسیارەی کە مامۆستا بانگی بۆدەدا، چونکە گەڕی بەندۆڵی سەعات رووی پێشکەوتنمان هەرگیز ناداتێ، لە بەر ئەوەی هەردەم لە جێ ی خوێدا (راوح) دەکات، هەر وەك خۆی دەفەرموێت جارێك بە لای راست و جارێك بە لای چەپدا، چونکە جوولاّنی هەمیشەیی مەرج نی یە ئاوێنەی پێشکەوتن بێت بە تایبەتی ئەو جۆرە جوولاّنە..
وا بزانم باوبوونی دیاردەیەکی رەسەن لە کۆمەڵ دا ئەنجامی ویستنی تاکێك یا چەند مرۆڤێك نی یە، بەڵکو پێوستیەکی مێروویی یە لە ئەنجامی کارتێ کردنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان بۆ سەر پەیوەندی یەکانی کۆمەلاّیەتی

وەدەست دێت، کە واتە ئەو دیاردە باوانەی کە لە ئەنجامی هەندی گۆڕانی سەرپێ یی و رێکەوت هاتوونەتە گۆڕێ زوو رۆدەچن و کاڵ دەبنەوە بێ ئەوەی بتوانن رۆڵی بوونیان بنەخشێنن لە سەر ئاوێنەی مێژوو. جا هەر مێژوویەك بێت!

نازانم باو بوونی نالی و مەحوی! لە سەردەمێکی دیاریدا ئەوە دەگە یەنێت کە بەو شێوەیەی مامۆستا دەیەوێت رەفز- بکرێن و بخرێنە گۆشەی لە بیرچوونەوەوە؟! ئایا ئەو سامانە بە بڕشتەی کە هۆنەرە کلاسیکی یەکانمان بۆیان بە جێ هێشتوین شایانی ئەوەن کە تۆزی لە بیرچوونەوە بنیشێنە روویان؟! بێکومان من نامەوێت لە رووی سۆزو پیاهەڵدا- نەوە وەسپی ئەمانە بدەمەوە.

چونکە بوونیان نەك وەك رەمزێکیی وێژەیی بەلکو وەك قوتابخانە یەکی تایبەتی نەمر خۆی چەسپاندووە.

ئەو گیانە نەمری یەی کە دەچێتە بەر وێژەوەو دەیخاتە نێو لاپەڕەی شاکاری و پیرۆزی یەوە، چەرخەکانی دوای خۆی ناتوانن بەو شێوەیەی مامۆستا دەیەوێت بی مرێنن و لە جووڵەی بخەن، چونکە بنج وبناوانی سەرەکی وێژە لە هەر سەردەمێك دا بێت بریتی یە لە هەست و سۆزی بێگەردوتاقی کردنەوەیەکی قووڵی رەسەن لە نێو وشەی رازاوەی توندو تۆڵ دا.

خۆ ئەگەر چاوێك بخشێنین بە شوێنەواری وێژەیی هۆنەرە کۆنە کانمان دا ئەو راستی یەمان هەر وەك چووری شیر بۆ دەردە کەوێت کە شاعیرە کۆنە کانمان

نەبوون بە پەیژەیەك و دەرەبەگ بەسەر وشەو تابلۆ کانیانا سەر کەوێت بە پێچەوانەی شاعیرانی غەیری کورد.
من لاریم لەوە نی یە کە هەندێك لە بەرهەمەکانیان تیشکدانەوەی دەروونی سەر کلۆم کراوی تایبەتی خۆیانەو لەم ئاقارەدا پەلی کوتاوە، بەلاّم لە گەلّ ئەوەشدا هەر نەچوونەتە ئاستی ئەو ئامێرانەی کە تەرخان کراون بۆ باس کردنی رژیمی دەرەیەگی.
هەتا ئێستاش لە یەکێتی سۆڤیەت کەس نەی توانیوە لە جاری ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا بکۆکێ کە دەست بنێ بە دیستوفسکی و تۆلستۆی و پوشکینەوە لە گەلّ ئەوەشدا کە زۆر لەمانە جیاوازی بیروباوەرو تێروانین و بیر کردنەوەیان نەگونجاوەو ناگونجێ لە گەلّ ڕێڕەوی ئێستای یاسای سۆشیالیستی دا، تەنانەت هەندێکیان ئاسۆی بیر کردنەوەیان لە جیهانی میتافیزیکی دا خۆی نواندووەو هەر لەو بازنە یەشدا خوولاوە تەوەو بێگومان ئەو دەست پێوەنەنانە لە پەرستنی کۆن نی یە وەك ڕەمزێك یان لەوەوە نەهاتووە کە چەند کەسێکی تایبەتی دەیانەوێت وا بێت، بەلّکو بوونی بەرهەمە کانیان وەك شاکارێکی ئاشنا بە هەست و هۆش و دەروونی جەماوەرە کەیانەوە هۆی مانەوەیانە.
لە لایەکی ترەوە ئەو ڕووداوە ئابووری و کۆمەلاّیەتی تی یە بە هێزە نەبووە لە کوردستانی ئێمەدا کە بتوانێت ئەوانە لە ئێمەدا بڕکات و شوورایەکی چینی لە نیوان ئاشنایەتی دەروونیمان دا هەلّ چنێ، نەك لە بەر خۆشەویستی یەکی ئەفلاتوونی بەلّکو لە بەر ڕاستی یەکی مێژوویی نەمر، بۆ نموونە تا ئێستا

زۆرتر وشەی گۆرانی هونەر مەندە لاوەکانمان کە تێکەڵە بە ئاوازوو مۆسیقای کوردی هەڵبەستی ئەم هۆنەرە کلاسیکی یانەن کە باویان نەماوە! هەر لە مەستوورە ئامانی خالقی یەوە هەتا (لە ناکەس کاری یا خاکم بە سەر)ی مەحوی کە چالاك ئەی وت و هەڵبەستەکانی مەولەوی کە بە ئاوازو دەنگی دیلان بە گوبی جەماوەرا ئاشنا ئەبێ و زوری- تریش.

مامۆستا خاڵ دەفەرموێت (وە ئەویان لە سەر بناغەی رەوان بێژی (بلاغەت)و تەسەوفە کە جاران باوی بووەو ئیمڕۆ باوی نەماوە... لاپەرە-١) نازانم بۆ چی لەم رۆژەدا رەوان بێژی باوی نەماوەو پواوە؟! ئایا وێژەیەك دوور بێت لە رەوان بێژی یەوە دەتوانێت داوا- کانی مامۆستا بە جێ بهێنێ؟ ئایا ئەگەر داواکانیشی بە جێ بهێنێ، وێژەیە یان وتارێکی سیاسی بێ پێزوجیرە؟! ئایا ئەو وێژەیەی کە بەلاغەت کەلا دەخات دەتوانێ هەستی جوانی پەرستی لە دڵی مرۆڤ دا بێنێتە هەژان؟! وادەزانم ئەم بۆ چوونەی مامۆستا هێرشێکی راستەو خۆیە بۆ سەروێژەی ئەم سەردەمەو دوورخستنەوەیەتی لە کێڵگەی جوانی و مەرجەکانی سەرکەوتن، هەر وەك بوونی بەلاغە هۆیەکی کاریگەر بێت بۆ بە سەرچوونی کۆنەکان و نەبوونیشی هۆی بە برەوی بێت بۆ تازەکان! واتا لاپەرەی وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆمان دادایەوەو بە تەمای وێژەیەکی تازە کوورەین، ئیتر نازانم ئەو تازەیە چۆنەوچۆن خۆی دەنوێنێ؟!

ئەگەر چاوێك بە هەندێك لە هۆنراوەکانی هۆنەرە تازە کانمان دا بخشێنین بەزەقی بۆمان دەر دەکەوێت تا چ سنوورێك رەوان بێژی خۆی دەنوێنێ ورەنگ دەداتەوەو چ جۆرە واتایەکی قوول و هەستێکی ناسك و بیرێکی پێشکەوتن

خوازەوە وە دەردە کەوێت، بۆ نموونەش شێرکۆ بێ کەس روو لە مەحموود دەرویش دەکات و دەڵێت:

*دۆزیمەوە.. نیشتمانت*

*ماسی یەکە لە ناو تۆری زەریای سپی*

*ناوەراستا*

*گەرا لە ناودەمی قولا پی مەرگا ئەخات*

*یان لەتیف هەڵمەت ئەڵێ:*

*قووڵایی زامی تەمەنی مێژووم*

*ئاوسی تۆڵەو رزگاری و مەرگە*

یان ئەنوەر جاف لە هەڵبەستی وەرزی سەرهەڵدانی فەرهادا بە ناوی پیرێزنەوە کە رەمزی چەوتی و نالەباری یە ئەڵێت:

*لە کاسەی سەر ملوانکەیەك*

*بۆ گەردنی شارەکەتان ئەهۆنمەوە*

*جۆگەی خوێنی دلێ فەرهاد دەخۆمەوە*

لە بەر نەبوونی دەرفەت نامەوێت لایەنە (زمان پاراوی) و (بەلاغەتە) هونە-ری یەکانی ئەم نموونانە ورد بکەمەوەشی بکەمەوە، بۆیە داوا لە خوێنەر دەکەم کە خۆی سەرپشك بێت بۆ دەست نیشان کردنی تێشکدانەوەی زمان پاراوی بەو شێوە خەست و پڕە بێ ئەوەی بوو بێت بە بار بە سەر واتا یان شێوازەوە بەڵکو بۆتە هەوێنی جوانی و سەرکەوتن. هەر چەندە هاورانیم لە سەر دانانی زاراوەی بوێژ بۆ شاعیرو وێژەر بۆ ئەدیب بۆیە نامەوێت ئەم

دەروازە زمانە- وانی یە بکەمەوەو خڕ دای دەخەم تا کاتی خۆی، مامۆستا خاڵ داوامان لێ دەکات کە (لەمەو  لا ئەبێ بۆ کۆمەڵ و گەل بژین وەبیری ئەوان بنووسن- لاپەرە-١) ئاشکرایە کە جیاوازیەکی فراوان هەیە لە نیوان ئەدیب و مرۆڤی ئاسایی دا نەك لە رووی خۆ بە زل زانین و باکردنە- پشکەڵدان، بەڵکو لە رووی هەست و هۆش و تاقی کردنەوەو.. تاد.

ئەدیب مرۆڤێکی هەست ناسکی جوان ناسە، ئەو دیاردانەی کە مرۆڤی ئاسایی رووەکەی دەبینێ و شێوەزەقە کەی سەرنجی رادەکێشێ، ئەدیب وەك دوابینێ (کهان) پەچەکەی لە روو دەداو کرۆکە کەیمان بۆ شیتاڵ دەکاتەوەو پەیوەندی یە نهینی یە کانیمان بۆ دەردەخاو وردی دەکاتەوە، ئەدیبی بە دەسەڵات لە دەریای جوانی ناسیدا خۆی دەکات بە قووت داومرواری و یاقووتمان بۆ وەدەست دەهێنێت، کەواتە هۆنەر (بیری خوێندەواران نانووسی) وەك مامۆستا دەڵێت بەڵکو تەعبیر لە بیری سەرکەوتنی پاشە رۆژیان دەکات، لایەنە تاریکەکانی بیریان رووناك دەکاتەوە، چاوی رووناك بیری و نیشتمان پەروەری دەخاتە سەر پشت و رێگای رزگاری یان بۆ دەست نیشان دەکات.

نکولی لە تەرخان کردنی ئەدەب بۆ زۆربەی رۆڵەکانی میللەت لە شوێن و کاتی تایبەتی و هێنانەدی مەرجە هونەری یەکانی نیشانەی بەر چاو تەسکی بۆرجواکانی ئەم سەردەمەیە، هەر بۆیە منیش دەنگی خۆم دەخەمە تەك مامۆستاو هەمان مەبەست دەخوازم، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ناتوانم بیسەپێنم بەو شێوەیەی کە مامۆستا دەیەوێت! چونکە ڕکێشی کردن لە گەڵ هەستی ناسکی ئەدیب، دەبێتە هۆی پوو کانەوەی وزە جۆر بە جۆرەکانی، بەڵام

توانەوەی خۆیەتی (الذاتية) ئەدیب لە بۆتەی باری مەوزوعی بە ئاگایی و راست کردن لە گەڵ نیهاد (ضمير)و تاقی کردنەوە جۆر بە جۆرەکانی , پتر دەتوانێت بەرهەمی نیشتمانیمان بۆ وەدەست بهێنێ، ئەدیب مەرجە هەست بکات بە دانەوەی یارمەتی یەکانی کۆمەڵ و تەنانەت بش سووتێ لەو رێبازە پیرۆزەدا.

ورد کردنەوەی پەیوەندی یە نهێنیٔ یەکانی ویستن (النية)و ئەنجام (النتيجة)و قووڵ کردنەوەی رادەی کار لە یەك کردنیان (تفاعل) بە بیرێکی زانیاری پشت بەستوو بە تاقی کردنەوە جۆر بە جۆرەکان باشترین زامنن بۆ دەست- نیشان کردنی سەرکەوتن.

لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەرو هەرەس هێنانی ڕژێمی قەیسەری هەندێك لە کار بە دەستە بۆ لشەوی- یەکان ویستیان ئەدەب بە هەموو لقەکانیەوە تەرخان کەن بۆ خزمەتی یاسای سۆشیالیستی تازەو رەورەوەی رۆشنبیری بفرێنن بۆ ئەو ئاستەی کە تەعبیر لە خەونەکانی پرۆلیتاری یا بکا، بۆیە دەستیان کرد بە هاندانی نووسەران و کەوتنە سنووردانان بۆ بەرهەمە کانیان کە ئەنجامە کەی بە وشکی و بێ پێزی و سەرنە کەوتنەوە دوایی هات بە تایبەتی لە سەردەمی ستالین دا، بەلاّم لە سەردەمی قەیسەری یە کان دا گەورەترین شاکاری ئەدەبی وە دەست هات لە لایەن کورکی و بۆشکین و تولستوی... تاد، بێ ئەوەی کەسیش روویان لێ بنێ و بخورێ بە سەریان دا، تەنانەت تووشی داپلۆسان وگرتن و کوێرەوەریش دەهاتن، کە واتە هەست کردنی ئەدیب لە

قووڵایی دەروونیا بە بوونی لەم جیهانەدا وەك مرۆڤێکی شۆرشگێری بەئاگاو تەنانەت لە ناوچوونیشی لە پیناو دەربرینی ئەو هەستەدا بە وشەی رازاوە، پیناسێکی رەسەنی جیهانی یە بۆ ناودەروونی هەموو مرۆڤێکی رۆشنبیر. تێکەڵ کردنی مەسەلەی خواناسین بە باری نیشتمان پەروەری و وێژەوە، نۆزە ئالۆزی و پێکداچوونێکی تیاوەدی دەکەم، مامۆستا دەفەرموێت (جاران وێژەر.... وە جەنگ بکات لە گەڵ ئەوانەی کە باوەریان بە خواو بە نیشتمان نی یە.. لاپەرە-١-) راستە ئەو مەیدانانەی کە ئەدیب تیادا دەجەنگێ بۆ نیشتمانە کەی پەرت و بڵاوو فرەچەشنن بەڵام وا دەزانم ئایین پەروەری و فەرمەسۆنی هەرگیز پێوانەیەکی بە جێ نین بۆ دەست نیشان کردنی رادەی سەرکەوتنی ئەدیب لە مەیدانی وێژەو نیشتمان پەروە- ری دا، خۆ هۆنەری نەمر بێ کەس یەکێکە لەوانەی کە گشت ئەو سیفەتانەی تیاوەدی هاتووە کە مامۆستا باسی کردووە لە بارەی ئاراستە کردنی بەرهەمە کەیەوە بۆ نیشتمان و میللەت، کە چی لە هەمان کاتیش دا ئەو ئایین پەروەرەش نەبوە... بەڵام مەحوی یەکێکە لەوانەی کە مامۆستا سەجادی باوی نەهێشتووە! بەتایبەتی بەرامبەر بەرەوان بێژی (بلاغە), بۆ نموونە لە لایەك دەڵێت (وە ئەویان لە سەر بناغەی رەوان بێژی و تەسەوفە کە جاران باوی بووەو ئیمرۆ باوی نەماوە.. لاپەرە-١-)وە لە لایەکی ترەوە دەفەرموێت (جاران وێژەرو بوێژمان هەر بەجوانی ووشەو رێك خستنی ووتارو سنعەتکاری یەوە خەریك بوون، وە مەعنایان زۆر مەبەست نەبووە، لەمەولا ئەبێ هەر بە مەعناوە خەریك بن و دەست لە سنعەتکا- ری هەڵگرن) واتا جیاوازی یەکی زۆر زۆر هەیە لە میانەی

بەلاغەت و فەساحەت دا، وە بوونی یەکێکیان لە هەر بەرهەمێکدا ئەبێت بە هۆی سرینەوەی ئەوی تریان !بەلاّم لە راستیدا وا نی یە، بەڵکو هەردوو کیان دوو رووی گەشن بۆ وێژەیەکی پێشکەوتووی پاراو، یەکێك لە بنەرەتەکانی بەلاغە (وەك زانیاری یەك) بەشی (بەیان و مەعانییە) کە هەردوو کیان بە گشت بەشوو کەرتە جودا جوداکانی یەوە بریتین لە تەرخان کردنی بیرو وزەکان بۆ قوول کردنەوەی واتای بەرزو نەخشەکێشانی وێنەی شیرین و کورتی و چڕی واتاکان بە شێوەیەکی هونەرمەندانەی کارا، واتا بەلاغە وەك مامۆستا دەفەرموێت بە تەنها گوێ پێدانە بە جوانی وشەو سنعەتکاری یەوە، بەلاّم لە راستیدا بەشێکی بچکۆلە لە بەلاغە کە (بەدیعە) پەیوەندی بەم لایەنا نەوە هەیە، شاعیرەکانی جاران تا رادەیەك خۆیان خەریك کردووە بەسنعە تکاری یەوە بەلاّم نەك بەو شێوەیەی کە (بیان و معانی) لە بیربکەن و دەستی پێوەبنێن، بەلای منەوە نالی و مەحوی ئەوەندەی خۆیان خەریك کردووە بە قووڵ کردنەوەو فراوان کردنی مەیدانی بەیان و واتای بەرز ئەوەندە خۆیان هەڵ نەقورتاندۆتە (بەدیع) کە سنعەتکاری یە، خۆ ئەگەر بمانەوێت ئەم راستی یە رەچاو بکەین راستتر وایە هانابەرین بۆ بەر هەمە کانیان و بە وردی لێ یان بکۆڵینەوەو بزانین تا چ رادەیەك ئەم سنعەتکار یە یان رەنگی داوەتەوە بەتێری .

واتا نابێت  لە هیچ دۆخێکدا زمان پاراوی تەرە بکەین بەو بیانوەی کە تەکەرەیە لە پێناو وەدەست هێنانی وێژەیەکی پێشکەوتووی شۆرشگێردا.

گوێ پێدان و خۆ خەریك كردن بە واتا لە سەر حیسابی شێواز نكولی كردنە لە وێژەی پێشكەوتوی نەمر، واتاو شێوە وەك تان  وپۆ وان هەتا هەردوو كیان سفت و سۆڵ ورەسا بن پتر پێناسی مانەوەیان خۆی دەنوێنی لە لاپەرە شاكارەكانی وێژەدا، من چی بكەم لەو تانەی كە خوری پاك و جوانە بەڵام تاڵەكانی ئەستوورو خاوەو دەستیش لە كەڵكیتە كە  دانەگیراوە، با پۆ كەش سفت و رەنگین و تاڵەكانیشی گرژو باریك بیت. ئەو جەوە دەروونی یە كە وەدەست دێت لە كاتی خویندنەوەی باسەكەدا زۆرتر وشەی (جاران- لەمەو لا) دەی مەێنێ و شەقلێكی تایبەتی پێوە دەنێ بۆیە دەمەوێت ئەم چەند تێ بینی یە تایبەتی یە لە سەر وشەی (جاران) و سێبەرە قورسەكەی وە پێش چاو خەم.

یەكەم: مەودایەكی زەمەنی سنوردار لەم وشەیەدا خۆی بە دەرنا خاو هەستیشی پێ ناكرێت، جاران سەردەمی قوتابخانەی كلاسیكی و رۆمانسی و واقعیش دەگرێتەوە، ئینجا نازانم مامۆستا مەبەستی لە كام جارانە؟! بە كارهێنانی (جاران) بەو شێوە (رەها)یە (مطلق) رەفز كردنی نەك رابووردوە بە هەموو قۆناغەكانی یەوە بەڵكو رەفزی ئێستاشە چونكە لە بەرامبەری ئەودا (لەمەولا)ی بە كارهێناوە، كە راستتر وا بوو (ئیستا)یان (ئەم سەردەمە) بە كاربهێنێ،چونكە ئەو تێ روانینە گشتی یە (تعمیم) بەرامبەر بە وشەی (جاران) نەك زیان بە ئێستا بەڵكوو چەواشەی داهاتوویشە، چونكە ئێستا لە منداڵدانی جاران دا پەروەردە دەبێت.

دووەم: بە کارهێنانی ئەم وشەیە (١٢) کەرەت و وشەی (لەمەولا) (١١) کەرەت لە باسێکی وەها خنجیلانەدا جێگای تیارامان و پێداچوونەوەیە، ئەوەندەی من پەیم پێ بردبێ, شێوەی ئەو وتارانە وە بیر دێنێتەوە کە لە سەر دەمی بە کرسدقی و سالّح جەبردا لە خۆپیشاندانەکانا خوێندراوەتەوە، شێوەی تەڤریری دەربڕینی نەبەراتی بەرزو نزم و مەرجەکانی وتاری تێدا وەدەست هاتووە، کە ئەم جۆرە نوسراوانە لەم سەردەمەدا ئەوەندە بەبرەو نی یە لای خوێندەواران، چونکە ئەو تیشکدانەوە بە وزەیەی تێدا نایەتەدی بۆ سەر دەروونی خوێندەواران، دیسان وتنەوەی (لەمەولا) لە بەرامبەریا بەو زەبەندی یە جۆرە تێ خوڕین و قامچی وەشاندنی تیا هەست دەکرێت بۆ سەر ئەدیب، کە لام وا بێت ئەو (وصایە) ئەدەبی یەکاتی بە سەر چووە ,تەنانەت لە نێوعەرە بەکان دا ئەو (وصایە) تەی کە دەر دەبڕرا لەلایەن (طە حسین-عقاد)ەوە بەر پەرچ درایە وەو پووچ بوو, نەك بە بەرەنگاری ویستراو (مقصود) لەلایەن تاقمیکەوە، بەڵکو لەلایەن رەوتە نەسرەو تەکانی مێژووەوە کە نەوە زرنگ وهوشیارەکان هەردەم سوو تەمەنی و گیانی بەوزەی ئەو ڕەوتەن.

سێ یەم: بە یاسای زمان پاراوی (بلاغە) چەند جارەکردنەوەی وشەیەك لە بەر چەند هۆیەکی تایبەتی یە کە نووسەر پەنای بۆ دەبات وەك:- ناشیرین کردن (تقبیح)- رازاندنەوە (تجمیل)- پێداگرتن (اصرار- تأکید) داوای فەڕکردن (التبرك)وە زۆری تریش.

لام وا بێت بە کارهێنانی ئەو وشەیە ، بۆ ناشیرین کردنی (جاران)ە لە بەرچاوی خوێنەر، هەر وەها ئەو تیکرارە خۆی لە خۆی دا پێداگرتن و سووربوونە (اصرارو تأکید) لە سەر ئەو ناشیرینی یە، ئینجا نازانم ئایا روانین لەو دەلاقەیەوە بۆ رابووردوو ئیستا دەبێت بەو شێوەیە بێت؟!

خۆ ئەگەر پەچە لەم رووە لا بەین و بارە دەروونی یەکەی ببینین ئەوەمان زوو بۆ روون دەبێتەوە کە ئەو چەند جارە کردنەوەیە بەمە بەستی بڕواکردن بە ناشیرینی (جاران) خۆی لە خۆیدا ترسێکە لەو جارانەو هەست کردنێکە بەو هێزە ئەفسوو ناوی یەی کەلە دڵی خوێندەوارانا پەل و پۆی کوتاوەو بەو سووربوونە لاوازە, تەمەکەی نارەوێتەوە. هەنگاوەکانی مێژووی کۆمەڵ و تێکۆشانی سەرومڕی مرۆڤ لە هەل و کاتی تایبەتیداو بە درێژایی رێگا ,چەند مەرجێکی سەرەکین بۆ کز کردنی مەفعولی سیحراوی (جاران) و دانانی بە دیلێکی بە پێزی وا کە بتوانێت بیٚ یەك و دوو هەموو شوێنەوارە (خراپە!) کانی (جاران) لەق کات و ببێت بەوە ریسێکی شەرعی بە ئەمەك بۆ لایەنە باشەکان و پەرە پێدانیان نەك بە خوڕین بە سەر هەست و سۆزی ئەدیباندا (ئەبیٚ روویان هەر لە کۆمەڵ و گەڵ بیٚ، وە هەر بە سەر ئەوانا شیعر بڵێن-.
لاپەرە-٢-).

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٢٤) نیسانی ١٩٧٥ بلاّو بۆتەوە

## بابەتی دوەم

# خاڵ وگۆناو ناز- لەسەر بەیتێکی ناری

***مێشی خاڵت نافرێ بەس باوەشێنی کە بە ناز***

***چونکە پابەندە بە شەهدی رووومەتی زێباتەوە***

لە سەر ئەم بەیتە شیعرەی (ناری) مشت و مڕێکی دەروونی بە هێز لەنێو قوڵایی دڵمدا تەقیەوەو هەرچەندم کرد نەمتوانی خۆم لە سەنگەری ئەو چەند وشەیە رزگار بکەم و نەبمە قوربانی نێو ئەو هێزە ئەفسوناویە دژیەکانەی کە لە هەر چوار لاوە گەمارۆی هەست و هۆشمیان داوە، زۆر سەیرە هەتا بیر لە بەیتەکە بکەیتەوە پتر رادە مێنێ و هێدی هێدی وزەکانی بیرت پەرت دەبن و واتا کەشی هەر وەك سەراب ئەکشێی بە دواياو نايگەيتێ و لەوانەیشە لە ئەنجامدا بخنکێیتو بە رەنج بێ وەریەوە سەر بنێیتەوە.

نازانم بۆ چی ئەو خاڵە نازدارە لێك ئەچوێنێ بەمێش و بەمە شەوە ناوەستێت، لەلێك چواندن ئەیکاتە دەر و پاشان ئەیخاتە ریزی ئەومێشە نەگریسەی کە بە هەمۆ شتێکەوە دەنیشێ! ئەومێشەی کە حەمدی صاحبقران کردویەتی بە نیشانەی بێ سنۆری لەمیانەی جوانی وناشیرینی و راستی و ناراستی دا:

**بازاری دەهرە قیمەتی ئەشیا بە جێگەیە    مێشێ گەیشتە رووی نیگارێ لە خاڵ ئەچێ**

تۆ بڵێی ناری رەند , لە مێشی رەواتر نەدیبێ بۆ ئەو خاڵە نازدارەی کە شەڕ لە گەڵ هەموو شتێکی جواندا بەرپا ئەکاو ئەیبەزێنێ , هەر وەك سەلام دەڵێت:

**دەنکێ خاڵی شین لە سەر گۆنای جوان بازاری هەزار وەنەوشەی شکان**

یان وەك کابرای عەرەب دەڵێت:

**له خال على صفحات خد كنقطة عنبر في صحن مرمر**

خۆمێش کە (مشبەبە)یە ناشیرین ترە لە (مشبە) کە خاڵە، کە واتە شاعیر خلیسکاوەتە لاریێ رەوان بێژیەوەو کەوتۆتە چاڵی ئەو تێ روانینەو هیچ ئاوازێك نابیستێ جگە لەویزەی ئەو مێشە نەبێت کە چۆکی داداوەتە سەر ملی ئەو خاڵەو هەناسەی لێ بریوە.

تو بڵێی ناری لێوی تەڕ نەکردبێت بە ئاوی سازگاری فۆلکلۆرە نەخشینە کەی کورد کە دەڵێت:

***خاڵێ لە گەردنیە***

***بەوێنەی دە قرانیە***

یان

***خاڵێك لەژێر ملیەتی***

***دەڵێێ پیرۆزەی شینە***

***هەچ کەس ئەو خاڵە ماچ کا***

***نیوەی تە حیاتو دینە***

گەر تۆزێکی دی پەچە لەرووی روخساری نەو بەهاری ئەم باخچە رەنگینە رامالین و پتر بچینە پێش ,رائەبین لە جیهانی واقعداو دەخزێینە نێو عالەمی جوانی رەهاوە، ئەو جوانیە بێ گەردەی کەمەگەر هەر چاوی نهێنی ناری بتوانێت پەیی پێ بەرێت، ناز، عیشوە، گێسوو چەند شیرینن، چۆن هەموو دڵێکی بێ ئاگا ڕائەچڵە کێنن و پلی پێ دەدەن، ئەو مێشە نەگریسە چۆن خۆی مەڵاس داوەو هەر لەخشەشی بۆ ناکات، هەر وەك بووڕابێتەوەو چووبێتە فەیزی (فناء فی الله)وە، ناز شەرمی لێ هەڵ گیراوەو پاسی روومەت دەکات، ناز شەوی ڕەشی داوەو پێی هەموو شەو گەڕێکی وەك ناری تێ دەکەوێت.

ئەو مێشە هەژارەش ئاوارەیە، بێ نەوایە، بەسراوەتەوەو جێگای چنگ و پەل کوتانی لێ گیراوە، تۆ بڵێی وابێت؟! خۆ لەوانەیشە خەپلە خرەی خۆی دابێت و دەمی ژندبێتە سەر گە نجینە کەی حەزرەتی سلیمان، یان لە کانی بەهەشت ئاوی زیندەگانی هەڵێنجبێت.

ناتوانین ئەم بریارانە هەر وەها بە پشت ئەستووری سواری کۆڵی ئەو مێشە بکەین هەتا چی تر نەخزێینە باوەشی نیوە دێرە کەی ترەوەوو تینوێتی رێگای دورمانی پێ بشکێنین- ئەگەر چی سەرابیشە-. مەولەوی قەڵەندر دەڵێت:

**خەرامان دەرکەوت لە توێی پەردەوە پەچەی لە روخسار مانگ لابردەوە**

با ئێمەش پەچەلەم ڕوە لابدەین و بزانین دەتوانێت روەکەی تر حەشارداو بیخاتە نێو شەوە- زەگی وێل بوونەوە؟ ئەگەر تاریکی شەو گەمارۆی هەستو

بیری مرۆڤ نەدات چ بایەخێك بە رۆژ دەدرێت وبە سوپای ڕزگار کەر بۆی دەنوارڕێت؟

شەهد, هەنگوینە بەلاّم چ هەنگوێنێك، هەنگوینی کەژو مای هەزار بە هەزار، هەنگوینی شەمەتلێنکەیەو هەزاری وەك منووناری سەری بۆ ناوەتەوە.

زێباش وشەیەکی فارسیەو واتای جوانیەکمان پێ دەسپێرێت کە مەگەر هەر ئەو شایانی ئەو روومەتە بێت، لەوانەیە ناری قوربانی ی بەو خاڵەدا بێت و دەستی پێ کردبێتە ملی مێش لە بەر ئەوەی هەنگوینی بۆ داناوەو هاوسەریان دەکات!! کەواتە ئەم میکافیلیەتە هەر بۆ سیاسەت بازان نیەو زۆری تریش خۆی تێ دەهاوێت!.

تۆ بلێ ی واتای ئەم بەیتە بەم نیوەو نیوەچڵێە تەواو بێت و ئێمەش لەم ساراتینەدا بەجێ بمێنین و هەر روەو سەرابە کە بنوارین و تف قووت بدەین؟!

با ئاورێك بدەینەوە بە لای نازداو بە بێ نازی پەرەوازەی نەکەین، ئەم چەند تێبینیە وردیلە یەم هەیە لە سەری.

یەکەم: (بەناز) دۆخ (حال) بێت بۆ باوەشین کردنە کەو تێکەڵ بە دیمەنی شیرینی ئەو شۆخە ببێت و لێ نەگەرێ ئەو میشە بەستەزوبانە تۆزێك بای باڵی خۆی بدات!

دووەم: ئەو باوەشێنە تاوی زوڵف و ئەگریجەو پەرچە می تا تا دەیکات، شاعیر لە باوەشین و پرچیشەوە تێی پەڕاندوەو پەریوە بۆ قوللەی قاف، باوەشین

هەست پێ کراوە (محسوس) باوەشی بە نازدا کردوە کە واتایی یە (معنوی)، ئە مەشیان دژی دەستوری زمان پاراویە، سەیر دەبێت وا بی!

وەرە ئەودیوی جوانیەکە ببینەو تۆزی رامێنە، ناز هاتۆتە شنە شن و دەجوولێت و، بوە بە گیاندارێکی خوێن شیرین و خاوەنەکەی دەلاو ێنێتەوە، باجی ئەو رووناکیە دەدات کە رۆژی روی پێ بەخشیوە، ئەم (استعارە تخیلیە)ی کە شاعیر لەم شتە بێ گیانانە بۆی هێناوینیەتە کایەوە نمونەی بیرتیژی و وەستاییە.

سێ یەم: لەوانەیە (بەناز) بانگ کراو بێت (منادی) کە ئەم بۆ چوونەم بە دڵ نیە ,بەڵام لە هەمان کاتدا دڵ هەیە چەکەرەی بۆ بکات، بەتایبەتی ئەگەر شاعیر بۆ ووریاکردنەوە (تنبیە) بە کاری هێنا بێت و ئەو سەر پێچیەی پیشان دابێت کەرەت بۆنەوەی نیەو دەبێت هەر پابەند بێت.

لە لایەکی ترەوە (لە واتادا) مێش کەلێك چوێنراوە بە (خاڵ) (تشبیە مقلوب)ە کە ئەمە کەم شاعیر دەتوانێت هەر وەها بە ئاسانی بۆمان هەڵرێژێتە دەریای بێ پایانی ئەدەبەوە مەولەوی لەم جۆرە هونەرەدا دەڵێت:

گوڵ چون ڕوی ئازیز نەزاکەت پۆشان          وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

ئەو یایە اضافەیەو (مشبەبە) اضافە کردوە بۆ مشبە کە ئەمەش (تشبیە مۆکد)ی پێ دەڵێن و لە لێك چواندنە بە هێزەکانە، نەك لە بەر ئەوەی ئامرازی لێك چواندنی لابردوەو هەردو لاکەی خستۆتە تای ترازوەو بەموو

جووتی کردون, بەلکو لە بەر ئەوەی کە ئەم دوو شتە زۆر دورن لە سیفەتدا، بەلام وای چەسپاندوە کە مەگەر هەر خۆی بزانێ.

لە لایەکی ترەو (طباق)ێکی بۆ دروست- کردوین لە میانەی (پابەند)و (فریندا) کە هەردوکیان دژیەکن لە واتادا.

هەمان لێك چوونیش هەیە لە میانەی (شهد) هەنگویندا‌و روومەتە خرپنەکەی کە وەك لە سەرەوە باسمان کردو رونمان کردەوە ,واتا (تشبیە مؤکد) لە گەڵ (واتای) (تشبیە مقلوب)دا. ئەو تابلۆ شیرینەی کە پەڕەمووچی ئەندێشەی شاعیر لە لالەپەرەی دڵدا نەخشاندویەتی دەنگ دانەوەی بەر چاو روونی بیرێکی تێژی فراوانەو پڕە لە جووڵەو ژیان، تەنانەت شنەی شەماڵی پرچ و ئەگریجەو ناز ئارەقی بیری ماندووی مرۆڤ فێنك دەکاتەوە، پێ داگرتن و ڕووقایمی ئەو میوانە بچکۆلەیەش لە رووی خاوەن ماڵدا تینێکی جووڵێنەری بە هێز دەهاوێتە نێو تابلۆکەوە.

هەتا ئێرە دیوی دەرەوی تابلۆ کەیە، پیایدا دەروانین و سەرنجی لێ دەدەین، لەوانەیشە بتوانین پەردەیەکی تری نهێنی هەڵدەینەوەو دیمەنێکی تر بەدی بکەین، ئەوەندەی من بۆی چووبم ئاسۆی بیری شاعیر زۆر لەوە فراوانترە کە چاومان هەموو قوژبنێکی بپێکی و بتوانین بە زەقی لە نێو دێراوی ووشە کانیدا بچەرخێین و بەری رەنجی هەست و بیری برنین.

تۆبڵێی مێشە کە شاعیر نەبێت و بەو شێوەیە خۆی بێ نەواو بچوك کرد بێتەوە لە خزمەت روومەتی شەهدی یاردا، کێ هەیە نەك پابەند ,قاچی خۆیشی نەبریتەوە ئەگەر هەنگوینی شەمەتلێنکەی وای بۆ دەست بدا.

ئەوەی ئەم بۆ چوونەم بە هێزدەکاو دەست ئەداتە باڵی, ئەم دێرە شیعرەیە کە لە هەمان چامەدا هاتوە:

**لەب شەکەر فەرمو بە زوڵفت باوەشێنی لێ نەکا     مێشی رۆحم گەر بنشێتو بە قەندی چاتەوە**

شاعیر ئەم هەموو هونەرەی هێناوەو تفاعلێکی بیری وردی بە هێزی لە نێوانیانا دروست کردوە بێ ئەوەی لە نرخیان کەم کاتەوەو لە تابلۆ کە دابرێ، کە بەراستی ئەم هاوتا وردیە لە نێوان واتاو روخساردا خۆی لە خۆیدا رویەکی گەشی بلیمەتی شاعیر پیشان دەدات، کە تەنانەت شاعیرە کەڵەکەی عەرەب (ابو تمام) نەیتوانیوە بەم شێوەیە کێبەرکێ (**مسابقة**) دروست بکات لە میانەی ناوەرۆك و روخساردا وهەردوکیان یەك لە یەك بروسکەترو خێراتر بن بو گەیشتن بە شاچڵی میهرەبانی شیعر بە دەست لە ملکردنی یەکتر.

* ئەم بابەتەلە گۆڤاری بەیان ژمارە (٢٢)ی شوباتی ١٩٧٥ بلاّوبۆتەوە

## بابەتی سێ یەم

# مامۆستا سەجادی و بۆ چونێکی ئاڵۆز

لەبەر ئەوەی کە بابەتەکانی ئەدەب، پیربوون و ڕەنگ چوونەوەیان بۆ نییە وەك هەندێك ڕووداوی سیاسی کە لە سنووری تایبەتیی خۆی دەرچوو مرۆڤ ئەوەندە گوێی ناداتێ و خۆی پێوە خەریك ناکا، تەنها ئەو ڕووداوە گرنگانە نەبێ کە شایانی باس و لێکۆڵینەوەن بۆیە منیش ئەمەوێ لەم روانگەیەوە سەرنجی خۆم دەربارەی باسەکەی مامۆستا سەجادی وەپێش چاوخەم کە لە ژمارە ١ی ساڵی ١٩٧٣ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بە ناونیشانی (هۆنراوەو پەخشان)ەوە بلاّوی کردوەتەوە.

مامۆستا لەپێشدا ڕای خۆی بەرانبەر (هۆنراوەو هەڵبەست) دەبڕیوەو لە ئەنجامیشدا بە چەند بەڵگەیەکی سەرپێ یی ئەم دوو زاراوەیەی,واتە (هۆنراو-هەڵبەست) بەرانبەر بە (شعر- نظم) داناوە.

ئەوەی هەندێك لەم بەرانبەری یە ورد بێتەوەو رامێنێ، زوو ئەو راستی یەی بۆ روون دەبێتەوە کە مامۆستا سەجادی هەڵس و کەوتی بیری تیشك دانەوەی رۆشنبیری ی عەرەبی یە، بەتایبەتی لە والاّ کردنی زاراوەو چۆنیەتی ی دارشتنیدا. ئەم ڕێڕەوەش مەرج نی یە هەمیشە لەگەڵ سروشتی خۆرسکی زمانی کوردی دا بگونجێت.

وشەی (شعر) لە عەرەبی دا گەلێك واتای جۆر بەجۆرو بۆچوونی تێکەڵ و پێکەڵی لەسەر دەربڕراوە. یەکێك لەوانە (بیت الشعر) دەوار (خیمه)یە. ئەم بۆچوونە لەگەڵ ڕێڕەوی زانیاری دا ناگونجێت، چونکە شیعر لەپێش ژیانی دەوار نشینی یەوە هاتۆتە گۆڕێ و تەنانەت لەکاتێك دا کە مرۆڤ لە ئەشکەوت دا ژیاوە، سەجادی دەڵێت (شیعرێکە کە لە شعورەوە هاتووە، شعوریش بە

گوزارەی (هەست)ە لە زمانی کوردی دا). (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ل ٢١٢)
ئەم راڤەکردنە هەتا سنوورێکی تەسك دەتوانێت بچێتە ناو جیهانی شیعرەوەو بە ئارەزووی خۆی پەلی تیادا بهاوێت، بابزانین چۆن و بۆچی؟

شاعیر لە چاخەکانی پێش ئیسلام دا ڕێزێکی فرەی لەنێو خەڵکدا هەبووە قووڵ بوونەوەی بڕوای مرۆڤ بە شاعیر لەوە تێپەڕیبوو کە وەك هونەرمەندێك بۆی بنوارن و هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەن، بەڵکو وەك دوابین (کهان- عراف) بۆیان دەروانی، واتا ئەو کەسە بوو کە هەموو نهێنی یەکانی گیان و دنیای ئەفسوون دەزانێت. هەروەها لە کاتی سروش (الهام)ی شیعردا شەیتان دەگات بە شاعیرو بیری جۆربەجۆری بۆ دەهێنێت. بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە کە عەرەبەکان بە پێغەمبەریان دەوت ئەمە شاعیرە وجنۆکەی شیعر ئیلهامی بۆدێنێ، بەلاّم لەراستی دا (والشعراء یتبعهم الغاوون. الم تر انهم فی کل واد یهیمون) واتا شاعیر (عالم بالسحر والاسرار الروحانیه).

هەروەها ئەم وشەیە لە زۆر شوێنی تردا بۆ هەمان واتای زانین بەکار دەهێنرێت وەك (لیت شعری).خۆزگە دەمزانی کەواتە ئەو جوداکردنەوەیەی کە مامۆستا مەبەستێتی لەسەرەتای پەڕەوازەبوونی شیعرەوە جیانەکراوەتەوە. سەجادی دەڵێت (ئەو شتەی کە لە زمانی عەرەبی دا پێی ئەڵێن (شعر)، من لام وایە لە کوردی دا (هۆنراو)ەیە، ئەوەش کە پێی ئەڵێن (نظم) (هەڵبەست)ە (لاپەڕە ٢١٣). بابزانین بەڵگەو وردکردنەوەی مامۆستا بۆ ئەم دەربڕینە چی یە؟ (هۆنراو لە هۆنینەوەوە هاتووە، وەکو هۆنینەوەی پەلکەو هۆنینەوەی دەنکی مرواری و هۆنینەوەی تەزبیح... جا کە هۆنراو دانرا بۆ شیعر ئەبێ

ئەو هۆنراوە هونەرێکی تیادا هەبێت. هونەرەکەش بریتی یە لەو هەست و هەژانەی کە تیادایە) (لاپەڕە- ٢١٣). هەروەها لە ناساندنی هەڵبەست دا دەڵێت (ئەو هونەرەی.. ئەو شوێنانەش هیچ مەعنای هونەری لیٚ دەرناکەویٚ وەکو ئەڵیٚ (سەدەکەی هەڵبەست)وە یا (ئەم قسەیە هەڵبەستەیە) کە ئەم هەڵبەستە لێرەدا بە مەعنا بوختان و (افترا)یە). تاد.. (لاپەڕە- ٢١٤).

هۆنینەوەی ملوانکەو تەزبیح و پەلکە ,جۆرە هونەرێکی تیادایە، واتا جۆرە لێك چوونێك هەیە لە میانەی وشە پەرت و بلاٚوەکانا کە دوای ئەوەی دەخرێنە چوارچێوەی (کێش و سەروا)وەو دەبنە هۆنراو، هەر وەك مرواری یەکانیش دەبنە ملوانکە. هەتا ئێستا چ ملوانکەکەو چ هۆنراوەکە هەر رووی دەرەوەیان دەبینریٚ و نازانین لە ناوەوە چی یان تیدایەو چۆنن. کەواتە ئەو لێك چواندنە باری ناوەوەی هۆنراوەمان بۆ دەرناخات کەوا سۆزو ئەندیشەو.. تاد. ئیتر چۆن دەتوانین چیهانی بیٚ پە یی شیعر بەو تیٚ ڕوانینە ڕوو کەشە تەی کەین و بچینە ناخی یەوە؟ مامۆستا دەڵێت (سەدەکەی هەڵبەست) هیچ هونەرێکی تیادا نی یە، یان ئەم (قسەیە هەڵبەستەیە) کە ئەمەش هیچ هونەرێکی تیادا نی یە، کەواتە نەظمە. وا دەزانم ئەوەندەی هونەر لە هەڵبەستنی درۆیەك یان (افترا) یەك دا هەیە ئەگەر پتر نەبێت لە هۆنینەوەی ملوانکەیەك کەمتر نی یە! چونکە درۆ زۆرتر لە هیچەوە دەهێنرێتە کایەوەو زۆرتر خاوەنە کەی بە دەستەلاٚتی خۆی دای دەهێنیٚ (یخترع). تەنانەت دەبێت هەموو درۆزنێك بیرەوەری ی تیژ بێت (الكذوب ذكور). بەلاٚم هۆنینەوەی ملوانکە هەتا دەنکە مرواری و دەزۆکە نەبێت هەرگیز لە هیچەوە نایەتە

دەست. واتا (ایجاد) نی یە لە نەبوونەوە وەك درۆکە. ئەمە لە کاتێك دا کە ماموٚستا ئەو تێ بینی یەی ورد نەکردۆتەوە کە وشەی هۆنراویش هەر بۆ (افتڕا) بەکار دەهێنرێت و پتر واتاکەی دەردەکەوێت. کورد دەڵێت (وایان بۆ هۆنیوەتەوە تووکی سەری با بیبا) کەواتە لە واتای (افتڕا)دا  ئەم دوانە هاوسەنگ بوونەوە.

کاتێك کە دەمانەوێت دیاردەیەك لێك بدەینەوەو والأی کەین، نابێت چۆنمان دەوێت ئاوەها، بەڵکو چۆنە ئاوەها. چونکە ئەو جۆرە تێ ڕوانینە تووشی هەڵەت و لێژگەمان دەکات. دەبا چاوێکی دی بە وشەی هەڵبەست دا بخشێنینەوەو بزانین وەك ماموٚستا دەڵێت هەر بۆ (افتڕا)و کەم هونەری بەکار دێت یان بە پێچەوانەوە. کورد دەڵێت (گۆرەکەی هەڵبەست) هەر چۆنێك بێت پایەی لێ زانین و وردەکاری ئەم هەڵبەستنە دەگاتە ڕیزی هۆندنەوەی ملوانکەیەك. یان کورد دەڵێت (چەفتە، یان جامانە، یان مشکی یەکەی هەڵبەست). ئەوەندەی من بۆی چووبم ئەمانە بە گشتی هونەرو کارامەیی و لێ زانینیان پتر دەوێت لە هۆنینەوەی ئەو تەزبیحەی کە بۆتە کورگەی هونەر! کەواتە ناتوانین بەو شێوەیەی کە ماموٚستا بۆی چووە (مفاضلە) لە میانەی ئەم دوو وشەیەدا بکەین. تەنانەت لە نێو عەرەبەکاندا وشەی (نظم) لەو ئاقارەدا ئەوەندە بەکار ناهێنرێت. عەرەب دەڵێت (الشعر التعلیمی)و ناڵێت (النظم) چونکە (نظم) جۆرە ون بوونێکی تیادایەو نازانین  مەبەستمان لە چ جۆرە (نەظمێکە)، بەلأم (شعر) ناوی جینسەو واتایەکی گشتی دەدات بە

دەستەوە. هەروەها تائیستا هۆنەرانی کورد جیاوازی یان لە میانەی هەڵبەست و هۆنراودا نەکردووە.. کەواتە پێویست بەم بۆداتاشینە ناکات و واتاکان نادەن بە دەستەوەو مەرجیش نی یە هەموو وشەیەکی عەرەبی کوت ومت وەرگێڕرێتە سەر کوردی و لە هەمان واتادا زاراوی بۆ دابنرێت.

ماموستا لە ناساندنی هۆنراودا چەند بیروڕایەکی جیا جیای دەبڕیوە کە وا ئەزانم هەموویان لایەنە میتافیزیکی یەکەیان گرتووە بێ ئەوەی لە ئاسۆی ڕێڕەوێکی بیری زانستی یانەوە بڕواننە شیعرو والاًی بکەن. تاقی کردنەوە جۆربەجۆرەکانی شاعیر پشت گوێ خراون و کەلا بوون کە ئەمە مەرجێکی زیندووە بۆ شیعر.

زوربەی گوێ پێدانی شیعرو کەمتەرخەمی کردن لە پەخشانا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا (ویژدان لە پێش ژیری دا لە ئادەمیزاددا پەیدا بووە). لەبەر ئەمە سەرەتا هۆنراو پەیدا بووەو پاشان پەخشان بە شوێنیا هاتووە- لاپەڕە ٢١٦ وەك ماموستا دەڵێت. چونکە ناتوانین ئەو سنوورە ئەستوورو قەبەیە لەنێو ئەو دوو جۆرە دیاردە بیری یەدا بەرزکەینەوەو ئەو جیاوازی یەی کە لە میانەی ئەم دوو شتەدا هەیە نابێت بوهۆی دژایەتی یەکی وەها ئەم بکا بە ئاگرو ئەو بکا بە ئاو، یان ئەم لەهەر شتێکا هەبێت ئەو نەبێت. با لە سووچێکی ترەوە بڕوانینە مەسەلەکەو زانیاری بکەینە هەوارگەی بیرورامان. لە چاخەکانی کۆندا ئەو بارو دۆخە نەبوو کە پێویست بوو بیرو هۆش هەڵس و کەوتی لە گەڵدا بکات و دەمەزەردی وزەکانی پێ بداتەوە. کەواتە بیرەکە هەر بووە ,بەلاًم لە دۆخێکی نیمچە وەستاودا. بەلاًم ویژدان دۆخێکی لەباری

خۆرسکی بۆ نیشتووەو کەوتووەتە کارو هەڵس و کەوتی خێراتر بووە لە بیر.

ئەم دوو جیاوازی یە وای لە مامۆستا کردووە بەو شێوەیە بنوارێتە مەسەلەکە. گوێ دان بە هۆنراو بەو شێوەیە کە بەدی دەکەین، دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی یەکی بێۆلۆجی کە مرۆڤ توانیویێنی لەو چوارچێوە وشەیی یەدا هەست و نەست و سۆزو ئارەزووی خۆی بنەخشێنێت. ئەگەر لەباری هونەری یەوە بڕوانینە هۆنراو، دەبینین بەو هەموو شێوە ئاڵۆزو جۆر بەجۆرە بۆی روانراوەو وەسپ دراوەتەوە، بەلاّم لە راستیدا وەك (مس شتاین) دەڵێت: (هۆنراو هەر هۆنراوەو هەر هۆنراو). ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ:-

یەکەم: توخم (عنصر)ی هۆنراوە ئەگەر لەگەڵ بابەتەکانی تری وێژەدا بەراورد بکرێت جۆرە جیاوازی یەکی هەیە کە ئەویش ئەو (مرونە)ەیە لەبارەی روخسارو واتاوەیە.

دووەم- گۆڕانی تێ ڕوانینی مرۆڤ و هەست و دۆخ و کات و جێگاو زۆر شتی تر کە ئەمانە سەرجەم نیشانەی گۆڕان و پێشکەوتنی بیری مرۆڤن بە درێژایی مێژوو..

سەججادی دەربارەی سۆزو ئەندێشە دەڵێت: (ئەمانە... خۆیان وجودێکی ماددی یان نی یە تا بڵێین وجودە کە ئەوەیە یا وەکو ئەوەیە- لاپەڕە-٢١٧-) ئەم بۆچوونەی مامۆستا سیمای میسالی یەتی بە زەقی تێدا وەدی دەکرێت و نووسەر لەوێوە دەڕوانێتە جیهانی شیعرو، خۆ ئەگەر بەپێ ی بۆچوونەکەی ئەو بێت ئەبێ هیچ جۆرە پەیوەندی و مامەڵەیەك لە نێوان ئەندێشەو واقیعدا نەبێ و هەرگیز مرۆڤ نەتوانێت پەیی پێ بەرێ, جا ئەمە لەوانەیە بۆ

کاتی خورپەو سروشی شیعر ,یان ئەو هێزە ئەفسووناوی یە بگونجێت کە سەرچاوەکەی زۆر لە ناسینی مرۆڤەوە دوورە، بەلآم بۆ سۆزو ئەندیشە، زانستی مادی لە کۆنەوە باری سەرنجی خۆی دەربڕیوە.

شیعر دیاردەیەکە کە لە دیاردە کۆمەلآیەتی یەکانی ژیان و یەکێکە لەو پێویستی یە حەیاتی یانەی مرۆڤ بەکاری هێناون، واتا ئەو سۆزو ئەندیشەو تابلۆیانەی هۆنەر بۆمان دەنەخشێنێ هیچ کات لە شوێنێکی واوە نەهاتوون لە واقیعی بیری مرۆڤەوە دوور بێت، چونکە ئەندامەکانی هەست یەکەمین ڕێگەن کە سۆزو ئەندیشە لەوێوە بەدەست دێنن و بە چەند تەفاعولاتێکی ئالۆز (معقد)دا دەڕۆن و بەئەنجام دەگەن. کەواتە وزە جۆربەجۆرەکانی بیر ئەم تابلۆو ئەندیشانە ڕێك دەخەن، واتا تاقی کردنەوەی ئامێرەکانی هەست و قووڵ بوونەوەیان بۆ ناخی ناوچەی نەست (لاشعور) لەمێشکدا, ئەبن بەهۆی مەیاندنی هۆشی شیعر.. بۆ نموونە مەولەوی یان بێسارانی تائیستا نەمان دیون و لە هیچ بەرهەمێکیاندا بەرچاومان نەکەوتووە باسی دیاردەیەکی ئالۆزی شارستانێتی ئەمەریکا یان ئینکلیز بکەن... ئەمە بۆ...؟ چونکە مەلی ئەندیشە هەرچەندە تیژ پەڕو زرنگ بێت، بۆ ئەو جیهانە نافڕێ کە ئەندامەکانی هۆش و هەست لە هیچ ڕێگەیەکەوە سا ڕاستە وخۆ یان ناڕاستەوخۆ (مباشر او غیر مباشر) شارەزای نەبن.

بێ گومان جیاوازی یەکی گەورە لەنێوان هۆنراوو پەخشان دا هەیە.. نەك هەر لەرووی هونەری یەوە، بەلکو لە زۆر رووی تریشەوە کە لێرەدا دەرفەت نییە بە درێژی باسیان بکەم.. بەلآم مامۆستا دوو ڕەوشتی (صفة) ناوکۆیی

پەخشان و هۆنراوی هێناوەو هەردوو کیانی پێ خستۆتە ژێر یەك خێوەتی هونەری و واتایی یەوە، ئەمجا لەپاشدا هەموو لایەنەکانی تری پشت گوێ خستووە، یەکەمین: (ئەو سۆزو گوزارانەی کە لەناو وشەکانا خۆیان راگرتووە ل٢١٧). دووەمین: (کورتی وکورت بڕی ی ئەو ڕستانە کە لەو وشانە دروست بوون و ناو نراوە بە هۆنراو- ل٢١٧). واتا ئەم دوو ڕەوشتە گەورەترین کۆلکەی ناوکۆیین (القاسم المشترك الاعظم) بۆ هۆنراوو پەخشان! مامۆستا بۆ چەسپاندنی ئەم بیرو لێکدانەوەیە دەڵێت: بەوێنە... غەیرە موسوڵمانێك کە قورئان لەبەر دەکات, لەبەر ئەو سۆزو هەستە پۆشراوەیە کە لە گوزارەکاندایە نەك لەبەر پیرۆزیی قورئانەکە- ل٢١٨). بێ گومان ئەمە ڕای مامۆستایەو سووریشە لەسەری (بڕوانە ل ٢١٨).

مرۆڤ لە کاتێکدا کە دەیەوێت ڕایەکی تایبەتی ی خۆی بچەسپێنێت راست بێ یان نا.. پێویستە چەند بەڵگەیەکی بەپێزی وەها بهێنێتەوە بتوانێت مرۆڤیان پێ قایل بکات و راستی یەکەی بە شێوەیەك بۆ یەکالا بکاتەوە کەجێگای یەك و دووی نەبێ، تەنانەت سوفوستائی یەکانی یۆنان کە ویستویانە ناراست بنوێنن بەراست بەشێوەیەك بەڵگەکانیان هۆنیوەتەوە هەموو کەس نەتوانێت دەرکی پێ بکات...

مرۆڤی ئەم سەردەمە زرنگ و هوشیارە، ناتوانێت بەئاسانی هەموو شتێك قووت داو بەبێ یەك و دوو بیسەلمێنێت، بەتایبەتی هەندێك بیروڕا, لە جیهانی ئەدەبی کوردی دا ناتوانێت بەبێ هەوێنی خۆماندو کردن و بیری زانستی یانەوە بمەیێت، چونکە ناتوانین بۆشایی بە بۆشایی پڕبکەینەوەو

هەروا بەئاسانیش شکسپیر ناکرێت بە شێخ زوبەیر!! کابرای کوردە کە ئایەتەلکورسی و ئەلحەمدو قول وەڵلاَ دەخوێنێت و لەبەری دەکات لەبەر ئەوەیە کە سۆزو ئەندێشەو ئاوازی وشەکان ڕای دەکێشن؟!.. بێ گومان نەخێرو نەخێر.. بەڵکو سۆزی ئایین و بیروباوەڕەکەیەو خۆ ئەگەر گوێ شل کەین بۆ ئەوانەی کە نوێژ دەکەن و فاتیحا دەخوێنن ئەو راستی یەمان زوو بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێن (ئەلحەمدو لیللاە رەبیل عالەمینە مالیکی یەومی دین... هتد) نەك تەلەفوز تەنانەت واتاکەی هەر تەپی لێ ناپێکن و لەوانەیشە گەر عارەبێکی خوێندەوار گوێی لەو جۆرە خوێندنەوەیە بێت هەژگ بکات بەسەری خۆی دا، یان وەك کابرای جاف بە بانگەکەی وت: هەر زەرەری بۆ پەزەکان نەبێت باشە، کەچی موسوڵمانیش بوو..!! بۆ ئەوەی تۆزێکی دی رۆچینە ناو باسەکەوەو پەردە لە ڕووی ئەو تەم و مژە لابدەین کە ئاسۆی بیری نووسەری تۆزێك خەفە کردووە دەتوانین درێژە بەم باسە بدەین و بڵێین.. قورئانی پیرۆز کە روخسارە هونەری یەکەی بەرزترین پەخشانی عەرەبی یەو تەنانەت خەلیفەی دووەم (عومەر) جوانی ی شێوەکەی تەئسیری تێ کردو خستیە سەر کەڵکەڵەی ئیسلام بوون و، وای لێ هات ئەو تێکستە جوانە بەشێوەیەك کاری تێ کردن کەبە پێغەمبەریان دەوت شاعیر یان ساحیر، لەگەڵ ئەوەشدا نە شاعیر بووەو نە هیچ (وما هو بشاعر، قلیلا ماتؤمنون) ئەمە لەکاتێکدا کە قورئان سروشتێکی (طبیعة) شیعریی زۆر بەهێزی تێدایەو تەنانەت ئەگەر هەندێك لە ئایەتەکان بخەینە ژێر یاسای کەرت کردنی

عەرووزەوە دەقاودەق دەردەچن وەك ئایەتی (والعادیات ضبحا، فالموریات قدحا- سورە العادیات) کە ئەمە دەچێتە سەر کێشی رەجەزی مەجزوء، یان (ووضعنا عنك وزرك، الذي انقض ظهرك، ورفعنا لك ذكرك- سورة الانشراح) کە ئەمەش دەچێتە سەر کێشی (مجزوء الرمل) لەگەڵ ئەمانەو زۆری تریش ناتوانین بڵێین قورئان شیعرە، بەڵکو شێوە نووسینێکی هونەری یە کە سروشتی هۆنراوو پەخشانی کۆ کردۆتەوە بە مەرجێك نە لایەنە شیعری یەکەی لەبەر شیعرەو نە لایەنە پەخشانی یەکەی لەبەر پەخشانە، بەڵکو هەردووکیان لەبەر هۆیەکن کە ئەویش شێوەی تایبەتی ی قورئانە. کەواتە ئالێرەدا بۆمان ڕاست بووەوە کە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك لە جاری ئەو جۆرە بیر کردنەوانەدا بکۆکین، چونکە لە ڕێڕەوی زانستی ی مەنهەجی یانە دوورن، بەڵکو پتر لایەنی بیرێکی خۆیەتی (زاتی)یان تیا وەدی دەکرێت.
وەك وتم نووسەر ئەو سەرنجەی کە دەربارەی هۆنراوە دەری بڕیوەو لەگەڵ پەخشان دا تێکەڵی کردووە، دوورە لە سروشتی خۆرسکی هەردوو هونەرەکەوە، هیچ کات گەورەترین کۆلکەی ناوکۆیی (القاسم المشترك الاعظم) ناتوانێت هۆنراوەو پەخشان پارسەنگ بکات، بەڵکو هەر ئەوەندە دەتوانێت هەردووکیان بخاتە ژێر دەواری ئەدەبەوە.
نووسەر دەڵێت: (بۆچ دەبێت پایەی قسەکانی کۆنفۆشیۆس و بوزا لە هۆنراوەکانی چاخی خۆیان کەمتر بن؟ لاپەڕە- ٢٢١). لەکاتێك دا کە دەمانەوێت بەراورد لە میانەی دوو شت دا بکەین پێویستە هەردوو توخمەکە

زۆر بە وردی بناسین و هەموو خەسڵەتەکانیان نهێنی و ئاشکرا- بخەینە پێش چاومان، ئینجا بتوانین باسیان بکەین و بەراوردکردنیان بە ئەنجام بگەیێنین، ئەمە لە کاتێکدا کە بەراورد کردن لە میانەی دوو توخمی دژ بە یەك دا هەرگیز ناگونجێت، چۆن دەتوانین بە بوزاو کۆنفۆشیۆس بڵێین هۆنەرو بە بەرهەمەکانیان بڵێین هۆنراوە؟! تۆ بڵێ ی هەر لەبەر ئەوە بێت کە بیرە کانیان تۆزە هەست و جۆشانێکی تێدایە! یان لەبەر ئەوەی نووسەر دەیەوێت وەهابن!! نازانم چۆن دەتوانین بەراورد لە میانەی قسەکانی ئەفلاتون و ئەرەستوا بکەین لەگەڵ هۆنراودا؟ مامۆستا بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکو یەکسانی کردوون. بەرهەمەکانی ئەرستۆ لە کاتی خوێندنەوەو تیارامانداا ئەوەندە ڕەق و بیر جووڵێنن لەوانەیە مرۆڤی ئاسایی بە جارێك خوێندنەوە نۆشیان نەکات، ئەمە لەکاتێك دا کە لە هەموو هەژانێکی دەروونی یشەوە دوورن. خۆ تەنانەت ئەفلاتوون ئەگەر زیندوو بوایە بە چنگ خۆڵی دەکرد بەسەر خۆیدا چونکە یەکێك بوو لەوانەی کە هەمیشە لا قرتی بە شیعر دەکردو گاڵتەی پێ دەهات.

مەرج نی یە هەر شتێك سۆزو ڕاچەنینی تێدابێت شیعر بێ، ئەم تێ ڕوانینە گشتی یە ناتوانێت نرخی شیاو بەبابەتەکانی هونەرو وێژە بدات وەك زانستێ، (ئەمانە هەموو.. ئەم خورپەو ئەندێشەو سۆزە جگە لەویشا هاتەدی ئیتر جیایی یەك نامێنێتەوە بۆ نیوانی هۆنراوو غەیری هۆنراو) لاپەڕە-٢٢٣.

ئەندێشەو سۆزو خورپە مەرج نی یە لە هەموو کاتێك دا شیعر بێت وە یان هەر بابەتێك ئەمانەی تێدا بێت وەك توخمی شیعر بۆی بنوارڕێت. تابلۆیەکی

نازدار، پارچە ئاوازێکی بەجۆش و خرۆش، فلیمێکی سەمای دڵ هەژین، ئەمانەو زۆری تریش جوانن، دڵ فڕێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا نە شیعرن و نە هیچ. خۆ ئەگەر بەڕاکەی مامۆستا بپێورێت هەموو دەبنە شیعرو لەژێر ئەو ناوەدا گرمۆڵە دەبن!! لەهەمان کاتدا بیکاسۆ و بیتهۆڤن دەبنە شاعیرو بانگی شاعیری یەتی یان بە گوێ دا دەدرێت وئیتر ئاو بێنەو دەس بشۆ!!

ڕەوشتی سۆزو ئەندێشەو خورپە سروشتێکی شیعرین و لە هەموو شاکارێکی هونەری دا بەشێوەی جودا جوداو بە پلەیەکی (نسبی) هەن. وێنە کێش لە ڕێگای پەڕەمووچ و رەنگەوە. ئاواز دانەر لە ڕێگای ئامرازە جۆر بەجۆرەکانەوە. کەواتە لەم ئامێرانەوە هەست و سۆز دەچنین و هەڵ دەهەێنجێن نەك ئامێرەکان و سۆزو خرۆشەکە وەك یەکن.

نووسەر دەڵێت: (کەوابوو... جیایی لە نێوان هۆنراوو پەخشان دا نی یە.. ئەو قسانەی بەرانبەر هۆنراو کراون ئەبێت کەرت بکرێن کەرتێکی بدرێ بە هۆنراوو کەرتێکی بدرێ بە پەخشان.. هتد). لاپەڕە ٢٢١).

هەرچەند ئەکەم پەی بەم بۆچوونەی مامۆستا نابەم و لەوانەیشە هەردووکمان لە میانەی ئەم دوو هێزە بەگژ یەکا کراوەدا ڕۆبچین. بە چ یاسایەك هۆنراوە بەم کودەتا ئاسانە لابچێت و پەخشان جێگای بگرێتەوە؟! یان پەخشان خۆی چۆن رەوا دەبینێت بەبێ گێچەڵ جێگا بۆ هۆنراو چۆڵ کات؟! ئەم رایە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ هەڵوێستی رامیاریدا پێ ی دەڵێن چەپ رەوی ی تیژڕەو (اليساريه المتطرفة) چونکە مەرج و باری ئەو شۆڕشەی کە نووسەر دەیەوێت لەکایەدا نی یەو هیچ کام لەم دوو بەرەیە ئامادە نین بۆ

ئەو شۆڕشە، واتا نووسەر خۆی دەیەوێت و دەبێت هەر ببێ!! بە چ شێوەیەك؟!
بە ڕێڕەوی سووتاندنی پلە مێژوویی یەکان (سیاسه حرق المراحل الزمنیه).
ئەم رایە زیان نەك بە رەوتی زانستی دەگەیەنێ بەڵکو بە توخمی هۆنراوو پەخشانیش چونکە کێ بەرکێ (مسابقه) لە میانەی دوو شتدا وە دەست دێت کە ئاستی وزەو لێك چوونەکانیان نزیك بێت. هیچ کات مرۆڤ و ئو تومۆبیل بەراورد ناکرێن بۆ خێرایی هەرچەندە مرۆڤیش توانای ڕاکردن و ڕۆیشتنی هەیە. نووسەر دەڵێت: (ئەگەر ئەو پلەیە ئێمە لە هۆنراوەی بسێنینەوە ئیتر جیایی یەك لە نێوان هۆنراوو ئەم جۆرە پەخشانەدا نامێنێ!) (ل٢٢٢). نازانم چۆن ئەو پلەیە لە هۆنراو بسێنین؟! چۆن کلیلی بیرو هۆشی شاعیران بفڕێنین و بیشارینەوە؟! کێ بێت ئەو دەسەڵاتە رەهایەی هەبێت و ئەوەندەش روو قایم بێت؟! کێ بێت ئەو دەفرەی پێ بێت و خۆی بدات لە (کەلی کەماجار(١))؟!
وشەی (سەندنەوە) خۆی لەخۆی دا پڕە لە قامچی و هێزو زۆرکاری. ئەو شۆرشە ڕۆشنبیری یە لە وزەی مێژوودا نییە کە ڕێ لەهۆنراو بگرێت و بیخاتە سەر شەقامی پەخشان، ئەی کەواتە بۆ هەر ناوەکانیشیان لانەبەین و لە یەکیان بدەین و ببنە (هۆشان) هۆنراو+ پەخشان! ئەمە لەکاتێك دا کە جیاوازی یەکی گەورەی بۆ دروست کردوین لە میانەی هۆنراوو هەڵبەست دا!! تائێستا بە پێ ی بۆچوونەکەی نووسەر بێت هەردوو توخمەکە جووت بوون و هیچ جیاوازی یەك لە نیوانیانا نەماوە ,ئەو تۆزە کێشەیە نەبێت کە ئەویش

(دوای هۆنراوەکە داهاتووە. ئەمانە شتێك نین کە لە وەختی خۆیا لە ناواخنی هۆنراوەکە بووبن ل٢٢٢).

واتا کێش هەر لەبەر ئەوەی کە لەوەو پێش نەدۆزراوەتەوەو زاراوەی زانستی خۆی بۆ دانەنراوە ئیتر بوونیشی نەبووە! ئەم رایە ئاسۆی میسالی یەتێکی میکانیکیمان بۆ وەدەردەخات و بە پێچەوانەی زانستیشەوەیە. ئایا پێش ئەوەی ئەدیسۆن کارەبا بدۆزێتەوەو ئەو زاراوەیەی بۆ دابنێ، کارەبا وەك نهێنی یەکی سروشتی نەبووە؟! ئایا کیشوەری ئەمەریکا پێش ئەوەی کولومبەس بیدۆزێتەوە خۆی لەخۆی دا وجودێکی نەبووە؟! ئەگەر لەسەر ڕاکەی مامۆستا بیپێوین ئەبێ بڵێین: نەخێر!! چونکە ئەو دەڵێت: (کێش و سەروا پێش دۆزینەوەی وجودی نەبووە) لەراستی دا ئەم بەرهەمانەو زۆری تریش کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە وجودیان هەیە لە سروشتا، بەلاّم پەیدابوونی مەرجی ماددی کە زرنگی و هوشیاری ی مرۆڤیش ئەگرێتەوە مەرجە بۆ داهێنان و ڕێ بردن بەم نهێنی یانە. بەدرێژایی رەوتەکانی مێژوو. کەواتە پێش ئەوەی (کێش و سەروا) وەك زانیاری یەك بدۆزرێتەوە بوونی هەبووە. بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە کە مرۆڤەکانی پێش فەراهیدی هەموو شاعیر نەبوون! یان بوونی شاعیر وەك هونەرمەندێکی دیاری لەناو خێڵەکەیا بەڵگەیەکی ڕوونە. تەنانەت زۆرمان کە عەروز نازانین ئەگەر هۆنراوێکمان بۆ بخوێندرێتەوەو لەنگ بێت گوێچکەی هەستمان زوو دەرکی پێ دەکاو ئەیدۆزێتەوە.

زوربەی زمانەکانی جیهان سروشتێکی تەحلیلی یان هەیەو پەرتن. کەواتە یەکێك لە سروشتەکانی هۆنراو کۆکردنەوەیە (التجمیع). ئەم کۆکردنەوەیە تێك ترشاندن و پەستاوتن نیە، بەڵکو کۆکردنەوەیەکی زیندووی پڕ لە ئاگاو هۆشە، لیپ دەدات لە واتای پڕ لە سۆزو ئەندێشەو لەژێر یاسایەکی وردی ڕێك وپێك دا بە ئەنجام گەیەنراوەو ئەو توخمانەی کە هاوبەشی دەکەن لەم دروست بوونە ئاڵۆزەدا نیسبین و چون یەك نین، بەلام ئەوەی کە دیارە ئەوەیە ویژدان هاوبەشی یەکی ئازایانە دەکات لە هۆنراوی گۆرانی دا (الشعر الغنائی)، جگە لەدەنگ دانەوەو ئاهەنگی ناوەوەی وشەکان و ئالوودەیی واتای بەرز لەگەڵ روخساری جوان و ناسك دا. کەواتە هۆنراو بە ئاسانی نابێت بقەبڵێنرێت بە پەخشان، یان بەراورد بکرێت. تەنانەت (ڤالیری) دەڵێت پەرت و بلاو کردنەوەی هۆنراو لەگەڵ والاکردنی توخمەکانی ناوەوەی (سۆز، ئەندیشە، راچەنین، شێوە) بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو پەی بردن بە واتاکەی لە نرخی هۆنراو کەم دەکاتەوەو ڕووە گەشەکەیمان لێ دەپۆشێ و دای ئەگرێتە لای پەخشان. ستۆڤر بەمەشەوە ناوەستێت و دەڵێت ئەم بۆروانینە شکاندنی میحرابی پیرۆزی شیعرەو هەڵپروزانی ئەو باڵە تیژ ڕەوانەیە کە هەمیشە لە جووڵەدان بۆ گەیشتن بەئاسمانی بەرزی شاکاری. مامۆستا بەمەشەوە نەوەستاوە قسەی نەستەق و پەندی پێشینانیشی هێناوەو کردوونی بە هاودەمی هۆنراوەو زۆر بەگەرمیش بەرگری لەم رایەی خۆی دەکات و دەڵێت: (بۆچ ئەبێ ئەستێرەی ئاسمانی بەرزی دابێ و ئەم پەندانە کە ئەڵێن-

سوار تا نەکلێ نابێ بە سوار- و ئەم قسەی نەستەقەش کە ئەڵێ- قسە بیگێژە، بیبێژە، بی وێژە- لە ناخی زەوی دابن؟!) (لاپەڕە-٢٢٧).

ئەو تێ ڕوانینەی مامۆستا لە ئاسمانی پێوانەیەکی سوودکاری (قیمە نفعیە)یەوە خۆی وەدەردەخات. تەنانەت ئەگەر واش نەبێت لایەنە سوود بەخشی یەکە پتر جێگای گوێ پێدانی مامۆستایە. پێویستی سەرشانی هۆنەر تەنیا فێر کردن نی یە، بەڵکو جووڵاندنی هەموو ئەندامێکی زیندووە لە مرۆڤ دا. ئێمە لاریمان لەوە نی یە کە هۆنراو دەبێت روو بکاتە بیرو بیدوێنێ و وزەی تازەی بداتێ، بەڵام بە ڕێگای چێژ و جوانی و سۆزدا نەك بەڕێگای وشەی وشك و بێتام و گیان دا، گۆران دەڵێت:

**با لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێ و بلێ**

**دەستی زۆردار سەد سەر دەکاو ناگاتە دڵێ**

گۆران ئەو راستی یە فەلسەفی و سیاسی یەی بەو دێڕە نەخشاندووە بێ ئەوەی لە ڕوخساری هونەری دابڕێ، بەڵکو سۆزو خرۆشێکی رەوای تەقاندوە لە دڵی مرۆڤ داو مەلی ئەندێشەی خستووەتە سەر هەڵفڕین بە جیهانی واقیع و خەیاڵ دا ,نەك وەك مامۆستا سەجادی کە پەندی (سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار)ی لێ کردوینەتە کۆو هۆنراویش ترازوو.

با جارێکی تر بادەینەوە بۆ لای ئەم قسە نەستەقەی (قسە بیگێژە، بیبێژە، بی وێژە) کە مامۆستا گەیاندویەتیە کەشکەشانی سۆزو جوانی و هونەرو لە هەمان کات دا داواش لە ئێمە دەکات کە شوێن پێ ی هەڵگرین و خۆمان بکەین بەژێر چادری ئەو بۆ چوونەدا!

با تۆزێك لەو ڕستەیە ورد بینەوەو رامێنین تا بزانین چی  وای لە مامۆستا کردووە بیکا بە کۆو بیخاتە ریزی ترازوو. نازانم چ هێزێکی ئەفسووناوی ی کارا خۆی لەم چەند وشەیەدا مات داوەو ئێمە پەیی پێ نابەین؟! یان چ سۆزو خرۆش و هەژانێکی دەروونی ی تێدا هەیە؟! یان چ وشەیەکی ئاوازداری ناسکی تێدا نەخشێنراوە؟!

ئەگەر هەندێك لە ڕستەکە بچینە پێش ترو بە چاوێکی هونەری (نظرة فنیة) یەوە بۆی بنوارِین دەبینین چەند هونەرێکی زمان پاراوی رەنگێکی دەستکردی وشکی تێدا داوەتەوە. ئەوەندەی من بۆی چووبم جیناسێکی ناتەواو هەیە لە میانەی (بیگێژە، بیبێژە، بی وێژە)دا لەگەڵ سەجەعێکی جیرِوخواستنێکی پۆشراویش (استعارە مکنیە). با ئەوەش لەبیر نەکەین کە جۆرە نەگونجان و دان ئاڵ بوونەوەیەك هەیە لە میانەی وشەکان دا، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ دوو جار یان سێ جار بی خوێنێتەوە زمانی هەڵە دەکات و لێ ی تێك دەچێت. ئەمەش لادانێکە لە ڕێرِەوی (فصاحە)و عەرەب لەهەمان بۆنەدا ئەم رستەیەیان هێناوە (مالکم تکأکأتم علی تکأکئکم.. ) من وای بۆ ئەچم بە دڵا چوونی ئەم ڕستەیە ئەنجامی بارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێ کە مامۆستا هەمیشە لە نووسینەکانیا ڕەچاوی ئەکاو هەرگیز بە موو لێ ی لاناداو تەنانەت زۆر جار وشەی (کوردستان) یشی بۆ ئەکا بە (کوردەواری) و لەسەر شێوەی (لب بە دندان ندانستە قسە ئەکا)و سیاسەتی پێ بە (بقە) ئەداتە قەڵەم! بابێینە سەر ئەو ئاهەنگ و سازو جۆش و خرۆشەی کە ئەم رستەیە بە دەستی هێناوە!! من بەش بەحاڵی خۆم خشەی بێژنگ و تەپ و تۆزی سەر

کۆزەرو وژەوژ زیاتر هیچ نابیستم. بەلاّم ئەوەی راست بێت واتاکەی جوان و بەنرخە مرۆڤ بەئاسانی سوودی لیّ دەبینیّ لە هەموو کات و شوێنێك دا. وەك وتمان ئێمە بەدوای راچڵەکاندن و سۆزدا وێڵین و لەگەڵ ئەوەیشدا سوودو بیری قووڵیشمان گەرەکە، بەلاّم لە دووتوێی وشەی ناسکی ئاوازداردا. خۆ ئەگەر مەبەست بیری قووڵ و سوودی زۆربێت ,بەمەوە ناوەستین بەڵکو تیۆری(نظرية)ي فیثاغۆرس لەبەردەکەین!! لەبارەی سۆزو راچڵە کاندنیشەوە هیچ هەژان و خورپەیەك هەست پیّ ناکەین. ئەم رستەیە چاوی لەئاستی جوانی پەرستی نووقاندووەو رووی دەمی کردۆتە بیرو هێناوێتیە گێروگاز بێئەوەی بتوانیّ هۆش و ویژدان بە پلەیەکی نیسبی بجووڵێنیّ و مرۆڤ بتوانیّ سووسەیەکی جوانی ی تێدا دەست نیشان بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕوام بەم بەراورد کردنە نی یە، چونکە دوورە لە رێڕەوی زانستی یەوە، بەلاّم هەر چۆنێك بێت بۆ نموونە بەیتە شیعرێکی گۆران دێنم و خوێنەری ئازیز دەکەم بە سەرپشك.. گۆران دەڵێت:

**مانگی بەجیّ ماو لە سەفەری شەو**

**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**

هەرچەندە زۆر لە رەخنەگرەکان هۆنراوەی وەسف لە هۆنراوەی گۆرانی دوور دەخەنەوە، لەبەر ئەوەی خۆیەتی (الذاتية)ی کەمتر پێوە دیارە بەلاّم با وابێت.. با تۆزێك لەم هۆنراوەیە ورد بینەوەو سەیرێکی رووکەشی بکەین- بۆیە دەڵێم رووکەشی چونکە خۆی لە خۆی دا بەیانی (اعتبارە)و بەقەد قسە نەستەقەکە هونەری زمانەوانی ی وشکی تێدا نی یە. هیچ جۆرە پەندو

راوێژو سوودی ماددیشی لێ هەڵناکرێنین، تەنانەت نە ئاویشەو نە نان. بە پێچەوانەی قسە نەستەقەکەوە کە سوودی مادی لێ دەبینین و فێری ئاخاوتن و دان بەخۆدا گرتن و هۆشمەندیمان دەکات.
هەرچەند دەکەم دڵم نایە ئەم بەیتە شیعرە بخەمە ژێر زەبری رەخنەو والاّکردنی زمان پاراوی وریزمانی... هتد هەر وەك گوڵێکی بۆن خۆشە کە بەدەستەوە گرتنی دەبێتە هۆی پروان و ژاکانی. تەزوو، موچڕك و سۆز، وێنەی دڵفرێن، ئاوازی ناوەوە، دەیەها تەوژمی راچڵەکاندنی مرۆڤ دێت و دەڕوات بێ ئەوەی بزانین لە کوێوە دێت و بۆ چ ئاسمانێکی جوانی پەرستی دەکشێت. بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر قسە نەستەقەکە کلووری جیهانی پێوەبێت هەر هۆنراوەکە جووڵێنەرترە.
بۆ ئەوەی پتر سروشتی بەراورد کردنی هۆنراوو قسەی نەستەق یان پەندی پێشینان روون بکەمەوە بەم بەراوردە بچکۆلانەیە کۆتایی پێ دەهێنم: ئەم بەراورد کردنەی هۆنراوو پەخشان وەك بەراورد کردن وایە لەنیوان کاڵەك و شووتی دا گەورەترین بەشکەری ناوکۆیی (القاسم المشترك الاعظم) بۆ ئەم دوانە ئەوەیە هەردووکیان شیرینن، وەکو یەك ئاو دەدرێن، لەیەك وەرزا دەچێنرێن، تەنانەت لەیەك گۆلیشدا دەڕوێنرێن، نرخەکانیان لە یەکەوە نزیکە، شێوەیان هێلکەیی یە، ناوکەکانیان دەکرێت بە شەوچەرە. تۆ بڵێی ی ئیستا گەیشتبینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین یەکێکیان لەویان خۆشترە؟! یان بڵێین جیاوازی لە میانەیان دا نی یە چونکە زۆر سروشتیان وەك یەکە! تۆ بڵێ ی بتوانین بیسەپێنین بەسەر خەڵکدا کە شووتی زۆر خۆشترە لە کاڵەك

چونكە گورچیلە پاك دەكاتەوە!! یان كاڵەك زۆر ناخۆش و تاڵە چونكە ئۆكزالاتی تێدایەو لم دروست دەكات؟!!

بێ گومان كاڵەك تامی خۆی هەیەو شووتیش هەروەها. ئیتر ئەو (مفاضلة)یە یان ئەو هاوتاكردنە هەڵەیەو هەرگیز ناتوانین بڵێین هۆنراو كۆیەو ئەو ترازوو، یان بە پێچەوانەوە..

---

١) شاخێكی سەختە لە میانەی هەورامانی ئەم دیوو ئەودیودا.

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری بەیان ژمارە (٣٤)ی ساڵی ١٩٧٦ بڵاوبۆتەوە

## بابەتی چوارەم

# شاعیرێتی مەولەوی

گەورەم مەولەوی!

لە یادی تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر لە دنیا دەرچوونتا، چەپكێ- نە- دارستانێ مۆمی نەوازش دەكەمە تەیمانی گۆڕە خەمناكەكەت، كامە گۆڕ؟ ئەو گۆڕەی كە جاران نەك بەتەنیا زیارەتگای كۆچ و كۆچباری كچە چاوڕەشی جاف بوو، بەڵكو قیبلەنمای خاوەن ڕازو نیازو سۆفیانی دڵپاك و ڕێبوارانی شەكەتی ئەم سەرحەدە بوو، بەڵام ئێستاكەش دەستی خەڵووز فرۆشێكی تاوگۆزیت ناگاتێ، تا تەپ وتۆزو خەمی خەستی ڕۆژگارت بتەكێنێ و قوتیلەیەكت لەسەر دایسێنێ، یان بە لایەنی كەمەوە بێشكەی خەمە ئەبەدی یەكانت ڕاژەنێ.

گەورەم مەولەوی!

كاتی خۆی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە فەرمانڕەوایەتیی عێراق بە ئەوڕەحمان پاشای بابان سپێررا، ئەوەبوو پشتی تێ كردو وتی:

هەموو سامان و پلەو پایەیەكی ئەم دنیایە بە قومێ بەفراوی كوردستان ناگۆڕمەوە، خۆ تۆیش لەلایەن فەرهاد میرزای قاجارەوە تەماعت نرایەبەر كە ئەگەر بچێتە ئەو وڵاتە چەندەها زەوی وزارو ئاواییت لەسەر تاپۆ دەكەن و دەتكەنە موفتیی ئەو قەڵەمڕەوو سەردەمە، بەڵام ئەوڕەحمان پاشا ئاسا ، ئەو هەموەت نەگۆڕی یەوە بە بەردو داری وڵاتەكەت. ئەوەبوو تا چاوە گەشەكانت بەیەكجاری لێك نا، ژیانی ڕەندی و هەژاریت بۆ خۆت هەڵبژارد، بەدوای پاروویەك نانی شەرەفمەندانەدا وەك كۆچەری یەكی بێ نەوا ماڵەكەت هەمیشە بەكۆڵەوە بوو، دێ بەدێت پێ دەكرد، جارێك لە ئاوایی (بیاوێڵە)وە

دەتگواستەوە بۆ (چرۆستانە)و، جارێك بۆ (گوندە)و (شەمێران)و، دواجاریش بۆ (سەرشاتە). هەرگیز ئامادە نەبوویت شیعرەکانت بکەیتە سابوون و دەست وپلی خوێناویی سوڵتان و فەرمانڕەواکانی پێ بیسمیل کەیت.

دەبوو لە یادی ئەم پیاوە مەزنەدا دەیەها سیمینارو ئاهەنگ و کۆڕی تایبەتی سازکرایە، دەبوو هۆنراوەو بەرهەمەکانی لە پەیمانگەو زانکۆکاندا بووترانایەتەوە، بەڵام چی بکەین؟ مەچەك هێندە دەچەرخێ و هێشتا داهاتوو لە بەردەممانایەو لاپەڕەی ژیانیش هەرچۆن بێت لە دڵماندا هەر سپی یەو ئاواتەکانیشمان هەر لە بلێسەدایەو دەبێت زوو بێت یان درەنگ پێ یان شاد ببین و بە ئاکامی دڵ بگەین.

شاعیرێتیی مەولەوی دەریایەکی نەك هەر قووڵ، بەڵکو تا چاوی بۆ هەڵخەی بەدەرەتانەو ئاسۆگەی ئەمسەرەو سەری هەروا بەئاسانی بە باڵی شکستەی قەڵەمی ئێمەومانان تەی ناکرێت.

توخمەکانی شاعیرێتی مەولەوی فرەلایەنن و پێویستیان بە لێکدان و پەرش کردن هەیە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گەرەکە لە گەلێ لایەنەوە پێنووسی تیا تاودرێ و لە هۆنراوەکانیەوە دەست نیشان کرێت نەکبەپێچە وانەوە. ئەگەر بە پێودانگی چەمکە ئەکادێمی یە جیهانی یەکان بمانەوێ دەست نیشانی شاعیرێتیی بکەین ، مەرجە ئەو وزەو توانایە بدۆزینەوە کە لەم ئاقارەدا دەخرێتە گەڕو هۆنراوەمان بۆ فەراهەم دەهێنێت. دە لەم بوارەدا (مەولەوی) یەکێکە لەو بلیمەتانەی کە لە ڕیزی پێشەوەی شوعەرای کوردە وەك بەرهەم، واتە (شیعرو نەزم) هەرچەندە ئێمە نووکی پێنووسەکەمان لە شیعرا

هەڵدەسووڕێنین و هەر، ئەویشە جێی سەرنج و گوێ پێدانمان، بەڵاّم لە هەمان کاتدا نابێت ئەو نەزمە (نظم) زۆرانەش پشت گوێ خەین، چونکە کەم تا زۆر پەیوەندیان بە بەهرەو وزەی هۆنینەوەوە هەیە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو نەزمە واتاو ناوەڕۆکی قووڵ و بەرزو زانست ئاسا بگرێتەخۆ، دەبا لەم لایەنەوە چاوێك بەرهەمەکانی مەولەویدا بگێڕین و بزانین تا چەند وزەی هۆنینەوەی خورو بەدەستەڵاّتەو چۆن توانیویەتی بە شێوە زمانی (گۆرانی) ئەو واتاو مەسەلە زانیاری و لۆژیکی یە ئایینی یانە دەربڕێ. دیارە ئەم کارە نەك بەتەنیا بەهرەی شاعیرێتیی تیا دەدرەوشێتەوە، بەڵکو دەسەڵاّتێکی بالاّ لە زمان و سەلیقەی ڕێزمانیشدا. ئەو بەرهەمانەی مەولەوی کە دیارن و لەسەر زاری زانایانن بریتین لەمانە:

١)دیوانێکی قەبارە گەورەی شیعر.

٢)کتێبێکی لەبارەی عەقیدەو بیروڕای ئیسلامەوە بە شیعر بە ناوی (العقیدة المرضیة)وە کە لەلایەن (محیی الدین صبری النعیمی) یەوە لە میسر لە ساڵی ١٣٥٢ی کۆچیدا لەچاپ دراوە(★).

٣)کتێبێکی تر هەر لەبارەی عەقیدەی ئیسلامەوە بە فارسی بە ناوی (الفوائح) کە ئەویش لەگەڵ (العقیدة المرضیة)کەدا لەچاپ دراوە.

٤)کورتەیەکی (العقیدة المرضیة) هەر بە شیعر بۆ ئەوانەی تازە دەستیان کردووە بە خوێندن.

٥)نامیلکەیەك لەبارەی ئیسپات کردنی دروستیی (رابیطة)وە بە فارسی، کە وەك مامۆستا مەلا کەریم ئەفەرمویت نوسخەیەکی لای شێخ حەیدەری کوڕی شێخ جەعفەر هەیەو تائیستاش بەچاپ نەگەیبوە(١).

٦)کتێبێکی تری بە شیعری عەرەبی کە بریتی یە لە (٢٠٣١) بەیت شیعری (مصرع) بە ناوی (الفضیلة)وە کە مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕڕیس شەرحی کردووەو لە کتێبێکی گەورەی ٨١٩ لاپەڕەییدا بەناوی (الوسیلة في شرح الفضیلة)وە بە چاپی گەیاندووە. با ئەوەش بڵێم لەوانەیە گوڵی بەرهەمی تری ئەم شاعیرە زانایە لەناوچووبێت، یان تەپ وتۆزی ڕۆژگار نیشتووبێتە ملی و بە نەزانراوی مابێتەوە. ئەمە جگە لەوە کە کتێبخانەکەی سووتێنراوە. ئەوەی بەلامەوە نائاسایی یە مەولەوی چەند چارەوێی بەهەڵمەتی بە ساراتێنی شیعری کوردیدا تاوداوە، بە هەمان وزەو جۆش و سەلیقەوە ئەسپی شیعر هۆنینەوەی بە زمانی عەرەبی و فارسی یش تاوداوە. ئەگەر (ابن مالك)ی عەرەب بە هەزار بەیتە شیعر ڕێزمانی عەرەبی هۆنیبێتەوە ، هەتا هەتایە عەرەبەکان کتێبی (الفية)کەی بە نەمر ناوئەبەن، ئەوا (مەولەوی)ی کوردیش بە (٢٠٣١) بەیتە شیعری عەرەبی زانیاریی عەقایدو کەلامی داناوە. دیارە ئەمە بەڵگەی شاعیر یەت و زانایەتی یەکی لەبن نەهاتوو پڕ وزەیە.

زانای سەردەم لەم بوارانەدا عبدالكريم المدرس مەولەوی دەباتە ڕیزی شاعیرە بەرزەکانی ڕۆژەلات و دەلێت:

**هەر بژی نامی نامیی مەولەوی!**

**لە ڕیزی سەعدی و جامی و مەولەوی**

هەروها دەلێت: (ئاخ، مەولەوی! خۆزگە بەو سۆزو عەشق و تێکۆشینە لە ولاتێکا ئەبووی هەرچیت ئەنووسی وەرئەگێراو لەچاپ ئەدرا تا جیهانی کوردستان، بەلکوو هەموو جیهانی موسولمانان بە تەئلیفات و ئاسارو ئەشعارت ڕووناك ببوایەتەوەو، تا هەموو دنیا بیزانیایە بێشەی کوردستان چ جۆرە شێرێکی تێدا بوە).

٧)جگە لەو هەموو هۆنراوانەی کە باسمان کردو پەیوەندیان بە شاعیرێتیی مەولەوی یەوە هەیە ، چەندەها (شەرح و تەعلیقات)ی هەیە لەسەر حاشیەو مەتنی گەلێ زانیاریی سەردەمەکەی خۆی. ئەمە جگە لەو ٣٨ نامە فارسی یەی کە بۆ دۆستان و هاوڕێ یان و شێخانی نەقشبەندیی نووسیوە کە سەرجەم لێوڕێژن لە تواناو دەسەلاتێکی مەزن لە هۆش و بیری وردو قوولّ و ئەندێشەی فراوانداو ئەوەش دەسەلمێنن کە مەولەوی نەك شاعیرو زانایەکی پایەبەرز بووە، بەلکوو پەخشان نووسێکی بەتواناو لێ هاتووش بووە. هۆنراوەکانی مەولەوی ئاوێنەیەکی بالانمای کەسێتیی شاعیرن وەك مرۆڤێکی نەفس بەرزو گۆش کراو بەژەکی تالّ و تفتی کۆمەلگایەکی سەرلێو لە دواکەوتن و نەزانی و هەژاریدا، خۆ لە لایەکی ترەوە لە جیهانێکدا چاوی هەلهێناوە کە قەشەنگ ترین سروشتی هەیەو قبیلەی جوانی و دلۆڤانی هەموو ڕۆژهەلاتە. سەرجەم

هۆنراوەکانی مەولەوی سەر بە قوتابخانەی ڕۆمانتیکین ، وەك گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشتی کوردستان و زاڵ بوونی سۆزو هەست بەسەر بیرو هوشیاریدا، جگە لە بەهیچ زانینی دەبدەبەو یەری یەری دنیاو ڕووکردنە بارەگای عەرشی هەتاهەتایی خودا کە لە جیهانێکی تردا دێتە گۆڕێ. دیارە ئەم جۆرە بیرو خوتوورانە تێکەڵ بە هەناسەی شیعرەکانی دەبن و ڕۆمانتیکیەتێکی تێکەڵ بە گیانی ئایینی (دانتی) (١٢٦٥- ١٣٢١) ئاسای ئیتالی دێنێتە بەرهەم.

دەواری شاعیرێتیی مەولەوی لەسەر ئەم هەسوونانە وەستاوە:

١-بەهرەیەکی خوڕو بەتەوژمی سیروان ئاسای بازرەقە بەستوو بە کەژو دوندو هەزار بە هەزارەوە.

٢-چاو کردنەوە لە سروشتی بەهەشتینی کوردستاندا، ئەو سروشتەی کە بۆتە ئازووقەو زادی پێت بە پیتی هۆنراوەکانی شاعیر بەچیاو ئێلاّخ و شەماڵ و چەم و شاخ و زۆزان و کۆچ و کۆچ بارو شەتاوو کچە چاوڕەشی جاف و تەمی سەرچیاو هاژەی کەف چەرێنی چەم و.. هتد.

٣- زیرەکی یەکی تابڵێی بەرفراوان.

٤-هەست و نەست و سۆزێکی مرۆڤانەی گەرم و گوڕی ئەوتۆ کە بۆ هەموو بۆنەیەك هاتۆتە سوێ و ناسکترین بەرهەمی هێناوەتە گۆڕێ و فرمێسکی گەرمی هەمیشە یی پێ ڕشتووە بۆ وەرینی گەڵای تەمەنی کورتی ، نەك بەتەنیا وەرزەکان بەڵکو مرۆڤەکانی دەوروبەریشی.

٥-بیرێکی فرە وردی ئەوتۆ کە وەك ئەندازیارێکی سەرکەوتوو نەخشەی توخمەکانی سروشتی کێشاوەو فووی ژیانێکی ئەبەدیی کردووە بەبەریدا، کە

بریتی یه لەو تەوژمە هەست و سۆزو پاك و بێگەردە كە مەگەر هەر لەوەوە هەڵقولابێ. پیرەمێردی نەمر دەڵێت(٢): (ئەدەبیانی زۆر قەوم و ناودارانی زۆر میللەتم دیوە هیچیان ئەوەندەی ڕۆحی مەولەوی پڕ جۆش و خورۆش نی یە. ڕەنگە لە مەعنای شیعری (مغلق)ی عەرەبی نەگەم، (معلقاتی سبعە) حەوتەوانەی كەعبە پێچ و تاب و بریقەی شیعرو ئەشتڕم ئەخاتە كەللەوە، (بێدل)یش خەوم لێ دەخاو، (مەولەوی) بە ناڵەی دڵسۆزیەوە بێداری كردمەوە.

٦-دەسەڵات و سەلیقەیەكی دانسقە لە زانینی زمانداو هەڵبژاردنی وشە بۆ جێگای شیاوی خۆی، واتە شێوەو ناوەڕۆك بەجۆرێك لێكدا تواونەتەوە دابڕانی نەبێت.

٧-هەڵگرتنی ڕێبازی تەسەوف كە ئەمەش بۆتە هەوێنی گەلێ چامەی بەرزەفڕی سەركەوتوو.

٨-خەیاڵێكی قووڵی داهێنەرانەی دەگمەن.

ئەگەر هۆنراو بریتی بێت لە كۆمەڵێ توخمی جودا جودا، ئەوا گرنگترینیان خەیاڵە. دیارە خەیاڵیش وێنەی شیعری دێنێتە گۆڕێ ولەنێوان ئەو وێنەو تابلۆیانەشدا تەوژمی هەست و سۆزو خورپەو ڕاچەنین و دڵەكوتەو مێشك هەژاندن دروست دەبێت. بێ گومان چونیەتیی خەیاڵی جیهانی كلاسیك گەلێ جودایە لە جیهانی ڕۆمانتیك. كۆلردج دەڵێت(٣): (خەیاڵ ئەو هێزە لێكدراوەیە كە سیفاتی هەموو دیاردە دژەكان لە بۆتەیەكدا كۆدەكاتەوە، لەنێوان بابەتی كۆن و نوێ و هێمنی و هەڵچووندا).

بێ گومان جۆرەها خەیاڵ هەیە، بەڵام ئێمە خەیاڵێکمان مەبەستە کە شاعیر بهاوێتە جیهانی داهێنانێکی نەمرەوە. خۆ لە ئەدەبی کوردی یشدا کە ناوی خەیاڵی قووڵی شاعیرانە دێت ، یەکەم دەردوو مەولەویمان بیردەکەوێتەوە. علاءالدین سجادی دەڵێت(٤): (مەولەوی خۆی پێغەمبەری شیعرو زەڕنگەری خەیاڵی شیعرو پەیکەرتاشی ئاسمانی بەرزی شیعر بووە).

مەولەوی مامەڵەی لەگەڵ توخمەکانی سروشتدا نەکردووە وەك خودی خۆیان لە ڕوانگەی بیرو زەینێکی وشك و بێ گیانەوەو هەمیشە دژی (تسجیلیە) تۆمارکاریی ڕەنگ و ڕوو پەڕیو بووەو کەمتر لێکچواندنی تاك (التشبیە المفرد)ی بەکارهێناوە وەك شوعەرای کلاسیك. لە زوربەی هۆنراوەکانیا پەنای بردووەتە بەر لێکچواندنی لێکدراوو خوازەی لێکزاو (تناسل الاستعارە) کە ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرە تازەگەری یەکە لە ئەدەبی کوردیدا.

سەیر کەن مەولەوی چ جۆرە سۆزو ئەوینێکی لاهووتی یانە بۆ ئازیزەکەی دەردەبڕێ:

نە دڵ یاد ڕاز صەفحەی نامەشەن
نە سەرپە نجە هۆش گرتەی خامەشەن
یەند نە تۆی زەلکاو دەوات پڕ وەی
مدران مونتەڤیر، وەڵك ئاوەردەن نەی
نەی مدۆ صەدای دلاَن پێ خەستە
وەڵگ مارۆشەوە بەستە وە بەستە(٥)

واتە: (لەبەر سەرخۆشی نە دڵ ئەوەی لەیادە قسە بنووسێ لەسەر ڕووی قاقەز، وە نە سەرپەنجەشم هۆش و فامی قەڵم گرتنی هەیە. هەرچەندە قەڵەمی قامیش ئەوەندە لەناو زەلکاوی شووشەی مەرەکەبی پڕ لە مەینەتا ماوەتەوەو چاوەڕوانیی نووسینی کردووە، سەوز بووەو گەڵای کردووە، ئێستا قەڵەمەکەم ئاوازەیەکی لێوە دێت صەد دڵ لە بیستنی نەخۆش ئەکەوێت، گەڵاکەشی بەستە بەبەستە ئەو ئاوازەی بۆ ئەسەنێتەوە).

لە شوێنێکی تردا بە یەك تاقە بەیت ئەم وێنە جوانەمان دەداتێ:

**کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد**

**سیامالْ عەیش تەختە تەختە کەرد**(٦)

واتە: (کزەی ڕەشەبای هەناسەی ساردم دەواری ژیانمی تێکداو تەختەکانی لێك کردەوە).

**دڵ بی یەن وە دار سەرکەل لای وەشت**

**لافاوان ئامان ڕیشەش وەست وە دەشت**

**چەمەڕای وایێن نەسیم بدۆ لێش**

**ڕیشەکەنش بۆ ساکن بۆ پەی وێش**

واتە: (دڵم وەك دارێکی لێ هاتووە کە بە بەرزایی یەکەوە بێ و باران لێی دابێ و لافاو هاتبێ ڕیشەکەی خستبێتە دەرو ئێستا چاوەڕوانی بایەکە ، لێی بداو ڕیشەکەی لە بن هەڵکەنێ، تا بۆ یەکجاری دامر کێتەوە).

ئەگەر بەوردی لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردیمان والا کەین و بیدەینە بەر شەنی لێکۆڵینەوە وە، زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەولەوی لە چەند مەیدانێکدا

له ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی کوردایە، ئەگەر بابەتی سروشت کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری قوتابخانەی ڕۆمانتیك بێت، ئەوا مەولەوی دامەزرێنەری ئەو کۆڵەکەیەو خاوەنیەتی. دیارە پیاهەڵدانی سروشتی ناسکی کوردستان و پڕ کردنی دەماخی ئینسانی کورد لەم سروشتە تەلیسماوی یەو خۆشەویست کردنی لە لای بەشێکە لەنەتەوە پەرستی، بەلاَم بەم ڕێگا تایبەتی یەدا. گۆران لەم بوارەدا دەڵێت: (٧) (لەمەدا بلیمەت مەولەوی یە لە هەموو دێڕێکی هەڵبەستەکانیا بەردێك لە هەڵدێرە سەختەکانی کوردستان (لووتکەی ئاتەشکا) بە بازرەقە بەستن تل ئەبێتەوە، شەپۆلێك لە قەڵبەزەی سەرچاوەی زەڵم خۆی ئەدا بەسەر تاوێری بەرداو ئەبێ بە لافاوی کەڤ شیر، پەڵەهەڵمێکی دوو کەلاَوی لە سەهۆڵەکانی گۆمی زرێبار بەرزئەبێتەوەو لەگەڵ هەناسەی ساردی مەولەوی دا بەری ئاسمان ئەگرێ.

شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و دیلان خوێندکاری هەمان قوتابخانەی مەولەوین لە مەیدانی سروشت ڕانی و وەسفی بەبڕشت و نازداری دیمەنی کوردستاندا. نابێت ئەوەش فەراموش کرێت کە فەلسەفەی مەولەوی لەمەڕ سروشت هەندێ جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا، چونکە هەریەکە لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە ڕوانیویەتە سروشت و دیاردەکانی. خالۆی کۆماسی واتە ئەحمەدبەگی کۆماسی کە شاعیرێکی دیاری سەردەمی مەولەوی بووە لە نامەیەکدا باسی شایی یەك بۆ مەولەوی دەکاو ئاوات ئەخوازێ کە مەولەوی هاوبەشی تێدا بکردایە. مەولەویش بێ ئەوەی شایی یەکەی دیبێ لەسەر ئەو وەسفە ئاوا باسی شایی یەکە دەکات:

نامەی نەفتینت یەك ڕۆ باد ئاوەرد
کڵپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد
صەدای ( لاو هەی لاو ) زڕەی زەڕ زنجیر
سلسلەو باتی سەر، بەند زریٚ و لاگیر
زیلەی گوارەو زرنگەی زەنکلەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەقەو تەقەی گەرم، چە پڵەو چیلەی نەرم
چریکەی وە ناز، تریکەی وە شەرم
لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران
ئیشارەی کەم کەم بە نجە وشاران
وە لیمۆی ئالاَی کالاَی بالاَی شەنگ
قرچەو چۆقەی جەرگ دڵ وە خەمان تەنگ
شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ
فڕەی فۆتەی شۆڕ پاژنۆی گوڵەنك چەنگ( ٨ )

سەیر کەن چۆن (گۆران)یش لەسەر هەمان دارو باری مەولەوی تەونی ئەم بابەتەی کردووە بە داراو چۆن لە گەشتەکەی قەرەداغدا وەسفی هەڵپەڕکێ یەکمان بۆ دەکات:

گوڵ بە ئاهەنگی ئامان لەرزۆکە
پێ یە دابنێ و پێ یە بەرزۆکە
بەناز لار بگرە سەری بێ پووشین
با بریقەی بێ کلاوزەڕ چین چین
پێچکەی پشتەسەر لەسەر زولفی ڕەش
با بجریوێنی وەك ئەستێرەی گەش
شانی بۆ شل کەو خۆت هەڵسێنەوە
سوخمەی سەر مەمك بلەرێنەوە
با پێچکەی نقێم گورج کورج بە تاسە
لێو بنێتە سەر کوڵمی هەیاسە

وەك دەرکەوت مەولەوی شایی یەکەی نەبینیوەو (تصور)ی. کردووە، بەڵام گۆران خۆی لە شایی یەکەدا بووە. ئیتر بۆ خوێنەرو ڕەختەگر هەیە بە هەموو شێوەیەك ڕای خۆی دەربڕێ هەرچەندە هەردوو هۆنراوەکە گەلێ سەرکەوتوو و بەبایەخن.

سەرنجێکی وردی ڕەخنەگرانە لە بابەتە سروشتی یەکانی مەولەوی گەیاندومیەتە ئەو ئەنجامەی کە مەولەوی لاسایی سروشتی نەکردووەتە،

واته پشتی كردۆته ڕاكەی ئەرەستۆ (هۆنراو لاسایی سروشت دەكاتەوە (الشعر محاكاة للطبيعة)ی مەڕ(٩) قوتابخانەی كلاسيك، بەڵكوو جارێكی تر لە ڕوانگەی بیرو فەلسەفەو خەیاڵی خۆیەوە سروشتی دروست كردۆتەوەو گەیاندوێتیە چڵەپۆپەی جوانی، بەڵام ئەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا فەلسەفەی ڕێبازی ڕۆمانتیكەو لای كۆڵردج و ورزروث و شللی بەجوانی دەدرەوشێتەوە. لای قوتابخانەی كلاسيك هۆش و بیرو زەین بەردی بناغەی هۆنراوەن و لە هەموو شوێنێكدا دەدرەوشێنەوە، بەڵام لای مەولەوی هۆش و بیرو زەین وەك تارمایی یەك بەئاستەم لەودیو جیهانی هەست و نەست و سۆزو خورپەو ڕاچەنینەوە بەدی دەكرێن، واتە لایەنی ویژدان وەك ئەستێرە دەدرەوشێتەوە، بەڵام لەودیو وێنە شیعری یەكانەوە ئاسۆی بیرێكی وردو قووڵ شیرازەی بابەتەكانی گرتووە. نابێت ئەوەش فەرامۆش كەین كە لە هەندێ هۆنراوەیا تارمایی بیرو باوەڕی موسوڵمانێكی ڕێباز ئەشعەریی سۆفی ئەم سەرەو سەرێتی. ڕەخنەگرە جیهانی یەكان لەو ڕایەدان كە باشترین مەیدانی شیعر (سروشت و دڵداری و شیوەن)ە. دیارە مەولەوی لە مەیدانی سروشت و شیوەندا تەنیا سوارەیەو سەرخێڵی كۆچ و كۆچ باری قافڵەی خەم و مەینەتەو لەم دوو ئاقارەدا ڕابەرو مامۆستایەكی سەرامەدە. لە دیوانەكەیدا(٢٧) پارچە هۆنراوەی ئەوتۆی شیوەن هەیە كە هەر یەكێكیان نەك كۆتەڵێكەو سوارچاكێ دەلاوێنێتەوە بەتەنیا، بەڵكوو دانە فرمێسكی خوڕو قرچەی دەروون و هاڵاوی دڵ و هەناوی سووتاوو گڕو كڵپەی ویژدان و شەیپۆڕو نزاو قوڕپێوان و

خەمێکی ئەبەدیی ئیقلیم گیرە. لەنێو ئەم چامانەدا حەوت چامەی شیوەنی پێشکەشی عەنبەر خاتوونی هاوسەری کردووە. عەنبەر خاتوون بۆتە ئاوازێکی خەمگین و بەخوڕ فرمێسکی پێ ڕژاندۆتە سەر ڕیشە نوورانی یەکەی.(١٠) (ئەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە مەولەوی لە ڕۆژێکدا ئەوەی کردووە لە سەرانسەری کوردستاندا هەر پیاوێك خێزانەکەی بمردایە پێی نەنگ بوو زویر بوایە. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مەولەوی باوەڕی وابووە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە مەولەوی چەرخێك پێش سەردەمی خۆی کەوتووە).

علاءالدين سجادی دەڵێت(١١) ئەگەر ئێمە بڵێین لاوانەوەکەی مەولەوی بۆ خاتوو عەنبەر گەلێ بەرزترە لە هینەکەی (دانتی)ی شاعیری سەدەی سیانزەهەمی ئیتالی بۆ دوستە جوانەمەرگەکەی (پیاتریتشی)، وەئەبێ لە حەقیقەت دوورکەوتبینەوە وەیا قەومی یەت بێنینە ناوەوە). سەیر کەن چۆن تاڵ تاڵی ئەگریجەو پرچی عەنبەر خاتوون بۆتە مارو گاز لە زامی دڵی پڕ جۆشی مەولەوی دەگرێت:

**دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل**

**مەحرەم وە ڕازان خەڵوەتخانەی لەیل**

**پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم**

**تەرجەمەی حالآت پەشێویی جەستەم**

**عەرزکەر وە لەیلا وە صەد خەمەوە**

**چەم وە نمەوە، دڵ وە تەمەوە:**

**دێوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بی**

**بەرزیی بڵێسەش هەر سات صەد تەرز بی**

لەبەر ئەوەی هۆنراوەکانی مەڕ عەنبەر خاتوون لیپاولیپن لە فرمێسك و بەوەفایی و سۆزو شەونخونی و خەم و لەهۆش خۆچوون وقوڕپێوان لەلایەك، وە پیاهەڵدانی جوانی و خۆشەویستی و لەئامێز گرتنی ڕۆژانی جوانی لەلایەکی ترەوە، بۆیە لە وتارێکی ترمدا، بۆ یەکەمجار، ئەم بابەتەم بە(١٢) (دڵداری یە شیوەن) ناوناوە، چونکە هەردوو تەلەکە ئاوازێکیان لێ هەڵدەستێ.

وەنەبێ هەر عەنبەر خاتوون ئیلهام و سروشی هۆنراوەی شیوەنی مەولەوی بووبێت. ئەوەتانێ چەپکێ گوڵی شیوەنی داوە لە سینگ و بەرۆکی شیعری کوردی. دیاردەی فرە شیوەن کردنی مەولەوی ئەنجامی ڕاستگۆیی و بەوەفایی یە لەگەڵ هاوڕێکانیدا، جگە لەوەی کە خودی شاعیر خاوەنی هەست و سۆزێکی خەمناکەو نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە لەنێوان هۆنراوە شیوەنەکانیدا بیرۆچکەی موسوڵمانێکی ئەشعەری ڕێباز وەك تاپۆو بەئاستەم جاروبارێك جەمسەری مردن و ژیان بە ئاوێنەی چارەنووسەوە دەبەستێتەوەو هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مادامەکی ژیان سەفەرێکەو جڵەوی هاتنی مرۆڤ بەدەست خۆی نەبوە، گەرەکە هەمیشە توێشووی ئەو دنیای لەپشتدا بێ و هەوڵ و تەقەللاو (کسب)ی بۆ بکا، هەرچەندە مەسەلەی (کسب) وەك مەفهوومێکی فەلسەفی لای ئەبولحەسەنی ئەشعەری و تاقمەکەی تەم و مژاوی و نادیارە، بەپێچەوانەی موعتەزیلەوە کە ( کسب )لایان بەستراوەتەوە بە تواناو ئیرادەی خودی مرۆڤەوە. لە مەیدانی هۆنراوەی شیوەنیشدا گۆرانی بلیمەت لەم چامەیەدا یان موتەئەسیرە بە مەولەوی یەوە یان وەك (معارضة)ی چامەیەکی ئەو بەکاری هێناوە. مەولەوی شیوەنی کوڕێکی مەحموودی یاروەیسی هاوڕێی دەکاو دەڵێت:

**پەردەی سەبووریم دڕیا، ڕۆڵەڕۆ**
**ریشەی جەرگەکەم بڕیا، ڕۆڵەڕۆ**
**وە ناکام هیجرەت کەردەم، ڕۆڵەڕۆ**
**داخان گشت وە خاك بەردەم، ڕۆڵەڕۆ**

خان ومان خامۆش بێ تۆ، ڕۆڵەڕۆ

ئەگڤالان مەدهۆش بێ تۆ، ڕۆڵەڕۆ

تەڵمیت سیا پۆش بێ تۆ، ڕۆڵەڕۆ

خاتوونان بێ هۆش بێ تۆ، ڕۆڵەڕۆ

پەی عەقیدەو دین موسوڵمانیت، داد!

پەی شێوەی شیرین نەوجوانیت، داد!

پەی ئەو عەقڵ و فام هۆشیاریت، داد!

پەی خۆش نیگاری و خۆش ڕەفتاریت، داد!

گۆرانی نەمریش هەر لەسەر هەمان کێشی دە بڕگەیی و وەك (معارضة)ی هۆنراوەکەی مەولەوی بۆ هیوای کوڕی لاواندۆتەوە، با ئەوەش لەبیرنەکەم کە گۆران هێند بەم هۆنراوەیەی موتەئەسیرەو دەفەرموێت: (بەلاّم هیچ گومانم نی یە لە هەڵبەستە هەڵبژاردەکانی ئەوە، هەروەك لە نموونە هەرە بەرزەکانی شیوەن نامەیە لە سەرپاکی ئەدەبی کوردی یا):-

**سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە**

**ڕۆڵە مردنەو فرمێسك بارانە**

**هیوا، ڕۆڵە ڕۆ! کۆرپەم، ڕۆڵەڕۆ!**

**ئەو کوڵمە ئاڵە نەرم و نۆڵە ڕۆ!**

**ئەو قژەزەردە، ئەو چاوانە ڕۆ!**

**ئەو نەغمەی دایەو بابە جوانە ڕۆ!**

**تا دەممان لە گۆ ئەکەوێ وەك تۆ**

**هیوای دایە ڕۆ، هیوای بابە ڕۆ!** (١٢)

شێخ سەلامی شاعیریش هەر لە هۆنراوەیەکی شیوەندا کە بۆ کوڕەکەی وتووە، موتەئەسیرە بە مەولەوی یەوەو لەسەر هەمان کێشی دە بڕ گەیی موستەزاد دەڵێت :-

**جەرگ هەڵ ئەقرچێ، دڵ پڕ لە ناڵین     جەرگم بڕاوە**

**چۆن ئۆقرە ئەگرێ سەر لەسەر سەرین     مێشکم پژاوە**

**کولیل و شینە، ئێشم بەنۆرە     ڕۆڵەڕۆ، ڕۆڵە**

**دەستەئەژنۆ بووم، بووم بە کۆتەرە     لەم دەشتە چۆڵە**(١٤)

دوو دیاردەی شاعیرێتی یەکی کەم وێنە کە لای مەولەوی دیومن، لای هیچ شاعیرێکی کوردی تر نەمدیون و هەتا ئێستاش جێگای سەرنجمن و هەر پیایاندا دەچمەوەو لێ یان ورد دەیمەوە:-

یەکەمین: ڕەخنەگرە جیهانی یەکان هەر لە (ئەلن تیت)ەوەو هەتا (ریتشارد)و (بیلینسکی)و (ستانلی هایمن)و (ئامەدی)... هتد لەسەر ئەوە هاوڕان کە هۆنراوەی شاعیری زاناو فرە ڕۆشنبیرو فەیلەسووف مەشرەب جیاوازە لەگەڵ هۆنراوەی شاعیری ئاساییدا , بەوەی کە بەرهەمی شاعیری زانا هەمیشە زاراوەی زانیاری و لۆژیك و کەلام و وشەئارایی و واتای قووڵی تەجرید ئاسا دەگرێتە خۆی، لەسەر حیسابی ناسکیی خەیاڵ و گەرمیی سۆزو هەڵچوون و خوڕی بۆهاتنی ئاسایی و خۆ ئەزێت نەدان، واتە لای شاعیری زانا زۆر لە خۆ کردن و ماندوو کردنی لە ئەندازە بەدەری هۆش و بیر زاڵە بەسەر لایەنی خۆڕسکی (تطبع)و بێ گرێ و گۆڵیدا وەك هەندێ بەرهەمی (ابو العلای معری)و (ابو تمام)و (ئەلیۆت)و (شیللر) و بابەتە پەند ئامێزەکانی سەعدی. دە مەولەوی لە زانیاری سەردەمەکەیدا زاناو هۆشیاریەکی بێ هاوتای ئەوتۆ بووە کە نەك بەتەنیا حاجی کاك ئەحمەدی شێخ داوای ئەوەی لێ کردووە نەسیحەتی بکات، بەڵکوو وەك نوێنەرێك لە کوردستانی ئەمدیوەوە نێرراوە بۆ شاری سنە بۆ چارەسەر کردنی هەندێ کێشەی مەزهەبی و ئایینی و لەوێش لەلایەن فەرهاد میرزای قاجاریی والیی سنەوە ئاهەنگی لەقەبی مەولەویی بۆ سازکراوە ، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەمیش هاوتای (مونالا جلال الدینی ڕۆمی)ی ناسراو بە (مەولەوی)یە. جگە لەمانەش هەرچی زانیاری کەلام و لۆژیك و

ئەرەستۆو غەزالی و ئیبنوسیناو موعتەزیلەو ئەشعەری هەیە تەڕاتێنی تیا کردووە. خۆ دەبوو ئەم زانیاری یانە هۆنراوەکانی قورس کەن و کەم تا بیشێ تەمی تجریدات لێڵ و زەین ئامێزی بکەن . دە لەگەڵ ئائەمانەشدا هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە هێندە خوڕو بێ گرێ وگوڵ و نزیك لە هەست و نەست و سۆزی مرۆڤەوەن کە بوونەتە ویرد بەسەر زمانی گۆرانی بێژان و هۆرە چڕان و خەڵکانی ئاسایی یەوە ، پەڕەی دڵ دێننە هەژان و پڕن لە مۆسیقاو جۆش و خورۆش و دینامیکیەت و هەرگیز مرۆڤیش هەست بەوە ناکات کە خاوەنی ئەو هۆنراوانە هیندە عالیم و لۆژیك زانە، خۆ کە دێینە سەر کتێبی (الفضیلة) کەی وادەزانین تەنیا سوارەی مەیدانی لۆژیك و بیر هەر خۆیەتی، واتە وەك (دوو ئاو لە جامێ هەریەك لە ڕەنگێ) کە ئەم دیاردەیە نەك بەڵگەی وزەی شاعیرێتی یەکی ئێجگار گەورەیە بەتەنیا، بەڵکوو بەڵگەی سەقامگیربوونی دوو بەهرەی جودایەو لە هەردووکیشیاندا، واتە مەیدانی (ویژدانی و بابەتی) گەلێ سەرکەوتوو سەرتەڵە(★)

دووەمین: زوربەی ڕەخنەگرانی مەڕ هۆنراوە پەیجۆری دۆزینەوەی ڕێبازێکن کە جۆرە سەقامگیری و ئالوودەبوونێك بدا بەدەستەوە لەنێوان کێشە عەرووزی یەکان و بابەتە شیعری یەکاندا، واتە بەستتەوەیەکی هارمۆنی نێوان مۆسیقاو ئاواز بە جیهانی هەست و سۆزو ڕاچەنینەوە، لەئەنجامی کۆششێکی زۆردا چەند ڕایەکی وردیان لەم بوارە گرنگەدا بەدەست هێنا. هەر بۆنموونە وەك گونجانی بابەتی خەم و پەژارەو شیوەن لەگەڵ کێشە فرە بڕگە و درێژەکاندا وەك کێشی (طویل- بسیط)وە ئالوودەبوونی بابەتی حەماسەو

شەڕوشۆڕ لەگەڵ کێشی کورت و سەرواى جووڵاودا... یان بابەتی کاری هەرەوەزو هەڵس و کەوت و سەرواى سروود لەگەڵ کێشە زۆر  کورتە کاندا.. یان.. یان.. هتد. لەنێو شوعەرای کورددا هەمەجۆر کێشی خۆماڵی و بێگانە بەکارهێنراون، بەڵام لای مەولەوی دیاردەکە بەجۆرێکی تر کەوتۆتەوە.

مەولەوی، بەپێچەوانەی هەر هەموو شوعەرای کورد، بۆ بابەتەکانی دڵداری و شیوەن و وەسف و سروشت و پیاهەڵدان و.. یەك جۆر کێشی هێندە هونەرمەندانەو خوڕ بەکاربردوە کە وەك شەتاوی زەڵم و سیروان خۆی بە تاشی وشەدا دەداو هاڵاوی دڵی مەولەوی دەکاتە سەرپۆشی دەماوەندو شاهۆ، بەپێچەوانەی ڕای ڕەخنەگرە کان تەنانەت بۆ زانیاری عەقایدیش هەر کێشی دە بڕگەیی بەکارهێناوە. یا ئەوەش لەیادنەکەم  کە ئەو ٢٠٣١ بەیتە شیعرەی کە کتێبی (الفضیلة)ی  گرتووتەخۆ لەسەر کێشی عەرەبی (الرجز) دانراوە کە بریتی یە لە شەش جار (مستفعلن). ئەم کێشە هەرە کۆنە ، زۆرتر بۆ بابەتی هەراو حەماسەت و شەڕەدەنووکی پێش هەراو  بەیەکادان و ساتە ناسکەکانی گەرم بوونیەتی، بەڵام لای مەولەوی بەپێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی شیعردانانی عەرەب، بابەتی بیروڕای قووڵ و فەلسەفە ئامێزی گرتۆتەخۆ.

دیارە ئەمەش داهێنانە و(١٦) ئەرەستۆش لەم بوارەدا دەڵێت: لادان و تاکمەندێتی و سەرپێچی لە ڕێبازی خەڵك بە باری داهێناندا خۆی لەخۆیدا لەزەت و خۆشی یەکی هونەریە.

وەك وتم مەولەوی هەموو بابەتەکانی لەسەر یەك کێش داڕشتووە. لە بارتەقای ئەمەشدا گرنگی بە ئیقاع و مۆسیقای ناوەوە داوەو وەك وەستایەکی

لێ هاتوو کارامە دەنگانەوەی وشەو دەستەواژەکانی بەستۆتەوە بە واتاو مەبەستەکانەوە. بۆ سەلماندنی ڕاکەم پەنا بۆ چەند هۆنراوەیەکی دەبەم. سەیری وەسفی ئەم ڕەشبەڵەکە کەن کە نەخشی دەنگ و ڕەنگ و بۆن و هەست و نەستی کێشاوە بەم وشە ساکارانە:

**شەقەو تەقەی گەرم، چە پڵەو چیڵەی نەرم**

**چریکەی وە نار، تریکەی وە شەرم**

**سەمای دەسماڵان، ڕەمای نەوهاڵان**

**نەمای مەلالان، نمای وەش خاڵان**

**شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ**

**فڕەی فۆتەی شۆڕ، پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ**

**وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ**

**قرچەو چۆقەی جەرگ دڵ وە خەمان تەنگ**

تێڕوانینێکی وردی ڕەخنەگرانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە مەولەوی بۆ هەر واتاو ناوێك وشەیەکی بەکارهێناوە کە پڕ بە پڕ لەڕووی مۆسیقاو فۆنەتیکەوە هاوجۆرن و لەیەکدا تواوەن. سەیر کە (وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ) وشەکان خۆیان لەخۆیاندا بەرزی بەژن و باڵا دەنوێنن، یان (شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ)بێ ئەوەی ئەو بڵێ تۆ گوێت لە خشەو بەیەکادانی پڵپڵەو گۆبەرۆك و گوارەو خودی ناوەکان (اسماء) کردارەکانیان- وەك فۆنەتێك- تیا ڕەنگ دەداتەوە. مەولەوی هەر لەو فۆنەتیك سازی یەدا بەنای بردۆتە بەر قافیەی ناوەوە. سەرنج بدەن:

**سەمای دەسمالآن، ڕەمای نەوهالآن**

یان:

**ونەوشە بۆییٚ، گولٚ خونچە جۆییٚ**

**بەهانە جۆییٚ، کە عبەسا جۆییٚ**

یان:

**جەمین قەمەریٚ، شیرین دلٚبەریٚ**

**مشکینە خالٚیٚ، یۆسف جەمالٚیٚ**

لەم جۆش و خرۆش و قافیەسازی یەی ناوەوە مەلای جزیریم بەبیردا هات کە ئەویش هەر لەسەر هەمان ڕێباز هەندێ هۆنراوەی وتووە کە ئەم هۆنراوەیەی لەسەر کێشی (رجز)ی زیاد کراوە ، واتە چوار جار (مستفعلن):

**من دی سەحەر، شاهی مەجەر، لەبسی دبەر، مەخموور بوو**

**ئەو دیم زەڕی ، سور موشتەری، یاڕەب پەری یا حوور بوو**

**حۆری وەشە، شیرین مەشە، کاگۆلٚ ڕەشە، خالٚ حەبەشە**

**خالٚێن دقەڕ، میسکی تەتەر، نازک بەشەر، کافوور بوو**

**نازک لەتیف، گەردن خەفیف، لەبسی شەریف، کێخمەو قەدیف**

**من دی بە وەخت، ئەو نیك بەخت، ئیرۆ لە تەخت، فەغفور بوو**

یان:

**وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن**

**هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن**

**سەنگەن، کۆسارەن، سەرکووەن، هەردەن**

**خەمەن، مەینەتەن، زوخاوەن، دەردەن**

کەواتە گۆران ناهەقی نەبوە کە لە چلەی پیرەمێردا نووسیویەتی: (١٧) (مامۆستا پیرەمێرد قەڵەم بەدەستی سێەم پیری گەورەی ئەدەب و تەصەوف مەولەوی بوو. مەولەوی ئەو شاعیرە بەرزو نەمرەیە کە هەموو پیتێکی دیوانەکەی کچە کوردێکی شۆخ و نازدارە بە بەرگ و پۆیلانەی خۆماڵی تەواوەوە، بەلاَم بە شێوەیەکی کەلاکەوتووی با ون کردووی زمانەکەمان شێوەی گۆرانی، کەزمانی میری بوو لە قەلەمڕەوی ئەردەلاَنا، لە کاتی شکۆیا، کە جار بووە سێ کوچکەی ناوەندی کەرکووک- هەمەدان وە کرماشان هەمووی بگرێتەوە. بەلاَم لە ئەدەبی بەرزا، لە شیعری ڕاستەقینەدا بەڕاستی زۆر بە پێ شیاوی ناوی خۆت نا گیانی مەولەوی........

تاوێك تۆ ئەگەڕایتەوە بۆ سەدەو جێگای ژیانی خاوەن گیان (واتە: مەولەوی)، شوێنی بالاَ جوانە بچووکەکەی ئەکەوتی کە لەژێر خەرقەیەکی سەوزی ئاودامانا بوو، بەکەڵەك لە سیروانی ئەرخەوان سوور ئەپەڕیتەوە، بە لووتکەی شاخی (بەمۆ)دا هەڵئە گەڕای، لە کۆی ئاتەشگا (کەڵ)ت ئەکوشت، بەسەر بەستەڵەکی گۆمی زرێبارا ئەچووی بۆ بانە، لە کوێستانە ساردەکانی سنەو حەسەناوا بەفراوت ئەخواردەوە، لە گەرمیانی شیروانەو شاکەل لەگەڵ چاوڕەشەکانی جاف دەوارنشینیت ئەکرد، تاوێکیش ئەو (واتە: مەولەوی) خۆی ئەهات بە میوانی گیان (واتە: پیرەمێرد) بۆ سەردەم و مەڵبەندی تۆ بە جلی شارستانی یەوە سواری ئۆتۆمۆبیلی قەمەرە ئەبوو، سەیران و گەشتی ناو قۆپی و سەرچنارو پیرەمەگرون، ڕاوەماسی چەمەکانی زێ و تانجەرۆی ئەکرد، لەباتی دەف و دەرۆیش و نەی چی گوێی لە قەتاری ڕەشۆل و ئاوازی کەمان و

عوود ئەگرت). مەولەوی هێند وزەی هۆنینەوەی خوڕو بین گرتوو بەتەوژم بووە هەرگیز دانەماوە بۆ وشەو دەستەواژەو لەبەر پارسەنگی کێشی زمان و ڕێزمانی لە قاڵب نەداوە. لەنێو شوعەرای کوردا نەمدیوە شاعیرێ لەکاتی دانانی هۆنراوەدا ئاسایی بێت بەلایەوە کە بڵێ: ئەی هاوار! بارە دەروونی یەکەم هێندە ناجۆرو شێواوە قافیەم لێ تێکچووەو ئیترچۆنی بۆ هاتبێ ئاوا نووسیبێتی و لەو ڕێبازەی جووت قافیەی (مصرع)ە لای دابێ. ئا ئەم دیاردەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە لای مەولەوی هەمیشە نەك خورپەو سۆزو ویژدان سنووری بۆ کێش و قافیەو بارە هونەری یەکان داناوە بەتەنیا، بەڵکوو زۆر لەخۆکردن و تەم ومژو خۆ ئەزێت دان لەفەرهەنگی ئەم شاعیرەدا هەست پێ ناکرێت ، ئەگینا چۆن چۆنی کابرا قافیەی لێ تێکچێ و کەچی هەر لەسەر بای بەڕەی خۆی سۆزو خورپەی دڵی خۆی بەبادا بدات. دیارە ئەمە بەڵگەی جۆش و خرۆشی سۆزو هەڵچوونەکەیەتی و وەك خۆشی لە هۆنراوەکەدا دەری خستووەو وتوویەتی: سەرزەنشتم مەکەن ئەگەر ئاخری واتە قافیەی شیعرەکانم شێوابن، چونکە کە شوعوور پەرێشان بوو شیعریش بەرێشان ئەبێ.

ئەمەش بەشێکە لەم تاقیکردنەوە سەرامەدە کە من وای بۆ دەچم لە شیوەنی کوڕەکەیدا وتبێتی:

**بەرزان هیلال تار وەروان قەرار دا**

**غوڕڕەی شار شۆر دڵان دیار دا**

**سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس**

**گوڵان جام وە دەس، بولبولان سەرمەس**

**مەنعم مەکەردێ گرانەن دەردم**

**ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم**

**فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من**

**هەر سەوزەی مراد من نادیارەن**

**داد جە هەوای شووم بەدستارەی من**

**هەر نەو گوڵاڵەی من نە پیوارەن**

وەك دەرکەوت دوو بەیتەکەی دوایی قافیەکەی تێکچووەو شێوەی چوارینی گرتووەتەخۆ.

حەزدەکەم هەر لەژێر دەواری شاعیرێتی مەولەویدا هەسوونی چەند ڕایەکی تر داکوتم:

یەکەمین: هەندێ تێبینی سادەلەوح وادەگەیێنن کە گوایە ئەگەر مەولەوی نەچوایەتە سەر ڕێبازی سۆفی گەری نەدەبوو بەو شاعیرە پایە بەرزە. لە وەڵامدا دەڵێم: مەولەوی پێش ئەوەی سۆفی و خواناس بووبێت شاعیرێکی چاك بووە. باشترین بەلگەشم ئەو هۆنراوە بەسۆزو بەبرشتانەیە کە لە سەردەمی

لاویدا وتوونی، بەتایبەت بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی کە هاوڕێی گیانی بەگیانی بووە. بێگومان ئەمە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە چوونەسەر ڕێبازی نەقشبەندی گوڕو تین و جووڵانێکی گەورەی بەخشی بە مەولەوی و پەنجەرەی جۆرە تیشکێك و دنیایەکی نوێ لە ئاسۆی شیعرەکانیا دەرکەوتن ، بەتایبەتی ئەو هۆنراوانەی کە  پێشکەش شێخانی بەوەفاو هاوڕێ و دڵسۆزی نەقشبەندی کردوون، بەڵام ئەوەی کە تا ئیستا جێی سەرنجمەو لێی وردەبمەوەو دەمەوێت لە وتارێکی تایبەتدا وەڵامی بدەمەوە ئەو پرسیارەیە کە: ئایا ڕێبازی ئەشعەرێت مەولەوی ڕاکێشاوەتە نێو جیهانی تەسەوفەوە، یان بەپێچەوانەوە؟ ئایا بە هەردوو لایەنەکە واتە: (تەسەوف و ئەشعەریەت ) توانیویانە دڵەڕاوکێ و پرسیارەکانی ناوەوەی مەولەوی- ئەگەر بە ناچاریش بێ- وەڵام بدەنەوە. نابێت لەم بۆنەو ئاقارەدا مەحموود پاشای جاف و ئەحمەد پاشاو عەبدوڵلاّ پاشای بابان لە یادبکەین بەتایبەت مەحموود پاشای جاف کە دەورێکی دیارو دڵسۆزانەی بینیوە لە خۆشەویستی و وەفاو ڕێزی بێ هاوتا بەرامبەر بە مەولەوی. دیارە مەولەوی یش لەم ئاقارەدا بە چەند هۆنراوەیەکی نەوازەی سەرتۆپ ، مەحموود پاشای بە نەمری هێشتۆتەوە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا مەولەوی و پیرەمێردو شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلا عبدالرحمانی گەورەی پێجوینی و مەلا فەتاحی جەباری مەحموود پاشایان لە ئاستێکی پڕشکۆو ڕێزەوە داناوە. بە لای منەوە هەرگیز سامان وپایەو پلەو دەوڵەمەندی و یەری یەری کەس بە نەمر ناکەن و هەرگیز ناشبنە تەنانەت سوورێکی گچکەی بەتەوژمی مێژوو، ناوی سەدان ملیۆنەرو لۆردو خاوەن

پایەو سامان و کۆشك و دەبدەبەو گەنجینەی قەبەو زەبەلاح لە ولاّتی ئینگلستان ، تەنانەت هەموو جیهانیش کوێر بوەوەو پڕ دەمی لە خۆڵ بووە و کەس هەر زمانی خۆشی پی یانەوە هیلاك ناکات و هەر ناشیاناسێ ، چونکە هەر بۆ خۆیان ژیاون، بەلاّم شاعیرێکی نابیناوبلیمەتی وەك جۆن ملتۆن هەموو نەتەوەکان دەیناسن و مێژوو لە دڵە گەورەکەیدا دەیلاوێنێ ، نەك بەتەنیا لەبەر بەرهەمە بەبڕشتەکانی، بەڵکو لەبەرئەوەی کە بە گۆچانێکەوە چووە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەرانی گەلەکەی بۆ بەرگری لە ولاّت. کەواتە ئەوەی کە مەردوم بە نەمری دەهێڵێتەوە تەنیا خزمەتی مرۆڤ و خاك و نەتەوەیە. دیارە مەحموود پاشاش- بە پێوانەی سەردەمی خۆی!- یەکێ بووە لەو سێبەرو داڵدە شارستانیانەی کە هۆنراوەکانی مەولەوی و گەلێ شاعیری تریش ستاریان تیا گرتوەو گەشاونەتەوە. با ئەوەش نەبوێرم کە ئەو پەیوەندیە گەورەو فرە لایەنەی مەولەوی لەگەڵ زاناو شوعەراو پیاوە ناسراوەکانی کوردستانی ئەو سەردەمە دەوری هەبوە لە وەرگرتن و بەخشین و فراوان کردن و بەهێز کردنی شاعیریەتی مەولەوی ، چونکە ئەو پەیوەندیە وەك دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی دەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێست و وزەو توانای مرۆڤ بە باری باشەدا ئەگەر لەگەڵ خەڵکانی زاناو هوشیاردا بێت. وە هاوڕێکانی مەولەوی بریتی بوون لە : شاعیری وەك ئەحمەد بەگی کۆماسی و شێخ عەبدوڵلاّی داخی و مەحرووم و بولبول، هەروەها پیاوانی ئایینی و کۆمەلاّیەتی و شێخانی نەقشبەندی وەك شێخ سراج الدین و شێخ عبدالرحمن ابو الوفا و بهائەدین و زیائەدین وحاجی کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ

عبدالرحمانی خالصی تاڵەبانی و زانای وەك محمد صالحی فخر العلماء وپیاوانی بەدەسەڵاتی وەك احمد پاشاو عبداللە پاشای بابان و محمود پاشاو حەمە پاشای جاف و محمودی یاروەیس و ڕەزا قولی خان و غولاَم شا خانی کوڕی خوسرەو خانی ئەردەلاَنی والی سنەو گەلێکی کە. با ئەوەیش لەیادنەکرێت کە سەفەرو هاتوچۆکانی مەولەوی بۆ کوێستان و گەرمیان و دەوارنشینی و زەهاوو پاوەو بیارەو کەرکووك و بانەو سنەو هەڵەبجەو سلێمانی و بەغدا کەم تا بێشێ هەر دەوریان بینیوە لە گەش کردنی ئاسۆی شاعیرێتی مەولەویدا بەتایبەتی لە بواری وەسفدا.

دوەمین: وەك دیاردەیەکی هەست پێ کراوی دیوانی مەولەوی دەبینین گەلێ جار بەیتە شیعرێك بەتەنیا یان دوان واتاکە تەواو ناکەن و دادی خەیاڵی مەولەوی نادەن ئەگەر پێکەوە نەبن. ئەم دیاردەیە بە بۆچوونی من ئەنجامی ئەم سێ هۆ هونەریەیە :-

أ- کورتی کێشەکە کە دە بڕگەیی خۆماڵی یە.

ب- قووڵی خەیاڵی شاعیرو پەنابردنە بەر لێکچواندنی لێکدراو (التشبیه التمثیلي)و خوازەی لێکزاو (تناسل الاستعارات) کە ئەمانە وێنەی شیعری فرە مەوداو کۆکردنەوەی توخمە دژەکان فەراهەم دێنن.

ج- بەپێچەوانەی قوتابخانەی شیعری کلاسیك، لە هۆنراوەی ڕۆمانتیکدا یەکێتی بەیت هەست پێ ناکرێت. ئێمە بەدوای وێنەو واتادا دەگەڕێین.

سێهەمین: مەولەوی بەو دیوانە شیعرەی هەوڵێکی بەبڕشتی داوە بۆ تێکەڵ کردنی لەهجەی گۆرانی و سۆرانی چونکە ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان زمانی شیعری مەولەوی و خانای قوبادیدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زمانی مەولەوی هەورامی یەکی ڕوونکراوەی تێکەڵە لەگەڵ لەهجەی سلێمانیدا ، چونکە گەلێ جار بەتەنیا ناوی شتەکان هەورامین و کردارو ئاوەڵ کردارو ڕەگەکانیان سەر بە لەهجەی سلێمانین، یان بەپێچەوانەوە، واتە شێوەی دارشتنی دیوانی مەولەوی زاراوەی پاڵفتەو بێگەردی هەورامی نی یەو تێکەڵە. کەواتە مەولەوی یەکەم شاعیرە کە هەوڵی داوە بۆ یەکگرتنی ئەم دوو لەهجەیە گۆرانی و سۆرانی، بەلاّم بە شێوەیەکی هەرچۆن هەبێ لەپێشدا بڕیار بۆ نەدراو.

چوارەمین: مەولەوی یەکەمین شاعیری کوردە کە توانی کێشی دە بڕگەیی خۆماڵی لە مەودای گۆرانی و هەڵپەڕکێ و قەتارو سیاچەمانەوە بگوێزێتەوە بۆ زمانی عەقیدەو کەلام و لۆژیك. جگە لەوەش بەهرە خوڕو دەستەلاّتە ڕەهاکەی هەمان کێشی دەبڕگەیی کە پتر زمانی ئاوازو هەڵپەڕکێی ڕەشەخەڵکی ناوچەکە بوو- دوای خاناو بێسارانی- بگەیێنێتە چڵەپۆپەی هۆنراوەیەکی سەرکەوتووی ئەوتۆ کە لیپاولیپ بێت لە توخمە هونەری یەکانی وەك سۆزو خەیاڵ و بیرو ئیقاع وتابلۆی هونەری و میعمارەوە.

پێنجەمین: وەك مێژوونووسە جیهانی یەکان دەڵێن سەرقافڵەو گەشە پێدەری ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنسادا هۆگۆی بەهرەمەند بوو (١٨٠٢- ١٨٨٥). دە ئەم مێژووە تاڕادەیەك بەرامبەرە لەگەڵ مێژووی لە دایك بوون و مردنی

مەولەوی (١٨٠٦- ١٨٨٢) واتە لەدایك بوونی ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنساو کوردستاندا لە یەك کاتدا لەسەر دەستی هۆگۆو مەولەویدا هاتە کایەوە، کەواتە مەولەوی داهێنەرو گەشە پێدەری هۆنراوەی ڕۆمانسی کوردی یە. با ئەوەش لەیادنەکەم کە مەولەوی لە بواری هۆنراوەی ڕۆمانسیدا پێش دوو کەڵە شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزو تەنانەت جیهانیش کەوتوو واتە ئۆسکار وایڵد (١٨٥٤- ١٩٠٠) وبیتس (١٨٦٥- ١٩٣٩). کەواتە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی بەراوردی جیهانیدا قوتابخانەی هۆنراوەی ڕۆمانسی کوردی- وەك تەمەنی لەدایك بوون گەرەکە بخرێتە پاڵ هۆنراوەی ڕۆمانسی فەرەنسی یەوە.

---

پەراوێژەکان:

١-یادی مەردان- بەرگی دووەم، ١٩٨٢، مەلا عبدالکریمی مدرس.

٢-مەولەوی- گۆڕینی پیرەمێرد، ل ١١٩. بەغداد.

٣-مبادی النقد الادبی، رتشارد. ص٣٠٩.

٤-مێژووی ئەدەبی کوردی- علاءالدین سجادی ١٩٥٢، ل ٢٥٥.

٥-دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس، ل ٤٥٦.

٦-دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس، ل ٤٢٠.

٧-ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٤، ١٩٧٥، ل ٦٤.

٨-دیوانی مەولەوی ، ل ٤١١.

٩-بەیان، ژمارە ٣٣، ١٩٧٦، انور قادر محمد، ل ٣.

١٠-مەولەوی-أ. ب. هەوری، ١٩٧٣، چاپخانەی کاکەی فەلاح.

١١-مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ل ٢٦٧.

١٢- گۆڤاری کاروان.

١٣-دیوانی گۆران.

١٤-دیوانی سەلام، ل ١٩١.

١٥- بڕوانە:

١-مفهوم الشعر. د. جابر احمد عصفور ١٩٨٢.

٢-منهاج البلغاء وسراج الادباء، تحقيق محمد الحبيب ابن الخوجة. حازم القرطاجني. دار الكتب الشرقية. تونس ١٩٦٦.

١٦-تلخيص كتاب ارسطوطاليس في الشعر- تحقيق عبدالرحمن بدوي القاهرة ١٩٥٤.

١٧-یادی پیرەمێرد- لەژێر چاودێری علاءالدین سجادي لەچاپ دراوە، ١٩٥١.

هەروەها بڕوانە:

أ-مەولەوی و سروشت. بابەعلي شێخ عمر.

ب-عەقیدەی مەولەوی. ئامادە کردنی محمد علی قەرەداغی ١٩٧٧.

١٨-الرومانتيكية- محمد غنيمي هلال.

١٩-شێخ ڕەزای تاڵەبانی- دیوان-.

٢٠-دراسات ونماذج في مذاهب الشعر ونقده- د. محمد غنيمي هلال.


- ئەم بابەتە لەکتێبی ( میهرەجانی مەولەوی ) لەساڵی ١٩٨٩ دا بڵاوبۆتەوە

بابەتی پێنجەم

# چامەی (شەوێکی تر) لە ئاسۆی رەخنەی تەتبیقی دا

تێبینی : ئەم هۆنراوەیە لە ١٩٨٨/١١/٧دا دانراوە و لەژمارە (٧٣)ی گۆڤاری کارواندا لە ساڵی ١٩٨٩دا بڵاوکراوەتەوە ,ئەم بابەتە لەسەرو بەندی ئەنفالە بەدناوەکاندا دانراوە , دیارە تواناو لێهاتویی شاعیر دەردەخات کە چۆن لەو چوار چێوە رەمز ئاسایەدا ئەو ئازارو ژانە نەتەوەییەی بەرجەستە کردوە.دەبێت خوێنەر هەست بەوە بکات کەمنیش کەم تابێشێ بەناچاری خزاومەتە جۆرێك لەبەکارهێنانی رەمزو خۆپاراستن لەچاوی بزی سانسۆری سەردەمی بەعس , بەمەبەستی رێگادان بەبڵاوبونەوەی بابەتەکەو مل نەدان بەکپ بوون, دەشێت ئەم بابەتە بخرێتە چوارچێوەی ئەدەبی بەرگریەوە.

## شەوێکی تر

دیسانەوە  هاودەردەکەم وا پێم نایە شەوێکی تر
جامی خەمم هەتا لێوە
ئەی رابەری خەمبارەکان .. ئەمە جامی خەمی منە
خەمی کەسی  پێ مە پێوە
لەچاومدا خۆی ناگرێ و من هەر دەینێم بەسەرەوە
ژیانی من چامەیەکە بەسەر یەکدا تێکشکاوە
سەرخۆشیش بم دێر بە دێرپیم بیرخەرەوە
رەخنەسازیت ..گری کانیم بۆ وازبکە
هێماکانی هەڵبەرەوە
وا کوو پەی مەی دەگاتە بن.. باوەڕ بکەن تەواو مەستم
کەفتم, کەفتەی ئەم مەیخانە سێبەر قورسەم
بێ داردەستم ,
هۆ شەمەکەم , شەمی دێرینی تێڕوانینم
منی (سەنعان) مێزەرەکەم کرد بەزوننار-
بەر لەئەوەی سەر هەڵبریت
- کەمن چاوم بە چاوت کەوت  چۆن دەتوانم
بڵێم من شێخی سەنعانم؟!
چۆن چۆن بڵێم من مەزهەبی( تەرسا )ی ئەوین

چاك دەزانم؟!

باشە ئاخۆ تۆ پرسیوتە ، من لەكێشی ئەم بارەدام ؟

باشە ئاخۆ تۆ زانیوتە من ژنێ یەكم لەناو گەروی ئەم شارەدام ؟

-ڕۆژێ مێژوو هاتە ئێرە

لەلا پەڕەی دوو سەدەی دا

وتی بینیم كۆڵە سواران بە پە نجەی كۆڵ ژنێ یان دەكوشت

منیش لەناخ و سۆزم دا ئەوەی هەمبوو فرمێسكی سوێر-

بۆ كەژاڵ و بەهارم ڕشت

هەموو ساڵێ:حەقە پەڵە..داوای شەستە و لافاو دەكەم

چەمی ئەشكم بێ و سەربكات

چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم بۆ دەربخات

ئەی تۆ هاتی ماڵۆچكەكانی دڵی من شەخڵ بكەی ..

بیان پێوی

ئاخۆ ئەم عیشقەی تۆ دەگرن ؟

كەتۆ پرسیت ئیمتحان بوو ناوی گوڵان چەن دەزانێت ؟

منیش وتم باوەڕ بكە تەنها ناوی تۆ دەزانم

وەكوو ( سیزیف ) هەربەتەنها تاشە بەردی ئەم خولیایە

سەردەخەم و دەینێمە سەر نەڕی شانم

كە تووڕە بوویت وتت ئەی تۆ لەخوای ئەوین داوات چی یە؟

وتم هەرچی ژنە كوردە

بلێت بەخە نجەر دووگیانم

ئەم هەلەیەو لەدەستی خۆتی دەرمەکە..

بێرە ناو خەڵوەی شێواوم

درەختێکم , بێ سەیربکە.. ئاخۆ چۆن چۆنی ڕواوم؟!

ئاخۆ سایەم کەڵکی هەیە لەڕێگەتا ببمە سایەت؟

لەئینجلی بەربا خەڵتا دەشێ منیش ببمە ئایەت؟

من ئەو ( زەردە ) م بێ بمبینە, جێگە نوێژی ( نارامسین ) بووم

چۆڵم مەکە

فێری حەوزی سەرچاوەکەی قەرەداخم

قەت ناچاری تەیەمومی خۆڵم مەکە

ئەی شەمەکەم , ئەم شەویشم بەم سەرمۆرە دەبەمەسەر

ئەی شەمەکەم مەیەو مەچۆ ..

با ( شەولەبان )ی شەوی شار نەت دا تەبەر

هەرهیچ نەبێ تۆ بمێنە وەکوو مۆمێ بۆ دەرەکان

لەکۆچەرێ ی کۆچەری دا .. هێندە دەرە هەڵکەنراوە

بێ شەوقی شەم رێ دەرناکەن

بێ شەوقی شەم شیعری منی بابی خەمان لەبەر ناکەن

بێ شیعر و کڕ ..هەتاماون تاجی رەواج لەسەر ناکەن

.......................................................................................................

**ئەی جامی خەم کەشەو دابێ هەر بە پڕی دە تخۆمەوە**

**سەوزەی مەزەم مەی ئالوودە , من سەوزەی خۆم ناشۆمەوە**

**من لەڕەنگی جوانی تۆدا تالاوی ژین رادەماڵم**

**ئەی جامی خەم شێوەی شەمم لەتۆ دەوێ**

**سەوزەی مەزەم مەی ئالوودە , من سەوزی خۆم ناشۆمەوە**

**من لەڕەنگی جوانی تۆدا تالاوی ژین رادەماڵم**

**ئەی جامی خەم شێوەی شەمم لەتۆدایە..**

**هەموو شەوێ بێرە ماڵم**

**بێ تۆ گوندێکی وێران و بێشەکەیەکی بێ مناڵم**

**بێ تۆ ساوای زەدەی دەستی شەو لەبان و دایکی هاڵم**

**بێرە ماڵم , بێرە ماڵم**

**شا پەرێکی تازەم بەرێ بیخەمە سەر تینی باڵم**

حەسیب قەرەداخی پێویستی بەناساندن نی یەو، دەمێکە هەناسەی گەرمی هۆنراوەکانی ئالوودەی هەست و هۆشی مرۆڤی کوردە، لە بواری ئەو ئاژاوەو تەپ و تۆزە شیعریەی ئەم سەردەمەی کورددا، چارەوێی هۆنراوەکانی تیژرەوو خاوەن ئەزموون و ڕەسەنن، هۆنراوەکانی حەسیب قەرەداخی لەسەر چەند تەوەرەیەکی جودا جودا لەنگەریان گرتووە کە سەرجەم بریتین لە:

١-بیروو باوەڕوو ناوەڕۆکی نوێ خوازانەی نیشتمانی و نەتەوەیی.

٢-چێژوو سەلیقەیەکی خۆڕسکی شاعیرانەی ئاودراوبە کەلەپوورە بەبرِشتەکەی هۆنراوەی کوردیی.

٣-بەهرەیەکی تایبەتی کە ڕەنگی پێناسەی شاعیر دەڕێژێ.
٤-دەسەڵات وتوانایەکی بەبڕشت بەسەر زمان دا.
نامەوێت لەم نووسینەمدا پێشەکی یەکی ئەکادیمیانەی ووشك و برینگ هەڵرێژم و هۆنراوەی (شەوێکی تر)یش بخەمە جەڕوو مەنگەنەی قوتابخانە ئەدەبی یەکانەوە، نەخێر لەنێو جەرگەی خودی هۆنراوەکەوە سەرنجەکانم لەدایك دەبن و ڕەخنەیەکی تەتبیقی، فەراهەم دەهێنم، هیوادارم خوێنەر داوای ڕەخنەی تەفسیریم لێ نەکات، چونکە ئەم جۆرە ڕەخنەیە بەتایبەت لەم بوارەدا هەناسەی مرۆڤ کورت دەکات و هەر بەدەوری شیعرەکەدا دێت ودەچێت، بێ ئەوەی تۆسقاڵێ داهێنان وخۆارکی نەمری بدات بەگیان و هەست و بیر، جگە لەمەشیان لە وزەی ئەوجۆرە ڕەخنەیەدا نی یە، کە بتوانێت هەندێ قەناعەتی شاعیر بەمەسەلە هونەری و فەنتازیاکانی شیعر کاڵ کاتەوە، یان بیگۆڕێ، یان لاپەرەیەکی گەشتر لەبەردەم شیعرەکانیا ئاواڵە بکات، یان تۆوی داهێنانێکی نوێ و بە ووزەتر لە کیلگەی هۆنراوەکانیا بڕوێنێ، یان چێژی هونەریی (الذوق الفني) خوێنەر مشت ومالّ کات. وەك پڕۆگرام ورێ و جێی نووسین من هەمیشە دژی ئەو ڕایانەم کە دەڵێن: بابەتی ڕەخنە لێگیراو پڕۆگرامی ڕەخنە دەڕێژێ و سنووری بۆ دادەنێ، چونگە ئەم ڕایە دەوری ڕەخنەگر دەکاتە (تابع)، بەلاّم لەڕاستیدا ڕەخنەگر، هەرکەسێ بێت، بەر لە هەرشت خاوەنی بیرو ڕاو ئایدولوجیا و بۆچوون و کەسیەتی خۆیەتی و دەبێت ئەوگەنجینە توناناو بەهرەیەی سنوور دانێت، بۆ بابەتە ڕەخنە

لێگیراوەکەو لەو ڕێگایەوە دەوازەی داهێنانی نوێ تر بخاتە سەر گازی پشت و کەسیەتی خۆی لە کێڵگەی داهێناندا بسەلمێنێ.

هۆنراوەی (شەوێکی تر) یەکێکە لەهۆنراوە درێژەکانی شاعیر جگە لەمەش هەندێ هۆنراوەی درێژی تری لەم بوارەدا ووتوە، وەك (ئەوەڵ سەحەرە)، (لەیادی دووسەد ساڵەی سلیمانی دا) کە خۆی لەخۆیدا شاکارێکی ئەدەبی بوو، ئەم جۆرە هۆنراوەیە پێویستی بە هەناسە درێژی و وزەی فرەو تەوژمی هونەریی بەخوڕ هەیە، کە کەمتر شاعیرانی ئەم سەردەمە خۆیانی لەقەرە دەدەن، ئەم بابەتە گەرەکە گیانێکی درامی ئاسا هەڵس و کەوتی پێ بکات، ئەگەر کرۆك و تان وپۆی (دراما) وەك توخمێکی سەر بە داستان و شانۆنامە کێشە (صراع) بێت، دیارە هۆنراوەی (شەوێکی تر)، پرە لە کێشە و بەرامبەریو پێك هەڵپژان لە نێوان هێزوو بۆ چوونە دژەکاندا، وەك (شاعیر× ژیانی ئێستای)، (بە ئاگایی× بێ ئاگایی)، (تێك شکان× هەڵسانەوە)، (کۆڵە سوار× ژێ)، (سیزیف× سەرکەوتن و هەوڵدان)، (کانیاو و ژیارو شارستانێتی و زەردە× تەیەموم و ساراو دوورکەوتنەوە)، (شەم× هاڵ و شەولەبان) لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ، ئایا ئەم دژانە وەك لەشانۆدا دەیبینین پێ دەگەن و گەورەدەبن و نەش و نما دەکەن؟ یان بە هەموویان واقیعێکی هونەریی پێك دێنن؟ لەهۆنراوەدا وەك شانۆ، ئەم توخمانە نەش و نما ناکەن، بەڵکوو خۆیان لەخۆیاندا دەبنە چەند دەنگ و هەناسە و سازێك و بەهەر هەمووشیان دارو باری هۆنراوەکە دروست دەکەن، ئایا ئەم فرەدەنگی و توخمە دژانەی نێو هۆنراوەکە، یەکێتیەکی ئۆرگانی (وحده عضوية) دروست دەکەن؟ یان

هۆنراوەکە دەبێتە چەند هۆنراوەیەکی بچووك و بەتەقەڵی شاش و واش پێکەوە دەلکێنرێن؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە، هەروا بە ئاسانی لەقۆناغی یەکەمی ڕەخنەکەدا سەوز نابێت و پێویستی بە لێدوانی پتر هەیەو لەئەنجامدا تاریك و ڕوونی وەڵامەکە سەر هەڵدەدات!!

هۆنراوەکە وەك ووتم بریتیە لەچەند دەنگێك کە هەریەکێکیان پەیوەندی یەکی دیاری بەوی ترەوە هەیە، چۆنیەتی پەیوەندیەکەش فرە لایەنەو چون یەك نیە، لە هەندێ کاتدا دژەکان لێك نزیك دەبنەوەو ئەڵهای یەکبوون دەکەن، خۆ لەهەندێ جاری تردا دژەکان لە ئەوپەری پێکدادان و ناجۆری دان.

## دەنگەکانی نێو هۆنراوەکە:

١-شاعیر:

خودی شاعیر تەوەرەی هەموو دەنگەکانەو دروست کەری پەیوەندی فرەلایەنی نێوانیانە، شاعیر لە دەرگای دڵی هەموو دەنگەکان دەداو وەك دێوانەیەکی وێڵی ئەم کەژو چیایە ئۆقرە ناگرێ و لە چوست و جۆدایە، هەروەك ئاگرەکەی (پرۆمیسوس) لە تاڵ تاڵی دڵی بەربووبێ دێت ودەچێت و ئەڵهای کانیاوەکەی قەرەداخ و بالاّی شەنگ و شۆخی زەردەو، لاپەرەی داستان ئاسای نارامسین دەکات، دەیەوێت لاشەی ساردو سڕی ئەم سەردەمە زریانە، بەکوانووی گەرم وگوری رابووردوو ببووژێنێتەوە، چی بکات؟ خەمێکی خەستی ئیقلیم گیر تێکەڵ بەمەرەکەبی پیت بەپیتی هۆنراوەکەی بوە، رۆژ نیە لە گۆرستانی دڵە خەمناکەکەیدا تەرمی خەم و پەژارە مەزنەکانی نەسرەوێنێ! (کە دەڵێم گۆرستان، دیارە گوڵ و ئەرخەوانیشی تێدایە)، ئەگەر لەسەر نەخشەیەکی

بەیانی وێنەی هەست و خورپە و خولیاکانی شاعیر بکێشین، هەست دەکەین لەگەڵ هەنگاوەکانی هۆنراوەکەدا لەبەرزبوونەوەو داچوونی سەیردایە، دیارە تەنها هۆ، ئاگرەکەی دڵیەتی کە سیروان وزرێباری مەبەستە تایبەتیەکان نایکوژێنێتەوە، چونکە وەك ووتم خەمەکەی لەسنووری تاك و خۆ خواردنەوەی و جوودیانە چۆتە دەرەوەو سیمای (گشتی) وەرگرتووە، بێ ئەوەی تاکێتی (تفرد) خۆی لەدەست دابێت.

**ژیانی من چامەیەکە بەسەریەکدا تێك شکاوە**

**سەرخۆشیش بم دێر بەدێڕیم بیرخەرەوە**

**وەك ڕەخنە ساز گرێ کانیم بۆ وازبکە**

**هیماکانی هەڵبەرەوە**

٢-دەنگی دووەم (هاو دەردەکەم)

هاوڕێ گیانی بەگیانی شاعیرە، هەرکەسێك بێت! ئەویش دەتلێتەوە بە ئازاری گەورەوە، رووی دەمی شاعیر بەر لە هەرکەس بۆ هاودەردەکەیەتی، دیارە دەردی شاعیر لە دەرەوەی مەودای کاتەوە دەمێکە پێوەی دەتلێتەوە، ئەگینا بۆ دەڵێت (واپێم نایە شەوێکی تر) دیارە دەردەکەی کاریەو ترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە پێ نەنێتە شەوێکی دی.

٣- دەنگی سێهەم (پیری موغان).

لە هۆنراوەکەدا دڵسۆزەو جێ متمانەی شاعیرە:

**پیری موغان ئەمە جامی خەمی منە**

**، خەمی کەسی پێ مە پێوە.**

**لە چاومدا خۆی ناگرێ و من هەردەینێم بەسەرەوە**

شاعیر لاپەرەی خەمەکانی ووشە بەووشە پیت بە پیت بۆ والاَ دەکات، پیری موغان پزیشکی سەر برینی خەمەکانەو هەمووشت چارەسەر دەکات، شاعیر لەبەردەم پیری موغاندا دان بەهەموو نهێنیەك دا دەنێت، ئەوەتانی هەرێمی ژیانی لێ بۆتە مەیخانەیەکی سێبەر قورس، یەك لەسەریەك پێکی خەم فڕدەکات، کە کووپە دەگاتە بن ، ئینجا ماری خەم وهۆش وبیرکردنەوە، لەزمانە بلێسە دەکەوێت وچی تر ئازاری دڵە بریندارەکەی نادەن، بەلاَم هێندە هەیە بەو مەستیەش ئەوەندە ئاگای لەخۆیەتی، کە بێ داردەستە ، بێ نەوایە، سەندبادێکەو شەپۆلە بە تەوژم و ناکاوەکانی زەریای هات و نەهات هەردەم بە تاشەبەردی کارەساتێکیا دەدات.

٤- دەنگی چوارەم (شەم)ە

زۆربەی پرسیارو وەلاَم و دەربڕینی ختووکەو هەواو هەوەسی دڵ ، لای (شەم) دەرگا دەکرێت، پریاسکەی هەریمی دڵی شاعیر وشەم والاَ دەبێت، شەم نهێنیەکی مەزنەو لەدەم نەهەنگی تێکشکان و هەرەسی ڕۆژگارفڕێنراوە ، شەم لەخودی هۆنراوەکەدا- هێندەی من بزانم- دەبێتە چەند شەمێکی هێژاوئێسك سووکی دڵی شاعیر! بەلاَم بەهەر هەمووشیان دەبنە هێزوو تەزوو دەڕژێنە گورپەی دڵی فەلسەفە ومەبەست وقیبلەنمای شاعیرەوە ئەگەر شێخی سەنعان دوای بینینی ئازیزەکەی مێزەرەکەی ڕاوەشاندبێت و بوو بێتە دێوانەی سەحرا نەوەرد، دیارە شاعیر پێش بینین چۆتە ئەو دۆخەو لەویشی تێ پەڕاندوە. حەسیب قەرەداخی لەم هۆنراوەیەدا هۆشیارانە سوودی لە شانۆ بینیوەو گەلێك دایەلۆجی لەگەلّ شەم فەراهەم هێناوە، بەلاَم سەیرە! دایەلۆگەکەش لە

زۆربەی دا یەك سەرەیە، دەنگ هەر دەنگی شاعیرەو شەمیش لەهەموو بۆنەو بابەت و پرسیارە جوداکاندا واق وڕماوە! نازانێ چی بڵێ؟ تاوان لەکێوەیە، ئیتر هەر ڕێبواری شەکەتی پرسیارەو بەکێوی سەختی وەڵامدا هەڵئەگەڕێ، بێ ئەوەی بگاتە لوتکە، وەك ووتم شەم لەیەك دۆخدا بەدەرناکەوێ، وەك شەبەنگە بەڕۆژ هەرجارەی ڕوو لە ئاسۆگەیەك دەکات، گەهێ پەتیارەو شەکەتەو سەرجەم کووچەو دەرگاو پەنجەرەی شاری لێ داخراوەو بۆتە تەنیا سوارەی پێ لەعەردبڕاو:

**ئەی شەمەکەم مەیەو مەچۆ**

**باشەو لەبانی شەوی شار نەتداتە بەر**

**هەرهیچ نەبێ تۆ بمێنە بۆ زاخاوی خە نجەرەکان**

**هەر هیچ نەبێ تۆ بمێنە وەکوو مۆمێ بۆدەرەکان**

**بێ شەوقی شەم ڕێ دەرناکەن**

گەهێکی تر (شەم) لەوپەڕی تین و وزەو گورپەو هێزدایە، بەڵام لەزەمینەی دڵی شاعیردا! نەك کێڵگەی واقیع، تەنانەت دەبێتە ئاوێنەیەکی باڵانمای هەست و هۆشی

شاعیرو داینەمۆی بیرکردنەوەی:

**ئەی تۆهاتی ماڵۆچەکەکانی دڵی من شەخڵ بکەی بیان پێوێ؟**

**ئاخۆ ئەم عیشقەی تۆ دەگرن؟**

**بەچکە کەوی شعیرەکانم دەستە مۆکەی**

**ئاخۆ دەژین یاخود دەمرن؟**

جگە لە (دایەلۆگ) شاعیرەکەمان سوودی لە شەپۆلی هۆش (مونولوگی ناوەوە) بینیوە، کە ئەمە تایبەتە بەجیهانی ڕۆمان وچیرۆکەوە، ئەوەتانێ شەپۆلی خەمە ئەرخەوانیەکانی دەیدا بەتاشە بەردی ڕابوردوداو خوێنی گەشی بەهاروو کەژاڵی لە دڵ دەردێنێ:

**منیش لەناخ و سۆزم دا ئەوەی هەمبوو.**

**فرمێسکی سوێر بۆ کەژاڵ و بەهارم ڕشت**

**هەموو ساڵی حەقە پەڵە... داوای شەست ولافاو دەکەم**

**چەمی ئەشکم بیٚ وسەربکات**

**چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم وەدەر بخات.**

★★★

یەکێك لەسیماکانی تازەکردنەوە لەم هۆنراوەیەدا هەڵاوێردنی گیانی خیتابیەت و دەنگ سازی ووشك و دوانی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ مێشك و زەین دا، ئێمە لەهۆنراوەی نوێدا پێویستمان بەجیهانی ئەو دیوی وشەو بەیتەکانە، ئەوجیهانە ئەرخەوانیەی کە دوای خوێندنەوەی ڕاستەو خۆی هۆنراوەکە تەمی بە ئاسانی لەمێشکماندا نارەوێتەوەو تەلەکانی سۆزو هەست و خورپەو ڕاچەنین دێنە جووڵەو بزوان و جۆرە خورپەیەکی خۆش، یان بەواتایەکی تر (چێژی هونەری) لەناخی ناخماندا دەهەژێنن.

گەرەکە لەهۆنراوەی سەرکەوتودا مەبەست و خولیاو ویستی شاعیر بەڕێگای هەست و سۆزدا ڕوەو بارەگای مێشك و زەین بڕوات، بەپێچەوانەی هۆنراوەی کۆن، کە سەرجەم مەبەستەکان بە تیشکۆی (بۆرة) زەین دا ڕەودەکەن و

لەوێوە بە جیهانی هەست وڕاچەنین ئالوودە دەبن ئەگەربن!- لەم هۆنراوەیەدا ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشە سێبەری واتاکان هەتا بلێی پڕن لە (ئیحا) بۆ واقیعێکی تر بۆ جیهانی ئەو دیوی هۆنراوەکە، دیارە هەتا (ئیحا) کە ئەرخەوانی و سرك وخۆ بەدەستەوە دەر نەبێت، هۆنراوەکە سەرکەوتوو ترە.

## کەفتەم کەفتەی ئەم مەیخانە سێبەر قورسەم بێ داردەستم

ژیانی ئێستای شاعیر بریتی یە لەمەیخانەیەکی سێبەر قورس، دیارە ژیانەکە لای ئەم خۆی لەخوێدا بۆتە خەرابادێکی پەتیارەو بێ مەبەست، شاعیریش کەنەفت بوەو لە کونجی وێرانەیەکدا سکالاٚ دەکات، ژیان- وەك مان- بەم هەموو گەشی و نەوازەیی و پرشنگ و زەردەخەنەیەوە گەشتبێتە ئاستێك کە شاعیر لە دەستی رابکات و پەنا بباتە بەر مەی و تەنانەت مەیش دادی نەدات، دەبێت چ بایەخێکی هەبێت؟! ئەمەشیان بەهەرحالٚ! تەنانەت لەو چوارچێوە مەرگەساتەیشدا (بێ دار دەستە)، ئایا دەستەواژەی (بێ داردەست) تاریك و نووتەکی جیهان و مێژوو شارستانیەت و دەورو بەرنی یە؟
لەدوا کۆتایی سەدەی مانگی دەسکردو تەکنۆلۆژیاو... مرۆڤ بێ داردەست بێت، قومێ ئاو نەبێت قورگی وشك هەلاٚتووی پێ تەرکات کە هاوارێ بکات، خۆ ئەگەربیشی کات لەژاوە ژاوی کرین و فرۆشتن و بازارو سەفقەو دابەشکردنی جێ دەستەلاٚت کێ بەدەمیەوە دێت؟ کێ دلۆپێ فرمێسکی بۆ دەڕێژێ- ئەگەر

به درۆش بێت-، هەربۆیە شاعیر پەنا دەباتە بەر شیعر بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆیە.

## بێ شیعرو گڕ.. هەتا ماون تاجی ڕەواج لەسەر ناکەن

شیعر تەنیا چەکەو خویێ سەربرینە، مەقەست و نەشتەری ناخی ناخە، هەر بۆیە پەنای بۆ دەبات ولەو ڕێگایەوە گەمارۆی شاردەشکێنێ و گوڵ ونان و ووشە دەخات سەر سفرەی مێژووی هاوچەرخمان.

لە شوێنێکی کەدا شاعیر دەڵێت:

## وتی بینیم کۆڵە سواران بە پە نجەی کوڵ ژێ یان دەکوشت

لەکێڵگەی هۆنراوەکەدا کێشەیەکی تر سەردەر دەکات ئەویش ئامباز بوونی (ژێ) یە بۆ (کۆڵە سوار)، وەك ووتم هۆنراوەی نوێ سەرکەوتوو لەودیو ووشەو رستەکانەوە حیسابی لەگەڵ دەکرێت (ژێ) یان (کۆڵە سوار) وەك دوو چەمکی رووتی سەر بەزەین و مێشك مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، نەخێر شاعیر (ژێ)یە واتە دەنگە، شەپۆلەکانی دەگاتە هەموو کون و قوژبنێك، هەموو دڵێکی ژەنگاوی و زارەترەك دادەچڵەکێنێ، هارمۆنیاو گەرمی و هێمنیش دەئاخنێتە ئەو دڵە گەورانەوە کە خورپەی هەواڵە هەمیشە دڵ تەزێنەکان لەوزەی ناخەن و هەر لەگورپە دایە، بەڵێ شیعر نیرودا واتەنی دەنگی خودایەو شایەتی لەدایك بوونی مێژووە.

لەبەرامبەر (ژێ)دا بەم هەموو سنوور شکێنیە، (کۆڵە سوار) قوت بۆتەوە، دیارە سنووری نیوان ژێ و کۆڵە سوار، مەرگە، کۆڵە سوار ڕەمزی گەمژەیی و دڕدۆنگیە ڕەمزی چەقۆو نێزەو پەت و سونگیە، بەڵێ دووسەد ساڵە هەر کۆڵە

سوارەو جرید بازی دەكات، هەر سم و نالی كۆڵە سوارەو كۆڵە دەكوتێ و جەرگ و هەناو دەردێنێ، لەمەزراو كێڵگەی دڵدا سن و كوللەو دڕك دەچێنێ.
هەر بەدوای هەمان بەیتە شیعرا، حەسیب قەرەداخی جڵەوی هەستە گشتی یەكەی (الشعور الجمعی) لەدەست بەر دەبێ و هانا دەباتەوە بەر خەمە تایبەتیەكەی، یان بەواتایەكی تر (گشتی و تایبەتیەكە) هاوكێش دەكات وە دەڵێت:

**منیش لەناخ و سۆزم دا ئەوەی هەمبوو..**
**فرمێسكی سوێر بۆ كەژاڵ وبەهارم ڕشت**

هەرچەندە من لای خۆمەوە بەستنەوەی ئەم لایەنە (تایبەتی و گشتی یە) لەم شوێنەدا بەساچانێكی بەهێز دانانێم و هەرگیز وەڵامی پساندن و لەناوبردنی (ژێ) بەو دوو بەیتە نارسكێ.
لەوانەیە هەبێت دڵی چەكەرە بكات، كە گوایا شاعیر بۆ هانا دەباتەوە بەر فرمێسك و چەمی ئەشك و گریان؟
تۆ بڵێێ ئەمە بێ وزەیی  سارد بوونەوە- و ڕشبینی بێ؟
نەخێر گریانە كەی شاعیر- ئەگەر گشتیش بێت- گریانە بۆ شارستانیەت، بۆ مرۆڤ، بۆ مێژوو بۆ
هەموو دیاردەیەكی پیرۆز كە دووسەدەیە بە دەستی كۆڵە سوار گۆڕەو شار دەدرێ و دەرزی ئاژن دەكرێت، ووشەی فرمێسك، یان فرمێسكی ووشە لەهەندی بارودۆخدا دینامیكیەتی داهێنانەو دەتەقێتەوە، ئایا نالی دوای ئاوارەیی و هاتنی ڕۆمەكان (قوربانی تۆزی ڕێگەتم..)ی نەنووسیایە چی

بنووسیایه؟! ئەگەر هۆنراوەیەکی سەر لێو لە گەشبینی دردۆنگانەی قاچ لە واقیع براوی بنووسیایە، ئەو کاریگە ریەی ئێستای دەبوو؟ ئایا سالمی دەخستە سەر کەلکەلەی وەلامە قەشەنگەکەی؟ من هەردەم ووتومەو دووپاتیشی دەکەمەوە گەشبینی بێ بنەماو فەلسەفە و ڕەشبینی وجوودیانە دوو ڕووی دراوێکی قەلبن.

لە هۆنراوەی سەرکەوتوودا هەندێ ناوچە هەن کەتەوەرەی تیشکن و لەوێوە زۆربەی بۆچوون و مەبەستەکانی شاعیر بەگەشی خۆیان دەنوێنن و دەشێت ببنە (تیشکۆی (بؤرة) هەست و خولیای شاعیر، دیارە ئەم هۆنراوەیەش وەك هەر هۆنراوەیەکی تر، هەندێ لەو ناوچانە بەخەستی دەستیان گرتووە بەسەر لایەنەکانی تردا و بوونەتە سەرقافلەو جلەوی هەستی خوێنەر، هەر بەلای ئەو چەند شوێنە ڕووناکەدا دەبەن، لەهۆنراوەی کۆندابەم دیاردەیە وتراوە (شابەیت)، هۆراس پێی ووتوە (الرقعه الارجوانیه)، دیارە هەتا ئەم (شاواتاو وێنانە) پتر بن هێندەی تر هۆنراوەکە گۆی هونەری دەباتەوە، دەبێ شاعیری وریا ئاگای لەوەش بێت کە دەڵێین ناوچەی زۆر ڕووناك لەچامەدا، نابێت لەبەرامبەریا ناوچەی زۆر تاریکیش هەبێت، چونکە لەو کاتەدا تاریکی و ڕووناکی هاوسەنگ دەبن و لە ئاستی هونەریی هۆنراوەکە کەم دەبێتەوە، دەبێت لە هۆنراوەی بەبڕشت و سەرکەوتوودا بەشێوەیەك ئەو دیمەنانە دابەش بن لەسەرپانتایی چامەکە سیمای دەست کردوو نەساچانی پێوە دیار نەبێت، گەرەکە پەیوەندیەکی ئۆرگانی پتەو نەك بەتەنیا هەموو لایەنەکان شەتەك دا، بەڵکو لێکدا بتوێنێتەوەو گیانێکی نوێ بکرێتە بەریان،

لەهۆنراوەی (شەوێکی تر)دا هەندێ ناوچە خەرمانەیان داوەو ئەجریوێنن و لوتکەی مەبەستە سەرەکیەکانی شاعیر ئوقرەی تێدا گرتوون و بوونەتە تیشکۆ (بۆرة)، ئەم ناوچانەش بەشێوەیەکی هێڵکاری ئەندازیارانەی ئەوتۆ ڕەخساون کە هێندەی تر هۆنراوەکەیان تەڕوو بڕ کردووە، لەسەر دەروازەی هۆنراوەکە چرای دوو بەیت هەڵکراوەو تیشکی گەش دەگرێتە بەیتەکانی بەردەمی:

## دیسانەوە - هاو دەردەکەم - وا پێم نایە شەوێکی ترجامی خەمم هەتا لێوە

ووشەی (هاودەردەکەم) خۆی لەخوێدا لەڕووی فۆنەتیکەوە پڕە لە هارمۆنیای خەم ووەفا، کامە هاو دەرد؟ هاو دەردی ڕێگایەکی هات و نەهاتی پرزە لێ بڕاو! یان هاو دەردی مەیی خەست و خۆڵی بیرو مەبەست! خۆلە پێش (هاو دەرکەدەکەم)دا ووشەی (دیسانەوە) هاتوە کەواتای نەپسان و نەڕەوینەوەی تەمی خەم و ئیستمراریەتی ژیانی ئەنگوستە چاوە، بەدوای (هاو دەردەکەمدا) دەستە واژەی (واپێم) نایە شەوێکی تر) دێت، دیارە مەبەست لە شەو (لیل) (Night) نیە، بەڵکو شەوێکی فراوانترو ئۆقیانووسێکی ئەنگوستە چاوترە، شەوی هەل و مەرجی لەبارە بۆ گەمارۆدانی تەنانەت ترۆوسکاییەکیش، شاعیر بەتەمای ئەوە نیە فارگۆنی تەمەنی لە وێستگەی هیچ شەوێکی تردا ئۆقرە بگرێ، چیای سەرکەشی ئەو شەوە تارەی شاعیر هێند بڵندە کاڵەو پێتاوی هاموون و داموونی دەوێ و لەوزەی ئەمدا نیە، دیارە هەست کردن بەبێ وزەییەکەش هێندەی تر شەوەکەی لێ دەکەنە شەو.

لەدوای یانزە دێر ، کەلام وابێت هێشتا تیشکی گەشی سەر دەرگانەی چامەکە هەرماوە، ناوچەیەکی ڕووناکی تردەدێتە کایەوە، بەڵام لەڕەنگێکی ترو لەبارێکی کەدا، شاعیر دەڵێت:

**هۆ شەمەکەم شەمی دێڕی تێ ڕوانینم**
**منی سەنعان مێزەرەکەم کرد بە (زوننار) بەر لە ئەوەی سەر هەڵبڕێت**
**کەمن چاوم بەچاوت کەوت- چۆن دەتوانم**
**بڵێم من شێخی سەنعانم؟!**

لەدوای حەوت دێرە شیعری تر دیسانەوە ناوچەیەکی ڕووناك و سازگاری تر لەهەرێمی قەسیدەکەدا دێتە بەرچاو و دڵی خوێنەرەوەو ئاوڕدانەوەیەکی هەست و نەستی مرۆڤ ڕەوو جیهانی چێژی هونەریی پاراوو دڵگیر دێتە بەردەممان:

**هەمووساڵی حەقە پەڵە.. داوای شەستە و لافاو**
**دەکەم چەمی ئەشکم بێ و سەربکات**
**چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم**
**وەدەر بخات**

حەوت هەنگاوی تر (واتە حەوت دێڕی تر) لەکێڵگەی هۆنراوەکەدا دەگوێزینەوەو ئەستوونی دەوارێکی تر دەچەقێنین، ئەم دەوارە بنکەی مەشق وخۆ ئامادەکردنە بۆ سووربوون لەسەر کۆڵنەدان وپێکدا هەڵپژان:

**وەکوو (سیزیف) هەر بەتەنها تاشە بەردی**
**ئەم خولیایە**
**سەردەخەم ودەینێمە سەر نەڕی شانم**

دوای ئەوەی فارگۆنی هەستمان هەشت وێستگەی (بەیتە شیعری) ترجێ دەهێڵێ، ئەم جارەیان دوو گڵۆپی ئێجگار گەش، یان دوو خۆر لەبەندەن ونسیێ هۆنراوەکە هەڵدێت و هەرێمی سەرجەم هۆنراوەکە دەکاتە مەشخەڵاّن ودەتوانم بەلوتکەی هۆنراوەکەی دابنێم:

**من ئەو ( زەردەم ) بێ بم بینە جێگە نوێژی**
**نارامسین بووم چۆڵم مەکە**
**فێری حەوزی ( سەرچاوە ) کەی قەرەداخم..**
**قەت ناچاری تەیەمومی خۆڵم مەکە**

بێگومان لەلوتکەوە ئیتر بەرەو بنار دەبینەوەو لەوێ وەك سیماو بۆن وبەرامەی هۆنراوەکە، کە تایبەت بێت بەخاوەنەکەی، دارتێلی چرایەکی گەشی خەرمانە داو، سنووری هەرێمی چامەکە دەکێشێ:

**بێ تۆ گوندێکی وێران وبێشکەیەکی بێ مناڵم**
**بێ تۆ ساوای زەدەی دەستی شەو لەبان ودایکی هاڵم**

سەرنجێکی وردی ڕەخنەگرانە گەیاندوومیەتە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر تووشی نامۆ بوون بووە، نامۆبوون (الاغتراب) (الاستلاب) دیاردەیەکی ژیانی مرۆڤە گەلێ هۆ دەبێتە سەر هەڵدانی و تەنانەت چارەسەرکردنەکەشی ڕێژەییەو چوون یەك نیە، بێگومان جیاوازی ڕێبازە فەلسەفی و ئایدولۆژیاکان سنووری جیاوازیان بۆ هۆو تەنانەت چارەسەری نامۆ بوونی مرۆڤ داناوە، (ڕۆسۆو گۆتەو ئینگلزو شیللەرو فیورباخ..) هەریەکەو لای خۆیەوە لەم دیاردە

نالەباره دواوەو هۆو ئەنجام و چارەسەرەکەشی دیاری کردووه، دیاره برۆگرامی ئەم نووسینەم بواری درێژەدانم ناداتێ لەم بوارەدا، ئەوەنده نەبێت کەخوێنەر ئاشناکەم به نامۆبوون.

نامۆبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یەو لەئەنجامی دابەش کردنی (کار) لەکۆمەڵدا هاتۆتە کایەوه، دیاره جیاوازی کۆمەڵایەتی و دابەش بوونی سامان بەشێوەیەکی ناڕەوا دەبێتە هۆی لنگەو قووچ بوونی ڕاستی و یاساو دادو ژیانەوه، شتەکان لەسنووری یاسای تایبەتی خۆیان دەردەچن و ژیان لەهەموو بارو دۆخێکدا دەشێوێت و مرۆڤیش وەك هەرشمەکێ (سلعة) ئاتەڵ و واتەڵی پێ دەکرێ وجڵەوی چارەسەری لەدەست بەردەبێ و تووشی نامۆ بوون دەبێت، لەهۆنراوەی (شەوێکی تر)دا سێ جۆر نامۆ بوون هەست پێ دەکرێت:

١-نامۆ بوونی جێگا

٢-نامۆ بوونی کات

٣-نامۆ بوونی ئەنتۆلۆجی

١-نامۆ بوونی جێگا: دیاره مەبەست لەشوێنی ناو هۆنراوەکەیه که ئەویش ڕەنگدانەوەی نالەباری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریه، کاتێك که مرۆڤ دووچاری نامۆ بوونی جێگا دەبێت ئیتر شوێن و هەواو کەژو چوارچێوه مەکانیەکەی لێ دەبێزرێت و وەك لەسەر درك دانیشتبێ زەوی و ئاسمانی لێ دێتەوه یەك، ئەوکاتەی که مرۆڤ لەشوێن و جێگای خۆی دابر دەکرێت و دوور دەخرێتەوه، ئیتر هەستی نامۆیەتی له دڵ و هۆشیا چەکەره دەکات، هەربۆ نموونه، کاتێك که مرۆڤێکی فەلەستینی لەنێو باخ و دارستانی زەیتوون و

لیمۆو مێرگەکانی حەیفاو یافاو جەلیل دوور دەخرێتەوەو دەفڕێنرێتە وولأتێکی تر گریمان (ئەوروپا)، دیارە بەناچاری تووشی نامۆ بوونی جێگا دێت و ئەم دیاردەیەش بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەرانە باری دەروونی و هەڵوێست وبیر تووشی دۆخێکی نوێ دەکات، خۆ هەندێ جاری تر مرۆڤ لەو زەوی و خاکەی خۆیشیا هەردووچاری نامۆ بوون دەبێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە بەرهەمی هەوڵ وتەقەللاکەی دەچێتە گیرفانی کەسانی ترەوە، ئەم هۆنراوەیە وەك ووتم لێورێژە لە نامۆ بوون لەگەڵێ مەوداو کووچەو پانتایی ژیان دا، نامۆبوون لەدێرەوە کالأیەکەو بەبالأی ئەم رۆژهەلأتە بڕراوە، نامۆ بوون نەخشی تەوێڵی گەڵێ بەرهەم و قۆناخی پڕ لەهەڵەتی ئەم هەرێمەیە، حەسیب قەرەداخیش وەك نەوای ئاوازێکی نامۆ بوون لەگوێچکەی دڵمانا دەنگ دەداتەوە، خەیالی شاعیر هەتا وەك هەڵۆیەکی بەرزەفڕو دوورە دەست خۆی بنوێنێ هێشتا هەرزادەی واقیعەو ئازووقەو ڕەنگ و هێڵ و سێبەرو.. هەر لەواقیعەوە وەردەگرێ و لەدواجاردا هەر دەبێتەوە پابەندی دەورووبەر بۆ؟! چونکە ئەوەی کە خەیاڵەکە دروستی دەکات ورێکی دەخات مێشکە، مێشکیش خۆی مادەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەو توخمانەی کە خەیاڵ تابلۆو وێنەو ڕووداوی لێ دروست دەکات ئازووقەی واقیعەو گرنگی شاعیر لەم بوارەدا:

١-ڕێك خستن وساچاندنی ئەو توخمانەیە لەدیمەنێکی شیاودا.
٢-هێنانە دی جۆرە تابلۆیەك، کە هەرچەندە دیاریش نەبێت لەزەمینەی واقیعدا، بەڵام دەشێت لەو جۆرە هەبێت و گرنگی شاعیریش لە گەڕان و دۆزینەوە دایە.
٣-هێنانە کایەی بابەتێك کە ئاڵ وگۆڕی کات وجێگا کاڵی نەکاتەوەو بەدرەشاوەیی، لە ئاسەواری ژیان دا هێژاو مەزن بێت.
ئێستا بەشێك لەم تەرزە نامۆبوونە لەم چامەیەدا دەست نیشان دەکەم:

**من ئەو ( زەردە )م بێ بمبینە جێگە نوێژی نارامسین بووم**
**چۆڵم مەکە**
**فێری حەوزی ( سەرچاوە ) کەی قەرەداخم**
**قەت ناچاری تەیەمومی خۆڵم مەکە**

شار شاری (شەم)ە وهەست و خولیاکانی، تەنانەت لەپریاسکەی دڵیشیا خۆیان شاردۆتەوە! کەچی بەوحاڵە شەوە نەك لە ماڵ بێزار کراوە، بەتەنیا، بەڵکوو ئاشنابوونەوەی بەهەواری (جێگا) واتە ماڵەکەی ملی لەپەت نزیك دەکاتەوە:

**ئەی شەمەکەم مەیەو مەچۆ**
**باشەو لەبانی شەوی شار نەتداتە بەر**
**هەرهیچ نەبێت تۆ بمێنە بۆزاخاوی خەنجەرەکان**
**هەرهیچ نەبێت تۆ بمێنە وەکوو مۆمێ بۆ دەرەکان**
**لە کۆچە ڕێی کۆچەریدا هێندە دەرە هەڵکەنراوە**
**بێ شەوقی شەم ڕێ دەرناکەن**

با خوێنەر ئاگای لەوەش بێت کە نامۆ بوون دوو جۆرە:-
یەکێکیان ڕەفزێکی بێ سەروو بەری (سەلبی) واقیعە و قایل نەبوونە بە دیاردە ناشایستەکانی، کە دەشێت لە هەندێ قۆناخدا هەر بەجۆرێك لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی دا بنرێت.
دووەمیان ڕەفزێکی هۆشیارانەی یاسا نەساچاو ونالەبارەکانە، واتە لەگەڵ ڕەفزەکەشا چارەسەرێکی مەنتیقیی دەدۆزێتەوە، دیارە ئەم جۆرەی دووەم لەشیعرا نارِسکێ ، چونکە بابەتی شیعر ڕێگا بەچارەسەر نادا، لەهەندێ شوێنی چامەکەدا دووسێ جۆر نامۆبوون هەست پێدەکریت، هەربۆیە ناوی (نامۆبوونی گشتی)م بۆ هەڵبژارد، ئێستا لەپ دەخەمە سەر برینی ئەو بەیتانەی کە خوێنی نامۆ بوونیان لێ دەتکێ، خوێنێك کەدەشێت تەنانەت خرۆکەکانیشی نامۆ بن بەیەکتری و لەکێشەیەکی نەپساودا زۆرانبازی بکەن، شاعیر دەڵێت:

**ژیانی من چامەیەکە بەسەر یەکدا تێك شکاوە**
**سەرخۆشیش بم دێر بەدیرِیم بیر خەرەوە**
**وەك ڕەخنە سازگرێکانم بۆ وازبکە**
**هێماکانی هەڵبەرەوە**

ئەگەر (من)ە کە خۆی بێت یان هەر خەڵکانیێ! هەرتێك شکاوو پەتیارەو نامۆیە، دڵەڕاوکێ (قلق)و سەراسیمە بوون خۆی لەخۆیدا هێندەی تر هەوری نامۆبوون بەسەر ئاسمانی دڵیەوە تێك دەچڕ ژێنێ؟ دیارە هێشتا ئەنجامی گەیشتن لەدەروونی شاعیردا سەوز نەبووەو ئاگری (قلق) کە خۆی لەخۆیدا

دینەمۆی داهێنانی شاعیری ئەم سەردەمەیە بەردەبێتە گەڵای پرسیارەکان و دەبنە کۆڵو، لەشوێنێکی تردا لەئاست شەمەکەیدا تووشی جۆرە نامۆ بوونێك دەبێت وبچووك دەبێتەوە:

**باشە ئاخر تۆ پرسیوتە من لە کێشی ئەم بارەدام یان دەڵێت؛**

**درەختێکم بێ سەیرکە..**

**ئاخۆ چۆن چۆنی ڕواوم**

**ئاخۆ سایەم کەڵکی هەیە لەرێگەتا ببمە سایەت**

**لە ئینجیلی بەر باخەڵتا دەشێ منیش ببمە ئایەت**

سەیری پەنجەی ئەم پرسیارانە کە، چۆن ڕچیوە بەئەڵقە ڕێزی دڵی شەم و مێژوو شارستانیەتەوە، پرسیارەکان خۆیان لەخۆیان دا دەرزی ئاژنن بە دڵەڕاوکێ بەرامبەر بەچارەنووسی خولیاکانی شاعیر، دڵەڕاوکیێ داهێنان وهەست بە پرسیارێتی کردن بەرامبەر بە دوارۆژی ویستەکانی ئینسانی کورد وەك هەر مرۆڤێکی ئەم زەمینە،

**ئەی تۆ هاتووی ماڵۆچکەکانی دڵی من شەخل بکەی بیان پێوی؟**

**ئاخۆ ئەم عیشقەی تۆ دەگرن؟**

**بەچکە کەوی شیعرەکانم دەستە مۆکەی**

**ئاخۆ دەژین یاخود ئەمرن؟**

لەوانەیە خوێنەری ئاسایی کە چامەی (شەوێکی تر) دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات کە پەخشانە شیعرێکی ڕوونەوە هیچی تر.

بەلاٚم کاتێك کە لەشەن و کەوی ڕەخنەی هونەری دەدەین، زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خاوەنەکەی مامەڵەیەکی هوشیارانەی کردووە لەگەڵ ڕەوتی کێش وسەروادا، تەوەرەی سەرەکی کێش لەچامەی (شەوێکی)تردا بریتی یە لە (٢٤)بڕگە (مقطع) کە بەسەر (شەش) کەرت دا دابەش دەبێت، واتە هەر کەرتەی (تفعیلە) بریتی یە لە چوار دەنگ.

هەر بۆ نموونە دێری یەکەم بریتی یە لە (٢٠) بڕگە، دێری دوای ئەو (٨) بڕگە، دێڕی سێیەم (٢٤) بڕگە، دێڕی چوارەم (٢٠) بڕگە، دێڕی پێجەم و شەشەم (١٢) بڕگە، دێڕی حەوتەم (٨) بڕگە، کەواتە تەوەرەی سەرەکی لەم هۆنراوەیەدا چوار دەنگە، ئیتر ئەم تەفعیلەی چواریە لەسەر جەم هۆنراوەکەدا خۆی دەنوێنێ. لەڕووی سەرواشەوە وەك هەر هۆنراوەیەکی نویێ سەرکەوتوو داب و نەریتی قافیە سازی خۆی بەرنەداوە، بەلاٚم لەشێوەی جیا جیا دا، دەبینین پێنج دێڕی یەکەم ودێڕێکی دواتریش، بە (وە) کۆتایی هاتوە، دوای ئەمە قافیەی (م) دەست پێ دەکات و... هتد ئەوەی شیاوی وتنە، هیچ جۆرە زۆر لە خۆکردن (تکلف) و ماندووبونێك بەقافیەکانەوە دەرناکەویٚ، خۆ لەوانەشە شاعیر ئەزیەتی خۆی دابێت هەتاهۆنراوەکەی فەراهەم هێناوە، گرنگ ئەو وریایی و وەستایەتیەیە کە ماندوبوونەکە لە چوار چێوەی زۆر لە خۆکردندا وەدەر نەخات، چونکە شیعر نووسین چەند بەهرەو خورپەو راچەنینی دەوێت هێندەش وەستایەتی و وردەکاری و سنعەتکاری دەوێت، شاعیری ئەم سەردەمەش گەرەکە قایل نەبێت بەو بەهرە خۆڕسکەی، گەرەکە ئەو بەهرەیە بارگاوی کات بەڕۆشنبیریەکی شیعریی قووڵ وفراوان.

من هەردەم دژی ئەو رایانەم کە هەندێك دەڵێن نابێت لەڕەخنەدا بوترێت (دەبوو وابوایە) یان (خۆزگە وا دەبوو) بۆ نابێت؟! ئەگەر ڕەخنەگروەك (ستانلی هایمن) دەڵێت (ئەندازیاری چاوتیژی خانوو بەرەی ڕستەو ووشەو پیت بێت) دیارە لەو بارەدا دەبێت، نەك لەخەڵکانی تر، زیاتر چێژ لەواتاو جوانی هۆنراوەکە وەربگرێت بەتەنیا، بەڵکوو هەستیش بەکەم و کووڕی و لایەنە لاوازەکان بکات، لەو حاڵەتەدا گەرەکە کەم تابێشی باری سەرنجی خۆی دەبڕێ و وەك توخمی داهێنانێکی نوێ لەسەر ئەو داروبارە نەگونجاوە، چەند ڕاو بۆ چوونێکی تازە بنیات بنێت، واتە ڕەخنەکە دەبێتە (داهێنان لەسەر داهێنان)، یان بە واتایەکی تر، لەم بوارەدا کێشەیەکی توندی نێوان بنیات نان و ڕووخان دێتە کایەوە، دیارە دەوری ڕەخنەگر، داهێنان وبنیات نانی نوێ یە لەسەر دارووباری کوختەی بەرهەمە نەساچاوەکان لەگەڵ یاسای داهێناندا، ئەم هەموو هەوڵ وکوششەی ڕەخنەگر، جگە لە هەوڵدان بۆ داهێنان، دەبێت کەم تابێشێ گۆڕ بداتە بەر گیانی داهێنەرانەی شاعیر نەك، بۆ ئەوەی شاعیر بەتەنیا لە هەندێ بۆچوونی خۆی پاشگەزبێتەوە، بەڵکو لەهۆنراوەکانی داهاتویدا ئەو لایەنانە بەگرنگ بزانێ و بەرهەمەکانی پێ بخەمڵێنێ، ئەمە جگە لەمشت و ماڵ کردن و زاخاودانی هەستی خوێنەر بە چێژی بەرهەمی ڕەسەن و خولقاندنی هۆشیاری جیاکردنەوەی بەرهەمی سەرکەوتوو نا سەرکەوتوودا.

لەم بنەما ڕەخنەییەوە هەندێ ڕای تایبەت بەرامبەربە چۆنێتی دێرە شیعرەکان وڕادەی ساچانیان دەردەبڕم شاعیر دەڵێت: (وەك ڕەخنەساز گرێ

کانیم بۆ وازبکە)، من دەڵێم ئەگەر شاعیر بیەوێ ایقاعی ناوەوەی دێرەکە بەهێزو سوارتر بێت و جۆرە هارمۆنیایەك بگرێتە خۆی دەبێت بڵێ (وەك ڕەخنەساز گرێ کانیم بۆ بکە واز)، واتە قافیەی ناوەوەدێتە کایەوە لەنێوان (ساز- واز)دا، شاعیر دەڵێت (درەختێکم بێ سەیر بکە) ئەگەر بیوتایە (درەختێکم بێ سەیر کە) سوار تر دەبوو ، یان بیوتایە (درەختێکم بنواڕە بۆم) کە ئەمەیان بەهێزترە، نەك لەبەر ئەوەی کە ئەمیش هەشت بڕگەیەو لەگەڵ ڕێبازی سەرەکی چامەکەدا دەڕوات بەتەنیا، بەڵکوو ئیقاعی ناوەوەی خۆشتر دەبێت، بەتایبەتی جۆرە ئالوودەییەکی مۆزیکی لە نێوان پیتی (م) لە هەردوو تەفعیلەی (درەختێکم) (بنواڕە بۆم) دروست دەبێت.

شاعیر دەڵێت ***(من ئەو زەردەم بێ بمبینە جێگە نوێژی نارامسین بووم)*** ئەگەر شاعیر بیوتایە (نارامسینم) گەلێ بەهێزتر دەبوو، چونکە لە (نارامسین بووم)دا دەس بەردار بوون و ساردبوونەوە و واز لێ هێنان دەردەکەوێ، بێگومان شاعیر نایەوێ وابێت بەلاٚم ڕستەکە هەر ئەوە دەدات بەدەستەوە، واتە ویستی شاعیر ۆشێوەی دەربڕینەکە بەدوو هێڵی دژدا دەڕۆن، بەلاٚم لە (نارامسینم)دا درێژەدان (استمراریە)و سووربوون خۆی دەنوێنێ. شاعیر دەڵێت: (قەت ناچاری تەیەمومی خۆڵم مەکە) (تەیەموم) هەر بەخۆڵ و تۆز دەکرێت، کەواتە (خۆڵەکە) زیادەیە، گەرەکە شاعیر هەردەم ئاگای لەچڕ (تکثیف) کردن بێت، واتە ووشە بەفیڕۆ نەدات، خۆ ئەگەر بیووتایە (قەت ناچاری تەیەمومی سارام مەکە) ڕەخساوتر دەبوو، شاعیر دەڵێت: (لە

كۆچەڕیێ كۆچەری دا) دووجار گۆكردنی ووشەی (كۆچ) بەسەر یەكەوە جۆرە دان ئالێ بوونەوەیەكی تێدایە، هەروەها دەڵێت (ئاخۆ سایەم كەڵكی هەیە لەڕێگەتا ببمە سایەت)، سەبارەت بەم ڕستەیە دوو تێبنیم هەیە:
یەكەمین: بەكارهێنانی (سایە) لەیەك دێڕداو بەیەك واتاش جۆرە شاشیی و زوشتی یەكی تێدایە.
دوەمین: (لەڕێگەتا ببمە سایەت) ئێجاگار ناخۆشەو چێژی هونەری پێی قایل نابێت، ئینجابۆ قوتار بوون لەهەردوو لاوازیەكە ئەگەر بوترێت (ئاخۆ كەڵكی ئەوەم هەیە لەڕێ و بانا ببمە سایەت) یان هەر چیەكی تر..
چونكە بەكارهێنانی (تا) لە (ڕێگاتا) وە ت (لەسایەت) كەڕاناوی كەسی دووەمەو بەسەریەكەوە ناگونجێن، بەتایبەتی لەهۆنراوەی بەهێزدا، یەكێ لە سیفاتەكانی چامەی (شەوێكی تر) وەك لەسەرەتادا ووتم خوڕی وڕەوانی و دوور لەخۆكردن و ڕاستگۆیی هونەریە ، جگە لەوەش شاعیر وەك هەندێ شاعیری تازە! تووشی نەزیفی تابلۆی هونەری نەبووە، واتە نەهاتووە كۆمەڵێكی زۆر وێنەی شیعری نامەئلوف وپڕ لەتەمومژ تێك چڕژێنێ و خوێنەر سەرا سیمەكات ، خۆ لەلایەكی ترەوە هێندە بە خێرایی خۆی نەداوە بەدەستەوە هەتا لێی بێ دەنگ بم، ئەو خوازەو لێك چواندنانە (التشبیە والاستعارە)ی كە بەكاری هێناون لەرووی ستاتیكای ڕەوان بێژیەوە بەسەركەوتوو لەقەڵەم دەدرێن، چونكە بەپلەی یەكەم ئیحا بەخشن و دوورن لەڕاستەو خۆیی و شتی جووراوەی خەڵكانی تر، هەر بۆ نموونە (شاعیر)ی لێك چواندووە بە (ژێ) دیارە ژێش دروستكەری دەنگ و ئاوازو سازو هارمۆنیای

ژیانە، ژێ ئەگەر دەنگەکەی ڕەوابێت دوای پسان و تەنانەت قرتاندنیشی، ئاوازەکەی لەگوێچکەی مێژوودا دەزرنگێتەوە و هەتا هەتایە کپ بوونی نیە. شاعیر دەڵێت:

**چەمی ئەشکم بێ و سەربکات**

**چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم وەدەربخات**

ئەوەی لەم تابلۆیەدا ئیحا بەخشە، بەتەنیا چەمی فرمێسکی سەرکردووی شاعیرنیە، بەڵکوو چەوی سوورە، چەوی دەردی گران و ئازاری خەست و تەمەنێکی ئاژنراوە بەدەرزی خەم و فرمێسك و خاکە ساری و لەگەڵ هەمووشیانا شەرەفمەندانە!

شاعیر دەڵێت (ووتم هەرچی ژنە کوردە بڵێ بەخەنجەر دووگیانم) مەبەست لە دووگیان (ئاوس بوون) یان (سك پڕبوونە)، دیارە لای شاعیر گەرەکە ئافرەت بەخەنجەر دووگیان بێت، خەنجەرێ کە ڕەفزی کێلان بکات و هەردەم لە فرسەتدا بێت بۆ دوژمنانی ڕاستی و شیعرو نان و سەربەستی، هەروەها شاعیر دەڵێت:

**بێ تۆ گوندێکی وێران وبێشکەیەکی بێ منالم**

شاعیر، یان (وەلی) بێ (شەم) ، لێکچوێنراوە بەگوندێکی وێران وبێشکەیەکی بێ مندالَ، کە ئەم دوو دیمەنە دزێوو نا لەبارە ڕەمزی ئاوابوونی خۆری شارستانیەت و هەڵبزڕکانی دیمەنی شیرینی مرۆڤایەتی و کپ کردنی ئاوازە ئەرخەوانیەکانی سروشتە.

ئێستا با وەڵامی ئەوپرسیارە بدەمەوە کە لەسەرەتادا وروژاندم و وەڵامەکەیم دواخست، ئایا یەکیەتیەکی ئۆرگانی (الوحده العضوية) لەچامەی (شەوێکی تر) دا هاتۆتە دی؟!

سەرچاوەی تیورە ڕەخنەییەکان لەبواری یەکێتی ئۆرگانی هۆنراوەدا گەلێ بیرووڕاو بۆ چوونی جودایان دەربڕیوە، هەر بۆ نموونە هەندێکیان دەڵێن: ئەگەر لەهۆنراوەیەکدا، هەندێ بەیت و دەستەواژەمان لابرد، یان پاش وپێشمان خست و مەبەستی سەرەکی نەگۆڕا ، ئەوا (یەکێتی ئورگانی) نەهاتۆتە دی، هەروەك لاشەی مرۆڤ، ئەگەر پارچەیەکی لێ لابرێ ئەوا ناخەملێت و کورت دێنێ و یەکێتی. ئەندامەکان کە مرۆڤ دێنێتە کایەوە نایەتە گۆرێ ، دە ئەگەر بەم پێ یە بێت هۆنراوەی شەوێکی تر دەتوانرێت هەندێکی لێ لابرێت یان پاش و پێش بکرێت ومەبەستە کەش نەدۆڕێنێ ، کەواتە بەم گەزوو گرێیە ئەویەکێتیە ئۆرگانیە نەهاتۆتە دی .

بەڵام هەندێ ڕای تر زیاتر پێ لەسەر (یەکێتی هەست و سۆزو بیرو مەبەست و هەڵوێست) بەرامبەر بەواقیع دادەگرن، کە من خۆم ئەمەیانم پتر بەلاوە ساچاو و شیاو ترە لەگەڵ هۆنراوەی نوێ دا، دە ئەگەر ئەم لایەنەیان بکەینە تەوەرەی مەبەست، ئەوا دەڵێین یەکێتی هەست وسۆز و بیر لە چامەی (شەوێکی تر)دا هاتۆتە گۆڕێ و پتر ئەم لایەنە بیریی و ویژدانیە زاڵە بەسەر هەنگاوەکانیا، نەك یەکێتی واتای جیا جیای بەیتەکان وەك فۆڕم.

لەم چامەیەدا ئەو یەکێتی هەست و سۆزو هەڵویست و خولیایە لەسەر چەند تەوەرەیەك شەتەك دراون کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١-یەکەم تەوەرە (محور) کە باڵی کێشاوە بەسەر چامەکەدا خەم وهەنسك وئازارە گەورەکانە کەلە بۆتەی تایبەتی وگشتی یا تواونەتەوە.
٢-هەست کردن بەلاوازی مرۆڤ لە ئاست هێزوو دەسەلاْت و توانای دەورووبەردا
٣- ئەم کزی مرۆڤە لە ئاست گوڕو توانای کاتیی دەوروبەردا شاعیری بەیەکجاری نەکردۆتە پابەندی واقیع، بەڵکو جارە ناجارێ تیراژی هیوایەکی ئەرخەوانی گەش ، خانەکانی دڵ و دەروونی ڕووناك کردۆتەوەو پێی ناوەتە ئەو دیو سنووری دەستەمۆ بوون وەك دێڕەکانی ١٨، ٣٣، ٣٤، ٣٦، ٥٠، ٦٣. .
٤-گرنگی دان بە بەهای شیعر لەڕەوتی ژیانی ئەم سەردەمەدا بەتایبەتی شیعرێك کە لێو ڕێژبێت لە هەڵوێست بەرامبەر بەهەموو بوارەکانی ژیانی ئەم سەردەمەی کورد وەك دێڕەکانی ٢٩- ٣٠- ٥٤- ٥٥، دیارە شاعیر تەنانەت ژیانە تایبەتیەکەشی تەرخان کردوە بۆ مەسەلەی شیعرو گرنگی بایەخەکەی.
٥-تیکەڵ کردنی هەندێ هەست و سۆزو خورپەو راچەنینی ئەوین و خۆشەویستی و خەمی تایبەتی بەچەمی سەرکردوی خەمە گشتیە مەزنەکان.

* ئەم بابەتە لەگۆڤاری کاروانی ژمارە (٨٢) ساڵی ١٩٩٠ بڵاوبۆتەوە

## بابەتی شەشەم

# گەشتێك بە گوڵزاری هەمبانە بۆرینەدا

تائێستا نزیکەی پەنجا فەرهەنگ و فەرهەنگۆك و لیست و پاشکۆ لەلایەن زانایانی کورد و بێگانەو رۆژهەڵات ناسان لە شێوەی پەخشان و هۆنراوەدا بەچاپ گەێنراون، دیارە ئەم فەرهەنگانە لە رووی چەندێتی وچۆنێتی و ئاست و پرۆگرامە کانیانەوە چون یەك نین، سەرجەم هەوڵەکان دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاریی خۆیی و بابەتین و هەر یەکەشیان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە چ بە گوێرەی ئەو کاتەی کە چاویان تێدا هەڵهێناوە وە چ بەگوێرەی ئاست و بەهرەی خاوەنە کانیانەوە، وە توانیویانە کەم تا زۆر گوڕ بدەنە کاروانی فەرهەنگ نووسی کوردی لە بەرەژور کەو کەندو لەندی رۆژگاری پڕ لە نەهامەتی میللەتە کەماندا. (١)(نەوبەهاری) ئەحمەدی خانی دەستە چیڵەو پێشڕەوی ئەم کاروانە نەسرەوت و پڕ شکۆیە بوو. هەر بەدوای ئەم پێشەوا مەزن و بەهرەمەندەدا (هەدیەی حەمیدیە) ی یوسف ضیاءالدین خالدی پاشاو (ماوریزۆ گارزۆنی) ئیتالی و (ئەحمەدی) شێخ مارف نودێ و (کرمانجی ژوروی) لێرخ ی رۆژهەڵات ناسی روس و (فەرهەنگی کوردی فەرەنسی) ئاژابا و فەرهەنگەکانی فارێزوڤ و چەرکەزی بەکۆو قەناتی کوردۆو میجرسون و ئاغا بطرس ئەلۆو جویس بلۆو توفیق وەهبی و نیکیتین و جەلادەت عالی بەدرخان و عەلائەدین سەجادی و (٢) عەبدوڵلاّ زێوەرو گیوی موکریانی وشێخ موحەمەدی مەردۆخ و جگەر خوێن و شێخ موحەمەدی خاڵ و جەمال نەبەزو موسا عەنتەرو (م. ئەورەنگ) و عبدولکەریم مودەریس و عەبدوالقادر بەرزنجی و کەمال غریب و مەعروف قەرەداغی و زەبیحی و موحەمەدی

سەیدیان، ئەمە جگە لەو هەوڵە بە بڕشتەی مامۆستا جەمال عەبدول لە بواری فەرهەنگی زانستیدا، هەروەها دەزگاکانی رۆشنبیری و دیراساتی کوردی و کۆڕی زانیاری کورد لەم بوارەدا خزمەتی گەورەیان کردوە، ئەوەی شیاوی وتنە، تا ئێستا فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) گەورەترین و فراوانترین قامووسی کوردی یەو پتر لە (٥٥٠٠٠) پەنجاو پێنج هەزار وشەی گرتۆتە خۆو دەشێت بخرێتە ئاستی فەرهەنگە ناودارەکانی گەلانی ناوچەکەو جیهانەوە، وەك روونە لای هەمووشمان کاری فەرهەنگ دانان لە وڵاتانی خواپێداودا دەخرێتە ئەستۆی دەزگایەك کە بریتی یە لە چەندان پسپۆڕو کارمەندو لیژنەی جۆربە جۆر، دیارە راپەڕاندنی کارێکی قەبەو گەورەی وا لەلایەن خودی هەژارەوە بە تەنیا، بەڵگەی هەوڵی ئەفسانەیی و کەژێك ورەو قوربانی دانێکی بێ سنوورو دەریایەك زانست ومەوسوعیەتە، فەرهەنگ ئەو قەواڵە نەتەوەیی وشارستانیەیە کە مێژووی دروست بوون وگەشەسەندن و گۆڕانی وشە تۆمار دەکات و لێکیان دەداتەوە، وشە رەنگدانەوەی بیرو هەڵس وکەوتی مرۆڤە بەدرێژایی چاخە مێژووییەکان، دیارە ئەویش مرۆڤ ئاسا و قۆناخەکان، هەمیشە هەر لە گۆڕانکاری و گەشەسەندن و مەودا فراوان بووندایە و یاسایەکی تایبەتیش دەیگرێتە خۆی.

وەك روونە هەموو قۆناغێکی مێژوویی , کۆمەڵێك ئامرازی بەرهەمهێنان و شمەك و کەرەسەو چەکی جەنگ و کەل وپەل و خواردەمەنی و ژیانی کۆچەرێتی و کشاوەرزی و ناوەندی سوسیولۆژی و ئەتەکێت و دابو نەریتی خوی هەیە، کە ئەمانە سەرجەم دەست نیشانی ئاستی شارستانێتی ئەو

قۆناخه دەکەن، هەر لەگەڵ گۆڕان و بەسەرچوونی ئەو قۆناخەدا ناوی ئەو ئامرازانەش ورده ورده لەبیر دەچنەوەو وەك گەڵای درەخت هەڵ دەوەرن، دیاره فەرهەنگیش باوەشی میهربانیان بۆ دەکاتەوەو تۆماریان دەکات و بەنەمری دەیان هێڵێتەوە، هەر بۆیه وەك دەوترێت گەلی بێ فەرهەنگ دەکاتە گەلی بێ رابردوو بابردەڵە.

هەژاری موکریانی هەر لە منداڵیەوە کەڵکەڵەی زمان ودنیا بەرینەکەی کەوتۆتە سەری و ئەوەتانێ دەڵێت(٤) (لەگەڵ زەبیحی دوو بەدوو زمانێکمان دروست کردبوو کەتێك دەگەیشتین و کەس تێمان نەدەگەیشت، رۆژێك کەبەو زمانه قسەمان دەکرد، کابرایەك گوێی لێ بوو رووی کرده کابرایەکی دی و گوتی:

- ئاخر بۆچی زمان نییه؟ ئەم سەگبابە بەزمانی جوولەکان قسە دەکەن، دەبڵێ لە کوێ فێر بوون؟

عەبدولرەحمان زەبیحی زاناو فەرهەنگ نووس و هاوڕێی تێکۆشان و منداڵی هەژار دەفەرموێت(٥) (لەگەڵ هەژاری دۆستم کە ئەو ساڵە فەقێ بوو, دەمان ویست کە قسە دەکەین کەس تێمان نەگا... ئەوجار هەوای دانانی زمانێك!! کە هیچ کەس تێی نەگا یاری بە مێشکمان دەکرد، ماوەیەکی زۆر خەریك بوین و تا ئەندازەیەکیش سەرکەوتین، ئەمەش ئێمەی خستە سەر رێگای بیرکردنەوە لە وشەکانی زمانی کوردی و چۆنێتی دروستبوونیان، بیرمان لەوە دەکردەوە کە بۆچی بە (بەرد) گوتراوە (بەرد) و نەبێژراوە (سان) یان شتێکی تر..؟

مێشکی ناپوختەی ئێمە ئەوسا توانستی ئەوەی نەبوو وەڵامی پرسیاری ئاوا سەیرو سەخت بداتەوە، بەڵام ئەم گرۆگاڵە منداڵانەی زمانەوانی ئەوەندەی لەباردا نەبوو کە بەرەبەرەو بە تێپەڕبوونی رۆژگار بمانخاتەسەر رچەی راستی زمانەوانی و چاومان بەم مەیدانە پان و بەرینە توناوتونە هەڵبێنێ و خۆمان ببینینەوە کە بەرەوتی مێرووله خەریکین لە دەشتێکی کاکی بە کاکیدا پەل دەکوتین و لە دەریایەکی بێ بنی ئەوتۆدا مەلەدەکەین کەنەهەنگی تێدا دەخنکێ)، ئەوەی کە پاڵی بە هەژارەوە ناوە بۆ دانانی فەرهەنگ نەختوو کەی سۆزو نە هەوا بازی کاتی بووە، بەڵکو ئەو هەستە پاك و دلۆڤانە نەتەوەییەیە کە هەرگیز دابڕ ناکرێت لە ژیانە پڕ جوامێری و تێکۆشانە سەرسەختە شێلگیرەکەی  کەپان و پۆڕی و قووڵی دەریایەك هەوڵ و تەقەللاو کۆششی داوە بۆ رزگاری کوردستان، هەژار دەفەرموێت(٦) (گەڵاو پەلك و لك و پۆپ و چڵ و گوڵی ئەوداری بەڵگەی نەژادە، زمانە خۆماڵیە کەیە وە چ بەرەی هەر نەژادێك زمانی خۆی پاراستبێ و بە دەوروبەریا هاتبێ نیشانەی تەڕو تێراوی رەگ و بنچی داری مانی وەك نەتەوەیەکی زیندوو نیشان داوەو دیارە ئەو گەلە هەرماوەو هەر دەشمێنێ و بەخۆدا دێ و لك و پۆپ پتر دەردەکاو رەشەباو کڕێوەو با گەڕ ناتوانێ لە بنی بهێنێ..)

هەژار لە رۆژگاێکی رەشی ئەنگوستەچاوی نەتەوەی کوردا ئامبازی داگیر کەران بوەوەو قۆناغێکی تری لە تێکۆشان وەگەڕخست، لە ئەنجامی شکستە گەورەکەی شۆڕشی ئەیلولدا تەمی رەشبینیەکی خەست و ئیقلیم گیر هەموو کوردستانی گرتەوە داگیر کەرانی کوردستان دەستیان نابوە بینمان و

دەیانویست قەواڵەی نەتەوەیشمان لێ بسەننەوەو هەناسەبڕمان کەن، هەر لەو دەورانە تاریك و بێ هیواییەدا بوو کە هەژاری زاناو جوامێرو قاڵ بووی تێکۆشان بە چرای هەمبانە بۆرینەو گەلێ بەرهەمی دەگمەنی تر توانی رێگای بەردەممان رووناك کاتەوەو فرمێسکی سەرچاومان بسڕێت و بیسەلمێنێ کە نەتەوەیەك لە رۆژگارێکی وادا ئەو هەموو سامانە رۆشنبیری و زمان ناسیە بەرهەم بێنێ هەرگیز نازانێ سەرنەوی چیە، لای من یەکەمین بەرپەرچ دانەوەی فەرهەنگی و زانستی شارستانیانە لە قەڵەمی هەژارەوە هاتە کایەوە، هەر بۆیە نابێت نرخاندنی خودی قاموسەکە جیاکرێتەوە لەگەڵ سەردەمی دانانە کەیدا با ئەوەش نەبوێرم کە هەژار هەر بە هەمبانە بۆرینە پەرچی دوژمنی نەدایەوە، بەڵکو هەزاران لاپەڕەی تریشی تۆمارکرد، ئەمە جگە لە وەرگێڕانی کتێبە بەناوبانگەکانی ابن سینا کە بەدان پیاناني فارسەکان مەگەر تەنیاو تەنیا هەر لە هەژار هاتبێت، ئەو کتێبانەش بریتین لەمانە(٧)

١-فەرهەنگێکی فارسی- کوردی کە بەخەتی لاتینی باوی ئێرانی نووسراوەو تا ئێستا بە چاپ نەگەیشتوە.

٢- تاریخی سلێمانی لە عەرەبیەوە کردوێتیە فارسی و لە خزمەتی بیری نەتەوەیی کوردایە.

٣-تحقیق و راست کردنەوەیەکی نوێی مەم و زینی ئەحمەدی خانی بەمانە کردنەوەی وشەگرانەکان و ئیستلاحاتە موشکیلەکانیەوە.

٤-دیوانی جزیری بەشەرحەوە ١٩٨٢ لە تاران چاپ کراوە.

٥-تاریخی ئەردەڵان لە فارسی یەوە بۆ کوردی- هێشتا چاپ نەکراوە.

بەرێزینە ئەم گشت بەرهەمە دوای ئەو شکستە نەتەوەییە تووشە، چاوی هەڵهێناوە! هەژار وەك هەڵۆیەکی باڵ شکاوی لانە تەریو یادگاری رەشی ئەو رۆژانەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت(٨)(لە ساڵی ١٩٧٥دا شۆڕشی رزگاریخوازمان بۆڕی خواردو جاڕی ئاشبەتاڵیان کێشا بە دلێری و بەسەر شۆڕی بەرەو ئێران شۆڕ بووینەوەو بوومە پەنا هێندە پیرەی بێ جیرەی نان لەسەر خودا، بەرەو تاران هەڵیان داشتم، بۆ خۆم خاوەنی ورگ و دەم و منداڵی نانخۆریشم بوون، ئەبوایە بۆ ژیانی رۆژانەم هەوڵێ بدەم ئاڵقەرێزی گەلێك دەرگایانم کوتا کەس نەی وت کێی..)

بەرێزینە توبی خودا ئەوە جوامێری و نەبەردی نیە لە ژێرباڵی رەشی ئەو شکستەو بە دڵ بریندارى و کەساسی وخەرمانی سوور سووتاویەوە بەتاق و تەنیا شان بدەیتە بەر کەژی بێستونی ئەو هەموو قامووس و سامانە نەتەوەییەوەو بینووسیتەوە؟!

حەز دەکەم لای خۆمەوە ئەوەشتان پێ بڵێم، ئەو ڕەزا شایەی کە لە پشتەوە زۆر ناجوامێرانە خەنجەری ژەنگاوی رێکەوتننامەی جەزائیری لەپشت توند کردین، بەپان و پۆڕی ئەو ئێرانە گەورەیە دوو بست زەوی بۆ گۆڕەکەی پی نەبڕاو، تەنانەت لە وڵاتی میسریشدا خەڵکە بەشەرەفەکان داوایان لە ساداتی شەریکە تاوانی کرد کە با گۆڕی ئەم قێزەونە , میسر پۆخڵ نەکاو وەدەرنرێت، هەر لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە ریسواییەدا، گۆڕی هەژار لە مەهابادی لانکی نەبەزین و قوربانیدا رۆژانە چەندان کەس زیارەتی دەکاو

بەرهەمە کانیشی چرای دڵی هەموو کوردێکی بەشەرفن، ئەمەیە حەتمیەتی مێژووی راستەقینەی گەلانی رزگاریخواز.
مامۆستا ماجد روحانی باسی هەوڵ و تەقەللا سەختەکەی هەژارمان بۆ دەکات و دەڵێت: (بە راستی کارێك کە مامۆستا هەژار لە بابەت ئەو کتێبەوە کردویە- واتە هەمبانە بۆرینە- مەگەر ببێتە فیلم و بەچاو بیبینی دەنا لە نووسین نایەت، شەوێك لەبەر کاری زۆرو شەکەتی و بێ خەوی حاڵی تێك چوو بوو لە بیمارستان چەند دکتۆر کە دیتیان گوتیان دەبێ قەت خۆی ماندوو نەکاو شەو و رۆژ لەشەش سەعات زیاتر نەنووسێت، بەڵام ئەگەر هاتەوە ماڵ زۆر شەوان تا بەیانی وەخەبەر دەبوو کاری دەکرد.. لەو چەند ساڵەدا کەمامۆستا شانی داوەتە بەرکاری فەرهەنگ لەم چەشنە خۆماندوو کردن و لەخەوو خواردن بوردن لەبەر کاری زۆر کەم نەبوە، بگرە زۆرتر هەرواى کردووە)، ئا لەم بۆنەیەدا شیعرەکەی جەواهیریم دێتەوە یاد کە پڕ بە پڕ لە هەژاردا دەدرەوشێتەوە:
تزهو الحياة بالمعي ثائر    يهب الحياة كأنه لايفهم
با ئەوەشتان بیر خەمەوە، وەك چۆن لەسەردەمی رەش و تاریکی مەغۆلەکاندا رۆشنبیرانی عەرەب بە دانانی (الفيه ابن مالك) و موقەدیمەی ئیبن خەلدون و (لسان العرب)ی ئیبن مەنظور بەرپەرچی مەغۆلە داگیر کەرەکانیان دایەوە، هەژاریش لەجیاتی هەموو میللەتی کورد بەچەکی هەمبانە بۆرینەو ئەو چەندان کتێبە گرنگ و سەرتەلانە بەرپەرچی ئاشبەتاڵ و رێکە وتننامەی شوومی جەزائیری دایەوە.

جگە لەم تیشکە جودایانەی کە ئێستا خستمنە سەر هەمبانە بۆرینەو ئەو ناوەندە سوسیولۆژی و سیاسیەی کە چاوی تێدا هەڵهێناوە، دەمەوێت تیشکی سەرنج بهاوێژمە سەر چەند لایەنێکی تری هونەری و زانستی:

١-خودی فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکی هێدیی ناراستەوخۆیە بۆ زمانی یەك گرتووی کوردی و ناساندنی شێوە کوردی یەکان بە خوێنەر, لەنێوان راڤەی وشەو خستنە سەر رستەو شیکردنەوەدا، جگە لەمەش بانگەوازێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەبەرچاو تەسکی ناوچەگەری و لەهجەخوازی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە درك لەژێر پێی ئاواتە نەتەوەییە کانماندا, هەروەها پەنجەرە خستنە سەر پشتیش بۆ ئەدیب و شاعیرو نووسەران کە دلۆڤانترین وشە هەڵبژێرن بۆ رازاندنەنەوەی بەرهەمە کانیان، ئەوەتانی خودی هەژار دەڵێت(١٠) (فەرهەنگ هاناو کۆمەکی وێژەو نووسەرانە کە وشە هاوماناکانی شێوەکانی جودا جودای زمانەکەی لە فەرهەنگ بێنێتە دەرێ و بەرامبەر یەکیان دانێ و گشتیان لەبەر یەکتر رانێ کام وشە بۆ نووسینەکەی یا بۆ شیعر هۆنینەوەکەی لەبارەو لەسەر زار سووکەو لەبەر چاو قشت و خۆشکۆ کەو لە گوێچەکەی گۆهدار رەوانە هەڵبژێرێ..) بۆ نموونە ئەگەر موکری و سۆرانی بەبێ ئاو ئێژن (وشکانی) بۆچی (بەژ) کە کرمانجی یە جوانتر نیە؟))

٢-ئەگەر بەوردی پەناو پەسێری هەمبانە بۆرینە بیشکنین دەبینین مامۆستا هەژار واتا راڤەو شیکردنەوەی گەلێ وشەی بواردوەو هەر وەك خۆی نووسیویەتەوە بەتایبەت ئەو وشانەی کە لە واتاو شێوەدا لە فارسیەوە نزیکن

یان وەك یەکن، دیارە ئەوانەی لە فەرهەنگەکەدا بەدووی واتای وشەدا دەگەڕێن ئاستی حاڵی بوونی زمان زانیان چون یەك نین، فارسی بن یان کورد، لەوانەیە ئەو کوردەی کە بەدوای واتای وشەیەکدا دەگەڕێت فارسی هەر نەزانێت، یان فارس بێت و کوردی نەزانێت، دیارە لەو حاڵەتەدا تووشی سەراسیمە بوون دەبێت:

هەر بۆ نموونە: سنجرێن= سنجران/ سنگەوباز= سنگەباز/ سلکین= سلیکان/ سالۆغ= سالۆخ= سالۆخ/ ساقی= ساغیی= ساخیی/ ژیلەمۆ= زیلەمۆ= زیلەمۆ/ قوشقاپ= قوشقاپ/ لەیلوبەر= لولوبەر= نیلۆڤەر/ لەیرەك= لەیرك= لەیرك/ رەهەندە= رەهەندەر= رەهەندەم دیارە ئەمە نموونەی خەرواریکە.

٣-وەك روونە لەلامان واتای شێوە کوردیە جیاجیاکان هەندێك جار بەشێوەیەك لێك دوور دەکەونەوە بەتایبەت لەناوی زاتدا ئەستەمە مرۆڤ بیان زانێت و زاڵ بێت بەسەریاندا، بەلاّم ئەم زانا گەورەو مەوسوعیەتەمان وەك هەر پسپۆرێکی فیلۆلۆژی، ئەسپی لەبواری موکریانی و لوڕی و هەورامی و کرمانجی وزازایی و لەکی دا بەجۆرێك تاوداره کە جێگای سەرسوڕهاتنە، هەر بۆ نموونە لە پیتی (ڤ)دا کە پتر لەناوچەکانی باکورو شەمدینان و بادیناندا بەکاردێت، (٥٣٧) وشەی لەو شێوە ئاخافتنەدا هێناوەو راڤەی کردوەو هاوتای (مرادف) بۆ دۆزیوەتەوە، ئەگەر یەکێك باب البابیشی لەوێ نەژیا بێت ئەستەمە ئاوەها شارەزاو هۆشیار بێت و ئەو وتانە بزانێت!

٤-لە هەمبانە بۆرینەدا ناوی هەموو ئەو دێ یانە هاتوە کەبەعس لە کوردستان سووتاندونی و کاولیی کردوون، دیارە ئەمەیش نەك بە تەنیا بەڵگەی

شارەزایی و مەوسوعیەت و ژیانی پێشمەرگایەتی و هەرداو هەرد کردنی هەژارە، بەلکو دڵ سووتان و گینگڵ دان و خەمی قورس و گەورەی ئەو هەموو دێهاتەیە کە بە دڕنداتە ترین شێوە خاپوور کراون. جگە لەمەیش ناوی ئەو دێهاتانەشی نووسیوە کە لە کوردستاندا کیمیا باران کراون، ئەوەی کە دەبوو بکرایە یان بۆ چاپەکانی داهاتوو بکرێت هەرچەندە سەخت و قورسیشە- نووسینی شوێن و ساڵی کاول کردنەکەیە، چونکە تۆمارکردنی ئەومێژووە بۆ نەوەکانی داهاتوومان گەلێك بەکەڵکەو ئاوێنەی ئەو کێشە دراماتیکیە خوێناویەیە لە نێوان کورد و داگیر کەرانی کوردستان دا.

٥-ئەگەر بەراورد بکرێت لە نێوان چەندێتی (کمیە) بەکارهێنانی شیعر لەگەڵ بەیتی فۆلکلۆر, یان پەندی پێشینان یان قسەی نەستەق دا دەبینین چەندێتی شیعر لە هەموویان زۆر ترە،بەڕای من قسەی نەستەق وپەندی پێشینان و بەیتی فۆلکلۆر حازر بەدەست ترو ئالوودەترن بەهەست و زەینی خوێنەرو میللەتی کوردیش , خاوەنی خەرمانێکی گەورەی ئەم بابەتەیە، هەرچەندە دەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت، کە جۆرە تایبەتمەندی و دیوار سازیەك هەیە لەنێوان کەلەپورو قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی لەهجەکانداو هەریەك, جۆرە خسوسیەتێك و تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەیە هەژار- ئەگەر وا بیری کردبێتەوە- لەسەر حەق بووبێت لە کەمتر بەکار هێنانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و فۆلکلۆردا. با ئەوەش لەیاد نەکەم کە گوژم و گەرم گوڕیی بەکارهێنانی شیعر لەدوای نزیکەی ٣/١ قامووسە کە بەرەو کەم بوونەوەو چۆڕ بڕی دەڕوات، بە بڕوای من هۆکاری ئەم دیاردەیە

ئەوەیە کە هەژار تا شیعری لەبەر بوە بۆنەو راڤەو روونکردنەوەکان هێناوێتی و ئیتر لەدوایشدا نەیویستوە دیوانە شیعریەکان بێنێ و هۆنراوەیان بەشایەد لێ وەدەرنێ , چونکە ئیشەکە ئێجگار کەمە ,وەك وتیشم ئەمە بەرپرسیارێتی دەزگایەکە نەك هەژاری تاك و تەنیا.

٦-رامان و سەرنج دانی وردی رەخنە گرانەی هەمبانە بۆرینە ئەوە دەسەلمێنێ کە زمانی کوردی بە حوکمی فرەلەهجەیی و تەمەنی دوروودرێژی خەملاٚندن و بەخۆدا هاتنیا, گەلێك لە زمانی فارسی خاوەن دەسمایە و دەوڵەمەند ترە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمەی کورد هەزاران ساڵە لەهەرچوار لاوە تا توانرابێت دەست نراوەتە بینمان و هەرجارەی بە شێوەیەك و لەژێر پەردەیەکدا چەوسێنراوینەتەوە، مامۆستا هەژار هەندێ جار بۆ واتای وشەیەکی کوردی چەند وشەیەکی هاو واتای (مرادف)ی کوردی یۆ هێناوە، بەلاٚم وشەی فارسی لەبەرامبەردا دەست نەکەوتوە لەجیاتی ئەوە وشەی عەرەبی، یان عەرەبی بە فارسی (تفریس) کراوی بۆ هێناوە، واتا لە بنەڕەتدا وشەی فارسیی بۆ ئەو واتایە هەر نیەو فارسەکانیش ئەو وشە عەرەبیانە یان بۆ بەکار هێناوە کە ئەمە بەڵگەی دەست کورتی زمانە کەیە، هەر بۆ نموونە: کازێوە= فجر کاذب/ ئاڤرێ= منحرف / ئاشتەبا= موجودی/ پەڤژك= حباب/ ئەڤیندار= عاشق/ شین نامە= مرثیة/ ژاندار= مسلح/ پاك و بێ خەوش= خالص/ چۆڵە چرا= مشعل/ هەناو= احشاء/ سەیر= عجیب/ رەچۆکار= لجوج/ ئەسپوڵ= طحال/ ئولکە= منطقة..

ئەمانەو سەدەها وشەی لەم بابەتە لە هەمبانە بۆرینەدا بەرچاو دەکەون، ئەم دیاردەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە رەگ و ریشەی ژیاری و فەرهەنگی و سۆسیولۆژی نەتەوەی کورد، هەزاران ساڵە بەم خاکەدا رۆچوەو (تکامل)ی فیلولۆژی و رێزمانی بەدەست هێناوەو رەسەنایەتی خۆی لەم بوارەدا سەلماندوە، کە ئەمەش کۆڵە کەیەکی قەف ئەستووری مەرجەکانی بوون بە نەتەوەیە، کە داگیرکەرانی کوردستان نکولی لێ دەکەن و هەرجارەی دەیکەنە پاش کۆو دەسکەلای گەلێکی بالاّ دەست و فەرمان رەوا.

بۆ پشتگیری ئەم رایەم(١١) لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاری وردی نووسەری گەورە د. حسین علی محفوظ م لەبەردەمدایە کە رێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە ئەدەبیاتی فارسیدا بە درێژایی یانزە سەدە، دەرهێناوە، کە لێرەدا هەندێکیان دەنووسم وەك نموونە:

دقیقی ٣٦٨ھ ١٥٪ وشەی عەرەبی بەکارهێناوە/ خسرو والخدق(٤)ھ ١٩٪ فردوسی ٤١١ھ٢٪/ ناصر خسرو ٤٨١ھ ١٥٪/ الخیام ٥٢٧ھ ٨٪ النظام الگنجوی ٦١٤ھ ٨٪ فرید الدین العطار ٦١٧ھ ١٨٪ سعدی ٦١٩ھ ١٢٪ الجامی ٨٩٨ھ ٢٢٪ بێدلّ ١١٣٣ھ ١٤٪.

لە ئەنجامی کۆی بەرهەمی ١٠٥ ئەدیب وشاعیری فارسی بەدرێژایی ئەو  یانزە سەدەیە، د. حسین علی محفوظ خشتەی رێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لەبەرهەمی ئەمانەدا بەم شێوەیە دەرهێناوە.

| سەدە | ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی | چەندێتی وشەی بەکاربراو |
| --- | --- | --- |
| سەدەی چوارەمین | ١٦٪ هەتا ١٩٪ | نزیکەی پێنج یەك |
| سەدەی پێنجەمین | ٢٠٪ هەتا ٢١٪ | پتر لە پێنج سەدەیەك |
| سەدەی شەشەمین | ٪ هەتا ٥٢٪ | پتر لە نیوە |
| سەدەی حەوتەمین | ٨٪ هەتا ٢٩٪ | پتر لە سێ یەك |
| سەدەی هەشتەمین | ١٥٪ هەتا ٣٠٪ | پتر لە سێ یەك |
| سەدەی نۆهەمین | ١٩٪ هەتا ٢٤٪ | پتر لە چوار یەك |
| سەدەی دەیەمین | ٪ هەتا ٢٥٪ | چوار یەك |
| سەدەی یانزەهەمین | ١٢٪ هەتا ٢٦٪ | پتر لە چوار یەك |

| | | |
|---|---|---|
| سەدەی دوانزەهەمین | ١٢٪ هەتا ١٨٪ | پتر لە پێنج یەك |
| سەدەی سیانزەهەمین | ١٢٪ هەتا ٣٤٪ | پتر لە سێ یەك |
| سەدەی چواردەهەمین | ١٢٪ هەتا ٢٢٪ | نزیکەی چواریەك |

با ئەوەش نەبوێرم کە هەمبانە بۆرینە ئەو بوارەی تێدا دەبینم، کە چەندان لێکۆڵینەوەی لەم بابەتەی لەمەڕ بکرێت و مەودایەکی فراوانی تێدایە بۆ رەخنە گرو لێکۆڵەرەوە کوردەکان.

٧-ئەو وشانەی کەلە هەمبانە بۆرینەدا خراونەتە رستەوە بە مەبەستی روونکردنەوەو راڤەو تێگەیاندن، هەتا بڵێی کورت و نیشان پێکن، ئەوەی کە جێگای سەرنجە مامۆستا هەژار گەلێك لە رستەکانی پڕن لە ناوەرۆکی نەتەوەیی و هاندان و حەق وێژیی و تەنانەت نوکتە سازیش، نابێت ئەوەش لەیاد بکرێت کە هەژار نەهاتوە وشەیەکی ناوەندی ژیانی کشاوەرزی یان ئاژەڵدرای یان کۆچەری بخاتە سەر رستەیەکی باو وبەکاربراو لە نێوەندی شارو مەدەنیەت داو نامۆ بێت بەو جیهانە، یان بە پێچەوانەوە، بە تەنیا، بەڵکو لەبواری بەلاغەت و زانیاری (المعارف) داو ئەمەش بە هەندێك تاڵی باریك , بەندە بە تیوری (نظم)ی عەبدولقاهیری جورجانی یەوە، چونکە عەبدولقاهیر دەڵێت گرنگی وشە بەندە بەسیاقەوە نەك بەخودی خۆیەوە

وەك وشە، وردە كاری و ئەنجام و كرۆكی ئەم تیۆرە لەگەڵ بونیەویە عەرەبە کاندا پێك دەگەنەوە.

٨-لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا نیشانەو رەمز بۆ (مشتقات)ی وشە دانەنراوەو بەنەزمێکی تایبەت و سفت وەگەڕنەخراوە، وەك ناوی بکەر، کراو، پێشگر، پاشگر، کرداری رابوردو- داهاتوو، تێپەڕ، تێنەپەڕ، چونکە بمانەوێ و نەماونەوێ تەنیا گرامەرە لەنگەری رستە رادەگرێ کە پێك هاتە کەی وشەو دەستەواژەکانێتی، زۆر جار لەواتای وشەیەکەوە بە ئیدیۆمە یان (مجاز) یان (کنایە) واتایەکی نوێ هاتۆتە گۆڕێ، دیارە ئەم جۆرە مەجازە فرەبەکار دەهێنرێت لە ژیانی رۆژانەدا، باشتر وابوو، رەمزی تایبەت بۆ هەریەك لەو حاڵەتانە دانرایە بۆ ئاسانکرنی بەکارهێنانی فەرهەنگەکە لەبەردەم خوێندەواراندا، ئەم بڕە مەجازەش نموونەیەکی بچووکی ئەو مەجازانەیە! دان سپی بوونەوە، دەست کورت، روو هەڵماڵراو، تووك تاڵ، نانوحەڵوا، داوێن تەڕ، چاو قایم، ناوچاو ترش، رووسوور، رووزەرد، ناسك نارنجیی، مل خوس.. و دەیەهاو دەیەهای تر..

٩-هەژار زانستانە دەڕوانێتە زمان و نایەوێت بەرچاو تەسکانە بیر بکەینەوەو داوا دەکات کەوا ئەو وشە بێگانانەی کە لە دێر زەمانەوە ماونەتەوە لەزمانە کەمانداو بەدەم خوێندەوارو نەخوێندەواران بمێننەوەو رێگای بەکارهێنانیان لێ نەگیرێ، چونگە ئەمە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی هەر زمانێکی زیندووی ئەم جیهانە (١٢) (تەنانەت قورعانی پیرۆز کە لە پاکی و رەوانی دا مۆجیزاتە- دەیان وشەی نەژاد رۆمی , سانسکرێتی، پەهلەوی- یۆنانی، کوردی و ئارامی

کۆنی تێدایەو بە موو لە نرخی پیرۆزی قوران و تەنانەت زمانی عەرەبیش کەم نەبۆتەوە وشەکان (برهان، دین ملكوت، طوبی، رضوان، فردوس، أرائك، زرابي، نمارق، کافور، کأس، قوارير زنجبيل، سندس، استبرق، مائدة، رزق، زخرف، سراج، صراط، قسطاس، رهبان، دأب، كنز، سراويل، دراهم، بخس، أمد، أبد، صدقات، قطمير، اصنام، جناح، سخط، برزخ، جحيم، تنور، زبانية، جهنم، زمهرير. صرصر. شواظ، شنار، قمطرير، غساق، خنك، شيء، كهل، كهف، دلو، يم، سراب).

١٠-مامۆستا هەژار بۆ ئاسان کردن و نزیك خستنەوەی واتای وشەکان لە زەینی خوێنەر، گەلێك هۆنراوەی شاعیرانی کوردی هێناوەتەوە، دیارە ئەم حاڵەتە کەم تازۆر خزمەتی چێژی خوێنەریش دەکات و هێندەی تر زمان و ئەدەبی کوردی پێکەوە گرێ دەدات، ئەوەی شیاوی وتنە هۆنراوەی فارسی بۆ ئەم مەبەستە راڤەکردنە نەهێنراوەتەوەو لایەنی زمانی کوردی زاڵترە بەسەر زمانی فارسیدا و ئەمەش بەخاڵێکی ئیجابی لەقەڵەم دەدرێت، نموونە شیعریەکانی هەمبانە بۆرینە تایبەت نین بەیەك لەهجەوە, بەڵکوو زۆربەی لەهجەکانی گرتۆتەوەو بریتین لەم شاعیرانە:

(نالی- ئەحمەدی خانی- مەولەوی- هەژار- خانای- قوبادی- سالم- مەلا غەفور مەهابادی- شێخ رەزا- مەلای جزیری- مەحوی- وەفایی- ئەحمەد موختار- سەیدی هەورامی- کوردی- مەحوی- پیرەمێرد- حریق- تاهیر- بەگ- زێوەر.) ئەوەی جێگای سەرنجە هۆنراوەکانی نالی و مەولەوی لە هەموو شاعیرەکان جێگایان زۆرترەو ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەژار پتر ئالوودەی ئەم

دوانەیەو لە زمانەکەیان رازیە، با ئەوەش نەبووێرم, هەژار هەجوەخۆشەکانی شێخ رەزاشی زۆر بەکار بردوە بۆ یارمەتی دانی چێژو زەوقی خوێنەرو، دیارە ئەمەش گیانی خۆش مەشرەبی و گاڵتە جاڕی و نوکتەجۆیی هەژار دەردەخات.

هەروەها گەلێك لە هۆنراوەکان بۆ راڤەو روونکردنەوەی واتای وشە گەلێك بەکار براون کە قورسن و بەئاسانی ناناسرێنەوە، دیارە هۆنراوەکە پتر واتای وشەکە ئاسان دەکات و لەهەست و هۆشی خوێنەری نزیك دەکاتەوەو دەبێتە پشت و قەواڵەیەکی بەهێز بۆ راڤەو لێکدانەوە، هەرچەندە هەندێ جاریش واتای وشەی نێو هۆنراوەکە مەجازیەو لایداوە لەواتا فەرهەنگیە ئاساییەکە، هەر بۆ نموونەی ئەم حاڵەتەی سەرەوە ئەم چەند بەیتەی نێو هەمبانە بۆرینە وەدەر دەنێین، هەژار بۆ وشەی (ئەروا) کە مەبەست گیانە ئەم بەیتەی مەولەوی هێناوەتەوە(١٣)

**قالبم بێ رۆح ئەروام نەمەندەت　　　من دان حەیات زندگیم سەندەن**

بۆ وشەی (فاق) نالی دەڵێت

**سۆفی لە فەقرو فاقە وەکو فاقە فاقی دا　　　تەزبیحی دام و دانەیە ریشی دوفاقیی فاق(١٤)**

بۆ واتای وشەی لەترك، جزیری دەڵێت

**پەیوەستە ژ وەسلی تەدەمێنم کو سەراسەر(١٥)**

**بشکۆژو تەلیسم و وەرەق و نەترك و بازن**

**بۆ واتـای وشەی (نەوی)، شێخ رەزا دەڵێت(١٦)**

**سەید فەتـاحی مەیتەرم رۆژێ بە حوجـەت لێی نەوی**

**کلکی دەرهێنا لەبن ئەنجا بە عاستەم گوێی بزوت**

**بۆ واتـای وشەی (وەشەن)، مەولەوی دەڵێت:**

**هەر ساتێ سەد جا وەیتر وەو سەرکەش      زیندەگی و مەردەن ئامان وەشەن وەش.**

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە هەندێکی تر لەو هۆنراوانە هەر بۆ فانتازیا و جوانکاری بەکار هاتوون، چونکە لە راڤە و ئاسانکردنی وشەیەکدا هاتوون , کەواتای وشەکە سووك و سانایەو بە مێشکی خوێنەر نامۆ نیە، هەر بۆ نموونە(١٨) بۆ راڤەی وشەی قوڕ پێوان مەحوی هێناوەتەوە

**لەسەرخۆ چوونە شەیدابوونە قوڕ پێوانە سووتـانە**

**هەتـا مردن محبەت ئێشی زۆرە رێزی لێ دەگرم**

بۆ وشەی (خاو)، حاجی قادر، دەڵێت:

**لەکن وەنەوشەو خاوو هەلاڵ و بەیبونی      هەلاڵی پێستەیی خاوەی بیرو موشکی خەتـا(١٩)**

بۆ وشەی (ئەستۆ) نالی دەڵێت :-

**(٢٠)دەستم کە لە سەد جێگە بەسەد وەعد شکاوە   جەبری نیە ئەم کەسرە هەتـا نەیخەمە ئەستۆ**

بۆ وشەی (ئایۆ) بابە تاهیر دەڵێت:

**کە شەو گیرۆم خەیاڵی تەبە ئاغوش**

**سەهەر ئەزبوستەرم بۆیی گوڵ ئایۆ(٢١)**

با ئەوەش لەیاد نەکەم کە ناوی گەلێ شاعیری کورد لەهەمبانە بۆرینەدا نابینرێت, لەوانەیە هەژار وەك شاعیرێك لەکاتی راڤەدا شیعری ئەمانەی لەیاد

نەبووبێت، یان هەر لە زمانی شیعری ئەمانەدا راینەبینییێ، چونکە هەمان دیاردە لای زاناکانی عەرەب لە بواری ریزمانیدا وەدەردەکەوێت چونکە بۆ (الشواهد النحويه) هەرگیز زانا فیلۆلۆژیەکانی عەرەب پشتیان نەبەستووە بە شوعەرای دوای سەردەمی ئەمەوی، لەبەر تێکەڵاو بوونیان بە غەیرە عەرەب و لاواز بوونی زمانەکەیان.

١١-مامۆستا هەژار لە لێکدانەوەو راڤە کردنی وشەکانی بە زمانی کوردی، هەمان واتاو راڤەی بەیەکسانی و (ترادف) بە فارسی هێناوەتەوەو خوێنەریش لەمەدا بە ئاسانی بە مەبەست دەگاو ئەمەش بەڵگەی وردبینی و لێزانی هەژارە، بەڵام لە هەندێك شوێنی ترا دەبینین راڤەی وشە فارسیەکە هەندێك جیاوازی هەیە لە گەڵ وشە کوردیەکەدا، وەك دەریش دەکەوێت سەرەتا وابڕیار بووە لەنێوان هەژارو دەزگای (سروش)دا کە فەرهەنگەکە کوردی بە کوردی بێت و دوایی فارسیشی کراوە بەسەریا!!

چونکەزۆربەی هەرەزۆری گرنگیەکە بە کوردیەکە دراوە ,مامۆستا محمد ماجد رۆحانی: بە بەڵگەی پشت ئەستوور بوونی راکەم دەهێنمەوە کە دەڵێت:

(لەسەر ئەو پێشنیارە دێڕی فارسیش لە فەرهەنگ زیاد کرا، بەڵام (ئەرێ فلان شت و فیسارە وشە بە فارسیی چی پێ دەڵێن؟) دەردێکی پێ داین مەپرسە؟

هەر بۆ نموونە:

ئازاد: (٢٢) روبارێکە لە سنوری ئێران و روسیا/ ف: رودارس

فەردەش (٢٣): کوت کوت کردنی سوڕی خەرمان. ف: خرمق درچند قسمت مساو تودە کردن.

ویژەر (٢٤): زانا لە شیعرو نوسراوی پەخشانی دڵتەرانە. ف ادیب.
چوڤاندن (٢٥): لیك نانی شت یان چاو ف: چوقان.
شیت (٢٦): دەنگی تیژ لەناو لێو دەرخستن، فیق، زرینگ، وریا ف: سوت، هشیار.
فانی (٢٧): لەرێی لەبەین چوندا (دنیای فانی)، نازناوی شاعیرێکی کوردە کە ناوی مەمەند بووە، ف: فانی، تخلص یکیٚ از شعرای کرد زبان.
ئەمانەو دەیان نموونەی لەوبابەتە.

١٢-لە هەمبانە بۆرینەدا زۆر جاران هێڵە سنووریەکانی نێوان فەرهەنگی فیلۆلۆژی و انسکلوبیدیا تێکەڵ دەبن و لێکیش دەترازێن، هەر بۆ نموونە ناوی هەزاران ئاوایی و دێهاتی هەر چوار پارچە کەی کوردستان تۆمار کراوە، نەك هەر ئەمەش بەڵکو ناوی گەلێ چیاو شاخ و چەم و روبارو زۆزان و دەریاچەو شاری مێژوویی و شارۆچکە و سەیرانگاو ناوی پاڵەوانی ئەفسانەیی بۆ تۆمار کردوین هەندێك لەمانە ناوی واتادار (اسم معنی)ن ئەمەیان وەك داب و دەستووری فەرهەنگ سازی ئاساییە، بەڵام هەندێکی تریان ناوی واتادار نین و کەچی کەوتونەتە ناو فەرهەنگە کەی بەو هیوایەی لەچاپی دوەمدا چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت.
١٣-لە هەمبانە بۆرینەدا سەدان وشەی جۆربەجۆر بەرچاو دەکەون کەلە واتاو شێوەدا بەکوردی و فارسی یەکسانن، یان هەندێك جیاوازی فۆنەتیکی کەمیان هەیە، ئەم لێك چوونە ئەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە فارسەکان گەلێك

وشەی کوردیان وەرگرتبێت و زەوتیان کردبێ، هەروەك لە عەرەبە کانیشیان وەرگرتوە، دیارە ئەم دەم ژەندنە وشەی کوردیە و زۆرجاریش بە فارسی (تفریس) کرد نەی زبانە بۆ ئێمەو سوودە بۆ ئەوان , چونکە ئێمە پیادەی بێ ئالاْو ئەوان سوارەی خاوەن ئالاْن! هەرچەندە ئێمەی کورد لە فەرمان رەوایەتی دا بەش و مایە سووتاوین، ئەم بێ بەش بوونەش نەك بەتەنیا زیانی فەرهەنگی و شارستانی سۆسیۆلۆژی لێی داوین، بەڵکو نەزیفێکی ئابووری خەست و خوڕپشی تووشی جەستەی شەکەت و دەرزی ئاژنی کوردستان کردوە، بەلاْم لەرەسەنایەتی و قووڵ دا چوونی رەگ و ریشەی نەتەوەییمان دا لە هەموو گەلێك پتر بەزەوی ئەم ولاْتەدا رۆچووین و بە کۆنترین نەتەوەی بێ دەوڵەت و دەوڵەت داری! ناوچە کە دادەنرێن و دەوڵەمەندی زمانەکەش گەواهی ئەم رایەیە، ئەوەندەی کە دەوری مێژوو بکەینەوە دەبینین هەرجارەی ولاْتێکی دراوسێ حوکمی کردوین، جارێك لەلایەن فەرمان رەوایانی ئێرانەوە، جارێکی دی لەلایەن ئاستانەوە بەهەردوو سەردەمی خەلافەت و کەمالیزم، جارێکی تر لەلایەن عەرەبەکانەوە، هەر لە قۆناغی ئەمەویەوە تا ئێستا ، دیارە نەتەوەی بالاْدەست و زاڵ زمانەکەی خۆی کردۆتە زمانی حوکم و سەپاندوێتی، واتا ئێمە زمانی فەرمانگاو قوتابخانەو حوکم و ناوەندە زانستی و مەدەنیە کانمان لەدەست داوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم زمانی کوردی یە وەك کەژی قەندیل بەرامبەر بەزریان و تۆف و کرێوەی داگیر کەر وەستاونەتەوەو ئەم دیاردەی ئامبازبوونەوەیەش جێگای سەرنجی رۆژهەلاْت ناسە ناودارەکانی وەك نیکتین و ئەدمۆنزو لازاریف و سۆن و گەلێکی ترن.

ئەوەتانێ خودی هەژار مۆتە کەی ئەو لوولدانە نەتەوەییە (احتواء قومی) نیشتۆتە سەری و لە دوا جەلسەی ئەنستیتۆی کورد لە پاریسدا کە بەڕێوەبردنە کەی بەو سپێراوە دەفەرمویێت(٢٨) (ئێمەی کورد لە هەموو لاوە پەلامار دراوین کە خەریکن توخم و تۆممان بیڕنەوەو بەدەردی سوور پێستەکانی ئەمەریکا بچین، ئەو هەموو حیزبە کە هەمووشی دژی یەکترە بۆ چییە؟ جاران دەمان گوت شێخ و ئاغا لێ ناگەڕێن ئازاد بین، ئێستا حیزبەکان لە شێخ و ئاغا خراپترن و زۆرتریشن، وەك خەڵکی قورەبەرازمان لێهاتووە، بە دوازدە ئاغا رەعیەتێکیان هەبوو! وەختە ناوی حیزیە کان لەهەموو کورد زیاتر بێت بابە پیاوی چاك بن ئێمە بێکەس و رووت لە دەشتێك لەبەر باران و بەفر ماوین، جارێ با پەنایەك دروست کەین سەرما نەمان با، ئەوسا رەنگ کردنەکەی، سور بێ یان شین و زەرد بێ شەڕ دەکەین)

مامۆستا شێخ محمەدی خاڵیش لەگەڵ هەمان رای مندایە کە زمانی کوردی بەپای پیلان کێشەی لێ دەکرێت ئەوەتانێ دەفەرمویێت(٢٩) (ئەتوانم بڵێم ئەمە دوو هەزار ساڵە خەرمانی زمانە کەمان لەلایەن دراوسێکانمانەوە بەخەنجەری زۆرو ستەم گێرە کراوەو کوتراوەو شەن و کەو کراوەو بەبادراوە لە گەڵ ئەمیشە یەشتا لە زمانی فارسی دەوڵەمەند ترە چ جای تورکی).

با ئەوەش لەیاد نەکەم کە ئامرازی پێکەوە لکاندن و راناوو کردارو ئاوەڵ ناوو ئاوەڵ فرمانەکان پتر شەقڵی فارسیان پێوەیە نەك ناوە زاتەکان کەبەزەبری ئەو نێوەندە کرداریە لە رستەدا بەکار دەبرێت و شەقڵێکی زمانی فارسیی وەردەگرن.

دەبا سەرنج لەم وشە هاوبەشانە بدەین کە بەشێکی کەمن لەسەدان و سەدانی تریش:

یەکسان= بەرانبەر= (ف) یەکسان/ یەکەو راست= یەکسەر= (ف) یکراست.

یەدەکی= یەدەك= (ف) یەدەك/ بۆنجە= (ف) بۆنجە/ یالّ= (ف) یالّ/

هەوالّ پرسین= (ف) هەوالّ پرسیی / هەمەڕەنگ= (ف) هەڵهاتن/ وەشاندن= (ف) وشاندن/

نەبینا= (ف) نابینا/ ناپەسەند= (ف) ناپسند/ مەردەمالّ= (ف) مرد مال/

رەهەندە= رەهەندە (ف) رەهەندە/ سالۆخ= (ف) سالۆخ.

١٤- ئەگەر سەرنجێك لە مێژووی فەرهەنگ ناسیی جیهانی و عەرەبی بدەین. هەست دەکەین جۆرەها فەرهەنگ هەیە فیلۆلۆژی، زانستی، ئەنسکلۆبیدیا سیاسی، جوگرافیی، سروشتیی، فەلسەڤی، دەروونی. هتد.

ئەم پۆلێن کردنە حاڵەتێکی ئجابیەو رەنگدانەوەی گەشەسەندنی کۆمەڵ و تەکنەلۆژیا و شارستانیەتە، دیارە هەر فەرهەنگەو کۆمەڵێك خەسڵەت و داب و نەریتی خۆی هەیەو پەپێی کات و شوێنیش کەم تا زۆر گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، گرنگترین فەرهەنگی زمان ئەو فەرهەنگەیە کە لە داڕشتن و دروست بوون و پەیدابوون وگەشەسەندنی مێژووی وشە دەکۆڵێتەوەو ئەمەش ناسراوە بە فەرهەنگی (لیسکیکولوژی)، دیارە ئەم جۆرە فەرهەنگە لە وزەی تاکدا نیەو ئیشی دەزگایەکی سەربەخۆیە، من لەو بڕوایەدام ئەگەر هەژار لەژێر باڵی فەرمان رەوایەتی کورد دا، یان بارێکی خەڵکانی لێهاتوو دەیتوانی بەئاسانی لەو جۆرە فەرهەنگەمان بۆ فەراهەم بهێنێت. هەرچەندە خەریکە سەردەمی

ئەو مرۆڤە مەسوعیانە بەسەر دەچێت، بۆیە دەبێت ئەوانەی کە ئێستا فەرمان رەوایەتی کورد دەکەن سوود لە دوو مەوسوعی گەورەی کورد لە بواری زمان و ئەدەب دا ببینن ئەوانەش زانای پایەبەرز (عەبدولکەریم مودەریس و مەسعود موحەممەد)ن کە ئەگەر هیمەت بکرێت دەتوانرێت تا لە ژیاندان سوودی گەورەیان لێ ببینرێت.

١٥- لەدوای هەندێك سەرنج و بەراورد لە نێوان هەمبانە بۆرینەو ئەو فەرهەنگانەی کە لەبەر دەستمدان، دەڵێم دەبوایە رەمز بۆ لەهجە کوردیەکان دابنرایە هەروەك شێخ محمدی خاڵ کردوویەتی (ه) بۆ هەورامی (با) بۆ بادینانی (زا) بۆ زازایی، چونکە ئەم حاڵەتە زیاتر خوێنەر دڵنیا دەکات و پەنجەرەی بەراورد کردنی نێوان شێوە جیاجیاکانی دەخاتە سەر پشت لەبەردەم نەك بەتەنیا خوێنەری ئاسایدا، لەڵکوو لەبەردەم توێژەرەو فیلۆلۆژیەکانی کوردیشدا، ئەوەی کە لێرەدا دەبێت بوترێت تا ئێستا زانستی فەرهەنگ سازی وەك تیۆرو داب و نەریت و پرۆگرام لەنێو کوردەواریدا هەنگاوی گورج و درێژی هەڵنەهێناوەو زیاتر هەر پراکتیکە، ئەم هەمبانە بۆرینە کرنگ و نەوازەیە دوای نزیکەی پەنجا فەرهەنگ و فەرهەنگۆك و لیست چاوی هەڵهێناوەو توانیویەتی تاقیکردنەوەی مۆڵ و فراوان لەوبەرهەمانەی رابوردوو وەرگرێت و پێشیشیان کەوێت بەچەند شەقاوێکی درێژ! دیارە بەو پێ یە، دەبوایە ئاستەنگی کەمتر تیابوایە، بەلاّم وەك لەسەرەتادا وتم هەژار لەناو ناخۆشترین دەرفەت و بەتاق و تەنیاو کەم دەرامەتیەکی فرەو ئەو شکستە نەتەوەییەی کە شۆڕشی ئەیلولی رزگاری خواز

دووچاری بوو بوو ئیشی یەك دەزگاو چەندان پسپۆڕی کردوە وە تووشی ئەزێت و مەینەتی کەمەر شکێن بوە بەدەستیەوە، ماجد محمد روحانی دەلێت: (جارێك تەلەفۆنم لێ کرد قسەی جوان پێ نەدەکراو باش لەفەرمایشتەکانی نەدەگەیشتم، پرسیم قوربان نەخۆشیەکەت سەری هەلْداوەتەوە، فەرمووی دوو رۆژە نەنوستوم و تا ئەو بەشە لە کارەکە (کاری فەرهەنگ) تەواو نەکەم بۆتی نەنێرم خەوم لێ ناکەوێت) وەك دەریش دەکەوێت تەواو بوونی فەرهەنگەکەی زۆر مەبەست بووبێت و چارەسەری هەندێك شتی هەلگرتبێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەوەتانێ خۆیشی دەفەرمووێت (بەهومێدم ئەو کەسانەی لەدوا رۆژا فەرهەنگی کوردی بەکوردی و تەك وزو رێك تر دەنووسن، لەم کارە نەبەکەی منیش کەم و بێشێك سوودو بەهرە هەلْگرێنن) ئەم وتەیەی هەژار سەرلێوە لە (تواضع)، کە رەوشتی هەموو زانایەکە!

١٦-سەبارەت بە زانستی فەرهەنگ سازی کوردی کە هێمامان بۆ کرد، گەرەکە بنچینە ریشەییەکانی لەنێو جەرگەی خەسڵەتە تایبەتیەکانی زمانی کوردیەوە هەلْقولێت و سەرچاوە بگرێت، نەك کوت و مت لە تاقیکردنەوەی گەلانەوە بخوازرێت، چونکە ئێمەی کورد تا ئێستا زمانەکەمان مەحکومە بە کۆمەلێك کێشەی جۆر بەجۆر، کێشەی زاراوە (لهجه) کوردیەکان، زمانی یەکگرتوو، شێوەی نووسین و هەندێك بابەتی فۆنەتیکیی و سینتاکی و (سماع) و(قیاس) و نەبوونی پیت بۆ هەندێك دەنگ.. هتد، واتە نابێت لاسایی کوت و مت ی هەندێك فەرهەنگ بکەینەوە، بێ گوێدانە تایبەتمەندێتی زمانی نەتەوەیی

کورد، هەر لەم بوارەدا و بۆ بنج بەستی راکەم ئەوە دەڵێم گە گەلێ زانای ئەوروپی لەم دواییەدا مێملی ئەوەیان بۆ دروست بوە کە گوایە رەوتی زمانەکەیان لەگەڵ ئەو گرامەرەی کە لەسەری دەڕۆن سەد دەرسەد بە هێڵی هاوتەریب دا نارۆن, چونکە یاسا رێزمانیە یۆنانیە کانیان خواستوە بۆ زمانە نەتەوەیەکانیان. بێ گوێدانە تایبەتمەندێتی، دیارە من مەبەستم لەوە نیە کە پشت بکەینە زانیاریە فەرهەنگ سازیە رەسەنەکان، بەڵکو گەرەکە تا دواچۆڕ سوودیان لێ ببینرێت و بەچاوی پڕ بایەخەوە بۆیان بڕوانرێت و زانستی فەرهەنگ سازی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

١٧- هەمبانە بۆرینە شیاوی ئەوەیە کە چەندان لێکۆڵینەوەو دیراسات و سیمیناری بۆ بگیرێت، ئەگەر هەندێك هۆی هونەری و کات نەبوایە دەمویست لێکۆڵینەوەیەکی سوسیۆلۆژی لەسەر بنووسمەوە، چونکە ئەم فەرهەنگە هێند دەریایەکی قووڵ و فراوان و چاو قرژاڵی ئەوتۆیە کە چەندان مرواری و گەوهەری لێ بەدەست دێت، تیشك خستنە سەر لایەنە جیاوازەکانی ئەم فەرهەنگە دەبێە گەنجینەو دەسمایەیەك و بۆ چاپی دووەم سوودبەخش دەبێت، چونکە چاپی دووەم ئەرکێکی نەتەوەیی و دەستە جەمعیی هەموو رۆشنبیرێکی ئەم گەلەیە، من لەلای خۆمەوەو بەتەنیا تا ئێستا پتر لە (١٥٠) وشەی نوێم لە ئامێزی لاپەڕەکاندا نووسیوەتەوە دیارە ئەم ژمارەیەو چەندان تێبینی تریش لە داهاتوودا هەر لە رسکاندایە، بەو هیوایەی کە ئەم سامانە نەتەوەییە پیرۆزو مەزنە بێ وێنەیە بۆ چاپی داهاتوو بگاتە ئاستێکی خەملێوتر.

**پەراوێزەکان**

١-بڕوانە زمانی کوردی ئەورەحمان حاجی مارف- بەغدا ١٩٧٥.

٢-تا ئێستا بە چاپ نەگەییوە.

٣- چێشتی مجێور- عبدالرحمن شرفکندی-

٤-چێشتی مجێور- عبدالرحمن شرفکندی/ ل٦٣

٥-قامووسی زمانی کوردی- بەرگی یەکەم/ ١٩٧٧- چاپی کۆڕ/ بەغدا/ ل٦.

٦- هەمبانە بۆرینە.

٧- چێشتی مجێور/ ل ٥٧٩.

٨- هەمبانە بۆرینە/ ل بیست و هەشت.

٩- هەمبانە بۆرینە

١٠- هەمبانە بۆرینە

١١- العناصر المشتركة في الاداب الشرقية/ جزء من فصل من دراسة ١٩٨٥. ندوة الادب مقارن- جامعة صلاح الدين.

١٢- هەمبانە بۆرینە/ ل بیست و چوار- هەژار ئەم وشانەی لە کتێبی (المعرب من الكلام الاعجمى على حروف المعجم- ابى منصور الجواليقى).

١٣- هەمبانە بۆرینە/ ل٢١.

١٤- هەمبانە بۆرینە/ ل٥١٥.

١٥- هەمبانە بۆرینە/ ل٨٧٨.

١٦- هەمبانە بۆرینە/ ل٨٨٩.

١٧- هەمبانە بۆرینە/ ل٩٤٢

١٨- هەمبانە بۆرینە/ ل٥٦٢

١٩- هەمبانە بۆرینە/ ل٢٣٩.

٢٠- هەمبانە بۆرینە/ ل٢٣

٢١- هەمبانە بۆرینە/ ل٧١٧

٢٢- هەمبانە بۆرینە/ ل٢٢.

٢٣- هەمبانە بۆرینە/ ل٥٢٤.

٢٤- هەمبانە بۆرینە/ ل٩٣١.

٢٥- هەمبانە بۆرینە/ ل٢١١

٢٦- هەمبانە بۆرینە/ ل٤٩٦

٢٧- هەمبانە بۆرینە/ ل٥١٦

٢٨- چێشتی محێور/ ل٥٨١- عبدالرحمن شرفكندی (هەژار) پاریس ١٩٩٧ چاپی یەكەم.

٢٩- فەرهەنگی خاڵ/ ٢٩.

*ئەم بابەتە لەگۆڤاری (ئێستا) ژمارە (١٩) ساڵی ١٩٩٩ بڵاوبۆتەوە

## بابەتی حەوتەم

# هەژارو وەرگێڕانی قورئان

وەرگێڕانی قورئان خۆی لەخۆیدا هەڵزنانە بەکەژێکی گەورەوگرانداو بەڵگەی لێ هاتوویی وتوانای مام هەژارەو مەگەر یەکێکی وەك ئەو لە عۆدەی بێت، هەرچەندە بەر لەو هەندێ هەوڵ وتاقیکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ هەیە ومحەمەد ساڵح ئیبراهیمیش هەمان کاری کردووە، بەڵام لەگەڵ جیاوازی ئاستەکاندا. بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان یەکەمین کەس کەهەوڵی وەرگێڕانی قورئانی دابێت سەلمانی فارسیە وئێمە ئاسەواری ئەم هەوڵەمان نەدیوە. (طبري- واقدي- ابن الاثير) بەشێك لەزانا عەرەبەکان وتەنانەت هەندێك لەموعتەزیلە و (اخوان الصفا) کانیش سوورن لەسەر ئەوەی کەقورئان (اعجاز)ە و وەرگێڕانیشی وەك حاڵەتێکی عەقیدی وفیقهی هەر مەکروهە، دیارە بۆ سەلماندنی ئەم رایە (روممانی وباقلانی و ئەبی عوبێدەی کوڕی موعەمەر و عەبدولقاهیری جرجانی) سەدان لاپەڕەیان لەم بوارەدا رەش کردۆتەوە وپشتیان بەچەند ئایەتێك بەستووە وەك (فأتوا بسورة من مثله) یان ئایەتی (قل لو اجتمع الانس والجن على ان يأتوا بمثل هذا القرآن لايأتون بمثله)، ئەوەی کە لەم بوارەدا گرنگ بێت ئەوەیە کەئایا چی پاڵی بەهەژارەوە ناوە بۆ چوونە ژێر باری ئەو ئیشە قورس وگرانە؟! دیارە ئەم پرسیارە کۆمەڵێ وەڵام هەڵدەگرێ و لەبەر کەمی دەرفەت ناچمە ئەم مەیدانە وچونکە هەویرێکە ئاو زۆر دەبات.

## خاڵە پۆزەتیفەکانی ئەم وەرگێڕانە:-

١-مام هەژار وەك مامۆستا هادی موڕادی وتوویەتی هەر هەموو دیالێکت وبەچکە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەم سەر بۆ ئەوسەری کوردستان تێکەڵ کردووە وئەم دیالێکت زانینەشی بەڵگەی دەسەڵاتی لەرادەبەدەری هەژارە بەسەر زمانی کوردیدا و دەشێت بکرێتە هەنگاوێکی کارا بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی وخودی وەرگێڕانەکەشی بەڵگەی دەوڵەمەندی زمانی کوردیە، بائەوەش نەبوێرم ئەو تیکەڵەکردنی دیالێکتە جیاجیایانە بەو فرەییە جۆرێك تەم ومژی ئەوتۆی دروست کردووە کە خوێنەر سەراسیمە دەکات و دەشێت زۆر جاران بپرسێ بۆ واتای وشە کان بکات ونەیزانێ، خۆزگە مام هەژار شێوازەکەی شەرەفنامەو مەم و زینی بەکار بهێنایە لەجیاتی ئەو تێکەڵەیە.

٢-یەکێك لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕان لەزمانی عەرەبیەوە بۆ کوردی، بڕی پیت و وشەکوردیەکان زۆرتردەبن لەعەرەبیەکان، بەڵام لەهەندێك ئایەت وشوێندا هەژار کارێکی وای کردووە کە وشە کوردیەکان یەکسان بن لەگەڵ عەرەبیەکاندا، دیارە ئەم حاڵەتە هەنگاوێکی گورج ودرێژە لەبواری پێشخستنی دنیای وەرگێڕاندا بۆ زمانی کوردی. سەیری ئەم ئایەتە بکەن: (تنزیل الکتاب لاریب فیە من رب العالمین- ئەم کتێبە لەراهێنەری دنیاوە ناردراوە بێ گومانە)

٣-هەژار هەوڵی داوە لە سورەتە مەکیەکاندا پەخشانی هونەری بنووسێتەوە و بەسەرکەوتوویی، کارەکە فەراهەم بێنێت: سەیرکەن:

ان شانئك هو الابتر واتاكەی: ئەوی لێت بەناتۆرەیە بۆ خۆی وەجاخی کۆرەیە.
ئەم ئایەتەش: فأما من ثقلت موازینه فهو في عیشة راضیة
هەرکەسێکی تای تەرازووی داهاتووە، تووشی ژیانی خۆشی بووە.
٤-بەخشینی تاقیکردنەوەیەکی نوێ بەزمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی زمانەکە لەورێگایەوە بەرستەو شێوە گەلێ کە، تازەن لەزمانی کوردیداو دەشێت دەست خۆشانەی لێ بکرێت.

## لایەنە نێگەتیفەکانی وەرگێڕانەکە

وەك مامۆستایان ماجدی رۆحانی وهادی موڕادی نووسیویانە مام هەژار بە٨- ٩ مانگ ئەم کارە گەورەیەی کردووەو ئیتر بەسەریا نەخۆش کەوتووە و نەیپەرژاوە پیا بچێتەوە، دیارە ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ کەم وکوڕیەکانی وەرگێڕانەکە. کەلەم خالأنەدا خۆیان دەبیننەوە:
١-توانای هەژار لەزمانی کوردیدا زۆر بەهێزترە وەك لەزمانی عەرەبیدا، دیارە ئەم حالەتە هەمبەری (توازن) لەدەست دەداو لەوەرگێڕانەکەدا رەنگ دەداتەوە,ئەوەی کەقورئان وەردەگێڕێت دەبێت لە (فقه اللغة)ی عەرەبیدا ئێجگار شارەزاو لێ هاتووبێت.
٢-لەبواری وەرگێڕانی هەندێك ئامرازو دەستە واژەدا مام هەژار دەستکورت دەردەکەوێت بۆنموونە: لامی توکید (ان) لە زمانی عەرەبیدا بۆ تەئکیدە. سەیرکەن (ان الله مع المحسنین) واوەری گێڕاوە: خودا لایەنگری کارچاکانە. کوا

واتای ان+ لامەکە؟ دیسان نموونەی تری وای تیایە سەیرکەن: (اما ثمود فأهلكوا بالطاغية). دەڵێت: هۆزی سەمود بەنەعرەتێکی بێ وێنە قڕانیان کرد. واتای (اما)کە لە کوردیدا دەکاتە (هەرچۆنێك بێت) و واتای سووربوون واتا (توکید) پیشان دەدات. دیارە لێرەدا ئەم واتایە لابراوە.

٣- لەسورەتە مەکیەکاندا گوێ پێدانی هونەریانەی هەژار پترە وەك لەسورەتە مەدەنیەکاندا، واتە لە مەدەنیەکاندا ناوەڕۆك مەبەسترە و لەمەکیەکاندا هەردووکیان یانی شێوە وناوەڕۆك.

٤-لەوەرگێڕانی پیتەکانی س- سوف کە بۆ کاتی داهاتوو بەکار دەبرێن، بە جیاوازیەوە، بەتاك وکۆلێك دراونەتەوە سەیرکەن: لسوف يرضى: بەم زوانەش رازی دەبیت

لسوف يعطيك ربك فترضى= دیارە دوارۆژ بۆ تۆ لەدنیا چاترە. واتە بۆ واتای سوف جارێ (بەم زوانە) جارێ بە (دوارۆژ) لێکی داوەتەوە, دیارە (بەم زوانە) ناکاتە (دوارۆژ) بەهیچ جۆرێك وئەمە هەڵەیە.

٥-زمانی قورئان پڕە لە (مجاز)، وەرکێڕانی مەجازەکان راستە وخۆ لەعەرەبیەوە بۆ زمانی کوردی، مەرج نییە هەمان واتای مەجازیانە ببەخشێت. بۆنموونە: اني اراني اعصر خمرا- یان (ومنكم من يعبد الله على حرف) یان (وتحرير رقبة مؤمنة) ئەم خاڵە گرنگە لەوەرگێڕانەکەدا چارەسەری تەواوی بۆ دانەنراوە وجێگای مشت ومڕی فرەیە وچارەسەرەکەی قورسە.

٦-لەوەرگێڕانی لا- کلا هەڵەی فرە رووی داوە. سەیرکەن:
نا، ئەروازی نەهێنا.. دەبوو بیووتایە (نەخێر) لەجیاتی (کلا) چونکە (کلا) بۆ ڕەدعەو (لا) بە (نا) وەردەگێڕڕێت
٧-لەوەرگێڕانی کرداری (عسی)دا هەڵەکراوە چەندجارێك: سەیرکەن: قل عسی ان یکون... لەجیاتی (عسی) (رەنگە)ی داناوە بەڵام لەراستیا (خۆزگەیە) چونکە (عسی) لە (افعال الرجا)ءە.
٨-لەقورئاندا زۆر جار (تکرار) هاتووە بەتایبەتی لەسورەتە مەکیەکاندا وەك: (اولی لك فأولی- الحاقة ما الحاقة- فان مع العسر یسرا، ان مع العسر یسرا) ئەم تیکرارانە هەموویان مەبەستی بەلاغی خۆیان هەیە، مام هەژار بەشێك لەمانەی بەوشەی هاوتا (مترادف) گۆڕیوە بەمەبەستی دەوڵەمەندکرنی زمانی کوردی، بەڵام لە واقیعدا لەنەهجی قورئان لای داوەومەبەستی نەپێکاوە.
٩-هەڵەی گەورە لەوەرگێڕانی ئەم ئامرازە واتادارانەدا کراوە وەك: حتی- لام التعلیل، لو- ف- ان- اذ، اما وزۆری تر کەمی کات رێگام نادات نموونەکان بخوێنمەوە.
١٠-هەندێك جار هەڵە لە راناودا کراوە بۆنموونە: (ام انزلنا علیهم سلطانا فهو یتکلم بما کانوا یشرکون) وەرگێڕانەکەی: ئێمە بەڵگەیەکمان بۆ ئەمانە ناردۆتە خوار، کەدەربارەی ئەوشتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکم قسەبکات، ئایاتەکە هونەری (التفات)ی تێدایە بەجێ گۆڕکێی راناو, دیارە ئەم لایەنە نەزانراوە. یان هەڵاوێردراوە!

لەبواری مبنی (للمعلوم ومبنی للمجهول) یشدا لەم جۆرە هەڵەیە دووبارەبۆتەوە: سەیرکەن: (ومانحن بمعذبین) وا وەگێڕدراوە کەس ئازاری ئێمە نادات راستەکەی (ئێمەئازار نەدراوین)

بەهەمان شێوە هەڵە لەم وەرگێڕانەشدا کراوە (اني وجدت امرأة تملكهم واوتيت من كل شيء) واوەرگێڕدراوە: من لەوێ ژنێکم دیوە پاشایە بەسەریانەوە وخاوەنی هەموو شتێکە. اوتیت (مبنی للمجهول)ە ودەبوو بووترایە (هەمووشتێکی دراوەتێ) نەك خاوەنی هەمووشتێکە.

١١-هەندێك جار واتای زیادی خستوتەسەر ئایەتەکان نازانم بۆ؟ سەیرکەن: (فعقروها فأصبحوا نادمین). واوەرگێڕدراوە.

پەیایان کرد وسەریان بڕی ودوایی پەشیمان بوونەوە (پەیایان کردو دوایە)زیادەیە وخراوەتەسەری. دەبێت ئەوەبڵێم کەهونەری کورت بڕی (الایجاز) بەشێکی گرنگی بەلاغەی قورئانە، بەڵام مام هەژار گەلێ جاران لەم رێبازە قورئانیە لایداوە، واتە مەبەستی ون کردووە.

١٢-هەندێك جار (میزاج) لەوەرگێڕانەکاندا رۆڵی بینیوە. سەیرکەن: (فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره). واوەرگێڕدراوە: سا هەرکەسێ بە سەنگایی مێروولەی هەرە وردیلە. دەبوو بە (مثقال ذرة) بووترایە گەرد یان گەردیلە , وەك لەکتێبە نوێکاندا هاتووە. ئیتر (مێروولەی هەرە وردیلە بۆ؟) ئایەتی ویل للمصلین ئاوا وەرگێڕاوە (هاوار بۆ ئەو نوێژکەرانەی)، هاوار لەجیاتی (ویل) هاتووە کەئەمە هەڵەیەو (ویل) جێگایەکە لەجهنم.

١٣-هەندێك جار وشەی بەئارەزوو لابردووەو داینەناوەتەوە بۆ نموونە: (انا اعطیناك الكوثر). واوەرگێڕادراوە:

ئێمە زۆر شتمان دا بە تۆ. واتە باسی (الكوثر) هەر نەكراوە! كەرووبارێكە لەبەهەشت، زۆر شت لەكوێ و (كوثر) لەكوێ؟!

١٤-ئەوەندەی من پەیم پێ بردبێت ولەگەڵ وەرگێڕانەكەدا چەند كاتێكم بەسەربردبێ ئەوەم بۆ ڕوون بۆتەوە كەوەرگێڕانەكە هەندێك جار حەرفیە وهندێك جار واتایی، لەهەندێك شویندا سەركەوتووەو هەندێكی تر بەپێچەوانەوە، لەوە دەچێت ئەم حاڵەتە جیاجیایانە پەیوەندی بەكاتە نایەكسانەكانی وەرگێڕانەكەوە هەبووبێت وكاریان لەسەر ئاستەكەی دانابێت.

١٥-بەڕێزینە نموونەگەلێكی فرەترم لەلایە ومیلی كاتەكانیش بەرەو تەواو بوون دەڕوات ولە كۆتاییدا حەزدەكەم ئەوەبڵێم كەمن پرۆگرامێكی ئەكادیمی تایبەتم پەیڕەو كردووە وبەموو لام نەداوە لەرێبازی شیكردنەوەی دەق لەسەر بنەمازانستیەكانی زمان وبەلاغە، دیارە ئەم تێبینیانەو گەلێكی تریش لەنرخی ماندووبوونەكانی مام هەژاری گەورەو بلیمەت وزمان زان، كەم ناكاتەوە, بەقەدەر ئەوەی كەپەنجەرەیەك دەخاتەسەر پشت لەچۆنێتی دنیای وەرگێڕاندا بەتایبەتی لە بواری قورئانناسیدا.

*ئەم باتەلە ڤیستیڤاڵی ( هەژار موكریانی )لە تشرینی دوەمی ٢٠٠٢ لەهۆڵی میدیا لەهەولێر خوێندراوەتەوە.

## بابەتی هەشتەم

# دەرگایەك بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەكانی مەولەوی

ئەگەر دەق دەسەڵاتێکی ڕەهاو گرنگ بێت و سنووری گشت کات و جێگاکان ببەزێنێت، دیارە ئەو دەسەڵاتە گرنگ و خەتەر ناکە زادەی بیرو خورپەو ڕاچەنینی کۆمەڵێك ئۆرگانی تایبەتی داهێنەرەو زۆر بە بەخشندەیی پێشکەشی خوێنەرو فەزای کاتەکانی دەکات و وەك ڕۆڵان بارت دەڵێت، ئیتر جڵەوی گرنگی دەقەکە دەدرێتە دەست خوێنەرو ئەویش بە ئارەزووی مێشك و دڵ، مامەڵەی لەگەڵ دا دەکات، واتە ئیتر خوێنەر دەبێتە خاوەن قەواڵەو نووسەریش لە دەرەوەی ئەو جوغزەدا بەسەرسامی یەوە لە نێوان ئەو دووحاڵەتە مۆلەقەییەدا ڕادەمێنێ، خەم و خورپەی داهێنانەکانی دەکە وێتە بەر مەترسیترین سەفەری هات و نەهاتی هەڵچوون وداچوون، بێ ئەوەی لە توانای داهێنەردا هەبێت دڵۆپە ئاوی ڕایەکی نوێ برژێنێتە سەر ڕووبەری دەق، جگە لە ڕوونکردنەوەو و لێکدانەوە! بەڵام کاتێك کە نووسەر دەچێتەوە جوغزی فراوانی خوێنەر، دەشێت ببێتەوە خاوەن دەق، بەڵام لە چوار چێوەیەکی چۆنیەتی ترداو بە بۆن وبەرامەیەکی تایبەت ترەوە، با لە ڕوانگەی خوێنەر لە لایەك و داهێنەر کە مەولەوی پایەبەرزە لە لایەکی ترەوە سەرنجێ بدەینە ئەو بونیادە ڕەخساوەی کە هەمیشە لە تازە بوونەوەو کاژ فڕێداندایە، نەك بە تەنیا لەسەر هێڵی بەیانی کاتەکانی دوای ئەفراندندا، بەڵکو لە خودی چرکە بە سام و ژانە شیعریەکانی مەولەویدا، دیارە هەر لە سەرەتای تەقینەوەی کانیاوی داهێناندا چەپکێ بۆچون و خورپەو جیهانبینی نوێ سەردەردێنێ، بۆ ئەوەی خوێنەر پتر ئاشنابێت بەو جیهانی ئەفراندن و توانەوە لاهۆتیەی مەولەوی، دەبێت داهاتوو گەرایی لە گەشترین حالەتدا

سەرچاوە بگرێت، ئێمە لەم ڕوانگەو پێودانگەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئەم کلیلانە دەدەین کە لە نزیکەوە بتوانین قەڵای سەختی داهێنانەکانی مەولەوی بکەینەوە و تا چاویش بڕکات بە دوای هەتوانی زامەکانی و شەو دەستەواژەکاندا وێڵ بین، دیارە ئەم وێڵ بوون و کێومالْ کردنە بۆ کردنەوەی تەلیسمە داخراوەکان خۆی لە خۆیدا رام کردنی قەڵاسەختەکانی دەقە، واتە دەقە نەمرەکانی مەولەوی ئێمە دەخوێننەوەو راممان دەکەن و گەنجینە زانیاریەکانی ناخمان دەهەژێنن و دەمانخەنە سەرفەزای جیهانێکی تایبەت بە هەموو جوانیەکی ئەفسووناوییەوە، واتە ئەگەر خوێنەر گەنجینەیەکی پێش وەختەی ئەدەب لە مێشك و هەناویا نەبێت، دەق هەرچەندە بەهێزیش بێت، ئەو کاریگەریە هونەریەی نابێت، چونکە وەك هاوکێشە یەکی مردووی لێ دێت، من پێم وایە کلیلەکانی شیعری مەولەوی هەروا بە ئاسانی ناچنە گیرفانی هەموو خوێنەرێکەوە، تا لەم بوارانەدا زانیاریی وردی نەبێت.

١-**بەلاغە:** بە هەر سێ بابەتەکەیەوە (معانی- بیان- بدیع)، دیارە ئەم زانستانە فرە لك و پۆپن و لە گەلێك دەرگای هونەری دەدەن، بەلاّم ئەوەی جێی سەرنجمە ئەو شوێنانەی کە هونەرەکانی جناس، طباق، توریە، تشبیە، حسن التعلیل،استعارەی تەخیلی، تیا بەکارهێناوە، زۆر سەرکەوتوە، چونکە هەست بە خۆ ئەزێت دان ناکرێت، لە لایەك و بەکارهێنانی ئەو هونەرانەش لە خزمەتی دەوڵەمەند کردنی واتاکەدا توظیف کراون و ئیشراقێکی واتایی قووڵیان بەخشیوە بە حاڵەتی لە دایك بوون و بزواندنی خورپە تایبەتیەکانی دڵی خوێنەر. لە بونیات نانی (توریە) دا مەولەوی زۆر بە لێزانانە کارەکەی

ئەنجام دەدات، چونکە لە سەرەتادا خوێنەر ئەخاتە سەر کەڵکەڵەی واتایەك و ئیتر وا هەست دەکات هەرچیەك دوای ئەوە بێت درێژە پێدانی ئەو واتایەیە لەسەر هەمان پێودانگ، بەڵام لە پڕێکا واتا سەرەکی و ویستراوەکەی خۆی سەرهەڵئەداو سەرهەڵدانەکەش دەبێتە وزەو تینێکی نوێ و بارێکی سایکۆلۆژی، کە بریتیە لە کەشفی دورگەیەکی نەزانراوی واتایەکی قووڵ و دلۆڤانتر.

هەر بۆ نموونە مەولەوی دەڵێت:

**کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ          یارم تۆراوە و ئاشتی نابێتۆ**

خوێنەر لە سەرەتادا هەر نیوەی دوەمی بەیتەکە سەرنجی بە گەرمی ڕادەکێشێ، چونکە باس باسی یارو تۆران و ئاشت بوونەوەیە، دیارە ئەم حاڵەتە لەزەت ئامێزانە زمان حاڵی هەموو پەیوەندیەکی نێوان نێرو مێن، بەڵام خوێنەر کاتێك بە خۆی دەزانێت کە باس لە لێژبوونەوەی گلۆڵەی تەمەن و دەرکەوتنی یەکێك لە دیاردەکانێتی، کە سپی هەڵگەڕانی سەرو ڕیشە، ئەرستۆ ڕای وایە کە یەکێك لە ئەرکە گەورەکانی شاعیر بە جوان و نەوازە پیشاندانی حاڵەتە نێگەتیفەکانە، بۆ رام کردنی خوێنەرو دروست کردنی فەزایەکی پۆزەتیفی لە نێوان دەق و نووسەرو خوێنەردا، دیارە مەولەوی توانیوێتی ئەم مەبەستە دابین کات، بەوەی کە پیرێتی بە هەموو دیاردە دژواریەکانیەوە لێك بچوێنێ بە کوێستانی خاڵ خاڵ، واتە تێکەڵە لە نێوان

ڕەش و سپیدا، واتە: بە جوان پیشاندانی ئەو حاڵەتە دژوارە. هەر لە هەمان بواری هونەریدا مەولەوی دەڵێت:

**قازان قەتاران قوڵنگان حەوایی      حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنهایی**

لەسەرەتادا, سەرنج ڕاکێش نیوە دێڕی دووەمە، چونکە باس لە باڵای یارە، بەڵام بە تەنیایی! کەئەمە خۆی لە خۆیدا بزواندنی جۆرە هەستێکی تامەزرۆیی و دابڕانە لەنێوان شاعیرو یارا، بەڵام لە واقیعدا باس لە مردنی یاردەکات، چۆن؟ لە نیوە دێڕی یەکەمدا، قازان واتە مەنجەڵ ڕیز کراوەو ئاویش گەرم کراوەو لە هەمان کاتیشدا پاچ و قوڵنگ بە ئاسمانەوەن و گۆڕی یار هەڵدەکەنن، هەر چەندە شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا (قازان قەتاران قوڵنگان حەوایی) زۆر هونەرمەندانە ویستویەتی خوێنەر بخاتە داوی فەزای (قازو قوڵنگەوە) کە دوو جۆر باڵندەن و لە بەهاراندا بە حەواوە ڕووەو کوێستان و ئێلاخ ڕەو دەکەن، دیارە هەردوو حاڵەتەکە هەر ڕەون ئەمیان تەمەنی مرۆڤ و ئەویش باڵندە، بەلاغیەکان هونەری (استخدام)، یان هەندێکیان (ایحاء) یان داناوە بۆ ئەم جۆرە هونەرە، بەڵام نابێت خوێنەر ئەوە فەرامۆش بکات کە مەبەستە سەرەکیەکە هەر (توریە) یە، شاعیر لە نێوان ئەو دوو هونەرەوە (استخدام- توریە) توانیوشیەتی کەرنەڤاڵی داب و نەریتی بە خاك سپارنی مردوومان پیشان بدات، بەستنەوەی هەردوو بەری بەیتەکە ئەو هەمبەریە (توازن) زەینیە لە زەمەنێکی بروسکەییدا هێندەیتر بارگە ئەکات، ئەوەی شیاوی وتنە چەتری تەمێکی قووڵی کێشە ئەنتۆلۆژیەکان نیشتووەتە

سەر بەیتەکەو بە هیچ کلۆژێك لێی دانابڕێت، چونکە مردن ئەو قودرەتە ئەفسووناویە یە کە هەموو شت دەبێت لەبەردەمیا چۆك دابداو هەڵ بوەشێت، جگە لە خودی خۆی کەبۆتە تاپۆیەك وتارماییەکانی تر لە ترسی چنگ و پەلە خوێناویەکانی هەرگیز ئۆقرە ناگرن.

یەکێك لە بابەتە بەلاغیەکانی تری مەولەوی کە زۆر تیا سەرکەوتوە کورت بریە (الایجاز) واتە پیشکەش کردنی واتای فرەو زۆر بە وشەو دەستەواژەی کەم، لێرەدا دەتوانم ئەم دێڕەی کە باس لە میعراج دەکات بە جۆرە ئیعجازێکی دابنێم کە تا ئێستا لای هیچ شاعیرێکی کورد نەم بینیوە:

**چوو، بوو، دیی، بیستی، کریا، دڕیاوە      هاتەوەو حەلقە هەر دەلەریاوە**

لە بواری لێك چوون و خوازەشدا (التشبیه والاستعارە) دا هێند سەرکەوتوە من بەتەنیا بە وەسفێکی گۆران حاڵەتەکە بەرجەستە ئەکەم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەت و لێکۆڵینەوەی زۆرو فرە لکی دەوێت، چونکە مەولەوی لە نێوشاعیران و روناکبیراندا بە خاوەنی ناسکترین و فراوانترین خەیاڵ ناسراوە، واتە یەکێکە لە وێنەگرە گەورەکانمان.

٢- گوران دەڵێت: (بەتایبەت لەمەدا بلیمەت مەولەوی یە لە هەموو دێڕێکی هەڵبەستەکانیا بەردێك لە هەڵدێرە سەختەکانی کوردستان (لوتکەی ئاتەشگا) بە بازرەقە بەستن تل ئەبێتەوە، شەپۆلێك لە قەڵبەزەکەی سەرچاوەی زەڵم خۆی ئەدا بەسەر تاوێری بەرداو ئەبێ بە لافاوی کەفی شیر، پەڵە هەڵمێکی

دووکەلاوی لە سەهۆڵەکانی گۆمی زرێبار بەرز ئەبێتەوە و لەگەڵ هەناسەی ساردی مەولەوی خۆی بەری ئاسمان ئەگرێ).

٣-یەکێك لە دیاردەکانی تری هۆنراوەکانی مەولەوی ئەو مامەڵە وشیارانەیە لەگەڵ زمانی دەربریندا، بونیادی زمان لای مەولەوی لە چەقی خالێکدا ڕانەوەستاوەو زەمەن و تاقیکردنەوەی سەرو مڕ هەمیشە لە خزمەتی بەکاربردنی وشەو ڕستەو دەستەواژەکاندایە، واتە کۆنترۆلکردنی یاسای ناوەوەی بەیتەکان حالەتێکی بونیاد گرتووی پێش ئەفراندن نیە، بەلکو خودی شاعیر بۆتە مەوشورێك و لە نێوانیەوە وشەو دەستەواژەکان بەرەنگالەیی وەبەرهەم دێن و دەبنە چنراوێکی سفت وسۆڵ، ئەم حالەتە خەسڵەتێکی زەق و ئیجانی بارە هونەری و زمانە شیعریەکەی مەولەویە ، دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشەکانی، لە نێوەندی یەك لەهجەدا نەچەقیوە، بەڵکوو سوودی لەزاراوە (لەهجە) کوردیەکان بینیوە و کردویتیە میتۆدێکی تایبەتی شێوازی دەربڕین، تەنانەت زۆرجار بەمەشەوە نەوەستاوە توانیویەتی کۆمەلێکی زۆر وشەی عەرەبی بکوردێنێ و تینی جۆرە مۆسیکایەکیشی پێ ببەخشێ و بیکاتە مولکی کورد وەك: ئەلوەدا- الوداع: سێلاو- سیل، جەمینی- جبهە، توغرا- طغراء، عەزاو- عذاب، سەبووری- صبر، سەربسات- بساط، فام- فهم، موبەت- نوبە، ئەروا- ارواح، فرسەتەش- فرصە، تالەم- طالع، جەم- جمع، نسیو- نصیب، شۆلە- شعلە، سوب- صبح، تەواف- طواف، زایفیم- ضعیف.

٤- ئەگەر بمانەوێ بەراوردێك لە نێوان شێوازی دەربڕینی مەولەوی و خانای قوبادی یان بێسارانی یان هەر شاعیرێکی تری سەربە زاراوەی گۆرانی بکەین زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە موفرەداتی شیعریی خانا هەورامیانە ترن لە مەولەوی و هەندێك جاران ئەوەی ئەم کردویەتی ڕیز بەندی وشە گەلێکی گۆرانی و کرمانجی خواروە لە چوارجێوەی سینتاك و فۆنەتیك و گرامەری گۆرانیدا، وەك:

**پەلە پەل پەی زەوق زامێ وەتیرت　　　　ئازار دابۆ تای زوڵف زنجیرت**

یان:

**شەوان تاوەرۆ فکرم جەلاتەن　　　　رۆح ڕەوانم نەخاك پاتەن**

یان:

**ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن　　　　زایەڵەی سەمتوور کەللەم وەگەرمەن**

یان:

**بینایی وەڕاست دڵەی پڕ دەردم　　　　ئای چەد سەرسەخت بیم لوای نەمەردم**

یان:

**من دەردم پەیکار ناز دلگیرەن　　　　دەوای زامانم زامداریی ئێرەن**

ئەمانەو چەندەهای تر، ئەوەی شیاوی هێما بۆکردنە بە پان و پۆڕی ئەو دیوانە گەورەیە تەنیا قەسیدەیەکی چوار بەیتی بە زاراوەی کرمانجی خواروی تایبەت بە خێڵی تاو گۆزیەوە کە لکێکن لە جاف وتوە:

تۆپڵاخەی دوکەڵ هیجران دولبەر
جەم بووگە وەك هەور نەروی سەقف سەر
حاشا خۆ ڕەنگم هیچ نەماگە پێ
سەرم وەکوو تاس دەنگی لێوە تێ
کەی کەم ئێستەکەم خوێناو ئەکا شەصت
لە دوو پلوسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست
لافاو کووچەی جەستەی زوو خاڵی
هەڕگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی

جگە لەم دیاردانەش مەولەوی زۆرجار یاری بە وشە کردوە بە تایبەت لە بواری بچوك کردنەوەو کورت کردندا، وەك: شەوان تاوەرۆ، واتە ڕۆژ، ئەرواح بۆتە ئەروا، جەمع- جەم، صلاە- بەسەلا، با ئەوەش لە یاد نەکەم کە ئەو چامانەی لەسەردەمی پیریدا وتونی هەورامیانە ترن لەوانەی سەرەتا، هەرچەندە نەدەبوو وابێ، چونکە لەسەردەمی پیریدا گەڕاوەتەوە سەر شاتەی زیدی کە بە کرمانجی خواروو دەپەیڤن، بەلاّم لە لاوێیدا لە سنەو ناوچەکانی سەر بە لەهجەی گۆران خوێندویەتی و کاتی بەسەر بردوە، تویژەرەوە دەتوانێت لەم بوارەدا گەلێك کشوفاتی نوێمان بۆ دەستەبەر بکات.

لەم بواری زاراوە گۆڕکێ یەدا پرسیارێك سەردەردێنێ، کە تا ئێستا گەلێك تیا ڕاماوم و تەلیسمەکەیم بۆ نەشکاوە، ئەویش ئەوەیە کەبۆ مەولەوی شیعرە ویژدانی و زاتیە نەوازەو دلۆڤانەکانی بە شێوازی گۆرانی نووسیوە، بەلاّم عەقیدە مەرزیەکەی کە بریتیە لە (٢٠٣١) بەیتە شیعرو لەگەڵ لێکدانەوەکەی

کاك فاتح عبدالکریم دا کە (٨٦٨) لاپەڕەی گرتۆتە خۆ بە زاراوەی جاف
تاوگۆزیی نووسیوە؟ یان (فوائح)ە کەی کە (٥٢٦) بەیتە بە فارسی دایناوە؟ یان
(الفضیلة) کەی بە عەرەبی هۆنیوەتەوە؟ یان زوبدەی عەقیدەو عەقیدەکەشی
هەر بە زاراوەی جاف تاوگۆزی هۆنیوەتەوە ,دیارەئەم پێنج کتێبە بریتین لە
هەزارەها بەیت و هەموشیان باس لە، عەقایدو، فناء، بقاء، عرض، کشف، دلیل،
خاص، عام، ترجیح، تغلیب وباس کردن لە ڕێبازەکانی مالیکی، حەنبەلی،
اشعری، شافعی، بۆ ئەم کتێبە عەقائدیانەی بە زاراوی گۆرانی نەنوسیوە؟
با بڵێین مەولەوی تەواوکەرو کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری ئەدەبی گۆرانی و
سەردەمی ئەردەڵانییەو کاریگەرێتی باوی ئەو ئەدەبە لەو ناوچەیەدا
فرەبووەو مەولەوی نەیتوانیوە لە دەستی قوتار بێت؟ باشە خۆ لەو
سەردەمەدا نالی و سالم و کوردی و مەحویش ئەستێرە گەشەی درەوشاوەبوون
و جێی بڕواش نیە مەولەوی نەیناسیبن؟! تۆ بڵێی وەڵامی یەکێك لە
پرسیارەکان وا بکەوێتەوە کە مەولەوی لە ناوچەکەی خۆی دڵنیا نەبووبێت
کە هەورامی نازانن و ویستبێتی لەو ڕێگایەوە خزمەتێك بەوانیش بکات؟! یان
ئەو کاتانەی کە تەدریسی کردووە سەرنجی بۆ ئەوە راکێشرابێت کە
قوتابیەکانی پێویستی فیکری و عەقیدەیی بەو جۆرە بابەتە هەیە؟ یان بە
پێچەوانەوە؟
کێ ئەڵێت لە ژێر داواو توجیهی شێخی ضیاء الدین یان هەر خۆشەویستێکی
تری بەو لەهجەیە نووسیبێتیەوە؟

تۆ بڵێی مەولەوی هێند زاڵ نەبووبێت بە سەر زاراوەی گۆرانیدا هەتا عەقیدەکانی پێ بنووسێتەوە؟! خودی زاراوەی گۆرانی لە وزەیدا نەبێت ئەو واتا قووڵ و فرە لکانەی عەقیدەو کەلام و اصول بگرێتە خۆی؟

ئەوەندەی من هەست پێ بکەم مەولەوی ئەم کتێبانەی لە سەردەمی تدریس و وانە وتنەوەدا داناوە کە دەکاتە تەمەنی هەڵکشاو، دیارە لەو تەمەنەدا لە زێدی خۆیدا بوەو هەر لەوێش وانەی وتۆتەوەو قوتابیەکانیشی خەلکی لای خۆیان بوون، یان بە لایەنی کەم زۆربەیان بەو زاراوە زۆر ناوچەییە دواون نەك گۆرانی، کەواتە ئەو حاڵەتە وای لێ کردووە کە بەو زاراوە ئەم نەزمانە دابنێ، بەهەر حاڵ مەرج نیە ئەمەش وابێت، لە ڕاستیدا ئەمانە هەموو دەستی پرسیارن و بە ئەڵقە ریزی مەبەستەوە ئەلکێن و لێی جیانابنەوەو تا ئێستاش ئەو دەرگایە بە داخراوی ماوەتەوەو بە هیوای توێژەرەوەی داهاتووی دەسپێرین! با ئەوەش نەبوێرم کەیەکێك لە هەرە بلیمەتی و زیرەکیە کەم وێنەکانی مەولەوی لەوەدا دەبینم، کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەدەب و زانستی کوردیدا توانیوێتی بابەتەکانی (فلسفە- عقائد- اصول- کلام) بە زاراوەیەکی ئاخاوتنی دواکەوتووی تیرەیەکی جاف وەك تاوگۆزی تۆماربکات!!

٥-لە بواری شیعری قووڵ و پڕمانادا کەئەمە زیاتر بۆ لای کلاسیك دەچێت، چونکە پەیوەندی بە هۆش و بیرکردنەوەی سەرومڕ هەیە، مەولەوی هەندێك چوارینەو دێڕە شیعری بەهێزی ئەوتۆی هەیە کە جێگای سەرسوڕمانی هاوڕێکانی بوەو تا ئێستاش کاریگەرێتی خۆیان بۆئەم چەرخەش هەرماوەو مرۆڤ نەك لێی نابێزرێت بەڵکوو بە پیریشیەوە دەچێت، چونکە کردنەوەی

قفڵی ئەو تەلیسم ونهێنیانە خۆی لە خۆیدا جۆرە لەزەتێك دەبەخشێت بە خوێنەرو پەنجەرەیەکی جوان ناسی و جیهانبینی و سنوور بەزاندنی زات لەبەردەمدا ئا واڵە دەکات، هەر بۆ نموونە:

**قەلآی ویرم سەیل هووناو بەردەبێ**

**بورج ئاگاییم وێران کەر دەبێ**

**کێشك چی خەیاڵ خەم فام سەندە بێ**

**دووکانچەی بەدەن بێ کەس مەندەبێ**

یان دەڵێت:

**دیدەم (ڕێژاوە)ە، ڕوخسارم (زەردن)ن**

**جەداخ (یاران)، (بیران)م کەردەن**

یان دەڵێت:

**سەر وەبان عەین عەینم خەم وەردەن**

**هوون چون چەشمەی عەین نەعەین سەرکەردەن**

**یوند دەردو ئاهم عەین کەردەن بێ نوور**

**وەختەن هەشت کەم بۆنە پە نجەی مەشهوور**

یان دەڵێت:

**سفیدیم ئاوەرد سیاییم پێ ڕەشت        هەفتم کەردەوە، ڕوونیام لە هەشت**

یان دەڵێت:

**شنۆی ڕەشەبای زووسان هیجران**

**سەر چڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان**

٦-هۆنراوەكانی مەولەوی سیخناخن لە ناوی زۆربەی جێگاو شوێنەكانی ئەو دەڤەرەی كە تیا ژیاوەو هات و چۆی تیا كردووە، دیارە ئەمە بەڵگەی شارەزایی و جوغرافی ناسیی بووە، ئەمە جگە لەوەی كە ئەو شوێنانە بە شێوەیەك توظیف كراون كە وەك بەشێكی ئۆرگانی فەزای چامەكانیان دلۆڤانتر كردوە، تانجەرۆو سیروانی خەم تەمیی برینی هەوكردووی دڵی مەولەوی بوون، گەرمەسێر لای مەولەوی سەری پڕ لە خەیاڵ و ئەفراندنی لە باوەشی ئێلاخدا ئۆقرەی گرتوەو هەمیشە دەمی لە مەمكی كانیاوەكانیا بوە، وەرمن و شەمێران خەمە ئەبەدیەكانی مەولەوی یان چڕتر كردۆتەوە. داخ و كەسەری مرۆڤی كورد لە هەردەی دوجەیلا كە بە بێ نەوایی سەری ناوەتەوە، هێندەی تر دڵی داوە بە چڵاكی خەمدا، ئەمە جگە لە بەكاربردنی ناوی هەموو جۆرە شەماڵ و باوشنەیەك كە لە كوردستاندا هەیە وەك سەبوون، كزە، نەسیم، شەماڵ، زلان، ڕەشەبا، گەردەلوول، دیارە مەدلولی ئەم وشانە لە نێو فەزای بەیتەكاندا دەشێت خۆی بۆ خۆی ئازوقەی بابەتێكی سەربەخۆبێت، چونكە دابڕكردنی وشەو ڕستە لە سیاق دەكاتە دەست نانەبینی هونەری شیعر.

مەولەوی هەر لە شنینەوەی چڵەوەنەوشەیەكی كاوانەوە تا لەرینەوەی چڵە گیایەك ڕاچەنیوەو ڕاچڵەكیوە..! شوێن فڕینی باڵندەیەكی كۆچەریی كەوتوەو تا گەڕاوەتەوە پەژارەو چاوەڕوان بووە، لەگەڵ كۆچی گەرمیان و كوێستانی خێڵاتی جافدا، سەرە ڕێیانی لێگرتوون و یەك یەك سەر ژمارەی كردوون، بزانێ كامیان تەمە!.. ڕیشەی جەرگ و پەردەی دڵی خۆی بۆ كردوون بە نووشتەی چاوەزارو بە قۆڵ و مەچەكی كچە جوانەكانی جافەوەی بەستووە..!

له بچوكترین و دوورترین خه‌م كۆستی ئازیزانیا كسپه‌و زام گه‌یوه‌ته دڵی ئه‌م و فرمێسكی شیعری له خه‌مبارو كۆست كه‌وتوه‌كان زۆر ترو به‌سۆی تر هه‌ڵڕشتوه.. كه ڕوومه‌ته سپی و سافه‌كانی (شێخ عه‌زیزی جانه‌وه‌ریی-هاوڕێی) ئاوڵه ده‌رئه‌كات؟ وشه‌كانی ئه‌م ڕوومه‌تی خۆیان ئه‌ڕنن..! گوێی له خوڕه‌ی قه‌ڵبه‌زه‌ی ئاوی دوورترین وته‌نگترین ده‌ربه‌ندو گه‌روو بوه..!)

وه‌ك وتم مه‌وله‌وی له‌بواری شیعری قووڵ و پڕمانادا تابۆی كرابێت چاره‌وێی به‌هره‌و توانای تاوداوه، دیاره له‌م حاڵه‌ته‌دا كێشه هامبه‌ریه‌كه‌ی نێوان نووسه‌رو خوێنه‌ر تێك ده‌چێت و سه‌نگایی نووسه‌ر له‌سه‌ر ڕووبه‌ری بونیاته شیعریه‌كه پتر ده‌بێت، دیاره ئه‌م حاڵه‌ته لای فۆكۆو مسدی و حسان تمام به پۆ زه‌تیف داده‌نرێت، چونكه هه‌وڵێكه بۆ پتر توندو تۆڵ كردنی پێگه‌ی خانه‌كانی زمان و مشت وماڵ كردنی ڕاده‌ی هه‌ڵسوكه‌وتی بیریی خوێنه‌رو جیاكردنه‌وه‌ی سنووره‌كانی داهێنه‌ر وه‌ك هه‌ر بوونه‌وه‌رێك كه‌به دوای دوورگه‌یه‌كدا بگه‌ڕێت كه خه‌م و حه‌زه ونبوه‌كانی له گێژه‌نی دلهێنانه نه‌وازه‌و سه‌ر ته‌ڵه‌كاندا بدۆزێته‌وه‌و له‌و ڕێگایه شه‌وه به‌دست هێنانی ته‌جه‌للای نه‌مری به‌ده‌ست بێنێ، دیاره ڕۆشتن و پێداگرتن له‌سه‌ر ئه‌م ته‌وه‌ره كێشه‌یه‌كی قووڵ له نێوان بونیادی شیعر كه ده‌كاته مه‌وله‌وی و خوێنه‌ر  دا دێته كایه‌وه، دیاره مه‌وله‌وی له‌و ئاقاره‌دا خۆی نه‌داوه‌ته ده‌م شه‌پۆلی ویستی خوێنه‌رو كۆوه، به مه‌به‌ستی به‌رگری كردن له زاتی خودی خۆی، له نێوان ئه‌و ده‌قه نه‌مرانه‌وه، كه تائێستاش سه‌رپۆشی غافڵ گیریی خوێنه‌ری پێوه‌یه‌و له‌گه‌ڵ هه‌موو

خوێندنەوەیەکی نوێشدا جیهانێکی نویٚ تر لەبەر دیدو بۆچوونەکانماندا ئاواڵە بکات.

٧-لە دیوانی مەولەویدا ناوی هەمووی ئامێرە مۆسیکیەکانی ئەو سەردەمو دەڤەرە هێنراوە، بەلاٚم لە بۆنەو کاتگەلێکدا کە مەولەوی نوقمی خەمە ئەنتۆلۆژی و ئەبەدیکانێتی، ئەو ئامێرانە ئاوازێکی بۆ دەچڕن کە بێشکەی ئازارە هۆش ئامێزەکانی ڕائەژەنن، لێرەدا دەشێت ئەم تەنیا دێڕە پیشان دەم کە وێنەیەکی شیعری ئێجگار نەمرەو هێندەی تر مەولەوی بەرەو ئەستێرە درەوشاوەکانی ئەفراندن هەڵدەکێشێت:

**مطرب یەکەمان بالاٚی خەم وەردەم　　　یەتار ئەسرین خەم کۆك ئاوەردەم**

واتە (کاکەی ئاهەنگ گێڕ، بگرە ئەوە بالاٚی چەمیوم بیکە بە کەمان، ئەوەش فرمێسکی چۆڕاوگە بەستووم کە خەم کۆکی کردووە بیکە بەتار).

٨-تاوتووکردنی ئەم سەرەو سەری دیوانەکە گەلێك کلیلی تر دەداتە دەست خوێنەر، وەك بەکارهێنانی کۆمەڵێك زاراوەی مەنتیق و کەلام و نحوو صرف و هێماکردن بۆ ڕووداوە مێژووییەکان و ئایەتە قورئانێکان و بابەتە شەرعی و فەلسەفێکان و هەروەها (تضمین) کردنی شیعری شاعیرانی کەو ناوهێنانیشیان لەم لاولادا، هەروەها ناوهێنانی هەندێك کتێب و بابەتی زانستی و زاراوەی زانستە ئیسلامیەکانی وەك: بقاء، فناء، عرض، کشف، برهان، دلیل، ترجیح، تغلیب، ئیشراق..

٩-یەکێك لەو واتاو بابەتانەی کە نەمری ئەبەخشن بە هۆنراوە، پەنجەرە خستنە سەر پشتە بەرەو پانتاییەکانی تەلیسمی ئەنتۆلۆژیاو عەدەم و بوون و ئەفسوونی ئەم گەردوون و بونەوەرە، دیارترین خاڵە بەهێزەکانی داستانی کلکامیش ئەو کێشە مەزنەی نێوان بوون و نەبوونە کە ئەنکیدۆ شانی داوەتە بەرو وێڵی ئاوی نەمری یە، لە ئەدەبی کوردیا کەمتر شاعیرەکانمان دەستیان بۆ ئەم بابەتە گرنگ و خەتەرناکە بردوە، جگە لەچەند نموونەیەکی سەرپێیی ئەم لاولا نەبێت! بەڵام سەرنجدان لەو هۆنراوانەی کەبە جیهانی بوون، دەمان گەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی هەرە زۆریان تەرخانن بۆ ئەم کێشە مرۆڤایەتیە چارەنووس سازەی کە تەرخانە بۆ خولانەوە لەو بازنە گرنگەدا، هەر لە گۆتەوە هەتا ئەبولعەلای موعەری ومەولانای ڕۆمی و حافظ.. هتد یەکێك لە هۆنراوە سەر تەڵەکانی گۆران بەشێکە لەو پرسیارە ئەبەدی و بێ وەڵامانەی کە ئاڕاستەی چارەنووسی مرۆڤ و ڕەوتی ژیان و تاك کراوەو هەتائێستاش لە ئاسمانی دیوانەکەیا هەر ئەجریوێنێ:

**بەڵام ڕۆڵەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگا نیتای**
**لەبەردەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوول و نیهانیتای**
**بە چی مەعلووم بە شوێنی هی منا ئەرژێ چەمی عومرت؟**
**سەراسەر پێکەنین و خوڕڕەمی نابێ خەمی عومرت؟**
**بەڵێ، بەرخم! ئەگەر چی هەروەکو یەك ژینی گشت لایە**
**لە بەینی بێشکەو قەبرا، بڕینی عەینی ڕێگایە!**
**هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەر زەمینێکین**

**هەموو دێین و دەڕۆین.. تاكوو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین**
**وەلێ كۆچی ژیان كۆچێكی پڕ سیحرو پڕ ئەفسوونە**
**لەیەك سەرچاوە دوو قەترە: یەكێ لیلە، یەكێ ڕوونە!**
**هەیە وەك من بەسەر دڕكا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە**
**هەیە هی وایش كە فەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە!**

بە پان و پۆڕی هەموو بەرهەمەكانی ئیلیا ئەبو مازی , هۆنراوەی تەلاسیم جێگای سەرنج و گوێ پێدانی نووسەرو خوێنەرانە، چونكە لە دەرگای كێشە خەتەر ناكەكانی ئەنتۆلۆژیای داوە، شاعیرانی كورد ئەگەر ویستبێتیان ڕووەو بە جیهانی بوون هەنگاو بنێن، یان بە لایەنی كەمەوە لە قۆزاخەی ناوچەیەتی قوتاربن وهەناسەی مەودایەكی فراوانتر وەرگرن، لە محەلیەتەوە قۆناغ بە قۆناغ هەنگاویان ناوە، دیارە هەنگاوەكانیش چوون یەك نەبووە! بەهەر حاڵ لە نیوەی ڕێگا، تەمەن و مەرگ، یان سستی هەنگاوو لاوازی دەربڕینی مەحەلیەتەكە، دەرفەتی نەداونەتێ، بەڵام ئەوەی كە جێی سەرنجە مەولەوی لەهەردوو بوارەكەدا، یان لە هەردوو بەری هاوكێشەكە واتە محەلیەت كە دەكاتە وێنەگرتنی سروشتی بەهەشتینی كوردستان و ژیانی پڕ لە مەینەتی مرۆڤی كوردو لە لاكەی تریشەوە واتە ئەوبەری هاوكێشەكە، كە دەرگا كردنەوەیە لەبەردەم تەلیسمی ژیان و وەڵامدانەوەی گەلێك نهێنی گەردوون لە ڕوانگەی (ئەشعەرییەكی ماتریدی) یەوە، دیارە ئەم دوولایەنە گرنگە هێندەی ترمەولەوییان بەرەو ئەستێرە درەوشاوە جیهانیەكان هەڵكێشاوە بائەوەش نەبوێرم كە هەرچی محەلیەتەكەی مەولەویشە بە

جۆرێك باوەشی بە سروشتی بەهەشتینی كوردستاندا كردووە، كە پێكرا لە بۆتەی ئەوینێكی لاهۆتیانەدا تواونەتەوەو كەسیان بێ ئەوی تر نەك نایانكرێت بە تەنیا بەڵكوو ناناسرێنەوە، دەشێت ئەم حاڵەتە جیاكرێتەوە لە هەندێك محەلیەتی تەنگەنەفەس، كە جوینەوەی كۆمەڵێك تابلۆی میناتۆر ئاسای ئەوتۆیە  كە زۆرجار وێنەكانی بە تۆپزی پێكەوە لكێنراون، لە چوارچێوەی خوازە (استعارە) گەلێكی نەساچاودا، كە دیاردەی زۆر لە خۆكردن و ئەزێت دانی نەك شاعیربە تەنیا بەڵكو خوێنەریشی پێوە دیارە، جگە لەمەشیان زۆرجاران موفرەداتی سروشت بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، كە سێبەری واتا قووڵ و دلۆڤانەكان هەڵئەبرسكێ لە نێو ئەم وێنە داتاشراوانەدا، ئەمە لە كاتێكدا كە هۆنراوەی ڕەسەن دەشێت بە لایەنی كەمەوە چەتری كۆمەڵێك ئیحاو خورپەی ستاتیكا برژێنێتە ڕۆحی خوێنەرەوەو هارمۆنیای دلۆڤانترین هێور بوونەوەی دڵەڕاوكێ پێ ببەخشێت، وەك مەولەوی كردویەتی، نەك زەین و خانەكانی مێشكی خوێنەر بكرێتە كێڵگەی تاقیكردنەوەو، یاری كردن بە موفرەداتی سروشت، لە چوارچێوەی خوازە گەلێكی یەك لەدوای یەكی تەم نەرەوویوەدا، خوێنەر بخرێتەوە جەرو مەنگەنەی تەجریداتی دوور لە گیانی شیعرەوە.

*ئەم بابەتە لەكتێبی میهرەجانی مەولەوی لەساڵی ٢٠٠٠ دا بڵاوبۆتەوە.

## بابەتی نۆهەمین

# دیوانی نالی وپیاچونەوەیەك

دەرچوونی (دیوانی نالی) بەو شێوە قەشەنگەو لەو قەبارە گەورەیەدا رووداوێکی مەزنی دڵخۆشکەرە لەزنجیرەی زیندوو کردنەوەی کەلەپوری کلاسێکی ئەدەبی نەتەوە کەماندا، هەروەها لە عەودەیدایە کە دەرگایەکی گەورەی لێکۆڵینەوەو گۆرینەوەی بیرووڕا بخاتە سەر پشت لە بەردەم رۆشنبیراندا، هەرچەندە هێشتا کەم کەس هەیە لە ئێمە ئەو ڤیزە پیرۆزەی پێ بێت و خۆی بکا بەدەروازەی ئەو دوورگە پڕ لە فەڕووسامانەدا، بۆیە تا ئێستا زۆربەی ئەو سەرنجانە شەقڵی رووکەشی و ئاوە لەمەیی پێوە دیارە، لەوانەیە هەندێك لە مامۆستایان ئەم رایەم بخەنە ژێر خێوەتی رەشبینیەکی رۆمانسیانە، بەلاّم وەك ارنولد دەڵێت: دەست نیشان کردنی لاوازی و کەم و کوڕی بەلکەی سەرەتایەکی رووناکە بۆ پاشەرۆژ، تاقی کردنەوەی ژیرانەو کارلێکی (تفاعل) ووزەکانی خۆیەتی و مەوزوعی لە شوێن و کاتی تایبەتیدا هەمیشە کلیلێکن بو کردنەوەی دەرگای داهێنانی چۆنیەتی نوێ، بۆیە هەڵەو نووچ دان رووی بارێکی ئێجگار ئاساییین لە هەموو تاقی کردنەوە یەکدا, لەم روانگەیەوە حەزدە کەم هەندیك رای تایبەتی دەربڕم بەرانبەر (دیوانی نالی).

١-پێشەکی یەکەی کاك فاتیح هەتابڵێێ بە بڕشت و تۆکمەیە، بە تایبەتی لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ووشەی (نالی)دا، هەروەها ئەو تەوازوعەی کە دەڵێت :

(ئەم (١) بۆچوونانەی خۆیشم بەبێ عەیب نازانم...) کە ئەمەیە رەووشتی هەموو مرۆڤێکی رۆشنبیری رەسەن، بەلاّم ئەوەی کە بەلامەوە سەیرە پاش ئەو هەموو لێکۆڵینەوەو تاوتوکردنە ژیرانەیە دەلێت: (٢) (شاعیر بۆیە ئەم

نازناوەی بۆ خۆی دیاری کردووە، بەپێی پێویسێ شوێن، چ لە بارەی ووشەو چ لە بارەی مەعناوە یاری پێ بکاو.. بە کاری بێنێ) ,ناتوانم دەستی ڕەزامەندی بۆ ئەم بۆ چوونەی کاك فاتح بگرم بەسنگەوە، لەبەر:

أ-بڕواناکەم مەلاخدر قوربانی بە کەسێتی دەروو نی و (انا) مل هورە کەی خۆی بدات بە ووشەی (نالی)، بۆ ئەوەی ببێتە دەست کەلایەکی سووك و سۆڵ لە مەیدانی ووشە ئارایدا و چۆنی دەوێت بیهاوێژێ!!

ب-ئەو شارەزووریە پێتوڵە , ئەوەندە بێ دەسەڵات نەبووە لەجیهانی شیعر ووتندا , هەتا ئاشی هۆنراوەکانی لەسەر تەوەری (محور) ووشەی (نالی) نەبێ نەگەرێ!

ج-نازناو هەمیشە تیشکدانەوەی دەروونی و بیری و کەسێتی شاعیرە، ئیتر مەرج نیە ئەو نازناوە هەمیشە بەکاربێت و پات ببێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەو ووشەیە بەو زەبەندییە لە هۆنراوەکانی (نالی)دا دوای تاقی کردنەوەو مومارەسەی شیعر ووتن بووە، نەك لە پێشا وای بڕیارداوە! واتا بەکار هێنانە کە لەپلەی دووەمدا هاتووەو عەرەزییە.

٢-رەوانبێژی وەك زانیاریەك دەکرێت بە دووبەشی سەرەکیەوە (فصاحە- بلاغە) هەروەها بەلاغەش دەکرێت بەسێ بەشەوە (معانی- بیان- بدیع) مامۆستا فاتیح لە بەش کردن و ڕاڤەی زاراوەکانی هەندێك لەم زانیاریانەدا تووشی تۆزە تێکەڵ و پێکەڵیەك بووە، کەراستر وابوو بەشێوەیەکی ووردی ئاکادیمیانە ئەمانەی بەش بەش بکردایە، بۆ نموونە کینایەو (٣) هەردوو

ئیستیعارەکەی لە میانەی حوسنی تەعلیل و لەف و نەشرا باس کردووە، کە ئەمیان دەچێتەوە سەر (بدیع)و ئەویشیان (بیان).

٣-زانیاری (معانی) بەشێکی هەرە گرنکە لە بەشەکانی رەوانبێژی و ویژەش بەتێکڕایی لەسەر بناخەی ئەو هەڵدەسێت، کەچی بەهیچ شێوەیێک لەراڤەکانا بە پەرێزیا نەچوون و پشت گوێشیان خستوە، بەلاّم زۆر خۆیان ماندوو کردووە بە دەست نیشان کردنی لایەنە ووشە ئارایيە کانەوە، من لاریم لەوە نیە کە نالی (بدیعی) بووە، بەلاّم هەرچۆنیك بێت (بدیع) رووی دەرەوەی شیعرە کە ئارایشتە، رەساتر بوو لە هەندێك شوێنی پێویستدا ئەگەر بەهیماش بووە شتێکیان لە (المعانی) دەربریایە. چونکە هەندێك لە هۆنراوەکانی نالی ئیجگار پێویستیان بەوە هەیە.

٤-باسی (طباق المقابلە) یان نەکردووە لە نێو زاراوەکانی (بدیع)دا، ئەمە لە کاتێکدا کە وەك دەر دەکەوێت (نالی) مەبەستی بووەو زۆریشی بە کارهێناوە، بۆ نموونە:

**شەوی بەهاری جوانی خەویٚ بۆ پڕ تەشەویر**

**لە فەجری پاییزی پیرتی بەیانی دا تەعبیر**(٤)

٥-لە هۆنراوەی:

**دەم دەم کە دەکازاری پڕ ئازاری بە خونچە**

**بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گویا دەمی نادا**(٥)

لام  وابێت هیچ جۆره تەناسوبێك نیه له میانەی (دەم دەم) و (دەم)دا، هەروەها بڕواش ناکەم (نادا) له (نادی)ی عەرەبیەوە وەرگیرابێ، چونکە بەخونچەکردنی دەم و لێوو هەڵقورتاندنەکەی (حوسن تەعلیل)ەو هیچی تر!

٦-له هۆنراوەی

**تەبەسسوم دەردەخا حوققه دەم و جەوهەر لەنێو ئەودا**

**بەڵی مپقاله ژەڕڕە ڤاهیرە جیلوەی له پڕ تەودا**

لەنیوه دێری دوومدا (تشبیه تمثیل)ەو دەربرینی هێزێکی گەوره دەدا بەراڤەکە، چونکە هۆنراوه که له سەر ئەو بناخەیه هەڵساوەو جوانیەکەی لەوەدایه.

٧-وەك روونه لای هەمووماڻ شیعرەکانی (نالی) هەره زۆریان له سەر کێشەکانی عەروزی عەرەبین، بەلامەوه راسترببوو لەپێش هەموو هۆنراوێکەوە جۆری کێشەکه دەست نێشان بکرێت، بۆ ئەوەی خوێنەرسنووری زەحاف و عیلەلەکانی بزانیایه، لەلایەکی ترەوە خوێنەر ئەو سوودەشی بەدەست دەگەشت که چ کێشێکی عەرەبی لای نالی زۆر بووەو کامیان نزیکه له بەکارهێنانی زۆربەی شاعیرەکانەوە، ئەم جگه لەوەی که دەست نیشان کردنی ئەو کێشانه زۆر لایەنی هەڵەی زمانەوانی و لادان له جغزی یاسا کانی رێزمانی کوردی بۆ دەردەخستین.

٨-لە هۆنراوەی:

**لەبەر خەندەیی لەبی لەعلی ئەتۆبو**

**کەوا شەککەر دەباری، گوڵ دە پشکوت**(٧)

وادەزانم لێکدانەوەکە تۆزە دان ئاڵ بوونەوەیەکی ناخۆشی تیا هەست پێ دەکرێت، بۆ شەکرە کە مەبەست لەقسەکانی نەبێ کە خۆشەو تەزوو دەدات بە دڵی؟ لە لایەکی ترەو لە کوردەواری خۆماندا بە خاوەنی قسەی خۆشی و بەتام دەلێن شەکر دەخوات یان شەکر دەشکێنێ، خۆ دەشتوانین بڵێین شەکرە کە لێك چوێنراوە بە ددانەکان لە رووی سپێتیەوە، جگە لەوەش زۆر تر مەبەستی (حوسن تعلیل)، کەیە، کە باشتر وابوو دەربڕایە.

٩- لەهۆنراوەی:

**شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پر تەشویر**

**لە فەرجی پاییزی پیری بەیانی دا تەعبیر**(٨)

لە راڤەی ئەم هۆنراوەیەدا دەلێین (تەمەنی جوانی کە وەك شەوی بەهار درێژ, خەو تیا خۆش ئەهاتە پێش چاو) ئەوەندەی من بزانم شەو لە بەهار روەو کورت بوونەوە دەرواو رۆژیش بەپێچەوانەوە، لە فۆلکلوردا هاتووە:

**یاخوا بەخێر بێی میوانی ئازیز**

**بەرۆژی بەهار بەشەوی پاییز**

مەبەستی شاعیریش ئەوەیە کە خۆشترین کاتی مرۆڤ تەمەنی لاویتی یە کە وەك خەوی شەوێکی بەهار کورتەو خۆشی خەوەکەشە، دێرە شیعرکانی دوایی ئەو مەبەستە بەجوانی روون دەکەنەوە، وەك دەڵێت:

**وەکو نهاری بەهاری درێژو یایزی کورت ئەمەل**

**گەلێك و گەویل و عەمەل کەمێك و قەصیر** (٩)

١٠- لەهۆنراوەی:

**خاو بی خاوی دو زوڵفی خاوم ئەز**

**چاوە چاوی یەك غەزاڵە چاوم ئەز**

وادەزانم هەرگیز لە میانەی (یەك) و (دوو)دا طیباق نییە.

١١-لەهۆنراوەی:

**موی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەگ**

**شۆرە شەگ یەعنی کە تێدا خود بەخود قەل بوو بە بەگ**( ١٠ )

بۆ چوونەکەی ئەوان توزێك خزاوەتە لیژگەی تێ روانینێکی یەك لایەنیەوە (احادیه الجانب) بە تایبەتی لە راڤەکردنی ووشەکاندا لێکچواندنەکانیان، (قەل) بەرەشێنەی چاوو (بط) بە سپی بوونەوەی، ئەوەی وای لەوان کرودە ئەوە بلێن رووی دەرەوەی واتای شتەکانە کە لە سەر ئەو پێ و دانگە تەئسیری فرمێسکەکە بۆ (ردێن و چاو)، بەلاَم لە راستیدا فرمێسك هۆیەکە بۆ دەربرینی خەم و ئازار کە شتێکی واتایی یە، کەواتە بۆ (قەل) مووی رەشی

نەبێت کە نیشانەی گەنجیەو (بط) مووی سپی کە نیشانەی پیری یە، واتا ئەشکەنجەو ئازار موەرەشەکانیان سپی کردووم، بۆ ئەم بۆچوونە دەبێت راڤەی ووشەی (خود بەخود) (خۆی لە خۆیا) بێت، لە هەمان بۆ نەدا شاعیرێکی عەرەب دەڵێت:

**مالي وما يلهو بعد مفارق**

**وقد نفرت غربانها ببزاتها**

واتا لە سەرما (باز) قەلەرەشی راو دەنێت، کە مەبەست سپی و رەشێ کەیە، لە لایەکی ترەوە (قەل) لەگەڵ عەین و شەط و بط دا تەناسوبی نیە.

١٢-لەبەر ئەوەی دیوانی نالی ئێجگار شاکارەو رەنگدانەوەی پلەیەکی مێژوویی گرنگە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیماندا , راستر وابوو فەرهەنگێکی تایبەتی هەبوایەو هەموو ووشە گرنگەکانی روون بکرایەتەوە وەك سەر چاوەیەکی سەرەکی قوتابخانەی کلاسیکی، کە ئەمە روویەکی ئەکادیمیانەی دەدا بە شاکارەکە.

١٣-لە راڤەی نامەکەی (نالی)دا بۆ سالم هەندێك جیاوازی هەیە لە گەڵ بۆ چوونەکانی سەجادی دا، بە هیوام لە دەرفەتێکا چەند رایەکی تایبەتی بخەمە پێش چاو خوێنەرە ئازیزە کانەوە.

١٤-ئەوەندەی من هەست بکەم کەمێك لە دیوان و کتێبە کوردی یە گرنکەکان فەهرەستی ناوو جێگایان تیایە، کە ئەمە رێرەوێکی ئەکادیمی یەو سوودێکی بە برشت دەگەێنێت، جانازانم چۆن بەرێزان ئەم خاڵەگرنگەیان فەرامۆش

کردوه ,چونکه ئەو فەهرستە یارمەتی دەرێکی ئێجگار بەسوودە بۆ هەموو خوێنەروو داریسێك.
١٥-ئەگەر بەووردی بەدوای تیورەکانی ئەدەب و مێژووی نووسینەوەی ئەدەبدا بگەرێین، یەکەم دەردو ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەنانەت نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیش ناتوانێت دووربێت لە هەست و سۆزی لایەنگیرانەوە، ئیتر هەست و سۆزەکە خۆشەویستی و پیاهەڵدانە یان بەپێچەوانەوە، چ جای لێکۆڵینەوەو بە بالآبرین (تقویم) کە بەزەقی کەسێتی لێکۆڵەرەوە کەی پێوە دیارە، گرنگ ئەوەیە دەست نیشانی رێژەی (نسبە) ئەو لایەنگیری یەو هۆکانی و پلەی ئەنجامەکەی بەووردی رەچاو بکرێت.
ئەوەی کە تائێستا جێگای لێکولێنەوەو مشت و مری رەخنەگرانە، ئەوەیە کە تاچ رادەیەك ئەو دەقە ئەدەبی یانە لە گەڵ ئاستی رەخنەگرو لێکۆڵەرەوەدا دەگونجێت لە رووی بیروراو چێژوو باری دەروونی و هتد رەخنەگرێك کە بروای بە ئادیای ماتەریالیزم بێ و لەو روانگەیەوە بروانێتە جیهان, چۆن مامەڵە لە گەڵ دەقێکی سەربە سوفیزم یان میسالیەت دەکا؟ یان رەخنە گرێکی ئەم سەردەمە چۆن کەلەپۆری هەزار ساڵ لەمەو بەر بەبالآ دەبرێ و لێی دەکۆلێتەوە؟ ئەمانەو زۆرپرسیاری تر لە بەردەم دیوانی نالی دا قوت دەبنەوەو داوای وەڵام دەکەن، ئایا هەر لەبەر ئەوەی نالی وشە ئارایی کردووە بەدەس پێچك و زۆر گرنگی پێ داوە، دەبێت لیکۆڵەرەوەی بەرهەمەکانی هەر لەو ئاقارەدا پەل بهاوێ و زۆر لایەنی هوونەری تر بخاتە لاوە؟! خۆ ئەگەر وابێت ئەویش چۆتە سەر ئەو خوانەو ئەو تەزووە کلاسیکیەیەی پیاهاتوەو

کاری تیَ کردوه، ئەی ئەگەر هەمان مرۆڤ لە بەرهەمێکی ریالستی بکۆڵێتەوە، مەرجە ببێتە ریالیستی و لەو مەیدانەدا ئەسپی رەخنەی تاودا؟! ئەنجامی ئەم جۆرە گۆرانکاریە دەبێتە هۆی وون کردنی کەسێتی ئەو مرۆڤەو ئەو قوتابخانەیەی کە سەربە تیورەکانێتی. ئالێرەوە با بزانین کەسێتی لێکۆڵەرەوەکان تاچ سنوورێك لەم بەرهەمەدا رەنگی داوەتەوەو کالێکی (تفاعل) بیری و دەروونی و روشنبیری لە گەڵ هۆنراوەکاندا چۆن دروست بووەو لە چ رێژەیەکدایە.

بەڵێ ئەو هاوریَ یەتیە دوورەی هۆنراوەکانی نالی و ئاشناوبوونی بەئاگایان (واعی) جۆرە توانەوەو زاتێکی خۆشەویستی وای فەراهەم هێناوە کە ترازووی شاعیرێتی ناڵی ئەوەندی تر لاسەنگ بووە، نالی وەك هەموو مرۆڤیَ یان شاعیرێك تووشی هەندێك هەناسە سواری بووە لە بەرەو ژوور کەی شیعرو وتندا، ئینجا گەشتۆتە ئەو ترۆپکە، ئەگەر لەسەر هێڵیکی بەیانی وێنەی تاقیکردنەوەکانی نالی بکێشین هێزو پیزی ئەندیشەو لایەنە هونەرێکانی چوون یەك نین، چونکە تاقیکردنەوە هونەرێکانی نالی و ژیانە پر لەئازارەکەی هەمیشە مشت وماڵی ووزەی شیعرووتنیان داوەو پێشیان خستووە، کەچی ئەو جیاوازیە لە راڤەکردن و لێکولێنەوە کەدا بە پلەیەکی ئاشکراوروون بەدەر نەکەوتووە، بەڵکوو لەسەر کردنەوەی نالی بەزەقی دیارە، کەنە ئەبوو وابێت، یان زۆر جار لەنێو دەست نووسەکانا دەست نووسێکیان هەڵبژاردووە کە سوودی نالی بەزەقی تێدا دیارە، بیَ ئەوەی ئەوە رەچاو بکەن کە نالیش دووچاری هەلەو کەم و کووری بووە وەك هەموو مرۆڤێکی تر!!

بۆ وێنە نالی دەڵێت:

**مەمخەرە هاوییەیی هەوڵی فیراق**
**دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا**

لێکۆڵەرەوەو کان دەڵێن: (کورت کردنەوەی ووشەی (قیامەت)یش بە (قیا) کە ناڵی کردوویەتی کردارێکی زمانەوانیی نوێیەو هاو چەشنیمان پێشتر لە کوردیدا نەدیوە) جارێ ووشەی (قیا) عەرەبی یەو هیچ کردارێکی زمانەوانی نوێ نیە، تەنیا ئەوەی پاڵی بە نالی یەوە ناوە (قیا) بە کاربێنێ پارسەنگی قافیەکەیەو هیچی تر، چونکە چامەکە بە (یا) کۆتایی هاتووەو ئەویش بە دەستووری (ئەوەی بۆ شاعیر دەست دەدات بو خەڵکی تر دەست نادات) (قیامەت)ی کردووە بە (قیا) لام وابێت یەکێکیش بچێتە ناو کوت و پێوەندی یاسای شیعری عەرەبی یەوە واتا (الوزن والقافیە) دروستە ئەو لادانە بکاو ناشبێت بە خەوش، ئەمە نەك بەنیسبەت شارەزووریەکی وەك نالی یەوە بەڵکوو بە نیسبەت شاعیرە عەربە گەورە کانەوە کە سەدەها شتی وایان کردەوەو ئەشی کەن و کەسیش بەم شێوەیە بۆیان پاسا و نادات، ئەم مامەڵەیە لە گەل دەقی هۆنراوەکانا جۆرە خۆشەویستی یەك پیشان دەدات کە وادیارە هاورێ یەتیە دوورەکە دروستی کردوەو ئەوانیش (تقمص) کەسێتی نالی یان کردوەو بەهەردوولا چوونەتە یەك بازنەوە، جا نازانم ئەمە تاچ سنوورێك دەگونجێت لە گەڵ پیشکەکێ کەدا کە دەڵێت: (١٢): بەچاوێکی بێ لایەن و بێ ئەوەی خۆیەتی خۆی کاری تێ بکا سەیری ئەو بەرهەمە بکاو هەڵیسەنگێنێ) لە لایەکی ترەوە زۆر جار بۆچوونی لاوازی وادەبینم کە براواناکەم ئەوان وای

بۆ چووبن؟ بەلاّم وەك دەر دەكەوێ تەنها پاساو دانی هەڵەكەی ناڵیەو هیچی تر، بۆ نموونە لەم هۆنراوەیەدا.

**خاڵی نییە (نالی) دڵەكەت ساتێ لە هجران**

**تاتاری و جوودت نە پسینێ مەلەكول مووت**

وەك خۆیان لە یەكەم جارا ووتو یانەو هەروایشە (مەلەكول مووت) بریتی یە لە فریشتەی گیان كێشان (ملك الموت)و واتا كەشی بەو پێ یە بەهێز و جوانە، كەچی ئەم بۆچوونە شیان خستۆتە پاڵیەوە كە دەڵێ نالی لەم شیعرەدا ویستویەتی وشەی (مەلەكول مووت) بەم جۆرەش بخوێنرێتەوە (ملی كەل مووت)واتە:

ملی وەك موو باریكت! بەم پێیە مەعنای شیعرەكە زیادەڕەوییەكی جوانی تێ ئەكەوێ) نالی لێرەدا قوربانی بە ووشەكەداوە لەبەر قافیەكە ,چونكە هۆنراوەكانی پێشیەوە بە (ووت) دوایی دێ، بڕواش ناكەم ئەم هەڵەیە لە نرخی نالی رەند كەم كاتەوە، لام وابێت هێشتا هەڵە زمانەوانیەكە باشتر بێت بۆ نالی، نەك ئەو بۆچوونە لاوازە بە ناوی نالی یەوە!! لە كۆتاییدا دەڵێم ئەگەر ئەو سێ كوچكە زرنگ و هۆشیارە نەبوایە هەرگیز (دیوانی نالی) بەو شێوە رەساو قەشەنگە دەر نەئەچوو، بۆیە هەمیشە مل كەچم لە ئاستی سووتانی بە عەشقی ئەو خێزانە مەزنە لە پێناوی ووشەی كوردی خۆشەویستدا.

## سەرچاوەکان

---


١-ديوانی نالی ل ٥١.

٢- ديوانی نالی ل ٥١.

٣- ديوانی نالی ل ١٨.

٤- ديوانی ل ٢٠٤

٥- ديوانی نالی ل ٨٤

٦- ديوانی نالی ٨٧

٧- ديوانی نالی ل ١٥٠

٨- ديوانی نالی ل ٢٠٤

٩- ديوانی نالی ل ٢٠٧

١٠- ديوانی نالی ل ٢٤٢

١١- ديوانی نالی ل ١٢٦

١٢- ديوانی نالی ل ١٢

١٣- ديوانی نالی ل ١٥٤



*ئەم بابەتە لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ ژمارە (٦٠) دا بلاٌوبۆتەوە

## بابەتی دەهەمین

# حاجی قادری کۆیی- بۆچوونی جیاواز

١٢ /١٩٧٨/١/ دا، له هۆڵی چالاكی قوتابخانەكان له سلێمانی، له كۆڕێكی فراوانی نوسەرانی كورددا، لێكۆڵینەوەیەكی فراوانم لەسەر شاعیرێتی حاجی قادری كۆیی له نێوان ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی كتێبێكی كاك عبدول ستار تاهر، كه بەڕێز پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار پێشەكی بۆ نوسیبوو پێشكەش كرد، له دواییدا لەسەر داوای هەندێك برادەر، بەتایبەتی شاعیری شەهید كاكەی فەلاح ئەو بابەتەم فراوان كردو له دوو توێی كتێبێكدا ئامادەم كرد، ئەوە بوو كۆڕی زانیاری كورد پێشوازی لەو كتێبه كرد وبڕیاری له چاپدانی دا و چەند جارێك له گۆڤاری كۆڕدا دڵنیای له چاپدان كرامەوە، بەڵام مەخابن كارەكه به ئەنقەست دوا خرا و له دوای ڕاپەڕینی١٩٩١دا كتێبەكه وون و گومناو كرا وئیتر دەستم نەكەوتەوە.

ئەم بابەتەی ئێستای بەردەستان چەند بەیاز و سەره قەڵەمێكی ئەو لێكۆڵینەوەیەیه، بەو هیوایەی كه بایەخی ئەدەبی خۆی لەدەست نەدابێت.

تا ئێستا فراوانترین لێكۆڵینەوه كه لەسەر حاجی قادری كۆیی نوسرابێت، سێ بەرگ كتێبی پڕ بەها و فەڕی زانای گەوره مەسعود موحەمەده كه ١١٧٠ لاپەڕەی گرتووەته خۆ و دەبێت بەسەرچاوەیەكی گرنگ لەقەڵەم بدریت، چونكه له دەرگای گەلێك مەبەستی داوه و زۆر بابەتی گەوهەری و هەمەلایەنەی بۆ یەكەم جار ووروژاندووه، دیاره مامۆستا مەسعود موحەمەد سوارچاكترین كەسی مەیدانی شیعری كلاسیكی كوردی یه، بەڵام ئەم سێ بەرگ كتێبه وەك هەر بەرهەمێكی تر بەدەر نی یه له كۆمەڵێك گرفت، دیاره تێبینی یه كانم لەمەڕ پرۆگرامی پیاده كراوی ئەم سێ بەرگ نوسینەیه:

١)مامۆستا مەسعود لەگەڵ ئەو هەموو توانا فرە لایەنەی دا بیریەتی لێکدانی (العقلیه الترکیبیه) کزە و جەمسەری ڕاو بۆچوونەکانی زوو لێك دەترازێن و پەرت دەبن، چونکە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی مەڕ ئەم بابەتانە لە دوو تەوەری جیادا خۆی دەبینێتەوە، کە شیتەڵ کردن و گرێ دانەوەیە، دیارە ئەم دوو لایەنە بێ یەك نایانکرێت و دوو ڕووی ڕاستی یەکن و لاوازی یەکێکیان کاری نێگەتیفانە دەکاتە سەر ئەوی دی.

٢) هەتا بڵێی شتی لاوەکی و لادانی (استطراد) فرەی تیادایە ، هەر بۆ نموونە: لە بەرگی دووەمی حاجی قادردا بەڕێزی هەستی بەمە کردووە و دەفەرموێت: (نەختێك چاوپۆشی لە خوێنەرەوە ئەو کەلێنەم بۆ پڕ دەکاتەوە)، یان لە بەرگی یەکەمدا لە لاپەڕە (١٧٥)و لاپەڕە (٣٠٩)دا دوو باسی نوێی ووروژاندووە، کەچی لەبەر لادان و شتی لاوەکی نەیپەرژاوە و ئەوەندە دوور کەوتووەتەوە کە سەرەتای باسەکەی وون کردووە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە نەتوانێت فەهرەستێك بۆ سێ بەرگ کتێب دابنێت بە قەوارەی (١١٧٠) لاپەرە.!

٣)بەڕێزی کەمتر پشت بە سەرچاوە و بیروڕای خەڵکی دەبەستێت، یان هەر نابەستێت، ئەوەتا خۆشی دان بەوەدا دەنێ و دەفەرموێت: (خوێنەر بۆ خۆی سەرنج دەگرێ لەوە کە زۆربەی بیر و ڕایەکانم لە سەرچاوەی دەروونی خۆم ووت و وێژی ناوەکی (حوار داخلی) یەوە هاتوون، هۆی ئەم زاهیرەیە تازەیی و بێ سابیقەیی ڕوانگەی لێوە نۆڕینە بۆ سەرچەشمەنداز(٢). ئەوەندەی من بزانم ئەم جۆرە پرۆگرامە، بەشێوەیکی ڕەها نامانگەیەنێتە دوا مەنزڵگای سەرکەوتن، چونکە لەم سەدە خێراو تایبەت بوونەدا مرۆڤ پێویستی بە

هەموو لقەکانی زانیاری هەیە و جگە لەوەش دابڕان لە سەرچاوەکانی ڕابردوو دەبێتە هۆی لەدەستدانی سامانی شوێنەوارە مەعریفی یەکان، با ئەوەش نەبوێرم کە مامۆستا مەسعود موحەمەد لە بواری شیتەڵکردنی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دا، سوارچاکێکی کەم وێنەیە و عەقڵێکی مەوسوعی هەیە وپەڕاوی (چەپکێ لە گوڵزاری نالی) گەواهی قسەکەمە، دیارە لەم بوارەدا مەنهەجی هیرمۆنتیکای (التأویلیە) ئەنگاردن و رولان بارتی بەکار هێناوە بە بێ مەبەستی پێشینە.

٤-هەندێك جار پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکانی گشتگیری (التعمیم) بەسەردا زاڵە، یان بە پێچەوانەوە زۆر تایبەتمەندێتی، واتە، یان ئەوەتا شتە زۆر تایبەت و گرنگەکان لە دیاردە گشتی یەکاندا وون دە کات، یان بە پێچەوانەوە، واتە جەدەلیەتی نێوان تایبەتی و گشتی فەرامۆش دەکات ، دیارە لەم حاڵەتەدا زیان لە ڕەوتی خودی ڕەخنە دەکەوێت و سەرە داوی خاڵە گرنگەکان وون دەکرێت.

٥)بەکار هێنانی دیالێکتی زۆر ناوچەیی کە ئەمە دەبێتە هۆی فەرامۆش کردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، بەتایبەتی لە بەکار هێنانی (حروف الجر)دا کە یەکێکە لە ئەستوونە هەرە قایمەکانی زمانی کوردی، ئەمە جگە لە ڕستەی سەخت ودوور و درێژ، مامۆستا مەسعود خۆیشی هەستی بەم لایەنە کردووە و دەفەرموێت: (ناوە ناوەێیك ڕستەی سەخت هاتووە بۆ ناو نوسینەکەم کە ئەمە دژی خواهیشم بووە)، لەگەل ئەمانە و گەلێك دیاردەی لاوازی تری ئەو سێ بەرگەئەم زانا گەورەیە دەستی خستووەتە سەر زۆر شت و بۆ یەکەمین جار لە

دەرگای گەلێك باس و خواسی گرنگی داوە و پەیی بە زۆر دیاردە بردووە، کە ئەمە بەڵگەی ووردبینی و کارامەییەتی لە دنیای لێکۆڵینەوەی شیعردا.

سەبارەت بە شاعیرێتی حاجی قادر مامۆستا پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار دەفەرموێت: (شیعرە کلاسیکی یە تەقلیدی یەکانی حاجی واتە غەزەلەکانی لە ڕیزی پێشەوەی غەزەلخوانە کوردەکانی دادەنێ، بەڵام شیعرە نیشتمانی یەکانی لە ڕووی هونەری یەوە لاوازن، حاجی پێویستی بەوە نی یە لەم لایەنەوە شاعیر بێ، ئەگەر بشیەوێ هەر نابێ بە شاعیر، خۆیشی دەرکی بەوە کردووە، ئەوەی ئاشکراشە کەرەستەی ئەو شیعرە نیشتمانیانە کەرەستەی ڕاستەقینەی شیعر نین و بۆ ئەوە دەست نادەن). ئەم ڕایە لە گەلێك دەرگای گرنگ ئەدا و زۆر بۆچوون دەوروژێنێ و ناکرێت قەڵەم ئیستێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر نەکات.

ئەوەندەی من لەگەڵ شیعرەکانی حاجی دا ژیابم، غەزەلەکانی ئەوگوڕوتێن و هەست و خورپە و ڕاچەنینەی تێدا نی یە کە حاجی بخەنە ڕیزی پیشەوەی غەزەلخوانە کوردەکان، چونکە ئەو راستی یە هونەری و (الصدق الفنی) تاقیکردنەوە هەستی و دەروونیەی بە زەقی تیادا بەدی ناکرێت و هەرگیز مرۆڤ ناخاتە سەر کەڵکەڵەی جوانناسی لە ژیانی دڵداری وخۆشەویستی دا بە هەموو هەنسك و قوڵپی گریان و زەردەخەنە و ئاوات و دلۆڤانیەکیەوە، توێژینەوە و ڕامانێکی ڕەخنەگرانەی وورد لە غەزەلەکانی حاجی قادری کۆیی دەمانگەێنێتە ئەو ئەنجامەی کە شیعرە دڵداریەکانی حاجی قادر لاسایی کردنەوەیەکی نەریت و دابی شوێنەوارە تەقلیدی یەکانی شاعیرە

غەزەلخوانەکانی ئەو سەردەمەن، ئێستاکە گەلێك نموونەی غەزەلی حاجی قادرم لەبەر دەستایە کە لەژێر کاریگەرێتی غەزەلی نالی دا ووتراون و هەرگیز جێگای نکۆلی لێکردنیان نیە.

غەزەلەکانی حاجی قادر هەرگیز کەسێتی ناخی، وەك دلْدارێکی جەرگ هەلْقرچاو و ژانگرتوو وەدەر ناخەن، دیارە ئەمەش بنەمایەکی ڕاستەقینەی ژیانی حاجی قادرە و نکۆلی لێ ناکرێت، ئەوەتانێ دەلێت:

**هەر منم ئێستا وارسی عیسا          بێ ژن و مالْ و بێ کوڕو مەئوا**

مامۆستای بەڕێز د. مارف بۆ پتر سوور بوون لەسەر هەمان ڕا دەفەرموێت: (حاجی جگە لە بابەتی شیعری نیشتمانی یەکێك بوو لە لە قوتابیانی ڕیزی پێشەوەی قوتابخانەی نالی)وە ( پلەی هیچ شاعیرێکی هاوچەرخ نەگەیشتبووە حاجی)، بڕیاری ڕەهای وا پێویستی بە تیاڕامان وووردکردنەوە هەیە.

وەك ڕوونە قوتابخانەی نالی ١٨٠٠- ١٨٧١ بریتی یە لە موستەفا بەگی کوردی ١٨٠٩- ١٨٤٩، سالم ١٨٠٥- ١٨٦٩، جا نازانم حاجی قادر لە هەموو بابەتەکاندا، جگە لە نیشتمانی تۆبلْێی لە پێش سالم و کوردی یەوە بێت؟! وە ئەگەر (پلەی هیچ شاعیرێکی هاوچەرخیشی نەگەیشتبێتێ دەبێت بێ قەید و شەرت لە شیعردا مامۆستای ئەم دوو هاوچەرخەی خۆی بێت، واتە مەولەوی (١٨٠٦- ١٨٨٢)وە مەحوی ش (١٨٣٠- ١٩٠٤)، یەکێك کە پلەی هیچ شاعیرێکی هاوچەرخی نەگەیشتبێتێ، بەلایەنی کەمەوە دەبێت هۆنراوەکانی تام وبۆن و شێوەی تایبەتی خۆی هەبێت و تاکێتی (فردانیە) ئەو قۆناغەی بۆ بەدەست هێنابێت، شاعیری پێشەوا و سەرامەد (خاوەنی خوازە و لێك چواندن و شێوەیەکی وایە

له دەربڕیندا، کە ببێتە ئاوێنەیەکی بێگەردی دەروونی خۆی وگیانی سەردەمەکە یۆ گەردوون) ئەگەر هاوچەرخی بکەینە بنەمای بۆچوونەکە، دیارە مەولەوی هاوچەرخی حاجی، خاوەنی زمانی شیعری خوازە ولێکچواندنی تایبەتی خۆیەتی و بەوە دەناسرێتەوە و لە بواری تاکمەندی دا گۆی هونەری بردووەتەوە، گۆران لە چلەی پیرەمێرد دا دەڵێت: (بەڵام لە ئەدەبی بەرزدا لە شیعری ڕاستەقینەدا بەڕاستی ناوی خۆت نا مەولەوی، تاوێك ئەگەڕایتەوە بۆ سەدە وجێگای ژیانی خاوەن گیان، شوێنی باڵا جوانە بچوکەکەی ئەکەوتی... بەکەڵەك لە سیروانی ئەرخەوان سوور ئەپەڕیتەوە، بە لوتکەی شاخی بەمۆدا هەڵدەگەڕای، لە کێوی ئاتەشگا کەڵت ئەکوشت، بەسەر بەستەڵەکی گوێی زرێبارا ئەچووی بۆ بانە، لە گەرمیانی شیروانە وشاکەڵ لەگەڵ چاو ڕەشەکانی جاف دەوار نشینیت دەکرد، ڕێگات کردەوە بۆ تینوەکانی شیعری ئەم شێوەیە دەم بنێن بە سەرچاوەی شیعری هەرە ڕوون و هەرە پاکی بەڵکو هەموو خاکی کوردستانەوە). بەڵام لەهەمان بۆنەدا گۆران بە حاجی قادر دەڵێت: (ئەو نیشتمان پەرستە دڵسۆزە کە هەر هاوارێکی شیعری، بەشی شۆرشێك ئاگر و جۆشی، لە گەروو ئەهێنایە دەرێ)، وەك دەرکەوت گۆران بە هیچ شێوەیەك باسی غەزەلخوانی حاجی قادری نەکردووە هەر بەلاشیا نەچووە!!

خودی حاجی قادر لەم بوارەدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **شاسواری بەلاغەتی کوردان** | **یەکە بازی فەصاحەتی بابان** |
| **موستەفایە تەخەللوسی کوردی** | **غەزەلی کردە بەر بوتی کوردی** |

له شوێنێکی تردا حاجی دان بەوەدا دەنێت کە نالی وکوردی لە پێش ئەوەوەن و دەفەرموێت:

**ظاهرا بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نی**

**تالیعم بەر گەشتەیە بەد بەختە بەختم نوستووە**

جارێك لە شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەپرسن، گەورەترین بوێژەکانمان کێن؟ ئەویش دەڵێت (ئەگەر هەموو هەستیارە کۆنەکانمان زیندوو بوونایەوە هەر یەکەی ڕۆژی جارێك دیدەنیم دەکردن، بەڵام کوردی ڕۆژی بێنج جار)، لای من هەرگیز حاجی قادر لە ڕیزی پێشەوەی غەزەلخوانە کوردەکان نییە و ناشبێت، دیارە حاجی تا پێڵوە شەکەتەکانی لە ئاوارەیدا لێك نا، ژنی نەهێنا و بە وەجاخ کوێری سەری پڕ جۆشی نیشتمانی نایەوە، هەروەها مایە پوچ و ڕەنج بێوەریش دەرچوو لەو هەوڵە دڵداریەی دا کە بۆ گوڵە ناوێك بوو لەلاجان ئەوەتا خۆیشی دەڵێت:

**من فەقیرم و غەیری سیپارەم لە باخەڵدا نییە**

**ئەو کەسەی ساحێبقرانە ئیدعای غازی دەکا**

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت:

**نەقدی عومرم بە غەزەل داو دکانم دانا**

**هیچ کەسێ نەیکڕی، ترسام لە ڕزان و لە خوران**

دیارە خودی ئەم بەیتە و لە زمانی حاجی قادری کۆیی خۆیەوە ئەو نامۆ بوونە هونەریە دەسەلمێنێ کە حاجی لە سەردەمەکەیدا دووچاری هاتووە، نەك هەر ئەمەش بەڵکو بێ ڕەواجی غەزەلەکەی لە بازاڕی ئەدەبی ئەو سەر و

بەندەدا نالیش توشی هەمان اغتراب بووە بەڵام لەبەر هۆیەکی جیاوازتر لەوەی حاجی، ئەویش بێ سەوادی و ناحاڵی بوونی دەورو بەرەکەیەتی، ئەوەتا دەڵێت:

**موددێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**
**زۆرم ووت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم**

لەبەر نەبوونی دەرفەت باسی غەزەلە نەوازەکانی سالم ناکەم کە لێوا و لێون لە داهێنان وجوانی و سەرتەڵی، ئەمە جگە لە مەحوی و حەمدی کە دوو غەزەلخوانی ئێجگار دیار و بەرچاوی شیعری کوردین و بڕوا ناکەم حاجی لە بواری غەزەلدا پێش ئەمانە کەوتبێ، خوالێخۆش بوو عەلائەدین سوجادی دەفەرموێت: (بەڵام قسەیەك هەیە کە دەڵێت نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب، سروشتی حاجی بۆ غەرامیات دانەڕێژراوە، حاجی شاعیرێکی نیشتانی و بولبولێکی گرینۆکی مەڵبەندە کە هەر ئاوازەیەکی دەمارێك ئەبزوێنێتەوە)١٠.

خوالێخۆش بوو گیو موکریانی سەبارەت بە شیعرە نیشتمانی وغەزەلەکانی حاجی دەڵێت: (ئەوسا و بەتایبەتی لەسەردەمی پیرێتیدا کە هەڵبەستی دڵداری دانابێ، لەو بڕوایەدام بۆ ئەو مەبەستە بووە کە کوردان لە پەنای خوێندنەوەی هەڵبەستە دڵداریەکانیدا توشی نیشتمانییەکانی بێن، بەڵکو هۆگری هەستی کوردایەتی بن و لە خەوی بێگانە پەرستی ڕاپەڕن)١١. ئەم ڕایەی مامۆستا گیو دەشێت زۆری لەسەر بوترێت

١-بەڵام بە تێکڕایی خۆی لەم خاڵانەدا دەنوێنێت:

٢-غەزەلەکانی حاجی دەستکرد و تاشراون.
٣-لای حاجی شیعری نیشتمانی بنەڕەتە نەك دڵداری
٤-حاجی شیعری دڵداری بە تەنیا لە سەردەمی پیری دا وتووە، ئەم ڕایەی بەڕێز گیو سەلماندنی لەگەل نییە و رملَ لێدانە بە تەنیا.
٥-برِوا ناکەم حاجی شیعری دڵداری بۆ ئەوە ووتبێ کە لە پەنای دا شیعرە نیشتمانیەکانی بخوێنرێتەوە و ئەم پراگماتێتی یە هەرگیز ناگونجێ.
مەسعود موحەمەد لەم بۆنەیەدا ڕایەکی تا بڵێی ورد و وەستایانەی هەیەو دەڵێت:
(لەلای من تەبعی غەزەلەکانی حاجی زادەی مێشکن، بەرهەمی ئوستادین، هۆنراوەی سنعەتکارن، لە خامە و پەنجەی هونەرکارەوە دەتکێنەوە، لە گڕ وبڵێسەی دەروونێکی سوتاوەوە ناتەقنەوە، ئارایشتی ڕێکخستن و تێگەیشتن و پێگەیشتن لەو شیعرانە دەدرەوشێنەوە، نەك هەنسکی گریان و بۆن سۆی دڵی هەڵکزاو، لەم ڕووەوە شیعری حاجی دەچێتە ڕیزی شیعرە دڵداری یەکانی شێخ ڕەزا، نەك نالی و کوردی، بەڕێزد.
خەزنەدار لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: (ئاشکراشە کەرەستەی ئەو شیعرە نیشتمانیانە، واتە شیعرەکانی حاجی قادر کەرەستەی ڕاستەقینەی شیعر نین و بۆ ئەو دەست نادەن و هی پەخشانن)، لەوانەیە ئەم ڕایە تا ڕادەیەك لەگەڵ هۆنراوە نیشتمانی یەکانی بێ کەس و قانیع دا بگونجێت، چونکە تووخمی شیعریەتیان تیادا نیە، بەڵام هەرگیز نابێتە پێوانە بۆ هەموو شیعرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، چونکە سەربەستی داهێنان هەرگیز دابڕ ناکرێت لە

بەهرەی شاعیرێتی و مەسەلەی ئیلتیزام و تاقیکردنەوە دەوڵەمەندەکانی گارسیا لۆرکا و هێمن و وایتمان و گوران و حەمزاتۆف و ئاراگۆن و مەحمود دەروێش وبەیاتی و سەیاب و ماغوت ئەوە دەسەلمێنن کە بەهرەی شاعیرێتی ڕۆڵی کارا دەبینێت لە بواری ستاتیکای شیعرا ، نەك بابەتی شیعر بە ڕەهایی، چونکە بابەت هۆکاری یارمەتیدەرە بە ڕێژەی بەهرەی شاعیرێتی، دیارە تیورەکانی رتشارد و کولرج و ئەلن تیت پێ لەسەر ئەم لایەنە دادەگرن بەڕێزینە گەلێ دەقی نوسەرانی تری وەك مامۆستا پرۆفیسۆر د.عیزەدین موستەفا و کاك موحەمودی مەلا کەریم و خالید دلێرم لەبەر دەستایە و دەبوو تیشکی ڕەخنەیان بخەمە سەر، بەلام کاتەکە بوارم نادات.

تێبینی: ئەم وتارە لەمیهرەجانی (حاجی قادری کۆیی) خوێندرایەوە و لەسەر داوای ئەومیهرەجانە لەو چوارچێوە کورتەدا خۆی نمایش کرد و لەگۆڤاری گەلاوێژی نوێی ژمارە (٣٥-٣٦) ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوبۆتەوە.

بابەتی یانزەهەمین

# ئاورێکی خێرا لەشاکارەکانی شێخ محمدی خاڵ

دوانزه ساڵ بەر لەئێستا قەڵەمێکی باڵا زراڤ بەسەر سنگی پەڕەسپیەکانی مێژووی نەمریەوە چاوەکانی لێك نا، دوانزه ساڵ بەر لەئێستا دڵێکی گەورەی پڕ لەعیرفان و رۆشنگەری له لێدان کەوت و زەنگی کۆستێکی ئیقلیم گیر کوردستانی داچڵەکاند، بەڵێ دوانزه ساڵ بەر لەئێستا له رۆژێکی وادا، مەلی رۆحیانەتی سپی و نورانی شێخ محەمەدی خاڵ دای لەشەقەی باڵ و بۆ دواجار کوردستانی بەفرو خوێن و سوتماکی بەجێ هێشت و ئێمەیش ئێستا سەدان پەپولە وشەی باڵ نەخشینی رێزو وەفا هەڵئەفڕێنینه نێو باخچه ئاڵ و والاکەیەوە.

یادکردنەوەی ئەم کەڵه زاناو بلیمەته کوردانەی وەك نالی و پیرەمێردو مەولانا خالیدو شێخ محمدی خاڵ، لەلایەن بنکەی گەلاوێژەوە ، کارێکی هەروەها لەخۆوەنییه، بەڵکو پرۆگرامێکی توکمەو تایبەتی بنکەکەمانه (بنکەی گەلاوێژ)و مەبەست لەبیرنەکردنی باوو باپیرانمانه، که ئێستا لیزگی رووناکیمان پێ دەبەخشن و دەممان هەر له کانیاوی بیرو وشەکانیاندایه، ئەم پرۆسەیه بەستنەوەی جەمسەره پیرۆزەکانی رابوردوو ئێستایه له چوارچێوەیەکی شارستانیانەی تێرو تەسەلدا. ئەو ئەرکەی کەلەم سیمینارەدا به من سپێردراوه چاوخشانێکی خێرایه به بەرهەمەکانی شێخی خاڵدا، دیاره ئەم کاره بەم پەلەیه باش نارسکێ و دەشێت بەنده وەك رەوتەنیەك بەخێرایی بەویستگەکانی بیرو هەڵوێستی خاڵدا تێپەڕێ، کەواته ئەرکەکه فرەیەو کاتیشم هێنده بەدەستەوه نییه، شێخ محمدی خاڵ نووسەرو زاناو بیریارێکی ناسراوه لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا، بەرهەمه هەمه

ڕەنگەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی لەبواری زمانەوانی و وێژە وئاین و کۆمەلأیەتی و مێژوو کەلەپووری نەتەوایەتیدا باشترین بەلگەن بۆ گەورەیی و شارەزایی و دلسۆزی نووسەر لەخزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتیماندا، وە لەم ڕێگا پیرۆزەدا بەقەڵەمە بە بڕشتەکەی توانیوێتی خزمەتێکی گەورەی میللەتی کورد بکات و گەلێ کەلەبەری بەرچاو لە کتێبخانەی کوردیدا پڕبکاتەوە.

کتێبە لەچاپ دراوەکانی شێخی خاڵ بریتین لەم بەرهەمە جۆر بەجۆرانە:

١-فەرهەنگی خاڵ (بەرگی یەکەم) ساڵی ١٩٦٠ (٣٦٦ لاپەڕەیە)

٢- فەرهەنگی خاڵ (بەرگی دووەم) ساڵی ١٩٦٤ (٣٨٤ لاپەڕەیە)

٣- فەرهەنگی خاڵ (بەرگی سێیەم) ساڵی ١٩٧٦ (٤٩٦ لاپەڕەیە)

٤-ناڵەی دەروون (بەرگی بەگەم) ساڵی ١٩٨٤ (٢٣٨ لاپەڕەیە)

٥-ناڵەی دەروون (جزئی دووەم) ساڵی ١٩٨٥ (٢٢٠ لاپەڕەیە)

٦-مفتی زەهاوی. ساڵی ١٩٥٣ (١٣٢ لاپەڕەیە)

٧-پەندی پێشینان. چاپی یەکەم ساڵی ١٩٥٧ (١٣١١) پەندە (١٨٩ لاپەڕەیە).

٨-پەندی پێشینان. چاپی دووەم ساڵی ١٩٧١ (٣٨٩٣ پەندە) (٥٨٨ لاپەڕەیە)

٩-پەندی پێشینان. چاپی سێیەم ساڵی ٢٠٠٠ (٤٥١٢ پەندە) (٥٨٨ لاپەڕەیە)

١٠-ملا محمدی خاکی. ساڵی ١٩٧٨. (٦٣ لاپەڕەیە)

١١-پێشگرو پاشگر. ساڵی ١٩٧٤. (٢٤لاپەڕەیە)

١٢-بابا تاهیری هەمەدانی مەشهور بەعوریان. ساڵی ١٩٧٧ (٣٥ لاپەڕەیە)

١٣-ریزمانی کوردی. ساڵی ١٩٦٠. (١٣٥ لاپەڕەیە)

١٤-پەروەردەی ئاینی. ساڵی ١٩٧٥ (٢٧٠ لاپەڕەیە).

١٥-ئاين و ڕەوشت و جوانکردن. ساڵی ١٩٤٩ (٧٠ لاپەڕەیە)

١٦-مولودنامەی نەو ئەسەر. چاپی یەکەم ١٩٣٧ (٤٣ لاپەڕەشیە)

١٧-مەولودنامەی نەوئەسەر. چاپی دووەم ١٩٧٢

١٨-(٣٢ لاپەڕەیە)فەلسەفەی ئاینی ئیسلام. ساڵی ١٩٣٨ (٦١ لاپەڕەیە)

١٩-تەفسیری سوورەی فاتیحە. ساڵی ١٩٣٢ (٨٣ لاپەڕەیە)

٢٠-تەفسیری سورەتی فاتیحە. چاپی دووەم. ساڵی ١٩٥٥ (٣٤ لاپەڕەیە)

٢١-سۆزی مینبەر. ساڵی ١٩٩٧. (٧٠ لاپەڕەیە)

٢٢-تەفسیری خاڵ. جزمی یەکەم/ ١٩٦٩ (٢١٤ لاپەڕەیە)

٢٣-تەفسیری خاڵ. جزمی دووەم/ ١٩٧٢ (١٩٨ لاپەڕەیە)

٢٤-تەفسیری خاڵ. جزمی سێیەم/ ١٩٧٩ (٢٢٣ لاپەڕەیە)

٢٥-تەفسیری خاڵ. جزمی چوارەم/ ١٩٨٤ (١٦٥ لاپەڕەیە)

٢٦- تەفسیری خاڵ. تبارك/ ١٩٨٦ (٢٩٧ لاپەڕەیە)

٢٧-تەفسیری خاڵ. جزمی بیست و حەوتەمم ١٩٩٠ (٢٧٠ لاپەڕەیە).

٢٨-تەفسیری خاڵ. جزمی بیست و هەشتم/ ١٩٨١ (١٣٧ لاپەڕەیە)

**کتێبە عەرەبیەکانی**

١-البتیوشی/ ١٩٧٥ (٣٠٠ لاپەڕەیە)

٢-تاریخ الامارة الافراسیابیة او حلقة مفقودة من تاریخ البصرة / ١٩٦١ (٤٨ لاپەڕەیە) لە ساڵی ١٩٨٧ دا وسامی (المؤرخ العربي) لەسەر وەرگرت.

٣-مقدمة في المؤنثات السماعیة/١٩٦٧ (٥٩ لاپەڕەیە)

٤-الشيخ معروف النودهي البرزنجي/ ١٩٦١ (٢٢٥ لاپەڕەیە)
٥-كنز اللسن/ ١٩٨٠ (٢١ لاپەڕەیە)
ئەمانە جگە لە چەند كتێبێكی تر كە چاوەڕوانی چاپكردنن وەك شێخ رەزای تاڵەبانی و ناڵەی دەروون بەرگی سێیەم.
ئەمەو جگە لەسەدان وتاری جۆربە جۆر لەگۆڤارەكانی گەلاوێژو هیواو سلێمانی و شەفەق و رۆژی نوێ و پەروەردەو زانست و بەیان و رۆشنبیری و گۆڤاری كۆڕی زانیاری كوردو رۆژنامەكانی تآخی و هاوكاری و ژیندا، بلاْوی كردۆتەوە.
شێخی خاڵ هەر لەمنداڵیەوە چاوە گەشەكانی بەدنیای چەوسانەوەی نەتەوایەتی و شكستی گەورە هەڵهیناوەتەوەو بەو ئاگرە هەڵقرچاوە. لە نزیكەوەو بە بەرچاویەوە شۆڕشەكانی شێخ مەحمود بەئاگرو ئاسن دامركێنراوەتەوەو لەشەشی رەشی ئەیلولدا سلێمانی لە خوێنی گەشی جوامێرەكانیا شەلاڵ كراو راپەڕینەكانی بارزان سوتماك كران. گۆڤاری كوردستان وقازی محمد, پەتی زوڵم و رەگەز پەرستی كرایە ملیان، چوار ئەفسەرەكە وەك مەسیح لەخاچدران. پەیمانە شوومەكانی سەعد ئابادو سەنتۆ كوردستانیان هێندەی تر هەناسە سواركرد. دیارە شێخی خاڵ لەنێوان ئەم چەڕە دووكەڵ و مێژووە سوتماكەدا هەڵوێستی میللەت و مەردایەتی دەگرێت و پەنا دەباتە بەرقەڵەم و روناكبیری و زانستی هاوچەرخ . شێخی خال زوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە رزگاری مرۆڤی كورد دەبێت لەئازادی و پاكژبونەوەی مێشكەوە لەهەموو بیرێكی پواوو كۆنەخواز دەست پێ بكات،

ناكرێت فۆرمەڵە بوونی بەرهەمەكانی شێخی خاڵ لەو هەل ومەرج و قۆناخە جۆر بەجۆرانە دابڕكرێت، ئەگەر لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا جۆرە رێسانسێكی روناكبیری كوردی فرە لایەن هەبووبێت، دەشێت پیرەمێردو توفیق وەهبی و شێخی خاڵ و ئەمین زەكی و عەلائەدین سەجادی كاری گەورەیان بۆ كردبێ و كۆڵەكەیەكی قەف ئەستووری ئەو دیاردە رێسانسیە بووبن. لەو دەورانەدا شێخی خاڵ پەیوەندییەكی روناكبیری و فەرهەنگی گەورەی هەبووە بە جولانەوەی روناكبیری و ئایینی عەرەبەوە. لەو سەرو بەندە مێژوویی و روناكبیریەدا دوو رێچكەی دیارو جیاواز هەبووە لەولاتە عەرەبەكاندا، یەكێكیان رێچكەی بوژاندنەوەو بەباڵابرینی كەلەپورو زمان و كەسایەتیە ئەدەبی و مێژووییەكانی عەرەب، واتە رێبازی نەتەوەیی، رێچكەیەكی تر كە ئەویش پێشخستنی نەتەوەی عەرەبە لە رێگای ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوەو لەجمالەدینی ئەفغانی و محمد عەبدەوسید قتب و رەشید رەزا خۆی دەنوێنێ. شێخی خاڵ هەردوو بوارەكەی گرتووەو پەیرەوی رەگەزو شێوازەكانی كردووە، بەڵام بۆچی و بۆكێ؟ دیارە بەتەنیاو تەنیا بۆ بەرژەوەندی و خۆشبەختی مرۆڤی كورد. ئەو حەوت جزمەی تەفسیری خاڵ، كە زۆربەی بە بەش بەش بۆیەكەمین جار لەگۆڤاری گەلاوێژدابلاوكردۆتەوە، بەڵگەی دەسەلاتێكی گەورەی شێخی خاڵە بەسەر ئەو بابەتەداو بەروونی دیارە كە كاریگەرێتی محمد عەبدەو (في ظلال القرآن)ی سید قوتب رەنگی داوەتەوە. شێخی خاڵ لەو تەفسیرانەدا هەوڵی داوە قورئانی پیرۆز دوورخاتەوە لە ئیسرائیلیات و بیرو را دواكەوتووەكان و لەسەر بنەما زانیاری و پێشكەوتوەكان راڤەی كات، هەمیشە

هەوڵی تەئویلی لۆژیکی و بابەتیانەی قورئانی دەدا، وە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی دەبەستەوە بەخزمەتی گەل و نیشتمانەوە ، ئەوەتانێ دەفەرمویٚت: (ئاشکرایە لەهەموو کەسێکەوە کە قورئان بناغەی ئاینێکی جیهانی و شارستانیەتێکی زۆر گەورەیە و مایەی شۆرشێکی ژیری و بیرو زانین و زانیاریە وە رێگای مێژووی ئادەمی گۆڕیوە)، با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە یەکێك لە ئیعجازەکانی قورئانی پیرۆز بەدانپیانانی زانا گەورە ئیسلامیەکان، شێوازو داڕشتنە بەهێزو ئەفسووناویەکەیەتی و ستەمە وەرگێڕانی حەرفی هەرگیز مەبەست بپێکێ، بەڵام وەرگێڕانە مەزن و تۆکمەکەی خاڵ لەئاستێکی دلۆڤانی ئەوتۆدایە کە گەیشتۆتە چڵەپۆپە و مەگەر ستاتیکای زمانی کوردی هەر لەو نێوانەوە ئەو نمایشە هونەرمەندانەیە بکات. دیارە ئەم تاقیکردنەوە دەوڵەمەندەی خاڵ جارێکی دی ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە زمانی کوردی یەکێکە لەزمانە دەوڵەمەندەکانی خۆرهەلاٚت و ئەمەش بەڵگەی رەسەنایەتی نەتەوەی کوردە. حەزدەکەم ئەوەشتان پێ بڵێم کەلەسەر دەستی خاڵدا بۆیەکەمین جار دەیان زاراوەی ئایینی بەزمانی کوردی هاتە ئاراوەو  بەکاریش دێنرێ، ئەمە جگە لەوەی کە لەوسەرو بەندانەدا رای واهەبوو کە گوایا زمانی کوردی لەئاست بەڕاڤەکردنی قورئاندانییەو نابێت دەستی بۆ ببرێت،دیارە سەرامەدێتی خاڵ لەم بوارەدا خۆی لەخۆیدا ئازایەتی و کەشفێکی نوێ یە. نەك هەر ئەمەش بەڵکو هەوڵی داوە لەنێوان راڤەی ئایەتەکانەوە دژی زوڵم و زۆرو چەوسانەوە بووەستێتەوەو مرۆڤی کورد هاندات بۆ خۆراپسکان و قبوڵ نەکردنی ئەمری واقیع. بۆیە فەرمویەتی کوردایەتی خواپەرستیە. بەڕێزینە با بزانین شێخی

خاڵ بەر لە (٣٢) ساڵ بە بۆنەی سەری ساڵی تازەوە چ جۆرە خیتابێکی بۆ مرۆڤی کورد خوێندۆتەوە: (خوایە شۆڕش هەڵگیرسان وەك ئاگر هەڵگیرسان ئاسانە، بەڵام هەڵسوڕاندنی لەقازانجی گشتی و سودی کۆمەڵدا گرانە. خوایە تاکەی ئەم برایانە لەگەڵ یەکتریدا ناپاکی ئەکەن و هەمیشە بەخوێنی سەری یەکتری تینوون؟ خوایە تاکەی ئەم برایانە لەگەڵ یەکتریدا دڵ کرمێ دەبن؟ خوایە تاکەی ئەم برایانە لە جیاتی ئەوەی کە یەکتری زەبوونکەن ئەگەر یارمەتی یەکتر بدەن باشتر نییە؟) ئەگەر کەسانی دی تەنیا هەستی نەتەوایەتی ئاگری شۆڕشی لە دڵدا کردبنەوە، دیارە شێخی خاڵ هەستی پاکی ئاینی ئیسلام و لایەنە نەتەوایەتیەکەشی، واتە دووجار رق و تۆڵەو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی پیرۆزکردوە.

تەفسیرەکانی خاڵ جگە لەناوەڕۆك لە ڕووی داڕشتنیشەوە گەورەترین خزمەتیان بە زمانی کوردی کردوە، لەنووسینی ئەو دەورانەدا وشەی فارسی و عەرەبی فرە بەکاردەبراو داڕشتنی کوردی هێشتا لەخەم نەڕەخسی بوو. بەڵام شێخی خاڵ یەکەمین کەسێك بوو کە بەو زمانە کوردیە پاراوو بێگەردو شیرینە قورئان لێك بداتەوەو چێژی رەوانبێژی کوردی ببەخشێتە زمانەکەمان. با ئەوەش نەبوێرم کە لەپەنای ئەم تەفسیرانەدا خاڵ بەرگری لەئافرەت و مافەکانی کردوەو جاڕی خوێندن و زانست وەرگرتن و چوونە خوێندنگاو زانکۆی بۆ داون و لە خێزانە جوامێرەکەی خۆیدا پراکتیکی کردوە. ئەمە لە رۆژگارێکدا کە هەندێك بەگوناحی دەزانێ کە تەنانەت کوڕیش بخاتە خوێندنگاو دەبوو هەر لەمزگەوت بخوێندرایە، باگوێ رادێرین

بزانین بەر لەنیو سەدە چی دەفەرمویت: (کەوابوو خوێندەواری دایکەکان واتە کچانی ئەمڕۆو دایکی پاشەڕۆژ لەهەموو گەلێکدا مایەی پێشکەوتنی گەلە، وە نەخوێندەواریشیان مایەی بەقوڕاچوونە خوارەوەی هەموویانە). خاڵ لە کتێبی (سۆزی مینبەردا) دیسانەوە هەوڵی داوە لەرێگای ئاینی ئیسلام و وتاری رۆژانی جومعەدا گیانی بوێرانەی دژبە زوڵم و زۆر ببزوێنێ، کێشە کۆمەلآیەتێکان چارەسەرکات و داب و نەرێتە پواوو پووچەکاندا نەبێت و پێگەی کۆمەڵگای مەدەنی بنج بەست کات و پرسیارە بەجێ و گرنگەکانی بوروژێنێ، سەیری ئەم بابەتانە بکەن کە لەوتاری مزگەوتدا خوێندونیەتەوە، (کردوکۆشی، دەردی درۆ، تووڕەیی و دووزبانی، تەشاوم، دەستەبەری کۆمەلآیەتی..)

سەرنج بدەن لە حوجرەی مزگەوتێکی شاری سلێمانیەوە بەر لەنیو سەدە مێژەر بەسەرێك بەقەڵەمە بە برشتەکەی چرای بیری نەتەوەییمان دادەگیرسێنێ و لەدەرگای مێژووی هاوچەرخمان دەدا، زەنگی زولاڵی ئازادی و رزگاری و بالآدەستی زانست و عەقڵ و بیری نەتەوەیی رادەژەنێ ، دژی تەوژمی باو دەوەستێتەوەو بانگهێشتی رابوون هەڵئەدا، لە قۆزاخەی شارێکی بچکۆلەی وەك سلێمانیەوە هەنگاوی گەورە دەنێ و نامەو بیروڕا لەگەڵ رابەرانی رۆشنگەری عەرەبی سەدەی بیستەمدا ئاڵوگۆڕ دەکات، تەها حسین و دکتۆر ئەحمەد ئەمین و عەباس عەقادو شێخ شەلتوتی سەرۆکی زانکۆی ئەزهەرو دکتۆر حسین علی محفوزو تەها باقرو دکتۆر ئەحمەد سووسەو منیر

القاضي و گورگیس عوادو کەسانی گەورەی تریش دەبنە هاوڕێی و پەیامی نەتەوەی کوردیان دەداتێ.

شێخی خاڵ بۆ ناساندنی نووسەرانی کورد بەگەلانی عەرەب چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی نووسیوەتەوە کە دیارترینیان شێخ مارفی نۆدێ و بەیتووشی و (کنزالسن)ی زانای گەورەو بیرتیژ شێخ ئەحمەد فایزی بەرزنجی بوو. ئەمە جگە لە نامیلکەی باباتاهیری عوریان و مەلا موحەمەدی خاکی ومفتی زەهاوی و نەبینای بلیمەت مەلا حەمدونە. لەشاکارەکەی مەڕ شێخ مارفی نۆدێدا شێخی خاڵ لە دەرگای دڵی ڕەش و ڕزیوی ڕەگەزپەرستە عەرەبەکانی داوەو بەرەنگاریان بۆتەوە، بەزمانێکی عەرەبی پاراو باسی لە جوگرافیای کوردستانی گەورە کردوە، نەك هەر ئەمەش بەڵکو باسی لە مێژووی کوردو کوردستان و میرنشینەکان کردوەو خۆشەویستی و ئەوینی مرۆڤی کوردی بۆ زانین و شارستانیەت لەو قۆناغەدا دیاریکردووە. دیارە یەکێکی وەك عەبدولسەلام عارف کە ئەو کاتە جێگری سەرۆکی کۆمار عبدوالکریم قاسم بوە، بەمە گەلێك سەغڵەت بوە و بەتەلەفۆن داوای لەمەجمەعی عیلمی کردووە کە دەبێت شێخی خاڵ باسی جوگرافیای کوردستان و مێژووی کورد لەو کتێبەدا لابەرێت، دیارە شێخی خاڵ بەمە قایل نەبووەو پێی داگرتووە. با ئەوەشتان لەیاد نەچێت کە ئەم کتێبە گرنگە کاتێك ٢٢ی ئەیلولی ١٩٦١دا بەچاپ گەیشتووە کە میللەتی کورد لەو دەورانەدا تازە بەتازە ئاگری شۆڕشی ئەیلولی هەڵکردبوو، وە لەژێر هێرشی درندانەی سوپای قاسمدا دەینالاند ، واتە قەڵەمەکەی خاڵ لەو دەورانەدا جوامێرترین پێشمەرگەی عەقڵ و هۆش بووە

لەجەرگەی بەغداو وڵاتە عەرەبەکاندا، نابێت ئەوەش ببوێرم، کە خودی کتێبەکە بەم شێوەیە پێشکەش بەمەلیك مەحمودی شۆڕشگێڕ کراوە: (الی تلك الروح الطیبة التي مازالت حتی النفس الاخیر تجاهد وتکافح بایمان واخلاص). دیارە

ئەمەشیان ئامبازبوونەوەیەکی بوێرانەی تری رژێم بووە، شێخی خاڵ لەهەمان کتێبدا تیشك دەخاتە سەر قەسیدەیەکی دورو درێژی شێخ مارفی نۆدێ کە باس لەگەندەڵی ئیداری بابانەکان و خۆخۆری و گیرفان پڕکردن و خزم خزمێنەیان دەکات و لەهەمان کاتیشدا ستایشی، سوڵتان دەکات بەڵام شێخی خاڵ دەڵێت نەئەبوو لەبەرامبەر ئەم حاڵە نێگەتیڤیەدا شێخ مارف رقی هەستێ و ستایشی سوڵتان بکات. دیارە ئەم هەڵوێستە رەخنەگرانەی خاڵ بەڵگەی تێگەیشتنی وردو ژیرانەیە لەئاستەنگیەکانی فەرمان رەوایەتی ئەو سەردەمەی کورد. لەکتێبی بەیتووشیدا بەجۆرێك ئەم زانایەی نرخاندووە کە بردوویەتیە ئاستی گەورە زانایانی عەرەبەوەو بۆتە باشترین سەرچاوە بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا، چونکە لەنێوان بەیتووشی و تەنانەت موفتی زەهاویش کە کەسایەتیەکی زانست و ناوداری کوردە، دەرگای والاکردووە بۆ نمایش باری روناکبیری لەکوردستانداو تیشك خستنە سەر زانا کوردە بەناو بانگە کان و شوێنەوارەکانیان و هەلو مەرجە گشتی وتایبەتێکانیش.حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە ئەگەر ئەو نەبوایە کەسی ئەم سەردەمە نەیدەتوانی شاکارەکەی زانای گەورە ئەحمە فایز بەرزنجی لێك بداتەوە کە بەشەش زمانی جیاجیا دەخوێنرێتەوە.

لەهەردوو بەرگەکەی ناڵەی دەروونیدا خوێنەر هەست بە مەوسوعیەتی خاڵ دەکات و دەزانێ کە ئەو زانایە چۆن و بەچ چەکی عەقڵێك داوای کۆمەڵگای مەدەنی و رۆشنگەری و باڵادەستی یاساو عەقڵ و بیرو داد دەکات.

بەرێزینە حەزدەکەم بابەتەکەم بەم چەند گلەییە حەق و رەقە کۆتابی پێ بێنم. تا ئێستا لەم کوردستانە ئازادەدا خوێندنگایەك بەناوی شێخ محەمەدی خاڵەوە ناونەنراوە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە جانتای هەمو خوێندکارێکدا بەرهەم  و مەنهەجی خوێندنی خاڵی تێدایە، هەزاران ئەفسووس! لەمەش سەیرو تراژیدی تر ئەوەیە کە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەموو کابینە جیاجیاکانیەوە بیری لە چارەسەری کتێبخانە گەورەو پڕ ئەهەمیەتەکەی خاڵی نەکردۆتەوە. ئەم کتێبخانەیە ژمارەیەکی زۆر دەستنووسی دەگمەن و بەنرخی تێدایە، جگە لە هەزاران کتێبی گرنگ و بابەخدار کە تۆزی نیشتۆتە سەرو بێ ناز کەوتووە، دەبوو دەزگاو هەیئەتی تایبەتی تویژینەوەو لێکۆڵینەوەی بۆ دانرایەو دەستنوسەکان فۆتۆکۆپی و بە مایکرۆ فیلم وێنەی لێ بگیرایەو لەفەوتان رزگارکرایەو والآش بکرایەتەوە لەبەردەم توێژەرەوەو خوێندکارەکانی خوێندنی باڵادا، چونکە ئەم گەنجینەیە موڵکی میللەتی کوردە و حەیف و مەخابنیشە کە بەم شێوە تراژیدی و کۆمیدیە لە بیریکرێت! هەروەها داوا لە رۆڤار دەکەم کە ژمارەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەن لەداهاتوودا.

*ئەم بابەتە لەگۆڤاری گەلاوێژی نوێی ژمارە (٢٩) ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوبۆتەوە.

## بابەتی دوانزەیەم

# عەنبەرخاتوون لە فرمێسکە نەمرەکانی (مەولەوی)دا

یەکێك لە بابەتە  ناوازە و دیارەکانی  دنیای داهێنانی ئەدەب , بەدرێژای چاخە مێژووییەکانی مرۆڤایەتی ,هۆنراوەی شیوەنە , هۆنراوەی شیوەن بریتییە لە دەربڕینی خەم و ئازارو کسپەو سۆز و هەناسەی گەرم و گوڕ هەڵکێشان  و فرمێسك رشتن , بۆ ئەو مرۆڤە خۆشەویستەی  کە بە ناچاری ئەم دنیایە, چۆن تێی هاتووە ئاوەهاش  جێی دێڵێ و روودەکاتە بارگەو بنەی دنیایەکی تر, وەنەبێت هەڵڕشتنی خەم و ئازار  و کەسەری دڵ , بەتەنیا بەند بێت بە هەڵوەرینی گەڵای تەمەنی مرۆڤەوە , بەڵکو گەلێ جاران شیوەن بۆ شاری دەست بەسەرا گیراوو , وڵاتی وێرانە خاك و خەزانی پایزو وەرزەگیان  کەنشتەکانی ساڵ و ملەو کەژو ڕەگەزە جیاکانی گەردوون دەکرێت .

(ئیبن رومی) لەسەردەمی  عەباسییەکاندا  بەکوڵ شیوەن بۆ شاری بەسرە دەکات , (سەلامی) شاعیر بەدەم گفت و گۆوە (ملەکەوە) لەدڵە گەورەکەیدا دەلاوێنێ .

لەئەدەبی فیرعەونەکاندا  گەلێك بایەخ بەئەدەبی شیوەن دراوە , ئەوەتانێ خاتوو (ئیزس) شیوەن بۆ (ئۆزیریسی) برای دەکات  تەنانەت لاپەڕەکانی تەوراتیش  پڕە لەفرمێسکی درشت بۆ (یوشیاو) جەنگاوەرەکانیان , ئەمە جگە لە (ئەرمیا) کەبۆ (ئورشەلیمی) کردووە , دوای کاولکردنی لەلایەن

بابلیەکانەوە , لەقورئانی پیرۆزدا گەلێ شیوەن دەبینرێت لە لایەن دۆزەخێکانەوە. لەئەدەبی یۆنانیشدا ئەرخلوکس و(سافۆ)و (سیموندس)بەشیوەن گێڕان بەناوبانگن. داستانەکانی (ئیلیازەو مەهابەهارتا و ئینیازەو شانامە و مەم وزینیش) گەلێ شیوەنی سەرتەلْ و هەست پژێنیان گرتۆتە ئامێزەوە , ئەلیۆتیش بەژانێکی بێ ئۆقرەوە دوای جەنگی جیهانی,(وێرانەخاك)ی ڕەنگ پەڕیو دەنوسێتەوە . لەئەدەبی کوردیدا (مەولەوەی تاوگۆزی) لووتکەیەکی گەردن کەشی بابەتی شیوەنە .

ئاوردانەوەی ئەم شاعیرە بلیمەتەمان بەلای هۆنراوەی شیوەنەوە لەو مەودا فراوانەدا کارێکی لەخۆوە هەڵتۆقیو نییە و بەندە بەکۆمەلێ هۆی بابەتی و زاتیەوە, کەدیاترینیان باری هەست وسایکۆلۆژیا و کۆمەلأیەتی ناخی مەولەوییە , هێندەی من بزانم لایەنی پاکی وبێگەردی دەروونی مەولەوی و توانەوەی لە گوڵزاری ئایدیای سۆفیزم و مەلەکوتی ئیلاهیداو هاوبەشیکردنی کارای لەئەڵقەی زیکرو هەڵڕشتنی ملوانکە فرمێسك بەدەم سۆزەوە لەشەوانی تەنیایی و بێداریدا و ترسی هەمیشەیش لەسزاو جیهانی ئەو دنیادا , دەورێکی گرنگیان دیوە لەتەقاندنەوەی کانیاوی شیوەنە شیعر, ئەمەجگەلەو پێوەندییە کۆمەلأیەتیە راستەقینە بەرفراوانەی کە مەولەوی بەستبووی لەگەڵ هاورێ و دۆست و برادەرە گیانی بە گیانیەکانیا , نابێت لایەنی ئەمەك و دڵسۆزی و

وەفای راستگۆیانەی مەولەویش لەم بوارەدا پشت گوێ بخرێت. بائەوەش بڵێم کەشیوەنەکانی مەولەوی دوور بووە لەسات و سەواو سۆزی بێ جێ, بەمەستی هەڵزنان بەدرەخەتی بەرژوەندییە تایبەتیەکاندا , وەك لای گەلێ شاعیری تر رەچاو دەکرێت . مەولەوی بەپان وپۆری دیوانەکەی و دەسنووسی تر (٣٢) قەسیدەی قەبارە جودای شیوەنی هەیە , کەسەرجەم فەردەکانی دەکاتە (٧٤٥) فەرد. بەسەقنگ و تەرازووی ڕەخنەگرە جیهانێکانی وەك( ریتشارد و ئەلن لێت و ستانلی هایمان), گرنگی شاعیر لە هێنانە ئارای بابەتێکدا خۆی دەنوێنێ کەشەقڵی سەرامەدی و تاکمەندێتی پێوە دیار بێت و جێگەی سڵەمینەوەی خوێنەری زیرەکبێت و وەك پیرەمێردی شاعیردەڵێت...مەولەوی لە ڕۆژگارێگدا شیوەنی بۆ عەنبەر خاتوونی هاوسەری کردووە و چەمەرانەی بۆ گێڕاوە کە خەڵکی کوردستان روویان نەهاتووە تەنانەت لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا زۆر بدوێن و راگوازاریان لەگەڵدا بکەن .

دیارە ئائەمە خۆی لەخۆیدا روو بەروو بوونەوەی واقیعێکی دواکەوتووە بەچەکی پیرۆزی شیعر . مەولەوی (١٠) دەقەسیدەی شیوەنی پێشکەش عەنبەرخاتوونی ئەفغانی هاوسەری کردووە کە بریتیە لە (١٢٤) فەرد ,

خوێندنەوەیەکی وردی ڕەخنە گرانەی ئەو (١٠) قەسیدەیە ئەم چەند خاسیەتە هونەرییەی لەمێشکمدا هێناوەتە کایەوە:

١-خەم و پەژارەو فرمێسك و ژانەکانی (مەلەوی) نەك زادەی سۆزو عاتیفەی رووتن بەتەنیا , بەڵکو زۆر جار هۆش ئامێزیشن , واتە لەم قەسیدانەی لەمەڕ عەنبەر خاتووندا خەمە هەمیشەییە ڕۆمانسیەکانی تێکەڵ بە دنیای واقیع دەبن و سفترین پارچە ئاوریشمی خەیاڵ دەنەخشێنن , هەرچەندە مەولەوی لای هەندێك بە شاعیرێکی کلاسیك ناسراوە , سەیری ئەم بلاَّچە هۆش ئامێزەکەن:

عیرفانەکەت کۆن , فامت کوشیەن
ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نی یەن
ئارۆ یەك جیلوەش هانە ڕووی کاردا
فەردا چیش ئەو یەك جیلوەش دیاردا
لا بەڵ ئەو جیلوەی ڕوونەپەنهانی
نەوعە ڤهوورێن زاناش ویجدانی
چ ماتە مێوەن پات بی یەن پێوە
داناو مەخشوشی کێ دیەن پێوە
ئەو جیلوە کەردەن ئەرشی وەتاقی
ئید جیلوە کەردەن سوراحی وساقی

وەنەبێت لە ئەدەبی بێگانەشدا لەم جۆرە بابەتانە نەبوو بێت , ئەوەتانێ جەریر و تەغرائی  و بارووردی و جەواهیر و نزار شیوەنی گەرمی هاوسەرەکانیان دەکەن , (هربەرتئاف شیر بوری) و (روبەرت براونگ) یش لەهەمان بواردا ئەسپیان تاوداوە , نابێت خاڵۆی کۆماسی لەیاد کەین کەهۆنراویەکی سەرتەڵی خستۆتە گوڵدانی شیعری کوردی :

**گوڵ کۆی تازەی لەیل , گوڵ کۆی تازەی لەیل**

**ئارۆ شی ئاما , گوڵ کۆی تازەی لەیل**

٢- هۆنراوەکان چەند لێو ڕژێن لەخەم و گریان و هاوار وچەمەرانە , هێندەش پڕن لەدەرخستنی جوانی و بێگەردی و سۆزی دڵدارانەوە , بەڕای من ئەم دیاردەیە جۆرە بابەتێك دێنێتە گۆڕێ کە ئەویش (شیوەنە دڵداریە) , چونکە هۆنراوەی دڵداری کاریگەرێتیەکی و یژدان و سۆزو هەستی بە کۆمەڵەو لە ئەنجامی پەیوەندییە ئینسانیەکانی نێوان نێرو مێدا دێتە گۆڕێ و ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەیوەندیەکی غەریزی و کۆمەڵایەتیە , شیوەنیش بریتییە لەکۆمەڵێ  هەست و سۆزی تایبەتی پڕ لەخەم و قوڵپی گریان, ئەمەشیان هەرپەیوەندییە کۆمەلاتیەکان دەیهێنێتە گورێ و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەڕوانێتە ئەو پەویندیانە, کەواتە پەیوەندی ئەم دوو لایەنەی (شیوەن و

دڵداری) لەم قەسیدانەدا ئێجگار بەتینن و تەنانەت لێکیشدا  تواونەتەوە , چونکە هەردووکیان وەك پێکەنین و گریان لەیەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن و ئاوێنەی یەك باری سایکۆلیژین , کەئەویش دڵە ڕاوکێ و نائۆقرەییە , کەواتە من بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەی (شیوەنە دڵداریە) بۆ ئەم قەسیدانەی لەمەڕ عەنبەر خاتوون پێشنیاز دەکەم  و هیوادارم جێی خۆی بگرێت . سەیری ئەم غەزەلە  بکەن چۆن خۆی ئاڵاندووە بەباڵای شیوەننامەکەدا:

دیدە پەی روخسار خورشید وارەکەت

یا دەماخ  پەی بۆی عەنبەر بارەکەت

گۆش پەی شنۆی راز رێزەی شەکەر رێز

یاگەردەن پەی بەند حەلقەی زوڵف دێز

با ئەوەش بزانرێت ڕێژەی غەزەل لەنێوان شیوەناکەنادا نزیکەی یەك لەسەر سێیە.

٣- لەسەرجەم شیوەنەکاندا ئەوەهەست پێ ناکرێت , کەشاعیر داوا , یان سواڵی هەست و سۆزو بەزەیی بکات لەخوێنەر , بەڵکو خودی خۆی دەبێتە کانییەکی تەقیوی هەست و خەم و سۆزو پەژارە و , تەنانەت هێدی هێدی خوێنەریش دەخاتە جێی خۆی و بەهەردووکیان کۆتەڵ دەگێڕن وبە بادەی خەم سەرمەست دەبن .

هەندێ لەتاوگۆزیکان لەزمانی نەوەکانی پێش خۆیانەوە دەگێڕنەوە کە عەنبەرخاتوونی ئەفغانی یەکێك  بووە لە ئافرەتە شۆخ و سەر تەڵەکانی ناوچەی تاو گۆزی و نەورۆڵی و شەمیران , جگە لەمەشیان مەولەوی دوای مردنی عەنبەرخاتوون دڵی نەهاتووە بە ئامان و زەمان چەند ڕۆژو شەوێك گوڵکۆکەی جێ بهێلێ , دواساتیش لەسەر داوای پیاوانی (سەرشاتە) کە دەگەرێتەوە , سەیر دەکەن کەس بەدەردی ئەو نەبێت , هێندە تەپاو تلی کردووە بەسەر گۆرەکەیدا , کەل و پەل تۆزاوی , لێو بەبار,ڕنگ پەڕیو , چاو بەفرمێسك , هەربۆیە هۆنراوەکانی لەمەڕ عەنبەر خاتونیش  سیپاڵی خەمێکی ئەزەلی نەمریان پۆشیوە , نەك هەرئەمانەش ,هەندێکی تر وادەگێڕنەوە کەڕۆژانی هەینی لە بەیانیەوە تائێوارە  چۆتە سەر گلکۆی عەنبەر خاتوون و بەدەوریا هاتووە و گەهێ شیعرو گەهێ قورئان و گەهێ سۆزو موناجاتی سۆفیانەی بۆ کردووە و ڕێژنە فرمێسکی  بۆ دارشتووە سەیری ئەم غەزەلەی کە ئامێتەی شیوەن نامەیەك بووە:

**موات :فیداش بام بەجای شیرینەن**

**گوزەرکاری ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن**

**جەبالای ئەی سەنگ  پا ئاوەردەوە**

**بەرقەی ناز جەرووی ئەو شەنگ کەردەوە**

جەو جاسووس گاوە بەو خەدەنگەوە

دڵ تلنا وەزام هەزار ڕەنگەوە

جەو سەر دەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد

سارا بۆی ساراهەرزان کەرد

٤- گەلێ وردەکاری و تابلۆی هونەری و دیمەنی ئەو تۆی بۆ نەخشاندوین له چوارچێوەی ئیستیعارەو تەشبیه گەلێکدا کەبۆ یەکەمین جار تائەو کاتە ئەدەبی کوردی شتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە,(کولردج) که شاعیری ڕۆمانسی ناوداری ئینگلیزە ,کۆمەلێ راو بیردۆزی نوێی هەیە لەسەر ئەندێشەی داهێنەرانه , دیارە گەلێ له تابلۆ هونەرێکانی (مەولەوی)ش هەر هەموو ئەو بیردۆزانەی تیا دەبینرێتەوە, وەك بەرهەم و ئامانجی ئەو تیۆرە و مۆرکی عەبقەریەتی شیعری نەمر دەنرێت بەتەختی تەوێلّیەوە . حەز دەکەم چاوتان بە کلی بەهەشتێنی ئەم تابلۆ هونەرییەش بڕێژن:

بنیش نەگێجاو دەریای بیّ پەیدا

نەگوشەی حوجرەی سەفینەی مەی دا

رووت رووت ئەو جیلوەی ستارەکەر راس

باخوا وە اخلاص ناخودا مەناس

تاباد مراد نە پێوراوە

کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە

دیارە مردنی عەنبەر خاتوون زۆری بۆ هێناوە و تەمی بێ هوودەییەکی گەورە لە باڵای داهاتووی ئاڵاندووە و شەش دەری نەجاتی کلۆم کراوەو بەدوای جیهانێکی ترو وەرزێکی نوێ ترا وێڵە , دەرەنجام رووەو کەشتییەکی نادیار مل دەنێ و دەبێتە رەوتەنیەکی شەکەت (لەسووچێکی ژووری سەرخۆ شیدا لەناو دەریای بێ بنی قەزاو قەدەردا , روو دەکاتە ئەستێرەی میهرەبانی خودایی... تا بزانێ کەی بای بەهیوا گەیشتن لەوشکانەوە هەڵدەکاو کەشتییەکەی دەخاتە گەڕو لەڕۆخی هێمناییدا (لەنگەر دەگرێت)؟!

هەر لەبواری تابلۆی هونەری و ئەندێشەی داهێنەردا , با سەرێکی تر بکەین بەکەرنەڤاڵی ئەم تابلۆ هونەریەداوسەرنجێکی قووڵ بدەین:

**موترب یەکەمان باڵای خەوم وەردەم**

**بەتار ئەسرین خەم کۆك ئاوەردەم**

**سادەی تە نخوای من وەی دەم دەردەوە**

**لێدەر نەوایێ وەی چەند فەردەوە**

سەیری ئەم تابلۆ ڕەنگین و سەرامەدەکەن, مەولەوی دوای ئەوەی کەسەری دنیایی لێدێتەوە یەك و لەبیابانی خەمدا هەنگاوی پێ هوودەیی هەڵدەهێنێ ,پەنا دەباتە بەر موتریب و داوای لێ دەکات کەفەردی خەم و گریان و پەژارە بچرێت. بەڵام بەچ کەمانێ و لەسەر کام ئاواز ؟! باڵای چەماوەی سەردەمی

پیری خۆی دەکاتە کەمان  و ڕشتەی فرمێسکە گەرمەکانیشی دەکاتە تاری لەرزیوی کەمانەکە .ئەو پەنجانەشی کە تاری کەمانەکە کۆك دەکەین پەنجەی خەمی ڕۆژگاری نەهامەتین . دیارە ئەم تابلۆیە ئاوێنەی سەردەمی پیریەتی شاعیرە , نەك هەرئەمەش , بەڵکو فەردەکانی  دەم موتربیش هەرکزەی جەرگی مەولەویە , واتە توانەوەی دووتەوەری هاوکێشەیەك لەیەك بۆتەدا .تەوەری یەکەم , یان کەسی یەکەم کە خودی شاعیرە بریتیە لە (کەمان و تارو فەرد), تەوەرەی دووەمیش (موتریب و ئاوازو دەنگە) , دیارە ئازووقەی ئەو خەیاڵەش کۆمەڵە ئۆرگانێکی سادەی بەرچاوی هێند ڕۆژانە و ئاسایی و دووبارەیە کەئەگەر لەتابلۆ یەکی فرە داهێنەرانەدا نەبێت هێند سەرنج ڕاکێش نابێت , بەڵام  گرنگی لەو وزە داهێنەرانەدایە کەئەو تابلۆ نەوازو دەگمنانە لەم کەرەسە ئاساییانە بەو دلۆڤا نیەدەنەخشێنیٚ ,نەك هەر ئەمەشیان بەتەنیا , بەڵکو لەو دیمەنە خەمناکەوە کە بالاٚی چەماوەو فرمێسکی خورو خەمی بیٚ سنوور , ئەو نەخشە هونەریە ئیجا بەخشە ئەو روژینیٚ لەدڵمانا کەدرێژە پێدانی ژیان دەبەستێتەوە بە خۆراکی روحەوە کە مۆسیکاو ئاوازە , دیارە دەتوانین لێرەدا  ئەم ئاماژەیە ببەستینەوە بە فەلسەفە لاهووتیەکانی ئیبن سینای لەمەڕ مۆسیکاو ئەهەمیەتە رۆحی وبوونەوەرێکانەوە.

بائەوەش نەبوێرم کەمەولەوی  لەکۆتایی زۆربەی هۆنراوە خەم بەکۆڵ و چاو بە فرمێسکەکانیدا , هەر هاوارو ئەڵهای ساقی و موتریب  و کەمان و گڕی تەڕیەتی, دیارە مۆسیکاو فەرد و ئاوازیش وەك خۆراکی گیان ... یان وەك ماکی برینە بەسوێ  و قووڵەکان  هێوریەکی مەلە کووتیانەی پێ دەبەخشن و هارمۆنیای پەنجەرەی جیهانێکی بەر فراوان و نازك تەدارەکی بۆ دەخەنە سەرپشت و خەمە ئەنتۆلۆژییەکانی بۆ دەلاوێنن , ئەم  دیاردەییە لەلای زۆربەی شاعیرە رۆژهەلاتێکانی وەك (حافزو سەعدی و تاغورو جەلالەدینی ڕۆمی دا) دوبارە دەبنەوە بەلاّم هەر شاعیرەو لەسەر نەزم وکەشی تایبەتی رێبازی هونەری خۆی , کەئەویش دەکاتە تایبەت مەندێتی هونەری داهێنانی چامە , بەپێودانگە تایبەتەکان.

٥- ئازووقە و زاد و کەرەسەی خاوی زۆربەی هۆنراوەکانی بەتایبەت شێوەننامەکانی  عەنبەر خاتوون , توخمەکانی سروشتن , بەلاّم لەدۆخێکی بزێوو نەوەستاودا , وەك لەهۆنراوەکاندا دەردەکەوێ عەنبەر خاتوون گەلاّی تەمەنی لە بەهاردا هەولوەریوە , هەربۆیە ئەو بەهارە بەهەشتێنەی کوردستانی لەبەر چاو ڕەش هەلگەڕاوە و لە شێوەیەکدا نواندوویەتی کەئێمەش بەقەناعەتی ئەوەوە لێمان ببێزرێت و بچێتە ئاستی دۆزەخێکی داخراوەوە:

ماتەمی و وەهار؟ بێ شەوقی و نەو گوڵ
مەلولی و گوڵزار بێ زەوقی و بولبول
صوب بۆی وەش نەسیم چون هەردە جاران
نمەدۆ نەکاخ دەروون یاران
صەدای ( های دێیای خەمان ) هەرزانەن
صەلای واوەیلای بادام تەرزانەن
مەرگوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان
جەوەیشوومەی مەرگ خەزانیش ئامان

کەچی هەرهەمان شاعیر لە قەسیدە بەهارێکانی تریدا جارێکی تر دەمان دەخاتەوە سەر کەڵکەڵەی جواناسی و ئەوینی بێگەردی بەهارە بەهەشتێکانی کوردستان ,دیارە شەتەکدانی هەست و هۆشی خوێنەر بەتاڵی ئەفسووناوی ئەو وزە و بەهرەو تایبەتە و شەتڵ کردنی لەقولاّیی بیریا, خۆی لە خۆیدا بلیمەتیەکی (مەولەوی)یە, چونکە ئەو وزەیە وەك تیشکێ وایە لەناو ئاوێزەیەکدا کە لەودیو خەیاڵ و هەستی خوێنەرەوە بەدەیان ڕەنگ و تیشکی نوێوە دەبریسکێتەوە و جلەوی خێرای شەپۆلەکان و وەزەو جووڵەو تەنانەت رەنگەکانیشی بەخامەی خەیاڵیەوە بەندن و هەر لەوێشەوە کۆنترۆڵ دەکرێن . لێرەدا وەك دەبینین بەهار بۆتە دۆزەخ و هەستی خوێنەریش بەهەمان

ڕێبازدا دەچێت , دیارە ئاوێتە کردنی ئەم دووبارە دژیەکە بەڵگەی توانایەکی پڕووزەی مەولەویە:

**ئیمساڵ نەو وەهار چون خەزان سەرد**
**بەرگ وەرد باغ ( مەعدووم ) بەرد پەی هەرد**
**دڵ وەگێج بازی ی چە پگەرد بازیش وەرد**
**جفت ئارەزوو کەرد چە پگەرد تاق ئاوەرد**
**بۆی ( عەنبەر ) نە تۆی دەماخم دوور کەرد**
**فرستەش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد**

بەڵام لەم حاڵەتەی تردا هەستی خوێنەر بەبارە خۆشی و سەفاو بەزمەکەی ژیان و وەرزی بەهاردا رادەکێشرێت:

**وەهارەن , تەشریف خاڵ خاسان پەی هەرد**
**کەم کەم جوانیش ئاوەرد , پیریش بەرد**
**جەم جەم سۆسەنان جەتاق تەوق وەردان**
**سەردان نە هەردان پەرێ هام فەردان**
**وەڕووی زاخان دا چنوور لوول وەردەن**
**پەی پای گیان تۆڕدام ئامەدەکەردەن**
**بەڕەزابەو چێن تۆ غرای تاتاوە**
**شەماڵ مشانۆش , یانی : وەی لاوە**

٦- زۆربەی وێنەو نەخشەی سەد تەرزەی تابلۆ هونەری و بیرۆکە شیعریەکان,هێند تێرو تەسەل و هەناسە درێژن کە زۆر کەرەت فەردێك یان دوان دەرەقەتیان نایەن و ناچارن یەك دەگرن و بەهەر هەموویان داهێنانەکانی لەزەمینەی نەمریدا شەتڵ دەکەن , دیارە ئەمە لەوەوەنیە کەکێشی شیعرەکانی دەبڕگەیین و خۆیان لە خۆیاندا هەناسە کورتن , لەم نموونەیەی ئێستادا بەسێ فەردە شیعر ئەو واتایەی جێ کردۆتەوە:

عەرز کەروە لەیلا وەصەد خەمەوە
چەم وە نمەوە دڵ وە تەمەوە
دێوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بی
بەرزی بڵێسەش هەرسات صەد تەرزبی
وەهەر تەرزێ لەیل ملا و ناوە
دڵەی سەنگ سەخت متاو ناوە

٧- گوێ پێدانێکی فرە  بە مۆزیکاو ئیقاعاتی ناوەوەی فەردەکانی و هۆگرکردنی هەست و سۆز و خورپەی دڵەخەمبارەکەی بە قافیە خەمناك و ئیحا بەخشەکاندا , لەبەرئەوەی  کەهەموو شیعرەکانی لەسەر کێشی

دەبڕگەیین , لەبار تەقای ئەمەدا پشتی بەستاتیکای قافیەو ئیقاعاتی ناوەوە بەستووە ,بنوارن:

**بڵێسەی کوورەی هیجران باڵات**
**گەرمی مەحروومی تۆزەکەی پاڵات**

لای من قافیەی (تێی) پێش بە ئەلف یان ئەلف و تێ جۆرە ئیحایەکی خەماوی تێدایە,یان دەڵێت :-

**شەرارەی گرپەی نار مەهجووری**
**کەردەن وە غوبار کۆگای سەبووری**

لەنیوە دێڕی یەکەمدا واتە (شەرارەی گرپەی نار مەهجووری) دۆزەخی خەمی داخستووەو نێڵە نیڵی ئاگر دڵی دەستووتێنێ بەڵام لە نیوەی دێڕی دووەمدا دنیای دڵی بۆتە خاشاك و تەپ و تۆزو ئۆقرەی لەبەربڕاوە, یان دەڵێت:

**بنیش نەگێجاو دەریای بێ پەیدا**
**نەگۆشەی حوجرەی سەفینەی مەیدا**

هەر لەبواری درکاندنی ئەم خەم و مەینەتیەدا , لەشەرارەو گڕوتەندورەوە , خۆی فڕێ داوەتە دەریای بێ پەی و نوقمی خەمە بێ بوارو ئەنگوستەچاوەکان بووە. ئەگەر مەولەوی لەبواری خەم و ئازار و ئەشکەنجەدا

ئیقاعاتەکانی ناوەوەو قافیەکانی بۆئەو بابەتە گونجاندبێت , دیارە بۆ بابەتەکانی تریش بە هەمان شێوە ئاوڕی دەداتەوەو مێشکی بۆ سووتاندووە , ئێستە گوێتان بۆ ئیقاعی مۆسیکاو هەڵپەڕکێ و جووڵەو خرۆش رابهێڵن:

**زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەڕ**

**لەرزەی ئەو نەمام لەرەی لیمۆی تەڕ**

**شەقەو تەقەی گەرم , چە پلەو چپلەی نەرم**

**چریکەی وەناز , تریکەی وەشەرم**

**لارەی قەتارەی لاو شەدە لاران**

**ئیشارەی کەم کەم پە نجەو شاران**

**شاخەی شریخەی خشڵ نیمەڕەنگ**

**فڕەی فۆتەی شۆڕ , پاژنۆی گوڵەگ چەنگ**

**خشەو خشپەی خاس ترپەی پە نجەی کەوش**

**عیشوەو نەزاکەت , گریشمەی بێ خەوش**

کەوا بوو هێندەی مۆسیکای وشەکان و ئاوازە کانیان دیارو هۆگرن , نووسەر ئەم لایەنە بۆ خوێنەر جێبهێڵێ باشترە , بەڵام دەرەنجامی خاڵی شەشەم لای من واکەوتۆتەوە , کە مەولەوی یەکەمین شاعیرێکە کە مۆسیکاو بابەتەکەی بە جۆرێك لێکدا تواندۆتەوە و هاوڕازی کردون کەئێجگار جێگەی سەرنجە , ئەم لایەنەش بەشێکە لە عەبقەریەتە شیعریەکەی , بۆ کلیلی ئەم خاڵی

شەشەمینە, ئەم نموونە ئێجگار هێژاو زیندووە دێنمەوە , مەولەوی شیوەن بۆ محەمەدی کوڕی دەکات ,لە گەرمەی خەم و گریان و فرمێسك داوەراندندا سەری دنیای شیعری لێ هاتۆتەوەیەك و قافیەکەی لێتێکچوەو ئەم تاقیکردنەوە مەیدانیەی وەك خۆی بۆی دەرخستووین , ئائەم دیاردەیە خۆی لە خۆیدا کلیلی دیراسەیەکی شاعیریەتی مەولەویە کەتائێستا لەمێژووی ئەدەبی کوردی دا هیچ شاعیرێك لەکاتی شیعر ووتندا ڕێچکەی شیعر ووتنەکەی نەگۆڕیوە بەرێچکەیەکی جیاوازو دلۆڤانترو با ئەمە پرۆژەی یەکێك لە بابەتەکانی دنیای مەولەوی بێت:

**مەنعم مەکەردێ گرانەن دەردم**
**ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم**
**فەریاد جەشۆرەی ئەرز چارەی من**
**هەر سەوزەی مراد من نا دیارەن**
**داد جە هەوای شووم بەدستارەی من**
**هەر نەوگولاڵەی من نە پێوارەن**

وەك دەرکەوت لەسەرەتادا قافیەی لەدەست دەرچووەو بۆتە مەلەوانی کونە لەدەست بەربووی نێرینەی رووباری شیعر, بەلاّم لە دواییدا بەهەرحالێ بووە شێوەکەی هێناوەتەوە سەر نەزمی چوار خشتەکی مەسرع دار, کە بەپان و پۆری دیوانەکەی تەنیا هەر ئەم نموونەیە مان هەیە.

٨- بەستنەوەی دواتاڵە ئاوریشمێکانی خەیاڵە بەربلاّوو مەودا فراوانەکەی بەرێبازی ئەشعەریەت و سۆفیزمەوە ,واتە پاپەند کردنی هەڵس و کەوت و تەنانەت ئاواتە ئەرخەوانیێکانی مرۆڤیش بە چارە نووسێکی رەنگ بۆ رێژراوەوە, کەئەویش بنەماکەی دەسەڵاتێکی لاهووتی لەرادەبەدەرە بەسەر گەردووندا ,ئەمە جگە لەبڕوا سۆفیزمەکەی بە چارەنووس و ژیان و پرسیارە ئەنتۆلۆژیە بێ کۆتاییەکان , نابێت ئەوەش لەیاد بکرێت کەئەم بابەتە فەلسەفە ئامێزە, تەڕیو پاراوی ئەو هەست و سۆزە ناسکەی کزر نەکردۆتەوە .

**مەعدوم چون قەزا ئامە جەناکاو**
**دانا چون نادان وزۆ وەگەرداو**

یان دەڵێت :

**چون مەزاق تاڵەن جەگەردین لاوە**
**بۆ وە شیرینی ی یەك دوو نەواوە**
**یەکێ یەکجاری تاو نۆمەوە**
**ئەو یەك لاو نۆم , یاو نۆمەوە**

مەبەست لە (یاو نۆمەوە) ئیشارەتە بۆ (ونفخ في الصور فأذا هم من الأجداپ ینسلون)ە یان دەڵێت:

ڕووت ڕووت ئەو جیلوەی ستارەکەر ڕاس
باخودا و اخلاص ناخودا مەناس
تاباد مراد نە پێوارەوە
کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە

٩-ئاوڕدانەوەیەکی ئاسکانە بەلای ڕووداوە مێژووییە تەراژیدییەکانەوەو بەستنەوە شیان بە پاراسایکۆلۆژی و سۆزە تایبەتیەکانی مەولەوییەوە , هەر بۆ نموونە:

شورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست
موحەڕەم ئاما مەحرەم شی نەدەست
ئەو خەریك نەچۆڵ شار عەدەمدا
من نە (کەربەلا )ی سارای ماتەم دا
ڕۆ (حسەین) ئاسا فەردا کە ڕۆ بۆ
داخۆم سەرجەکۆ لاشەم جەکۆ بۆ

یان:

**کوزەرگەی جیلوەی لەیل بێ حەد بەو تەرز**
**زایەڵەی مەجنوون جەعەد رەد بەو تەرز**

یان:

**گەردێ نێ وەڕووی یانەی نۆشەدا**
**یا خەوشێ وە حەوش عەنبەر بۆشەدا**
**پاس نازکی ی لەیل یاگەی ویٚشەن**
**جای موشاهەدەی قەیس دڵ ڕیٚشەن**

ئەوەی کەپتر جێی سەرنجمە , مەولەوی دوو حاڵەتی جودا کە یەکێکیان کوژرانی حوسەین و روو داوی دڵ تەزێنی کەربەلایە جگە لەکارەساتی لەیل ومەجنوون و قەیس و لەیلا کە بابەتێکی مەزهەبی و مێژوویی وسیاسییە و ئەوی تریشیان مردنی عەنبەر خاتوونە , بەجۆرێك هاوڕەنگ و سۆز و تاسە دەکات کە هێندەی تر , خەمە تایبەتێکەی مەولەوی لە نەخشەی نەمریدا بنج دادەکوتێ , دیارە بیرۆکەی ( المعادل الموچوعی) ئەلیۆت لەم خاڵەدا بەگشتی دەجریوێنێ ,چونکە مردنی عەنبەر خاتوون دەبێتە نەك هاوتایەکی عاشوورا بە هەموو کسپەو سۆزو تراژیدیایەکی سیاسییەوە بە تەنیا , بەڵکو دەبێتە عاشووراى خەمێکی - لای مەولەوی گەورە ترو مرۆڤایەتی ترو

کاریگەر تریش , چونکە هێزو توانا و بلیمەتیەکەی شاعیر , مردنی ئاسایی هاوسەرەکەی لە تراژیدیای کوشتنی حوسەین و یاوەرانی , یان قەیس و لەیلا و , مەجنون ولەیلاش بە گەورەتر دەردەبرێ و قەناعەتیش بە خوێنەر دەکات , دیارە ئەم قەناعەتەی خوێنەریش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەو وزە موگناتیسییە کەحاڵەتە عاتیفیە تایبەتیەکان دەخاتە مەداری پاپەند بوونی دەرەوەی زاتەوە, واتە:

أ: گەیاندنی پەیامی خەمەتایبەتێکان لە قەشەنگ ترین مەودادا.

ب:توانەوەی خەم وستاتیکای داهێنان لە بۆتەی هونەرێکی مرۆڤانەدا.

ج:گەیاندنی حاڵەتێکی ئاسایی ڕۆژانە بەچڵە پۆپەی ڕووداوێکی گرنگ و سەرتەڵ.

د: پابەند کردنی خوێنەر بەخولیاکانی شاعیرەوە و هێنانەدی کەسایەتی بەهرە شیعرییەکەی لەناخی خوێنەردا بیەوێ یان نەیەوێ.

١٠- لەدیوانی مەولەوی لەمەڕ زانای بەڕێز مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریسدا, بەشێك لە شیوەن نامەکانی عەنبەر خاتوون لێك ترازاون و تاکو لۆ کەوتوون, ئەگەر بشێت لەگەڵ سێ چامە دەسنووسەکەی لای شاعیری دوورە زێد کاك (حەمەی حەمەباقی) تاو توێیەکی هونەریانە بکرێن ئەوا شێوەیەکی رەساتر

وەردەگرن و بە هیوام ئەم کارە لەداهاتوودا فەراهەم بهێنم .

---

سەرچاوەکان

١-دیوانی مەولەوی/عبدالکریم  المدرس.

-٢- الرثاء لجنة من الادباء /دارالمعارف /مصر

-٣- دراسات فی الادب المقارن و المذاهب الادبیة /الدکتور صفاء الخلوصی .

-٤- المرثاة الغزلیة-الدکتورعناد غزوان .

-٥- دیوانی سەلام /ئەی ملکەوە.

-٦- بحثان فی الادب الکوردی- رووٌف عثمان .

-٧- دیوانی مەولەویدەستنوس-بەخەتی مەولەوی نووسراوەتەوەو  پیٚشکەش بە مامۆستا (منبر) ی کردووە , کە مامۆستای خۆی بووەو, دیوانەکە لای کاك محەمەد حەمەباقی شاعیرە .

-٨- چاوپیٚکەوتنی تایبەتی لەگەڵ سید عبدالرحمن سید محمود و ئامینەی شیٚخ صدیفی شیٚخ مارفی نیٚرگزەجار دا.

❖ ئەم بابەتە لە گۆڤاری ( ڕامان ) ژمارە (١٤) لە ساڵی ١٩٩٧ دا بڵاوبۆتەوە .

## بابەتی سیانزەهەم

# ڕەنگدانەوەی قورئان لە هۆنراوەکانی نالیدا بەپێی زانستی جوانناسی (علم البدیع)

**پێشەکی**

**نالی مەزن ئەو کەڵە شاعیرە بوو کە جێ دەستی پیرۆزی بەسەر پانتاییەکی گەورەی شیعری کوردیو قۆناغی دوای خۆیدا بەڕوونی دیاربوو, یان بەواتایەکی تر رەنگ رێژو بونیاتنەری رێبازی کلاسیزم بوو لە شیعری کوردیدا, دیارە ئەم سەرامە دێتیە خۆی لە خۆیدا فرە گرنگەو جێگای لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە, سیماو رەنگو بۆنی هۆنراوەکانی نالی لە گوڵزاری شیعری کوردیدا پەنجەرەیەکی تایبەتەو دەڕوانێتە ئاسۆیەکی تاچاو برکەی فراوانو رەنگاڵە.**

**ئەگەر پێکهاتەی شاعیرێتی بریتی بێت لەچەپکێك رەهەندو توخمی جۆر بەجۆر, دیارە بەهرە تایبەتەکەی نالی هەسوونی رەشماڵەکەیەتیی و بەندە بە کۆئۆرگانیزمی وزە جۆر بەجۆرەکانی ئەو سیستمە پێچەڵ پێچەی ناوەوەی شاعیرەوە, ئەمە جگە لەرەهەندەکانی دەرەوەی شاعیر, کە هەمیشە وەرگرتنو کارلێكو بەخشین بە وزە تایبەتێکان ئەسپێرن, ئەوەی کە پاڵی پێوە نام بۆ نووسینەوەی ئەم لێکۆڵینەوە ئەدەبیو بەلاغیە, فەرامۆشکردنی نالییە لەم بوارەداو کەمتر پەنجەی بۆ براوە, جگە لەدیوانی نالی کە هیمای بۆ گەلێك لەم لایانانە کردووە, بەڵام لەچوارچێوەی راڤەکردنی بەیتەکاندا بەتەنیا واتە تا ئێستاو بەتایبەت لەشێوەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆدا ئەم بابەتە دەستی بۆ نەبراوەو بەبابەتێکی نوێ دەژمێرێت, دیارە پرۆژەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستی بە ماندووبوونو کاری فرەهەیە, بەتایبەتی سەبارەت بەناساندنی هونەرەکانی جوانناسی (الفنون البدیعیە), کە هەندێکیان باس نەکراون, یان**

شاعیرانی کورد کەمتر دەستیان بۆ بردوون, ئەمە جگە لەوەی کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز گەرەکە بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو سوورەتانەی کە تیایاندا هاتوونو ژمارەی ئایەتەکەش لەنێو سوورەتەکەدا بزانرێتو هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکەش بناسرێو هیما بۆگونجاندنی ئایەتەکەش لەگەڵ بەیتەکەدا بکرێت.

ئەو بەرنامەیەی کە پەیڕەوی دەکەم بریتیە لە راڤەو شیکردنەوەو وەرگێڕان (التفسیر والتحلیل والترجمە), چونکە ئەم پرۆگرامە گونجاوترین حاڵەتە بۆ ئەم بابەتە, هەرچەندە هەندێك جار پەنام بردۆتە بەر وەرگێڕانی چەند پێناسەیەکی هونەری جوانناسی لەزمانی عەرەبیەوە بۆ زمانی کوردی, بەمەبەستی روونکردنەوەو سەقامگیرکردنی دەقەکە بۆ ئەو بوارەی کە تیایداهاتووە.

لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەیەك فەسڵو فەسڵەکەش کراوە بەسێ (٣) هەنگاو, یان سەرباس, کە بریتین لە:-

١-هونەری ئیقتباس

٢-هونەری تلمیح

٣-هونەری (عقد)

وە لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا کۆمەڵێك ئەنجامگیریم دەستنیشان کردووە, دواجاریش ئەو سەرچاوانەی کە سودم لێ بینیون هیمام بۆ کردوونو نووسیومەتەوە.

فەسڵی یەکەم

لەبەرئەوەی کە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەم پەیوەستە بە بابەتی رەنگدانەوەی قورئان لەهۆنراوەکانی نالیداو لەبواری زانستە جوانناسیەکانەوە ( العلوم البدیعیه) بەتەنیا, هەر بۆیە نەم ویستوە پەل بهاوێژم بۆ زانستەکانی (البیان)و (المعانی), چونکە نالی لەم بوارانەشدا پەلی فرەی هاویشتوەو گەلێ لە بوارەکانی رەوانبێژی نالی لەبەکارهێنانی دەقەکانی قورئاندا دەچێتەوە سەربابەتی زانستەکانی جوانناسی (العلوم البدیعیه).

نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە نالی جگە لەو بەهرە خورو دەوڵەمەندەی توانایەکی ئیجگار گەورەی هەبووە لەسود بینین لەئاوازو مۆزیکای شیعردا, تەنانەت یەکێك بوو لەو شاعیرە کوردانەی کە بەو فراوانیە سوودی لەکێش‌و ئاوازەکانی خەلیلی فەراهیدی وەرگرت‌و توانی لەگەڵ وشەو دەستەواژەی کوردیدا رازاوەترین بابەت‌و بەرهەمی لێ دروست بکات, ئەوەتانێ دەڵێت:

وەرە ؎ سەیری خیابان‌و بەیاچی دەفتەری نالی
کە صەف صەف مەصرەعی بەرجەستەڕێزی سەروی مەوزونە

دیارە بۆیە لێرەدا ئەم بابەتە دەوروژێنم چونکە بەکارهێنانی کێشەکانی (بحور) خەلیلی فەراهیدی رێگا خۆشکردنە بۆ بەکارهێنانی دەقەکانی قورئان‌و هەردوولایەنەکەش لەیەك جەمسەردا یەك دەگرنەوە کە ئەویش ئاوێزانبوونی هونەرەکانی (اقتباس, عقد, تلمیح)ە لەگەڵ کێشەکانی خەلیلی فەراهیدیدا!

لەپێش نالیدا هیچ شاعیرێك نەبووە لەو ئاستەو لەو جۆرە شیعرە بنووسێت, ئا ئێستا من هیچ بەڵگەیەکی نووسراوم دەست نەکەوتووە کە ئەو جۆرە شیعرەی تیا نووسرابێت, جگە لەهێمایەکی سالمی ساحێب قران نەبێت بۆ ئەهمیەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەو بوارەدا.

سالم دەڵێت:

لەرۆژی ئیمتحانا دیم بەرابەر غالبو مەعشوق

کەمەر بەستەی هونەر هاتین لەتیپی عیشق بازانا

لەلایەك نالیو مەشوی لەلایی سالمو کوردی

لەهەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆبوون لەمەولانا

دوای پیاچوونەوەی سەرجەم هۆنراوەکانی مەولانا خالیدی نەقشەبەندی, لەم جۆرە کێشەی نالی مەڕ خەلیلی فەراهیدیم بەرچاو نەکەوتووە, جگە لەچەند هۆنراوەیەك بەزمانی فارسیو عەرەبیو دیالکتی گۆرانی نەبێتو بەتەنیا چوار بەیتیش بەشێوەی کرمانجی خواروو کەلەسەر کێشی (مجزوء الرجز المذیل)ە

دیسان دیاری دلبەری وەك مەشعەلستان دادیار

نووربوون لەسەر کێوی ئوحود تۆمار بەتۆمار ئاشکار

خۆش خۆش نەسیمی عەنبەرین بێن خۆش دەکاتێ سەر زەمین

ئەمما بۆیی عەنبەرین یانافەیی میسکی تەتار

بێ وادە ئیمشەو رۆژهەڵات یانووری جانان سات بەسات

**ڕۆشن دەکاتن سەر بیسات (فی اللیل یولج النهار)**

**پڕبوو لەنوور دەشتی فەفا, گۆیا حەبیبی خۆش لیقا**

**لیلا علی السلع ارتقی, من نوره القاع استتار**

دیارە نالی لە دیوانەکەیدا یەك چامەی هەیە کە نیوەدێڕی یەکەم بەکوردیەو نیوە دێڕی دوەمیش عەرەبییە, هەروەها بەم دواییە هۆنراوەیەکی (١١٦) سەدو شانزە بەیتی عەرەبیشی داناوە ئەو کاتەی کە لەحیجاز بووە, نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە نالی مەلایەکی گەورەو زانایەکی بواری عیرفان ناسیش بووە, شارەزایی نالی لەبواری قورئانو فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ)و مێژووی ئیسلامو بوارەکانی نحو, صرفو بەلاغەو زانستەکانی عیلمی کەلامدا ئیجگار بەر بڵاوبوە.

وەك لەسەرەتادا هیمام بۆ کرد بابەتەکە کراوە بەسێ بەشەوەو لەو چوارچێوەیەشدا دەست نیشانی هونەرەکانی (اقتباس, عقد, تلمیح) دەکەم, دیارە هەریەك لەمانە پێودانگو پێناسەو تیورسازی خۆی هەیەو مەرج نییە لای هەموو شاعێرێك چون یەك مامەڵەی لەگەڵ بکری

١-هونەری (اقتباس)

(اقتباس) لەعەرەبیدا بریتییە لەسوود وەرگرتن لەوشەکانی قورئانو فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ), بەوەی کە بخرێتە چوار چێوەی هۆنراوە یان پەخشان, بێ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر بهێنرێتو واش پیشان نەدرێت کە بابەتە وەرگیراوەکە قورئانە یان فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ), هەروەها تت (مالیکیەکان ئەمەیان پێ حەرامە), بەڵام شافیعیەکان بەکۆنو تازەوە

بەلایانەوە ئاساییەو نموونە بە پێغەمبەر دەهێننەوە کە لەنوێژدا وتویەتی (وجهت وجهی..).

١-نالی دەڵێت:

رۆژی قیامەتی (**فأذا هم قیام**) وشەخص

قائیم چەقیوە, کێلە, لەسەر خاکی مەحفەرە

نالی لەم بەیتەو لەسەرجەم چامەکەدا باسی ترس و لەرزی رۆژی قیامەت دەکاو دوو هونەری رەوانبێژی بەکارهێناوە, کەیەکەمیان ئیقتباسی ئایەتی(**فأذا هم قیام**)ە کە ئەویش بریتییە لە (**ثم نفخ فیه اخری فأذاهم قیام ینظرون**), دووەمیشیان هونەری (تلمیح)ە کە هیمایە بۆ (شخص)و ئەویش لەدوو ئایەتدا هاتووە (**فأذا هي شاخصة أبصار الذین كفروا**), ئەوی تریشیان (**انما یؤخرهم لیوم تشخص فیه الأبصار**), واتە لەو رۆژەدا ئادەمی لەسەر گۆڕەکەی دەرهاتووەو لەترسانا وەك کێل چەقیوەو چاوەکانی ئەبڵەقبوون, سەبارەت بەوشەی (شخص) دوو بۆچوونم هەیە:-

یەکەمیان: مەبەستی مرۆڤ بێت و نیوە دێڕی دوەمیش, تەواوکەرو سیفەتەکەی بێت.

دووەمیان: پێ دەچێت مەبەست لە (شخص) شەخسی بێت و تەواو کەرەکەشی قائیم بێت, واتە: (شەخسیی قائیم چەقیوە), کە من ئەمەیان بە ئاسایی و رەوانتر دەزانم, ئەوەی کە مەرجە بوترێت, ئەوەیە کە ترس و بیمی رۆژەکە هەموو کەس دەگرێتەوەو کەس لێی رەها نابێت, هەروەها دەشێت بوترێت کە

رستەو دەستەواژەکانی دوای ئایەتی (فأذاهم قیام) سەرجەمیان راڤەو دەرەنجامی ئایەتەکەن‌و خودی (اذا) لێرەدا واتای کوت‌و پڕی (فجائیە) دەبەخشێت کە هێندەی تر فەزای ترس‌و لەرزی کوت‌و پڕ دێنێتە گۆڕێ.

٢-نالی دەڵێت:

(برق البصر) لەبەر بەرق تەلەئولئی لە ئالی

(خسف القمر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی

لەم بەیتەدا نالی ئیقتباسێکی وردو جوانی بەدەست هێناوە بەهۆی ئایەتی (**فأذا برق البصر وخسف القمر وجمع الشمس والقمر یقول الأنسان یومئذ این المفر**) , وەك لەبەیتەکە دەردەکەوێت نالی (**فأذا**)ی لابردووەو هەردو ئایەتەکەی دابەشکردووە بەسەر نیوەی دێڕی یەکەم‌و دووەم‌و بۆهەر ئایەتێك لەو دوانە واتای تایبەتی بۆ هەڵبژاردووەو دواجاریش هەردوو حاڵەتەکەی کۆکردۆتەوە بۆ خزمەتی مەبەستی سەرەکی کە ئەویش پەیوەستە بەستاتیکای خۆشەویستەکەیەوە, حاڵەتی یەکەم: باسکردنی رۆژی قیامەتە بەهەموو ترس‌و لەرزێکیەوە, وە گواستنەوەی ئەو حاڵەتە ترسە بۆ حاڵەتی دلۆڤانی ئافرەت‌و پەردە لادان لەڕووی, واتە بەتەنیا بریسکانەوەی ددانە مرواریەکانی وەك بروسکە, نالی دەخاتە فەزای ترس‌و لەرزو لەخۆچون, هەر وەك رۆژی قیامەت هەڵهاتبێت, حاڵەتی دووەم: مانگ گیرانە بەهۆی هەڵهاتنی خۆری رویەوە.

لەئەنجامی ئەم دوو حاڵەتەدا نالی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێمای بۆ کۆتایی هەردوو ئایەتەکە کردووە کە (جمع الشمس والقمر) واتە ئیتر هیچ بوارێك نەماوەو گەرەکە تەسلیمی جوانیو دلۆڤانی یار ببێت, لێرەدا هێزو واتای تابلۆکە بەوردی دەردەکەوێت, چونکە نالی لەسنوری ئایەتەکە کە تەنیا بۆ حاڵەتێکی پڕ لەترسو ئەشکەنجەیە کە رۆژی قیامەتە دەردەچێتو دەگوێزێتەوە بۆ حاڵەتێکی ئێجگار جیاواز, کە ئەویش جوانیو دلۆڤانی دەمو چاوی یارە, واتە گۆڕانکاریەکی چۆنیەتی فەراهەم هێناوە.

٣-نالی دەڵێت:

یکنیم رخت: (الست منکم ببعید)

وان نیم دگر: (ان عذابي لشدید)

برگرد رخت نوشتە: (یحیی ویمیت)

من مات من العشق, فقد مات شهید

نالی لەم دوو بەیتەدا کەشێوەی چوار خشتەکی گرتۆتەوە, چەند رستەیەکی عەرەبی لەگەڵ رستە فارسیەکاندا بەکارهێناوە, لەنیوەی دێڕی یەکەمدا (الست منکم ببعید)ی بەکارهێناوە, کە قورئان نییە, بەڵام باس لەوە دەکات کە لەگەڵ دەرخستنی نیوەی دەموو چاویا هەموو دووریەکان نزیك دەبنەوە چونکە ئەو هەمزەیەی سەر (لست) پرسیاری ئینکاریەو نەفی لەگەڵ نەفیا دەبێتە ئیسپات, بەڵام لەدێڕی دووەمدا دەڵێت, هەر لەگەڵ دەرکەوتنی بەشەکەی تری رووی, ئەشکەنجەو ئازاری زۆر دەبێتو ئەمەش هێمایە بۆ

ئایەتی (**ولئن كفرتم ان عذابی لشدید**)، نالی لەم ئیقتباسەدا واتایەکی ئێجگار وردو جوانی بەکارهێناوە بەلۆژیکی دژ (**منطق الضد**)، لەئایەتەکەدا دەڵێت ئەگەر راستی بشارنەوە ئەشکەنجەی قورستان دێتە بەردەم، چونکە لەبنەڕەتدا واتای فەرهەنگی (کفرتم) داپۆشینە، بەڵام نالی بەپێچەوانەوە، دەڵێت دەرخستنی نیوەی رووت ئازارەکانم توندتر دەکات!! لەدێڕی سێهەمیشدا دەڵێت لەسەر رووت نووسراوە (یحیی ویمیت) کە ئەمە ئیشارەتە بۆ پێنج ئایەت کە لە هەر پێنجیاندا ئەوەی کە مراندنو زیندووبوونەوەی بەدەستە بەتەنهاو تەنها هەر خودایە! دیارە کرداری (یحیی‌و یمیت)یش بەندە بە هەڵوێستی خۆشەویستەکەی نالیەوە، دەتوانم لێرەدا بڵێم هەرچەندە نالی شاعیرێکی خواناس بووە بەڵام لێرەدا بەلێکچواندنی دوور، پێی لێ هەڵبڕیوەو خۆشەویستەکەی گەیاندۆتە سەروو پلەی ئادەمی‌یەوە کە توانای خودایە.

٤-نالی دەڵێت:

**لایەك (زەبانیە) لەسەرو کاری نارە، نارڕ**

**(هل من مزید) زوبانیە وەك ماری ئەژدەرە**

نالی لەنیوە دێڕی یەکەمدا هێمای بۆ دوو ئایەتی قورئان کردووە کە یەکەمیان (فلیدع نادیه سندع الزبانیه)، دووەمیشیان ئایەتی (أولئك هم وقود النار)ە کە دووجار هێمای بۆکردووە بە بەکارهێنانی وشەی (نارە، نار) کە دووەمیان (تأکید لفقی)یە، واتە دڵنیاکردنو جەخت کردنە لەسەر ئەو ئاگرەو دیسانەوە هێمایشە بۆ چەند ئایەتێکی تری قورئان، گۆکردنی چوارجار پیتی (ر) کە

سێهەم‌و چوارەم لەوشەی (نارە, نار)دا هاتووە خۆی لەخۆیدا پڕە لەحاڵەتی ترس‌و بیم‌و خولْقاندنی فەزایەکی دەروونی دڵەڕاوکێ‌و خەمی قووڵە, کە ئەو تابلۆی جەهەننەمە وێنای دەکێشێت لەدەروونی مرۆڤدا.

نالی لەنیوە دێڕی دووەمدا ئایەتی (هل من مزید)ی ئیقتباس کردووە, کە ئەمیش بەشێکە لە ئایەتی (یوم نقول لجهنم هل امتلات وتقول: هل من مزید), هێزی سەنعەتکاری نالی لەو جناسەدا کە لەنێوان (زەبانیە)و زوبانیەدایە,, واتە ئەو ئاگرە زوبانە بڵێسەیەتی وەك ماری ئەژدەر, یان بەشێوەیەکی تر بڵێیین جیناسێکی موحەرەفە لەنێوان وشەیەکی کوردی‌و عەرەبیدا, کە ئەمە خۆی لەخۆیدا داهێنانێکی نوێی دنیای شیعری نالیە, دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ حاڵەتێك بکرێت کە ئەویش جیاوازی نێوان سوودبینی شاعیری عەرەبە لەدەقە قورئانیەکان لەهەمان بواردا, لای ئەوان تەنیاو تەنیا دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکەو جەختکردنە لەسەر بەهێزبوونی مەبەستە سەرەکیەکە کە واتا ویستراوەکەیە, بەلاّم لای نالی حاڵەتەکە جیاوازترە بەوەی کە لەبەردەم ئەرکی بەهێزکردنی ناوەڕۆك لەلایەك‌و دۆزینەوەی هونەرە جوانناسیەکانی سەر بەزمان لەلایەکی ترەوە, بەحوکمی ئەوەی کە شاعیری کورد ئایەتەکە لەنێوان زمانی کوردیدا بەکار دەهێنێت, نالی هەمیشە ویستویەتی‌و هەوڵیشی بۆ داوە کە هونەرێکی جوانناسی (بدیع) لەنێوان وشە کوردیەکان‌و وشە عەرەبیە وەرگیراوەکاندا بدۆزێتەوە, دیارە ئەم حاڵەتە هەنگاوێکی جیاوازو لەپێشتری نالیە هەروەك لەم بەیتەدا ویستویەتی لەنێوان (زبانیە)ی عەرەبی‌و (زوبانیە)ی کوردیدا ئەوجناسە موحەرەفە

بدۆزێتەوە, هەر لەم بواری گەڕان بەدوای وشە عەرەبیو کوردیە هاو ئاهەنگو چون یەکانەدا نالی چەند بەیتێکی تری وتووەو هەر بۆ نموونەش دەیان هێنمەوە:

**نەوای ئاهەنگی (قد قامت) طه ریقی جەمعی زوهادە**

**قەدو قامەت بەلەهجەی راستی گوبایی عوشاقە**

نالی دەڵێت

**خاڵی  نییە (نالی) دڵە کەت ساتێ لەهیجران**

**تا تاری وجودت نەپسێنێ مەلەکول مووت**

دیارە نالی ویستویەتی جناسێکی موحەرەف دروست کات لەنێوان (ملك الموت) کە ئیزرائیلە وەلەنێوان (ملەکەل موت) واتە ئەو ملەی کە وەك موو باریکە لەئاست مردندا, ئەو (ك)یەش, ئامرازی لێکچواندنە لەزمانی عەرەبیدا, یان هەندێك جار نالی یاری بەوشەی کوردی کردووەو هەوڵی داوە یاسا گرامەرێکانی زمانی عەربی بەسەردا پیادە بکات.

**موساوی وەك یەكو لوولن لەهەردولاوە زوڵفەینی**

**نموونەی عەکسی حەرفی (میم)و (نون)و (واوە) زوڵفەینی**

وشەی (زوڵفی) کردوە بە (دوو) واتە (مپنی)  کە ئەمە لەزمانی کوردیدا نیەو یەکێکە لە داهێنانەکانی نالی لەم بوارەدا.

٥-نالی دەڵێت:

**لەقورئاندا بە (ما اخفی لهم) مەکتومو مەختومە**

**بەیان نابێ بەتەفسیری دوصەد (کەششاف) و بەچاوی**

**موبەیەن بوو لەقورئاندا بەنووری (قره الّعین)**

**نەواچیح بوو بە (کەششاف)و نەڕۆشن بوو بە (بەیچاوی)**

نالی لەم دوو بەیتەدا ئایەتی (فلا تعلم نفس ماأخفی لهم من قرة اعین, جزاو بما کانوا یعملون) ئیقتباسی کردووە, لەڕێگای (ما اخفی لهم), نالی جەخت لەسەر راڤەکردنی ئەو ئایەتەی سەرەوە دەکات, کە لەراستیدا کۆمەڵێك هیرمۆنتیکا هەیە لەسەر راڤەکەی, واتە نەبە تەفسیری کەشاف کە خاوەنەکەی زەمەخشەریە واتا کە روون دەبێتەوە, دیارە ئەم تەفسیرە پێ لەسەر بۆچوونەکانی موعتەزیلە دادەگرێت لەمەڕ ئەهمیەتی ئیرادەگەریو بەستنەوەی ئەنجامەکان بەهۆکارەکانیاوەو ئافەرین کردنی ئەقلانیەت لەم بوارەدا, هەرچی تەفسیری (بیضاوی)شە, بەپێچەوانەوە, دیارە نالی زاناو شاعیری گەورە, ئاگای لەقولایی راڤەکردنی قورئانیش هەیەو دەزانێت شوێنی کێشەکان لەکوێدایەو چۆن بەکاری دەبات (توظیف) بۆ مەبەستە شیعریە تایبەتێکانی, جێی خۆیەتی کە هێما بۆ نهێنیەکی جوانناسی لەو دووبوارەدا بکەم کە یەکێکیان, بەکارهێنانی وشەی (واضح)ە بۆ کەششاف, دیارە خودی (کەششاف) بەواتای دەرخستنو روونکردنەوەیە, هەروەها (رۆشن)یشی بۆ

(بیضاوی) بەکارهێناوە کە واتا فەرهەنگێکەی خۆی رووناك کردنەوەیەو بەم شێوەیە چنیویەتی:

نەواچیح بوو بە (کەششاف)و نەڕۆشن بوو بە بیچاوی

ئەوی تریشیان هونەری (الجمع والتقسیم)ە کە لەنیوە دێڕی یەکەمدا هێمای بۆکردووە بەوشەی (مکتومو مختوم), واتە ئایەتەکە راڤەکەی نادیارە, لەدوایشدا لەبەرامبەر (مەکتوم) ناوی کەشافو بەیزاوی داناوە.

٢-هونەری تەلمیح (فن التلمیح)

تەلمیح هێماکردنە لەشیعرێك یان پەخشانێکدا بۆ ناوەڕۆکی پەندێك یان شیعرێکی دەگمەن یان ئایەتێك یان چیرۆکێکی بەناوبانگ بێ ئەوەی کەناوی ببرێت, رازی دەڵێت: هێما بەتەنیا بۆ ناوەڕۆکی بکرێت, قەزوینی تەلمیح (بەجۆرێك لەدزی ئەدەبی ئەداتە قەڵەم), لە هۆنراوەکانی نالیدا برێکی زۆر هێماکردن هەیە بۆ بوارە مێژوویی‌و جوگرافی‌و زانستەکانی نحو, صرفو کەلامو مەنگق, دیارە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەی من پەیوەستە بە قورئانەوە بەتەنیا, بۆیە هەر لەو بوارەدا نموونە دەهێنمەوە.

١-نالی دەڵێت:

نەی, کەصاحیب سیڕڕە, سەرتاپا بەئەمری (کن) کونە

باطینی (قف قف علی سری), بەظاهیر قەف قەفە

نالی وشەی (کن)ی بەکاربردووە (توظیف) لە چوارچێوەی هونەری (تلمیح)دا, کە ئەمە ئیشارەتە بۆ نەك ئایەتێکی قورئان بەتەنیا, بەڵکو  دوو ئایەتی پیرۆز کەیەکەمینیان ئایەتی (خلقه من تراب ثم قال له کن فیکون), وە دوەمینیان ئایەتی (إنما أمره اذا أراد شیئا ان یقول له کن فیکون), دیارە هەردوو ئایەتەکەش هێزو توانای خودا دەردەبڕێ لە فەرمانی بەکاربردنو جێبەجێ کردندا, ئەوەی کە واتای بەیتەکەی دەوڵەمەندکردووە, بەستنەوەی کرداری ئەمری (کن)ی عەرەبیە بە (کونە), کە کوردیەو مەبەست کون کون بوونی نەیەکەیە, ئەمە جگە لە هێما بۆ ئایەتە قورئانێکان, با ئەوەش بزانرێت کە لەگەڵ ئەمانەشدا نالی هونەری (ایهام)ی دروست کردووە, چونکە خوێنەر وادەزانێ کە (کونە) وەڵامی فەرمانی (کن)ی پێشوەو کوردێنراوە, چونکە بەیتەکە واتایەکی تریش هەڵدەگرێت, کە پیتی (ی) لە (ئەمری)دا دەگەڕێتەوە بۆ خودا, با ئەوەش نەبوێرم کە جیناسی ناتەواو لەنێوان (قیف قیف)و (قەف قەف)دا هەیەو لەهەمان کاتیشدا (گباق) لەنێوان (ڤاهیر)و (باگنیش)دا هەیە.

٢-نالی دەڵێت:

**دیدەم هەموو شۆراوە بەشۆراوی سروشکم**

**لەم لەوحە نیگارینە نەعینو نە ئەسەرما**

نالی هێمایەکی زۆر شاراوە بە لەم لەوحە نیگارینە) دەکات بۆ ئایەتی (بل هو قرأن مجید في لوح محفوظ), وە بەراوردێکی لەنێوان (لوح المحفوظ) کە هەموو

نهێنی‌یەکانی گەردوونی تیا نووسراوەتەوەو پارێزراوە, وە لەوحەی چاوی کەلەوە دەچێت گریان‌و فرمێسکە سوێرەکانی چاوی, هەموو یادگارە کۆنەکانی شتبێتەوە, ئەوەی کە بەلامەوە گرنگە ئەو هێما شاراوەیەیە, کە بەراوردە لەنێوان وێنەی مەحبوبەو نەخشی قورئان, لەسەرچاوە پڕ فرمێسکەکانی نالی, کە ئەمە ئاوێزانکردنی دوو شتی پیرۆزە لای نالی, واتە (لوح المحفوظ) هەموو نهێنی‌یەکانی گەردوونی تیا تۆمارکراوەو پارێزراویشە هەروەها مەحبوبەی نالیش وەك ئەو پیرۆزەو سەرچاوەی هەموو نهێنی‌یەکان‌و تەنانەت ئیلهامی نالیشە. خاڵێکی گرنگی تریش هەیە کە ئەویش نەمانی چاوی نالیە, واتە چاوگی فرمێسکەکە, کە ئەگەر بە (مقابلە) حیسابی بۆ بکرێت دکاتە نەمانی (لوح المحفوظ)یش! چونکە ئەو لەوحە لەحفوزە دەشێت هەر بە ئامێری چاو بخوێنرێتەوەو موتالآبکرێت.

لەوشەی (عەین)دا تەوریە یەك هەیە, (عەین) دوو واتای هەیە, نزیکەکەی چاوە, بەڵام دوورەکەی واتای سەرچاوەیەو لەگەڵ سروشکا لێك نزیکە, چونکە چاو سەرچاوەی سروشکە, ئەوەندەی لەسیاقی بەیتەکەدا دەردەکەوێت, نالی مەبەستی واتا دوورەکەیە.

٣-نالی دەڵێت:

**ئەم فەرشە خاکیە دەتەکێنن لەتۆزو گەرد**

**ئەم عەرشە نۆ صەحیفەیە دەیکەن بەیەك پەڕە**

نالی لەم بەیتەدا باسی رۆژی قیامەت دەکات, کە لەو رۆژەدا ئەم گۆی زەویە لەمرۆڤو هەموو زیندەوەرێك دەتەکێنرێ‌و گیاندار بڕ دەبێت‌و دەکرێتە یەك

پەڕە, لەم بەیتەدا نالی هێمای بۆچەند ئایەتێك كردووە كە بەهەموویان نمایشی ڕۆژی سەختی قیامەت دەكەن, وشەی (فەرش) هێمایە بۆ ئایەتی (**والأرض فرشنا ها فنعم الماهدون**), هەروەها لەوشەی عەرشدا هێمای بۆ ئایەتی (**ثم استوى على العرش يعلم مايلج في الأرض وما يخرج منها**), هەروەها لە وشەی (**صەحیفە**)یەدا هێمای بۆ ئایەتی (**واذا الصحف نشرت**) كردوە, ئەمە جگە لەوەی كە لەنێوان ئایەتەكاندا هێمایەكی شاراوەتر كراوە بۆ ئایەتی (**يوم نطوى السماء كطى السجل للكتب**)یان ئایەتی (**والسماوات مطويات بيمينه**), ئەوەی كە لەم بەیتەدا.

توانای لە رادەبەدەری نالی ئەسەلمێنێ كورداندنی (تكريد) وشەو دەستەواژەكانە بەشێوەیەك كە رەسەنایەتی‌و عەبقەریەتی نالی دەسەلمێنێ, بەتایبەت لەبوارێكدا كە ئەم سەرامەدو پێشڕەوەكەیەتی. ئەوەی شیاوی وتنە, ئەم چوار ئایەتەی كە لەیەك بەیت‌و بۆ یەك مەبەست وتراوە, دەگەڕێتەوە بۆ چوار سوورەتی جیاجیا (**الذاريات, الحديد, التكوير, الأنبياء**), لەوانەیە ئەمە بمان گەێنێتە ئەوەی كە بڵێین دوورنیە نالی زۆربەی قورئانی لەبەربووبێت, نەك لەبەربوونێكی سادە, بەڵكو بەتێگەیشتن‌و ئەزم كردنێكی ئەو تۆوە كە سوودی بۆ هەموو بوارێك لێ ببینێ.

٤-نالی دەڵێت:

**(كهف الأنام)ی هیجرەتی ئەصحابی بێ رقود!**

**بیكە بەخاكی خادیمی قیطمیری ئەو دەرە**

نالی لەم بەیتەدا بە (تلمیح) هێمای بۆ دوو حاڵەتی نزیك یەك كردوە, كە یەكێكیان تاقمی (اصحاب الكهف) بوون, وە ئەوی تریشیان یاوەرانی پێغەمبەربوون كە چوونە ئەشكەوتی (حراء) وە لەپێناوی بڵاوكردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دووچاری ئەشكەنجەبوون, دیارە لێرەدا هێمایەكی تریش بۆ هەمان رووداو هەیە كە ئایەتی:

**(اذ هما في الغار اذيقول لصاحبه لا تحزن ان الله معنا)**, هێزی ئەم بەیتە لەوەدا ئەدرەوشێتەوە كە یاوەرانی پێغەمبەر (د.خ)و خوداناسانی ئەو سەردەمە دوچاری یەك ئازارو ئەشكەنجەبوون, واتە كۆكردنەوەی هەردوو رێبازەكە لەژێر دەواری توحیدا, ئەم شۆڕبوونەوەی نالیە بەناخی میتۆلۆجیا مێژووییەكانداو بەستنەوەشیان بەقۆناغێكی دوای ئەو رووداوەو لێكدانی ئەو دوو مێژووەو خۆدۆزینەوەی نالیش لەنێوانیاندا دەچێتە خانەی رۆشنبیریەكی گەورەی ئەودیوی دەق, واتە نالی هەر بەتەنیا شیعری بەدەر لەمێژوو ئاین‌و میتۆلۆجیاو سوسولۆجیا نەنوسیوەتەوە, بەڵكو برێكی فرە لەشیعرەكانی شەتڵ كراون بەم رەهەندانە. خاڵێكی گرنگی تر كە لەبەیتەكەدا ئەدرەوشێتەوە, ئەویش ئەوەیە كەنالی داوای خزمەتكاریی سەگەكانی (اصحاب الكهف) دەكات‌و هێند گۆشەگیرو بەرچاو تاركیش نیە كە بەنزمی بڕوانێتە جەماعەتی **(اصحاب الكهف)**, گوایە لەبەرئەوەی كە موسڵمان نەبوون, بەڵكو بەڕێزەوە بۆیان دەڕوانێ لەبەر هەڵوێستە مقاوم كارەكانیان, دیارە ئەم بیرە كراوەیەی نالی پێش سەردەمەكەی كەوتوە, بەتایبەت لای مەلا چاكێكی وەك نالی,

بائەوەشم لەیاد نەچێت کە ڤیگمیرەکەش هیمایە بۆ ئایەتی **(والذین تدعون من دونه ما یملکون من قطمیر)** ئەگەر ڤگمیرەکە لەواتای سەگەکەی ئەصحاب ولکەهف دەرچێتو واتا فەرهەنگیەکەی بۆ حیساب بکرێت کە بریتیە لە ئەو توێژاڵە تەنکەی کە دەکەوێتە نێوان خورماو ناوکەکەی واتاکە تێك دەچێت, کەواتە جۆرە گونجانێك (تناسب) لەبەیتەکەدا هەیە لەنێوان (**کهف الأنام والقطمیر**دا) هەرچەندە نالی مەبەستیشی بوە کە بۆ (**کهف الأنام**) دوو واتای جیاواز دروست بکاتو بەمەش تۆزێك خوێنەر سەراسیمە بکات!

٥-نالی دەڵێت:

**خارایی سەوزو شینی لەبەرکردوە جەبەل**

**دامێنی وەردی سوورە کەدەستم بەدامەنی**

**وادی بووە بەوادی پڕ نووری (گور)ی نار**

**(نەعلەین) لە پێ فڕێ بدە (نالی) بە ئەیمەنی**

نالی لەم دووبەیتەدا سەر سوڕهاتنو خۆشەویستی سروشتی بەهەشتێنی کوردستان نمایش دەکاتو شیو و چیاو دامینو قەد پاڵەکانی هێند بەپیرۆز دەنەخشێنێ, هەتا دەیخاتە ئاستی ئەو شیوە پیرۆزو بە بەهایەی کە حەزرەتی موسای بە پێ خاوسی پیا رۆشتوە, دیارە لەلایەن خودای پەروەردگارەوە ئەو فەرمانەی دراوەتێ کە بەپێ خاوسی پیا بڕواو پێڵاوەکانی داکەنێ, وشەی (**نەعلەین**) هێمایە بۆ ئایەتی (**إني انا ربك فأخلع نعلیك إنك بالواد المقدس طوی**), وشەی (**طور**) مەبەستی ئەو شاخەیە کە لە سینادایەو لە دە (١٠)

جێگادا لەقورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە, واتای (**الطور**) لەزمانی سریانیدا بەشاخ هاتووە, هەروەها (الایمن) یش هێمایە بۆ دوو ئایەتی تر کە هەردووکیان هەر دەگەڕێنەوە بۆ لایەکی شاخی (**طور**) (**وناديناه من جانب الطور الأيمن نجيا**) وە (**قد أنجيناكم من عدوكم و واعدناكم جانب الطور الأيمن**), نالی بە ئاڕاستەیەکی ناڕاستەوخۆ خودی خۆی لێك چواندوە بە حەزرەتی مووساو هێندەش شاخ‌و قەدپاڵی کوردستانی پێ پیرۆزو گرنگە, دەیەوێت لەبەر ڕێزو بەهای شاخەکانی کوردستان بەپێ خاوسی پیا بگەڕێت, ئەمە جگە لەدروست کردنی ئەو کەشەی (**طقس**) کە لەئەنجامی سەر سوڕهاتن‌و پابەند بوون بەجوانی‌و دلۆڤانی بەهاری کوردستانەوە فەراهەم هێنراوە. نالی لەم دوو بەیتەدا خوازەشی (**الأستعارة**) بەکارهێناوە, چونکە جەبەلی چواندوە بەو مرۆڤەی کە پۆشاکی سەوزو شین دەپۆشێ, هەروەها کورت بڕیەکی (**الأيجاز**) گەورە لەئەنجامی هێماکردنی خێرا بۆ ئەو هەموو ڕووداوە مێژووییە هاتۆتە گۆڕێ, دەتوانین ئەوەش بڵێین کە نالی وەك هەستێکی نەتەوەیی‌و جوانناسی, کوردستانی لەئاست شاخی (**طور**)دا داناوە کە خودا سوێندی لەقورئاندا پێ خواردوەو خۆیشی لەئاست مووسا پێغەمبەر (د.خ). جارێکی تر ئەم ئایەتە ئەوە دەسەلمێنێ کە نالی وەك بیرو باوەڕو ئایدۆلۆژیا, موسڵمانێکی چاوکراوەو پێشکەوتووی سەردەمی خۆی بووەو هەمیشە بەرهەڵستکاری دیاردە خەرافی‌و بیرە پواوە لادەرەکان بووە.

**٣-هونەری عقد:**

هونەری (عقد) بریتی‌یە لە (سوود وەرگرتن لەقرأن یان فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەوەی کە بخرێتە چوارچێوەی هۆنراوە یان پەخشانەوە, شاعیر بۆی هەیە کە لێی زیاد یان کەم کات, بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا, بەڵام وەرگرتنی جگە لە قورأن بە هەر شێوەیەك بێت دەشێت), نالی ئەم هونەرەی بەکاربردووە بەمەبەستی جوانکردنی شێواز یان قووڵکردنەوەی واتا.

١-نالی دەڵێت:

**بەم کاسە لەسەر پە نجە دەڵێن نوری عەلانوور**
**رەخشانە لەمیشکاتی قەدەحدا وەکو میصباح**

لەم بەیتەدا نالی (نوری عەلانور)وە (**میشکاتی قەدەحدا وەکو میصباح**) بەکارهێناوە, وەك هونەری (عقد), واتا بەکارهێنانی قورئان بەڵام بەگۆڕانکاریەوە چ لەڕووی شێوەی نووسین‌و چ لەڕووی فۆنەتیك‌و رێزمانەوە کە لەبەیتەکەدا کوردێنراوە, واتە ئایەتەکە بەم شێوەیە (**الله نور السماوات والأرض مثل نوره كمشكاة فيها مصباح, المصباح في زجاجة كأنها كوكب دري يوقد من شجرة مباركة زيتونة لاشرقية ولا غربية يكاد زيتها يضيء ولوم تمسسه نار نور على نور يهدى الله لنوره من يشاء ويضرب الله الأمثال للناس والله بكل شيء عليم**) ئەوەی جێگای سەرنجە نالی ئایەتێکی پیرۆزی قورئانی بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی بەکاربردووە (**توظیف**)ە کە لەبنەڕەتدا تۆزە

سڵەمینەوەیەکی لێدەکەوێتەوە, چونکە خودی ئایەتەکە باس‌و وەسفی خودای پەروەردگارە, کە روناکیەکی ئەوتۆ پەخش دەکات کە ئاسمان‌و زەوی ئەدرەوشێنێتەوە, بەڵام نالی ئەم روناکیە خودایيەی لێك چواندوە بە پیاڵەیەکی پڕ لەمەی لەنێو پەنجەی ناسك‌و پێست پەمەییدا, واتە شتێکی قەدەغە کراوی لەلایەن ئیسلامەوە, لێك چواندوە بە دیمەنێکی پیرۆز کە باس لەخودا دەکات, کۆکردنەوەی دوو شتی لە گەوهەردا دژیەك جۆرێکە لەتوانای گونجاندنی حاڵەتە نەیارەکان, کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی وریایی نالیە, بەتایبەت لەرۆژگارێکی وەك سەردەمی نالیدا کە دەست بۆ بردنی ئەم جۆرە بابەتە بڤەبووە, وروژاندنی ئەم دیاردەو حاڵەتە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەسەلمێنێ کە نالی پێش سەردەمەکەی کەوتوە, ئەگینا چۆن نووری خودا کە لەشەو و رۆژدا بەو پیرۆزیە ئەبرسکێتەوە, لێك دەچوێنێ بە پیاڵەی پڕ لەمەی بەدەست‌و پەنجەی یارەکەیەوە, لەوانەیە ئەم تابلۆیە لای هەندێك خاوەن هزری تیژپەڕ (**متطرف**) نەگونجێ‌و بەلادان دابنرێت.

٢-نالی دەڵێت:

**(فاتیحە!) تەسخیرە شاری دڵ بە طابوری ئەلەم**

**مودەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم**

لەم بەیتەدا نالی وشەی (فاتیحە)ی وەك هونەری (عقد) بەکارهێناوە, واتە سوورەتی (الفاتحە) کە یەکەمین سوورەتی قورئانەو بە (**الحمدلله رب العالمین**)دەست پێ دەکات, بەشێوەیەکی گشتی, سورەتی (فاتیحە) لەدووبۆنەی جیاوازدا بەکاردەبرێت:-

یەکەمین: خوێندنیەتی لەبۆنەی نوێژکردندا.

دووەمین: خوێندنی سوورەتەکەیە لەبۆنەی تازێدا بۆ گیانی مردوو.

دیارە بۆنەی بابەتی شیعرەکە بۆ دۆخی دووەم دەست دەدات، کە پرسەو ناخۆشیەکەیە، لەدیوانی نالیدا وا راڤەکراوە کە تازیَ گەریەکە بۆ ئەو کاتە بووبێت (کە قاجاریەکان لە ١٢٦٤ی کۆچی‌و لە ١٨٣٠-١٨٣١ی زاینیدا. بەناوی یارمەتیدانی مەحمود پاشای بابانەوە هاتنە ناو شاری سولەیمانی‌و سلێمان پاشا کە رۆمەکان پشتگیریی بوون، شاری بەجێ هێشتوو رووی کردە زنگاباد)، دیارە من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم‌و وای بۆدەچم کە تازیَ گەریو پرسەکە بۆ شاری دڵی خودی نالیە، چونکە تابووری خەم‌و خەفەت شاری دڵی داگیرکردووەو شەشدەری نەجاتی لێگیراوەو تازیَ بارە، دەشێت بەشێك لەخەمەکەش بەندبێت بەداگیرکردنی شارەوە، هێزی بەکاربردنی ئەو (عقدە) واتە وشەی (فاتیحە!) لەم دوو تەوەرەدا خۆی دەنوێنیَ.

١-کورت بریەکی (الأیجاز) بەرچاو، واتە بەتەنیا وشەی (فاتیحە!) خوێنەر دەخاتە دنیای خەم‌و پەژارەو پرسەوە.

٢-تێکەڵ کردنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی‌و ئاینی بەخەمێکی نەتەوەییەوە بەتەنیا وشەیەك کە (فاتیحە)یە، دیارە ئەم وشەیە کە ناوی سوورەتێکی قورئانە، بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوەو لەبوارێکی تایبەتدا، تایبەتمەندێتی زمانەوانی لەدەست داوەو دابەزیوەتە نێو ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگاوە، کە لە بۆنەی شتە لەدەست چووەکاندا دەوترێت، ئەمە جگە لەوەش وشەی فاتیحە بۆتە سەر لەوحەی بەیتەکە، کە هەر لەسەرەتاوە بەرگێکی رەشی پۆشیوەو

هەواڵێکی ناخۆشی گەیاندوە, دیارە لەبەیتەکانی تردا نالی ڕەفزی هەموو بێگانەیەکی کردوە کە وڵات داگیردەکەن بەرۆم‌و عەجەمەوە, واتە حوکمی کورد کە لەسلێمان پاشادا خۆی دەبینێتەوە بە باشتر دەزانێ لەهەموو کەس کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بیرێکی نەتەوەییەو نالی بانگی بۆ دەدات. نالی لەبواری بەستنەوەی دیاردە دژەکان, یان هێمای بروسکە ئاسا بۆ حاڵەتی جیاوازەکان, توانای فرەو سنعەتکاری وردی بەکاربردووە, هەر لەم بوارەدا دەڵێت:

**قوربان مەحاڵە پێکەوەبن صەبرو ئیشتیاق**

**خاریج لەنەصصی ئایەیە تەکلیفی (لایطاق)**

نالی لەم بەیتەدا هونەرێکی ڕەوانبێژی تری بەکارهێناوە, کە پێی دەڵێن (إرداف) واتە (بەوشەیەك هێما بۆ واتایەك یان دەقێك بکەیت کە لەواتادا یەك بگرنەوە بەڵام لەشێوازدا جیاوازبن) واتە نالی بەرستەی (**لایطاق**) هێمای بۆ ئایەتی (**لا یکلف الله نفسا إلا وسعها**) واتە بەم میتۆدە توانیویێتی خولیاو سۆزو ئاواتەکانی ئاوێزان کات لەگەڵ دەقێکی قورئانداو تەنانەت دەقەکەش بەکاربەرێت, لەپێناو مەبەستە تایبەتەکەیدا, واتە سەبرو ئیشتیاق لە پانتاییەکی بێ لایەندا نەوستاون, بەڵکوو خودی قورئانیش چۆتە هەمان هاوکێشەو بەهەمان شێوە نمایشی حاڵەتە دەروونیەکەی نالی دەکەن.

٣-نالی دەڵێت:

**هەرچی مەحبوبەم دەبینێ وا تەحییور دەیگرێ**

**سوێن دەخوا بەخوا دەڵێ (بالله ماهذا بشر)**

نالی لەم بەیتەدا ئایەتی  (***بالله ماهذا بشرا***) بەڕێگای هونەری (عقد) وەرگرتوە, دیارە ئەمە هێمایە بۆ جوانیو دلۆڤانی مەحبوبەو ئاوێزانکردنی هەڵوێستی (نالی و زلێخا) لەئاست جوانیدا بەڵام هەریەکی بەئاڕاستەیەك, هەر لەم بەیتەدا هونەرێکی تریش هەیە کە (التفات)ە, واتە گۆڕینی هەڵوێستی سەرسوڕمانی (تعجب) ئافرەت بەرامبەر بەپیاو, بۆ گۆڕینی هەڵوێستی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت, واتە دوو هەڵوێستی ئۆرگانی جیاواز لەیەك بۆتەی سەرسوڕماندا, ئەمە جگە لە تێپەڕاندنی سنووری میسولوجیای سەربوردەی (یوسف) بۆ خوێو (مەحبوب)ەو هاوتاکردنی هەردووکیان لەبۆتەی خۆشەویستیەکی یەك لایەنەدا. با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە نالی (ماهڎا بشرا)ی کردووە بە (ماهڎا بشر) لەبەر رتمی قافیەکە, کە  مالیکیەکان ئەمەیان پێ قبووڵ نیەو نەك هەر ئەمەش بەڵکو (عقد)یان پێ حەرامە, چونکە ناکرێت-وەك دەڵێن- قسەی خوداو ئادەمی تێکەڵ بکرێت,

٤-نالی دەڵێت:

**لەقوربی (قاب قوسین)ی دوو ئەبرۆت**

**منی (أدنی) چ دوورو دەر بەدەر. مام**

نالی لەم بەیتەدا ئیشارەتی بۆ ئایەتی (**ثم دنی فتد لی فکان قاب قوسین أو أدنی**) کردوە, بەکارهێنانی وشەی (أدنی) دەچێتەخانەی هونەری (عقد)ەوە, لێرەدا بۆچوونێکی ترم هەیە جیاوازە لەوەی مامۆستای پایەدار عەبدولکەریمی مودەریس, کە ئەویش لەمەڕ دوورکەوتنەوەی شێوەی نالیە

لەبەر دیدی حەبیبەدا, دیارە هەتا برۆکانی مەحبوبە نزیکتر بن لەیەکەوە, واتە گرژتربن لەبەرخەمی رۆژگار, لەبەر دیدی نالی دوورتر دەکەویتەوە, واتە پێکڕا لکانی سنورەکانی نێوان هەردو ئەبرۆ هاوکێشەیەکی پێچەوانە (معکوس) دێنێتە گۆڕێ, ئەویش ون کردنی شێوەی نالیە, دکتۆر (هادی الحمدانی) لەهەمان واتادا دەڵێت:

**أری ما بین جفنیك أرتعاشا**

**كأن القلب بینهما یلوب**

دیارە تێکستەکانی نالی لەزۆربەی جارەکاندا ئامادەگیان هەیە بۆ هێرمۆنتیکای جۆر بەجۆر, چونکە خودی نالی جەخت لەسەر ئەو حاڵەتە دەکات:

**نەظمی (نالی) میپلی ئاو و ئاوێنە رەنگی نیە**

**دوو روە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفیو یەك ئاشکار**

لەنێوان وشەی (***أدنی***)و (دوور)دا (***طباق***)هەیە, هەرچەندە یەکێکیان بەعەرەبیو ئەوی دیش بەکوردیە, دیارە وشەی (***أدنی***)ش چەند لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت, وەك ئایا نالی خۆی خۆی بە (أدنی) دەزانێتو لای (حەبیبە) وانییە! یان بەپێچەوانەوە؟ دیارە لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەنجامەکە دوورکەوتنەوەو دەربەدەریە, ئەمە جگە لەوەی کە گۆکردنی پیتی (ق) سێ جارو یەك لەدوای یەك جۆرە مۆسیکایەکی بزوێنەر دەبەخشێت بەدەقەکە.

٥-نالی دەڵێت:

**لە بۆستانی (ئیرەم)دا قەت نییە وەك**

**شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی**

نالی لەم بەیتەدا بەهۆی هونەری (عقد)ەوە, وشەی (ئیرەم)ی‌لە روی فۆنەتیك‌و چۆنێتی نووسینەوە, گۆڕانکاری تیاکردووە, دیارە مەبەستی لە ئایەتی ***(إرام ذات العمار التي لم يخلق مثلها في البلاد)*** دیارە ئەم باخی ئیرەمە زۆر بەناو بانگەو لەقورئاندا باسکراوەو بەدەگمەن لەقەڵەم دراوە, بەڵام نالی ئەم ئایەتەی بەکاربردووە (***توظيف***) بۆ یارەکەیو لەو رێگایەوە مەبەستە تایبەتەکەی خۆی پێ فەراهەم هێناوە, لەباخی ئیرەمدا هەموو جۆرە میوەیەکی دەگمەنی تێدایە, ئەمە جگە لەو شەمامە خڕو بۆن خۆشەی کە لێکچوێنراوە بە مەمکی یار, من وای بۆ دەچم کە سێ جار بەکارهێنانی وشەی (وەك شەمامەی) بۆ جەخت کردنە بەشێوازی (***توكيد لفظي***) لەسەر خڕی‌و بۆن خۆشی بەرو سنگی مەمکی یار, دیارە لەهەرسێ جارەکەدا (ی) یای نیسبەی لەگەڵ شەمامەدا بەکارهێناوە کە دەگەڕێتەوە بۆ یارەکەی, ئەوەی کە جێی سەرنجە, لای نالی وا کەوتۆتەوە کە ئایەتی قورئان بەکاربراوە بۆ مەبەستێکی ویژدانی تایبەتی شاعیر کە وەسفی مەمکی یارە.

نالی جگە لەم پانزە نموونەیەی کە خستمە پێش چاو, گەلێ نموونەی تری هەیە لەم بوارەدا, (سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم لایەنانە رادەکێشم)و ئەو

نموونانەی کە هێنامنەوە بەڕوونی ئەنجامەکان بەدەستەوە دەدەنو پێویست بە لێکۆڵینەوەی هەموو نمونەکان ناکات.

## ئەنجامگیری لێکۆڵینەوەکە

١-نالی زانایەکی ئیسلام ناسی گەورەبوەو, لەهەموو بوارە ئیسلام ناسیەکاندا ئەسپی تاوداوەو لە بەشێك لە هۆنراوەکانیا رەنگی داوەتەوە.

٢-قورئانو فەرمایشتگەلێکی فرەی پێغەمبەری لەبەربووە بەراڤەو واتاو تەنانەت بۆنەی هاتنە خوارەوەشیان.

٣-شیعرەکانی نەکردۆتە پابەندی ئایەتە وەرگیراوەکانەوە, بەڵکوو بەپێچەوانەشەوە, سەرجەم دەقەکان لەخزمەتی بیری نالیدابوون.

٤-لەهەندێ لەو شوێنانەی کە هێمای بۆ ئایەتێك کردووە, لەتایبەتمەندێتی ناوچەیی‌و نەتەوەییەوە بابەتەکەی بەکاربردووەو چۆتە بازنە ئاینیەکەوە کە گشتگیرترە, واتە لەناوچەێتیەوە بۆ بازنەی جیهانبینی ئیسلامی, نەك بەپێچەوانەی ئەوەوە لەئایەتەکانەوە رووەو تایبەتمەندیە نەتەوەییەکە ببێتەو, دیار ئەمە بەڵگەی گەورەیی نالی‌و پێش سەردەم کەوتنەکەیەتی.

٥-بە بەشێك لەهێما, بۆ رووداوە مێژوویی‌و میتۆلۆجیەکانی نێو قورئان, دەقەکانی فراوانو دەوڵەمەندترکردوە, واتە موتوربەکردنی ئەو زانیاریانە لەرێڕەوی شیعرەکاندا دەنگو رەنگو بۆنێکی نوێی پێ بەخشیوە.

٦-دەوڵەمەندکردنی دەقە شیعریەکانی نالی بەو هەموو ئایەتو فەرمایشتی پێغەمبەرە (د.خ)و هێما بۆ کردنیان ئەوە دەسەلمێنێ کە بەشێکی زۆر

لەهۆنراوەکانی نالی تایبەتن بە (نوخبە)ی سەردەمی خۆیو چینەکانی خوارەوەش نامۆن بەو دنیا پڕ مەعریفەیە.

٧-بەشێك لەو ئیقتباسانەی قورئان رەهەندێکی هیرمۆنتیکای (تأویل) پڕ وزەی بەخشیوە بەدنیای راڤەکردنی دەقەکانی نالی.

٨-بەکاربردنی ئایەتە وەرگێراوەکان بۆ هەندێك مەبەستی لیرکیو دڵداریو شتە زۆر تایبەتەکان, وزەو توانای نالی نمایش دەکات, لەبواری گونجاندنی بۆنە جیاجیاکاندا.

٩-گۆڕینی بەشێك لەشێوازی ئایەتەکانو گونجاندنیان لەگەڵ رەوتی قافیەو رێتمدا, کە ئەمە بۆتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی نالیو یاری کردنی هەمیشەیی بە وشەو دەستەواژەکان لەچوارچێوەی زمانی کوردیدا.

١٠-کوردانندنی هەندێك وشەو دەستەواژەی عەرەبی لەچوارچێوەیەکی نوێدا, دیارە ئەم حاڵەتە لەئەنجامی زۆر بەکاربردندا (توظیف) بۆتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی شیعری نالی.

١١-نالی بەرِێگای یاری کردن بەوشەو دەستەواژەکان, هەندێك دیاردەی رێزمانی عەرەبی خستۆتە نێو زمانی کوردیەوە, تەنانەت چامەیەکی سەرکەوتووی دابەش کردووە بەسەر زمانی کوردیو عەرەبیدا, ئەمە جگە لەوەی کە چامەیەکی (١١٦) سەدو شانزە بەیتە شیعری بەزمانی عەرەبی داناوە.

١٢-لەگەڵ ئەوەشدا کە نالی سنعەتکاریەکی فرەی کردوە لەبوارەکانی هونەری جوانناسیدا, بەڵام ئەم لایەنە نەبۆتە باری قورس بەسەر شیعرەکانەوە, واتە

سنعەتکاریەکە وەك خۆرسكو بارێکی ئاسایی وەدەر دەکەوێت, دیارە ئەم لایەنە دان ئاڵبوونەوەو وەرسی لای خوێنەر دروست نەکردووە.

١٣-نالی لەبواری گویٚ پیٚدانی فرە بەهونەری جوانناسی (علم البدیع), دەبێتە ئاوێنەی سەردەمەکەی, (چونکە هۆنراوەی عەرەبی لەو سەردەمەدا نوقمی سنعەتکاریەکی بیٚ لەزەت بووە, لای زۆربەی شاعیرە عەرەبەکان).

١٤-سنعەتکاری لای نالی بەتەنیا ئارایشتکردنی رووی دەرەوەی شیعرەکان نیە, بەمەبەستی رازاندنەوەی شێواز, بەڵکو دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکە لەچوارچێوەیەکی سەرکەوتوودا.

١٥-گەنجینەی وشە بەکارهاتووەکانی نالی بڕێکی زۆر موفرەداتی عەرەبیو فارسی تێدایە, دیارە ئەم حاڵەتە یارمەتی گەورەی نالی داوە بۆ فەراهەم هێنانو هۆنینەوەی شیعرەکانی, واتە بڕی وشەی عەرەبی فرەترە لەوشەی فارسی هەرچەندە نالی هەردوو زمانەکەی بەڕەوانی زانیوە.

## سەرچاوەکان:


١- دیوانی نالی لـــ٥٢٣.

٢- دیوانی مەحوی ل

٣- بروانە دیوانی مولاناخالیدی شەهرەزوری.

٤- یادی مەردان/ بەرگی یەکەم ل٦٢١.

٥-بروانە دیوانی نالی ل٤٠١

٦-مجله گوڵان العربیەل ١٦٥

٧-دیوانی نالی ل٥١,٥٢

٨- بروانە: االأیضاح ل٤١٦, التلخیص ل٤٢٢, نهایه الآیجازل١١, حسن التوسل٢٣٢

٩-معجم المصطلحات البلاغیه ل٢٧٣

١٠-دیوانی نالی ل٤٣٩

١١سورة الزمر /الایه٦٨

١٢-سورة الآنبیاء /الایه٩٧

١٣-سورةأبرهیم /الایه٤٢

١٤- دیوانی نالی ل٦٥٧

١- سورة القیامة /ئایەتەکانی١٠,٩,٨,٧

٢- سورەأبراهیم الایة٨

٣- دەشێت (یحی ویمیت) هیمابێت بۆ هەموو ئەم ئایەتانە:

أ. إذ قال ابراهيم ربي الذي يًحي ويًميت. أل عمران /ئايەتی١٥٦.

ب. لاالة الا هو يًحي ويميت / سورة الآعراف /الايه ١٥٨

ج.أن الله له ملك السماوات والارض يحي ويميت /سورة التوبة /الايه١١٦

و.هو الذى يًحي ويمًت / سورة يونس /الاية ٥٦

هـ. وهو الذى يًحي ويميت /سورة المؤمنون /الاية٨٠

١٥- ديوانی نالی ل٤٥١

١٦-سورة العلق /ئايەتی ١٨

١٧-سورة يس /ئايەتی ٨٢

١٨- سورة الفتح /ئايەتی ١٦

١٩- ديوانی نالی ل٤٥٦

٢٠-ديوانی نالی ل١٥٤

٢١- ديوانی نالی ل٦٧٤

٢٢- ديوانی نالی ل٦٨٨/٦٨٩

٢٣- سورة السجد /ئايەتی١٧

٢٤-حسن التوسل٢٤٢

٢٥- نهايه الآيجاز,١١٢

٢٦- الأ يضاح ٤٢٦, التلخيص٤٢٧

٢٧-ديوانی نالی ل٤٥١

٢٨- سورة أل عمران ئايەتی٥٩

٢٩- سورة يس /ئايەتی ٨٢

٣٠-دیوانی نالی ل١٢٠

٣١-سورة البروج الاية٢٢

٣٢-سورة الذاريات /الاية٤٨ ل٤٦٨

٣٣-سورة الذاريات /الاية٤٨

٣٤- سورة الحديد /الاية ٤

٣٥- سورة التكوير /الآيه١٠

٣٦- الآنبياء / سورەتی ١٠٤

٣٧- دیوانی نالی ل٤٢٢

٣٨- سورة التوبة /الآية٤٠

٣٩- سورة فاطر /الآية ١٣

٤٠- دیوانی نالی /ل٦٦٦

٤١- سورة طه ل١٢

٤٢-

أ. سورة البقرة / الآية ٦٣ وأذ أخذنا ميثاقكم ورفعنا فوقكم الطور .

ب. سورة البقرة / الآية٩٣ وأذ أخذنا ميثاقكم ورفعنا فوقكم الطور.

ج. سورة النساء الآية ١١٥٤ ورفعنا فوقهم الطور بميثاقهم.

و. وناديناه من جانب الآيمن وقربناه نجيا /سورة مريم /ألاية٥٢

**هـ. وشجرة تخرج من طور سيناء تنبت بالدهن و صبغ للآكلين /سورة المؤمنون /الآية٢٠**

**و. أنس من جانب الطور ناراُ /سورة القصص /الآية٢٩**

**ح. وماكنت بجانب الطور إذ نادينا ولكن من رحمة ربك /سورة القصص /الآية٤٦**

**گ.والطور وكتاب مسطور- سورة الطور-الآية٢**

★ ★ ★

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:


١) قورئانی پیرۆز فى ادب العصور المتأخره /الدكتور ناظم رشيد طبع بمطابع جامعة موصل /١٩٨٥.

٢) أنوار الربيع فى أنواع البديع. على صدر الدين بن معصوم المدنى. تحقيق شاكر هادى شكر النجف الأشرف ١٣٨٨هـ ١٩٦٨م.

٣) الأيضاح في علوم البلاغة, جلال محمد بن عبدالرحمن المعروف بالخطيب القزوينى ج٢, مكتبة المثنى ببغداد /قاسم محمد الرجب /مطبعة السنة المحمدية /القاهرة.

٤) التلخيص في علوم البلاغة الآمام جلال الدين محمد بن عبدالرحمن القزويني -الخطيب القزوي+ني- الخطيب, ضبطه وشرحه عبدالرحمن البرقوقي٢, مطبعه الرحمانيه ٢١٩٣٢ .

٥) حسن التوسل الى صناعه الترسل, شهاب الدين محمود الحلبى, تحقيق الدكتور أكرم عپمان ١٩٨٠م بغداد.

٦) ديوانى الحمدانى/ الدكتور هادي الحمداني /الجزء الآول /الطبعة الآولى, ١٩٦٥/بغداد .

٧) ديوانى محوى ليكدانەوەى لێكۆڵینەوەى مەلا عبدالكريمى مدرس و محمدى مەلا كريم چاپخانەى كۆڕى زانيارى كوردبەغداد-١٩٧٧.

٨) ديوانى مولانا خاليد.

٩) ديوانى نالى ليّكۆلّينەوەى مەلا عبدالكريمى مدرسى وفاتح عبدالكريم و محمد مەلا كريم/ چاپخانەى كۆڕى زنيارى كورد بەغداد/١٩٧٦.
١٠) زبدة التفسير من فتح القدس /محمد سليمان عبدالله الآشقر.
١١) شرح المختصر على تلخيص المفتاح - للخطيب القزويني في المعاني والبيان والبديع وقد رتب طبعه وعلق على حواشيه وزاد في شواهده عبدالمتعال الصعيدي, منشوارات دار الحكمة /قم /إيران /السنة؟
١٢) مجلة  گولآن العربية/العدد ٢٧/٢٥أب ١٩٩٨
١٣) معجم المصطلحات البلاغية وتطورها, تأليف الدكتور أحمد مطلوب ج٢, مطبعة المجمع العلمي العراقية/السنة؟
١٤) نفحات الأزهار على نسمات الآسحار في مدح النبي المختار / عبدالغنى النابلسي, طبع بأدارة على بط جودت /١٢٩٩هـ ١٩٨٨١ مكان الطبع؟
١٥) نهاية الآيجاز في دراية الآعجاز, تأليف فخرالدين الرازي, (محمد بن عمر) المتوفي ٦٠٦هـ, تحقيق و تقديم الدكتور إبراهيم السامرائي و الدكتور محمد بركات حمدي أبو علي, دار الفكر للنشر والتوزيح, عمان١٩٨٥.
١٦) يادى مەردان/بەرگى يەكەم مەلا عبدالكريمى مردسى /چاپخانەى كۆڕى زانيارى عيراق /بغداد /١٩٨٣

# Asooik Bou Rakhnay Aadaby

Raoof Ausmaan



## ژیاننامە

- د. رەئوف عوسمان
- لە سلێمانی لە دایك بوە.
- مامۆستاو سەرپەرشتیاری زمانی عەرەبی بوە لە سلێمانی.
- بروانامەی ماجستیرو دکتورای هەیە لە ئەدەبی عەرەبیدا.
- لە دوو خولدا هە ڵبژێراوە بۆ سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ.
- ماوەیەك سەرۆکی بەشی عەرەبی بوە لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی سلێمانی.
- لە دوو خولدا هە ڵبژێراوە بۆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق.
- دەیان لێکۆلینەوەو دیراساتی هەیە لە بواری ئەدەب و زمان و روناکبیریدا.

## تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاندوە:

١- نالی لە دادگای رەخنەدا ١٩٨٤

٢- بحثان في الادب الكردي ١٩٨٩

٣- حەپسەخانی نەقیب لە ئاوێنەی مێژوو ١٩٩٩

٤- سێ تەڵ وەنەوشە بۆ کەزێ کانی شیعر ٢٠٠٠

٥- الجوانب البلاغيه عند الشيخ معروف النودهى ٢٠٠٠

٦- محيى الدين زەنگەنە روائيا ٢٠٠٨

٧- ئەزمونەکانم لە پەرلەمانی عێراق دا ٢٠١٠

٨- العلوم البديعيه فى اشعار نالى (الاقتباس - التلميح - العقد) نموذجا.

تصميم الكتاب والغلاف :منى محمد غلام

سعر الكتاب:٥٠٠٠دينار

مطبعة الوقف الحديثة